# کردەوەکانی دڵ

نووسینی:
پرۆفیسۆر د. خالید محمد صاڵح

ئەم پەرتووکە وەقفە بۆ گیانی پاکی مامۆستای دڵسۆزو خواناسو خۆشەویست (بەرزان ئەبوبەکر) کە ئەرکی هەڵەچنیی ئەم پەرتووکەی گرتە ئەستۆ، بەڵام بەداخەوە مەرگ مۆڵەتی نەدا تەواوی بکات، خوای گەورە بیکاتە توێشووی قیامەتی ئەو و هەر بەڕێزێکی تر کە پێوەی ماندوو بووە.

أَعُوذُ بِاللهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ

(يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ)

سورة الشعراء ٨٨-٨٩.

قال رسول الله صلى الله عليه وسلم:

(أَلَا وَإِنَّ فِي الْجَسَدِ مُضْغَةً إِذَا صَلَحَتْ صَلَحَ الْجَسَدُ كُلُّهُ وَإِذَا فَسَدَتْ فَسَدَ الْجَسَدُ كُلُّهُ أَلَا وَهِيَ الْقَلْبُ).

رواه البخاري ومسلم.

# کردەوەکانی دڵ

پرۆفیسۆر

د. خالید موحەممەد صاڵح

٢٠٢٠

## پێشەکی

الحمد لله، رب العالمين، والصـــلاة والســـلام على أشرف الأنبياء والمرســـلين، ســـيدنا محمد ﷺ وعلى آله وصحبه أجمعين.

بەڕێزان، دڵ هەستیارترین ئەندامی جەستەی مرۆڤە، چ لە ڕووی جەستەیی، چ لە ڕووی شەرعییەوە، هەربۆیە نەخۆشکەوتنو لاوازبوونی، لە هەر ڕوویەکیانەوە، ژیانی مرۆڤ دەخاتە مەترسییەوە.

جا من لێرەدا بەحوکمی تایبەتمەندیو پســـپۆڕیی خۆم، زیاتر مەبەستمە قسە لەســـەر لایەنە شەرعییەکەی بکەم، کە مەترســـیی زۆر لە لایەنە جەستەییەکەی زیاترو خراپترە، بەڵام بەداخەوە، ئێمە وا لێی ناڕوانینو بەپێچەوانەی نەخۆشییە جەســـتەییەکانەوە، بەرامبەر نەخۆشییە شـــەرعییەکانی دڵمان زۆر خەمساردین، بێئاگا لەوەی کە دڵە جەســـتەییەکەمان چەند خزمەتیشـــی بکەینو هەموو ژیانی خۆیشمانی بۆ تەرخان بکەین، ئەمڕۆ، یان سبەی، هەر لەکار دەکەوێتو دەمرێتو دەرزێـــتو ژیانی دونیا بەهەموو خۆشـــیو ناخۆشـــییەکانییەوە کۆتایی پێ دێتو لەبیـــر دەچێتەوە، بەڵام دڵە شـــەرعییەکەمان، لە گشـــت قۆناغەکانـــی بوونماندا، بـــەردەوام لەگەڵماندا دەبێتو هەرگیز بۆ ســـاتێکیش لێمان جیـــا نابێتەوەو هەر ئەویش بڕیار لە چارەنووسمان دەدات.

هەر بۆیە ئەگەر بەوردی سەرنجی دەقەکانی قورئانو سوننەت بدەین؛ دەبینین بەگشـــتی جەخت لەســـەر ئەوە دەکەنەوە، کـــە هۆکاری هەرچـــی خراپەو لادانە، ســـەرچاوەکەی دڵی مرۆڤەکانە، مەبەســـتی ســـەرەکیی ئەو دەقانەش ئەوەیە، کە سەرنجی ئێمە، بەلای دڵەکانماندا ڕابکێشن؛ تا ئاگامان لێیان بێتو نەهێڵین تۆوی خراپە، تێیاندا چەکەرە بکات.

خۆشەویســـتان، دڵ کاتێك لەڕووی جەســـتەییەوە نەخۆش دەکەوێت، دەکرێت چارەسەر بکرێت، ئەگەر هەر سوودیشی نەبوو؛ دەکرێت فڕێ بدرێتو بگۆڕدرێت،

بەڵام کاتێك لەڕووی شەرعییەوە نەخۆش دەکەوێت؛ بەدوای خۆیدا، هەموو ئەندامانی تری جەستە نەخۆش دەخاتو لەکاریان دەخاتو پەیوەندییان لەگەڵ خوادا دەپچڕێنێت، تاکە ڕێگەش بۆ چارەسەری، پێش لەدەستدانو مردنی، تەوبەو بەخۆداچوونەوەو گەڕانەوەیە بۆ لای خوای گەورە، ئەگینا هەنگاو بەهەنگاو، دڵەکە سست دەبێتو دەمرێت، دواتریش هیچ شتێك بەهانای خاوەنەکەی نایەت.

پاڵنەری قسەکردن لەسەر ئەم باسە، جگە لە گرنگیی خودی باسەکە لە ڕووی بابەتییەوە، بەهەڵە مامەڵەکردن لەگەڵ چەمكو ڕەهەندەکانیەتی.

ئەمڕۆ خەڵکانێکی زۆر هەن، ئەوەی گوێی پێ نادەن، دڵە شەرعییەکانیانو خەمی قیامەتو دواڕۆژیانە، هەموو ژیانیان بۆ جەستەیان تەرخان کردووەو لە پێناوی خزمەتکردنی ئەودا، ساتەکانی بەخەرج دەدەن.

خەڵکانێکی تر هەن، ڕاستە ڕوو لە خوان، بەڵام ئەوانیش دڵە شەرعییەکانیان پشتگوێ خستووەو وەکو پێویست گرنگی پێ نادەن، ئەوەندەی سەرقاڵی ڕواڵەتو ڕووکەشی کارەکانیانن، نیو ئەوەندە گرنگی بە کرۆكو ناوەڕۆکی کارەکانو مەبەستەکانی شەرعو نیەتی دڵەکانیان نادەنو پرسیاریان لە بارەوە ناکەن.

هەشمانە وا تێ گەشتووە، کە تەنها دڵ گرنگە، ئیتر کردەوە هەر چۆن بێت، کێشە نییەو کاتێك بەئاگایان دەهێنیتەوە لە کردنی حەرامەکان، دەڵێن: دڵ گرنگە، ئەمەش هەڵەتێگەشتنە لە کردەوەکانی دڵ؛ چونکە ئەگەر ڕاستە، دڵمان پاکەو ساغە لەگەڵ خوا، ئەی چۆن ئەو دڵە کاریگەری لەسەر کردەوەکانمان درووست نەکردووەو ناتوانێت ئاڕاستەیان بکاتو لە شتە قەدغەکراوەکان بیانگێڕێتەوە؟!.

بۆیە تێگەشتنی درووست لە کردەوەکانی دڵ بە ئاوێتەبوونو کاراکردنی هەردوو بۆچوونەکە دەبێت لەگەڵ یەك.. دەبێت گرنگیی تەواو بەدڵو کردەوەکانی بدرێت، لە بەرامبەریشدا گرنگی بە کاریگەریی دڵ لەسەر کردەوەکانی جەستە بدرێت.

ئەم بابەتە قسەو وردەکاریی زۆر هەڵدەگرێت، بۆیە بە پێویستم زانی، ئەم

زنجیره باســەی بۆ تەرخان بکەینو تێیدا هەڵوێســتە لە ســەر وردو درشتی ئەم بابەتە بکەین؛ تا بەئاگاوە مامەڵە لەگەڵ کردەوەی دڵەکانماندا بکەین.

پێم خۆشە، هەر لە پێشەکیی باسەکەشماندا، زۆر سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە بکەم، کە بەم بەرهەمەوە ماندوو بوون بەتایبەت:

- کەناڵی ئاســمان پەیام، کــە بەردەوام پردێکی پتەوی نێــوان منو بینەرانی بەڕێزی کەناڵەکەیانو جەماوەری ئیسلامدۆســتی کوردســتان بوونو پەخشی ئەم زنجیرەباسەشیان کە لە (١٨) ئەڵقە پێك هاتبوو، لەئەستۆ گرت.

- برایانی بەڕێزم مامۆســتا (بەرزان ئەبوبەکر)و (پشتیوان عبدالرحمن)و (ئەسکەندەر ڕەحیم) و (هێمن قادر) کە ئەرکی نووســینەوەو هەڵەچنکردنو دیزاینی ئەم پەڕتووکەیان لەئەستۆ گرت.

خوای گەورە پاداشتی هەموو لایەك بداتەوەو بیکاتە توێشووی قیامەتی ئێمەو ئێوەی بەڕێزیش.

لە دوعاو نزای بەخێرتان بێبەشمان مەکەن.

پرۆفیسۆر

د. خالید موحەممەد صاڵح

ڕۆژی سێشەممە: ١/ ذو القعدە/١٤٣٨ کۆچی، بەرامبەر ٢٠١٧/٧/٢٥

کاتژمێر ٢٥-١١ خولەکی پێش نیوەڕۆ.

# باسی یەکەم

## گرنگیی کردەوەکانی دڵ

گرنگیی کارەکانی دڵ لە دوو ڕووەوەیە:

یەکەم: لەڕووی جەستەییەوە.

دووەم: لەڕووی شەرعییەوە.

جا لێرەداو لە دەستپێکی باسەکەماندا، قسە لەسەر ئەو دوو تەوەرە دەکەین:

### یەکەم: گرنگیی کردەوەکانی دڵ لەڕووی جەستەییەوە:

خۆشەویستان، هەموان دەزانین، کە دڵ هەستیارترین ئەندامی جەستەیەو (٤٠,٠٠٠) دەمارەخانەی تێدایەو لە هەر خانەیەکیشیدا، مێشکێکی زۆر وردو ئاڵۆز هەیە. ئەو خانانە ئیش لەسەر ڕێکخستنی لێدانی دڵو ڕژاندنی هۆرمۆناتو هەڵگرتنی زانیاری دەکەن، پاشانیش ئەو زانیارییانە ڕەوانەی مێشك دەکرێن، بە مەبەستی هەڵگرتنو پاراستنیان.

لە حاڵەتی سرووشتیدا، کێشی دڵ لە نێوان (٢٥٠-٣٥٠) غرام دەبێتو قەبارەشی هێندەی مستی دەست دەبێتو لە هەر خولەکێکی حاڵەتی ئاساییدا، (٥) پێنج لیتر خوێن هەڵدەداتو دەتوانێت هێزی هەڵدانی لە حاڵەتی نائاساییدا هەشت هێندە زیاد بکاتو بیگەیەنێتە (٤٠) چل لیتر لە خولەکێکدا، بەم پێیەش لە ڕۆژێکدا زیاتر لە (٧٠٠٠) حەوت هەزار لیتر خوێن هەڵدەداتو (١٠٠,٠٠٠) جار لێ دەدات، بەو هۆیەشەوە (٣٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سێسەد ملیار خانە دەتوانێت بژی. ئەو شادەمارو موولوولەخوێنانەی کە دڵ ڕۆژانە خوێنیان بۆ دەنێرێت، ئەگەر بدرێنە دەمی یەك، ڕێگایەك پێك دەهێنن، کە درێژاییەکەی (١٠٠,٠٠٠)کم دەبێت، واتە: دڵ دەتوانێت، تەنها لە ڕۆژێکدا (١٠٠,٠٠٠)کم خوێن پەخش بکات.

زیاد لەمانەش، دڵ تۆڕێکی کارەبایی گەورەی تێدایە کە (١٠٠) قاتی تۆڕی

کارەبایی مێشك گەورەترەو لە هەموو لێدانێکی دڵدا، هێزێکی موگناتیسی درووست دەبێت، (٥٠٠٠) هێندەی موگناتیسی مێشك زیاترە.

دڵــی مرۆڤ، هــەر لە قۆناغی کۆرپەلەیــیو لە تەمەنــی (٢١) ڕۆژییەوەو بەر لەدرووســتبوونی مێشــك بە مانگێك دەکەوێتە کارو دەست بە لێدان دەکات، بەبێ ئەوەی کەس بزانێت ئەو کارەبایەی دڵ لەکوێوە سەرچاوە دەگرێتو چۆن دەکەوێتە کارو تەنهــا لــە نۆ مانگی تەمەنی کۆرپەلەییدا دڵی مــرۆڤ (٥٤،٠٠٠،٠٠٠) پەنجاو چوار ملیۆن جار لێ دەدات.

ئــەو خانانەی دڵو مێشــك پێك دەهێنن، بە پێچەوانەی ســەرجەم خانەکانی تری جەســتەوە، زۆر بەخاوی دەمرنو نوێ دەبنەوە؛ چونکە لەڕووی زانستییەوە، هەموو خانەکانی لەش، لە ماوەی پێنج ساڵدا گۆڕانکاریی تەواویان بەسەردا دێتو نــوێ دەبنەوە، بۆ نموونــە: خانەکانی ڕیخۆڵە کەمترین ســووڕی ژیانیان هەیەو زۆر بەزوویيو لەماوەی (٤٨) کاتژمێردا نوێ دەبنەوە، خانەکانی پێست درێژترین تەمەنیــان هەیــە، بەڵام ئەوانیش لە ماوەی پێنج ســاڵدا نوێ دەبنەوە، واتە: ئەو مرۆڤەی کە ئەمڕۆ دەیبینین، دوای پێنج ســاڵ هیچ کام لە خانەکانی جەســتەی خانەکانی ئەو مرۆڤە نین، کە پێش پێنج ســاڵ هەبوون، بەڵام خوای پەروەردگار لەم یاســایە دڵو مێشــکی ڕیزپەڕ کردووە کە خانەکانیان زۆر بەخاوی دەگۆڕێن، بەشــێوازێك کە هیچ کاریگەریی نەرێنی لەســەر ئــەو زانیارییانەی کە تێیاندایە درووســت ناکات، خۆ ئەگەر خانەکانی ئەمانیــش بەهەمان خێرایی خانەکانی تر بگۆڕایە؛ ئەو کات مرۆڤ هەموو ئەو زانیارییانەی کە بەدەســتی هێناوە لە ماوەی پێنج ساڵدا لەدەستی دەداو لەناو دەچوونو دەبوو سەرلەنوێ دەستی بکردایەتەوە بــە کۆکردنەوەی زانیــاریو بەمەیش لە هەموو تەمەنیــدا هەرچەند درێژ بوایە فێری هیچ نەدەبوو، هەرگیزیش پێشکەوتنی بەخۆیەوە نەدەبینی.

ئەمانــە تنۆکێکن لە دەریای نهێنییەکانی ئەم ئەندامە زۆر هەســتیارە، جا دڵ چەند لەڕووی جەســتییەوە گرنگو هەســتیارە، لــەڕووی مەعنەویو مەعریفیو

شەرعیشەوە، هەزار هێندە گرنگترو هەستیارترە.

بـەڵام بەداخەوە، سـەرەڕای ئەو هەمـوو گرنگییەی زۆرێك لە بـاوەڕداران لە دڵەکانیـان تەواو بێئاگان، بەتایبەتی لەم سـەردەمەدا، کە مادییەتو پیرۆزکردنی جەسـتەو خوێندنەوەی ڕووکەشی شتەکان تەواو خەڵکی سەرقاڵ کردووەو دڵەکان لەبـەر پەنهانبوونو شـاراوەییان کەمتر دەبنـە جێی بایـەخو گرنگیپێدان، ئەم پشتگوێخستنو پەراوێزخسـتنەش، زۆرجار دەبنە مایەی نەخۆشکەوتنی دڵەکانو زۆر کات لەکارکەوتنو لەدەستدانیان.

## دووەم: گرنگیی کردەوەکانی دڵ لەڕووی شەرعییەوە:

هەروەك چۆن لەڕووی جەستەییەوە دڵ گرنگترین ئەندامی جەستەیە، لەڕووی شەرعیشەوە هەر وایە، هەر بۆیە خوای پەروەردگار لە قورئاندا لە (١٠٠) جێگەدا ناوی بردووەو گشـت ئەرکو بەرپرسیارێتییە شەرعییە هەستیارەکانی لە هەردوو حاڵەتـی ئەرێنیو نەرێنیـدا ڕووبـەڕووی دڵ کردووەتەوەو هێندەی باسـی دڵی کردووە، باسی هیچ ئەندامێکی تری جەستەی نەکردووە.

هۆکاری ئەم گرنگیپێدانەش، بۆ ئەم چەند خاڵەی لای خوارەوە دەگەڕێتەوە:

**یەکـەم:** ژیریو عەقڵی مرۆڤ لە دڵیدایە، نەك مێشـكو دەماغیو هەر دڵیش بەرپرسـیاری یەکەمە لە وەرگرتنی هەڵوێستو ئاڕاسـتەکردنی مرۆڤو بڕیاردان لە چارەنووسـی، نەك مێشـك، هەر ئەویش بەرپرسـیارە لە سەرجەم نەخۆشییە دەروونییەکانی وەکو: دەمارگیری، دڵڕەقی، دووڕوویی، ئیرەیی، بێباوەڕی.

بۆ نموونە: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُـونَ بِهَـا أَوْ آذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا فَإِنَّهَـا لَا تَعْمَى الْأَبْصَارُ وَلَكِن تَعْمَـى الْقُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّـدُورِ﴾[1]. واتـە: ئایا ئەوانە بەزەویدا ناگەڕێـنو دڵانێکیان نییە کە بیری پێ بکەنەوەو بەهۆیەوە پەند لە بەسەر هاتی نەتەوەکانی تر وەربگرنو باوەڕ بهێنن،

١- سورة الحج: الآية ﴿٤٦﴾.

یــان گوێیەکیان نییە بەهۆیەوە ببیســتنو تێ بگەن؛ چونکە ئەوەی نابینا دەبێت چاوی سەر نییە، بەڵکو دڵەکانە کە لە ئاستی حەق نابینا دەبنو دادەخرێن.

لە ســورەتی ئەعرافیشــدا، لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿لَهُمْ قُلُوبٌ لَا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُــمْ أَعْــيُنٌ لَا يُبْصِرُونَ بِهَا﴾[٢]. واتە: ئەوانــە دڵانێکیان هەیە بیری پێ ناکەنەوەو چاوانێکیان هەیە ڕاستییەکانی پێ نابینن.

کەواتــە: خوای پەروەردگار، لێرەدا ئەرکی بینینی ڕاســتییەکانو بیرکردنەوەو بڕیــاردان لەبارەیان دەداتە پاڵ دڵ، نەك مێشــكو چــاو؛ چونکە چاو تەنها وەکو کامێرایەك وایەو ئەرکی گرتنو بینینی دیمەنەکانی لە ئەستۆیە، نەك هەڵسەنگاندنو بڕیاردان لەبارەیانەوە، دواتر ئەوەی بڕیار لەبارەیانەوە دەداتو هەڵسەنگاندیان بۆ دەکات دڵە، نەك چاو، بۆیە هەرکات دڵ داخرا، ئیتر بینینی چاو بێسوودەو ڕاستە مــرۆڤ دیمەنەکان دەبینێت، بەڵام ناتوانێت بڕیاری درووســتیان لەبارەوە بداتو ڕەشو سپی لێ تێکەڵ دەبێت.

ئیمامــی غەزالی لەبارەی گرنگیی دڵ دەفەرموێت: (هو المدرك، العالم، العارف من الإنسان، وهو المخاطب، والمعاتب، والمطالب)[٣]. واتە: دڵ ئەندامێکی ژیرو زانایەو توانای ناسینەوەی شتەکانی هەیە لە مرۆڤدا، هەموو ئەرکو داواکاریو گلەییەکانیش هەر ڕوو لەو دەکەن.

تا ماوەیەك لەمەوبەر ڕۆژئاواییەکان ئەم زانســتەیان نە دەســەلماند کە خوای گەورە لە قورئاندا باســی کردووە، کە دڵ سەرچاوەی هەڵسەنگاندنو بڕیاردانە لە مرۆڤدا، بەڵام ئێســتا گەشــتوونەتە ئەو ڕاســتییەی کە ئەوەی قورئان لەو بارەوە باســی دەکات تەواو ڕاســتە، ئێســتا بۆ خۆیان چەندین توێژینەوەی زانســتییان لەســەر کردووە، بەتایبەتی دوای پەرەســەندنی نەشــتەرگەریی گواستنەوەی دڵو

٢ـ سورة الأعراف: الآية ﴿١٧٩﴾.

٣ـ الغـزالي (أبو حامد محمــد بن محمد الغزالي الطوسـي)، إحياء علوم الديــن، ج٣، دار المعرفة، بيروت، ص٣.

ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە پاش گۆڕینی دڵی نەخۆشـەکان، بەسـەر نەخۆشەکاندا دێن لە شـێوازی مامەڵەکردنو حەزلێکردنو بیرکردنەوەو زۆر شـتی تر، کە پاش لێکۆڵینـەوە بۆیان دەرکەوتووە، هەموو ئەو گۆڕانکارییانە، هۆکارەکەی بۆ گۆڕینی دڵەکان دەگەڕێتەوە.

هەر لەم ڕۆژانەدا، توێژینەوەیەکم کەوتە بەرچاو، کە باس لەم بابەتە دەکاتو چیرۆکی گۆڕینی دڵی منداڵێك بەنموونە دەهێنێتەوە، کە لە تەمەنی هەشت ساڵیدا دەکوژرێتو پزیشکەکان دڵەکەی دەگوازنەوە بۆ منداڵێکی تر کە دڵی نەخۆشە، ئەم منداڵەی کە دڵەکەی بۆ گۆڕاوە، شەوانە بەگریان خەبەری دەبێتەوە، لە حاڵەتێکی دەروونی زۆر خراپدایە، کاتێك کە لێی دەپرسن هۆکاری ئەم بێزاربوونەت چییە؟ لە وەڵامدا دەڵێت: کەسـێك هەیە دەیەوێت بمکوژێـت، لە کاتێکدا ئەم منداڵە بە هیچ شێوەیەك ئاگای لەوە نییە، کە ئەو دڵەی بۆی دانراوە دڵی منداڵێکی کوژراوە، دڵـی ئـەو منداڵە کوژراوە، چی ترسـێکی تێدا بووە لە دوا سـاتەکانی تەمەنیداو لەسەروبەندی کوشتنەکەیدا، هەمووی لەگەڵ دڵەکەی گوازراوەتەوە بۆ ئەم منداڵە، دواترو بەهۆی ئەو وەسفانەی کە منداڵەکە دەیدات لەسەر بکوژەکە کە لە خەویدا دەیبینێت، بکوژی ڕاستەقینەی منداڵی یەکەم دەدۆزنەوە [٤].

زیـاد لەمەش، پزیشـکەکان تێبینی ئەوەیـان کردووە ئەو کەسـانەی کە دڵی دەسـتکردیان بۆ درووسـت دەکەن، تووشـی زۆر گرفتی دەروونـی دەبن؛ چونکە هەسـت بە هیچ خۆشەویستیو سۆزو بەزەییەك ناکەنو خاڵی دەبنەوە لە هەموو ئەو هەستانەی کە مرۆڤێکی ئاسایی لە دڵیدا درووست دەبێت.

ئەمانەو چەندان بەڵگەی تر، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنن، کە ئەوەی قورئان لەبارەی دڵ باسـی دەکات کە سـەرچاوەی هەموو باشو خراپییەکی مرۆڤە تەواو درووسـتەو هەر لەبەرئەوەشـە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿سَنُرِيهِـمْ آيَاتِنَا فِي

٤- http://www.kaheel7.com/ar/index.php/2010-02-02-22-17-58/132-2010-03-22-23-54-11.

﴿الْآفَاقِ وَفِي أَنفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ﴾[٥]. واتە: ئێمە بەڵگەی گەورەی دەسەڵاتی خۆمانیان نیشان دەدەین لە خۆیانو لە گەردوونو چواردەوریاندا؛ تا تەواو بۆیان ڕوون بێتەوە، هەموو ئەوەی کە خوا دەیفەرموویێت لەو قورئانەدا حەقو ڕاستە.

دووەم: هەر لەبەر خاڵی یەکەمیشە، کە خوای گەورە لەنێو هەموو ئەندامەکانی جەستەدا دڵی هەڵبژاردووە بۆئەوەی قورئانو فەرموودەکانی ئاڕاستە بکات: لەو بارەیەشەوە بە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: ﴿نَزَلَ بِهِ الرُّوحُ الْأَمِينُ × عَلَى قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ الْمُنذِرِينَ﴾[٦]. واتە: جوبرەئیل ئەو قورئانەی هێناوەتە خوارەوە بۆ سەر دڵت؛ تا ببیتە فروستادەی خواو خەڵکی ئاگادار بکەیتەوە.

ئەمەش شەرەفو گەورەییەکی تری دڵە، خۆ ئەگەر هەر ئەندامێکی تری جەستە لەو بەنرخترو بەڕێزتر بوایە؛ ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەو شەرەفە بەو دەبڕا، بەڵام دیارە،لە بەنرخیو بەرێزیدا، دڵ یەکەمینی بێ ڕکابەرە، هەر لەبەرئەوەشە کە خوای گەورە، چەند جارێكو لە چەند قۆناغێکی جیاوازی تەمەنی موبارەکی پێغەمبەردا ﷺ فریشتەی ناردووە؛ تا دڵی بشۆنەوە لە هەر شتێك کە لەگەڵ گەورەیی پایەو پەیامەکەی ئەودا یەك ناگرێتەوەو تا زەمینەسازی بکات بۆئەوەی قورئانی بۆ دابەزێنێت.

سێیەم: دڵ لانکەو ئارامگای بیروباوەڕو خواناسییە: قورئان، دڵ بە سەرچاوەی خواناسیو تەقواو باوەڕ لەقەڵەم دەداتو کاتێك باسی هەڵوێستو باوەڕی عەرەبە دەشتەکییەکانمان بۆ دەکات، کە دەهاتنە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ وباسی باوەڕداری خۆیان بۆ دەکرد خوای گەورە بەرپەرچی قسەکەیان دەداتەوەو پێیان دەفەرموێت: ﴿قَالَتِ الْأَعْرَابُ آمَنَّا قُل لَّمْ تُؤْمِنُوا وَلَكِن قُولُوا أَسْلَمْنَا وَلَمَّا يَدْخُلِ الْإِيمَانُ فِي قُلُوبِكُمْ﴾[٧].

واتە: عەرەبە دەشتەکییەکان دەیانگوت ئێمە باوەڕدارین، بڵێ ئێوە باوەڕدار نین،

٥- سورة فصلت: الآية ﴿٥٣﴾.

٦- سورة الشعراء: الآيتان ﴿١٩٣-١٩٤﴾.

٧- سورة الحجرات: الآية ﴿١٤﴾.

بەڵكو بڵێن موسڵمانین؛ چونكە هێشتا باوەڕ لە دڵتاندا دانەمەزراوە.

كەواتـــە: ئەم ئایەتـــە جیاوازی نێوان چەمكی باوەڕداریو مسوســـوڵمانبوونمان بـــۆ ڕوون دەكاتەوە[٨]و تێگەشـــتنی هەڵەی خەڵكی لەو بارەیـــەوە ڕەت دەكاتەوەو ئەوە دەســـەلمێنێت، كە باوەڕداری ڕاستەقینە ئەوانەن كە باوەڕەكەیان لە دڵیاندا ڕەگی داكوتاوەو چەسپاوەو هەر كارێك، یان گوفتارێك كە دەیكەن، هەڵقوڵاوی ئەو باوەڕەی ناخیانەو لەوێوە سەرچاوەی گرتووە.

هەر بۆیە پێغەمبەری خوایش ﷺ كاتێك باســـی تەقواو لەخواترســـان دەكات دەفەرموێت:

---

٨- (ئیمان)و (ئیسلام) دوو زاراوەن ئەگەر بەجیا بەكار هاتن بەیەك واتا دێن، بۆ نموونە: ئەگەر گوتمان (ئیمان) بەواتی (ئیسلام) یش دێتو بەپێچەوانەشەوە هەر وایە، بەڵام ئەگەر پێكەوە بەكار هاتنو گوتمان (ئیمان)و (ئیســـلام) ئەوا هەر یەكەو واتای تایبەتی خۆی دەبێت، بۆ نموونە: (ئیمان) بۆ باوەڕی ناخو قەناعەتی دڵو شتە مەعنەوییەكان بەكار دێت، وەكو باوەڕبوون بە خوای گەورەو پەیامبەرێتی پێغەمبەر ﷺو سەرجەم پێغەمبەرانو پەڕتووكە ئاسمانییەكانو فریشتەكانو ڕۆژی دواییو قەزارو قەدەر كە هەموو ئەمانە شـــتانێكن پەیوەندییان بە باوەڕی ناخەوە هەیەو كەمتر لە ڕووكەشـــدا هەستیان پێ دەكرێت. بەڵام (ئیسلام) بۆ پەرستشە ڕووكەشەكانی وەكو نوێژو ڕۆژووو زەكاتو حەجو ئەو شتانە بەكار دێت، كە ئەندامەكانی جەستە دەیكەنو بەڕووكەش دیارنو هەستیان پێ دەكرێت. ئەم جیاوازییەش بەڕوونی لەم فەرموودەیەدا بۆمان دەردەكەوێت، كە پێشەوا عومەر خوای لێ ڕازی بێت بۆمان دەگێڕێتەوەو دەفەرموێت: بَيْنَمَا نَحْنُ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ ذَاتَ يَوْمٍ إِذْ طَلَعَ عَلَيْنَا رَجُلٌ شَدِيدُ بَيَاضِ الثِّيَابِ، شَدِيدُ سَوَادِ الشَّعَرِ، لَا يُرَى عَلَيْهِ أَثَرُ السَّفَرِ، وَلَا يَعْرِفُهُ مِنَّا أَحَدٌ، حَتَّى جَلَسَ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ، فَأَسْنَدَ رُكْبَتَيْهِ إِلَى رُكْبَتَيْهِ، وَوَضَعَ كَفَّيْهِ عَلَى فَخِذَيْهِ وَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ أَخْبِرْنِي عَنِ الإِسْلَامِ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: {الإِسْلَامُ أَنْ تَشْهَدَ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، وَتُقِيمَ الصَّلَاةَ، وَتُؤْتِيَ الزَّكَاةَ، وَتَصُومَ رَمَضَانَ، وَتَحُجَّ الْبَيْتَ إِنِ اسْتَطَعْتَ إِلَيْهِ سَبِيلًا}. قَالَ: صَدَقْتَ. قَالَ: فَعَجِبْنَا لَهُ يَسْأَلُهُ وَيُصَدِّقُهُ. قَالَ: فَأَخْبِرْنِي عَنِ الإِيمَانِ. قَالَ: {أَنْ تُؤْمِنَ بِاللَّهِ، وَمَلَائِكَتِهِ، وَكُتُبِهِ، وَرُسُلِهِ، وَالْيَوْمِ الآخِرِ، وَتُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ، خَيْرِهِ وَشَرِّهِ}. قَالَ: صَدَقْتَ.

{التَّقْـوَى هَاهُنَــا، التَّقْـوَى هَاهُنَا، التَّقْــوَى هَاهُنَا، وَيُشِــيرُ إِلَى صَدْرِهِ ثَـلَاثَ مَرَّاتٍ}[٩].
واتە: تەقواو لەخواترسـان ئا لێرەدایە، تەقواو لەخواترسـان ئا لێرەدایە، تەقواو لەخواترسان ئا لێرەدایە، سێ جار ئاماژەی بۆ سنگی کرد.

چوارەم: لەبەرامبەر خاڵی چوارەمداو بەپێچەوانەشـەوە دڵ ئەگەر پارێزگاری لێ نەکرێت؛ دەبێتە سەرچاوەی هەرچی نەخۆشیو تاوانو دوودڵیو بێباوەڕییە.

بـۆ نموونە: کاتێـك قورئـان باسـی دووڕووو مونافیقـەکان دەکات، هۆکاری دووڕوویيەکەيان بۆ دڵەکانیان دەگێڕێتەوەو دەفەرموێت: ﴿فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ فَزَادَهُمُ اللَّهُ مَرَضاً﴾[١٠] واتە: ئەوانە دڵەکانیان نەخۆشە، خوای پەروەردگاریش زەمینەسازیی کردووە؛ تا زیاتر لەبێباوەڕیو نەخۆشییەکەیاندا ڕۆبچن.

یان لەبـارەی بێباوەڕیی جوولەکەکانـەوە دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ قَسَـتْ قُلُوبُكُم مِّن بَعْـدِ ذَلِـكَ فَهِيَ كَالْحِجَارَةِ أَوْ أَشَدُّ قَسْـوَةً﴾[١١] واتا پاش ئەوە دڵەکانتان ڕەق بوو، هەتا وەك بـەردی لێهات، یان لە بەردیش ڕەقتر، کەواتـە: هۆکاری گومڕایی ئەمانیش دیسـان ڕەقی دڵەکانیـان بووە، یان لەبـارەی هۆکاری مایەپووچـی بێباوەڕان لە قیامەتـدا دەفەرموێت: ﴿كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَى قُلُوبِهِم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾[١٢]. واتە: نەخێر ئەوانـە بەهـۆی بەدکرداریی خۆیانو ڕۆچوونیان لـە تاوانەکانیاندا خوا دڵەکانی مۆرکردبوونو حەقیان پێ نەدەبینی.

پێنجـەم: دڵ وەکو ڕۆح وایە بۆ کارەکانی ئەندامانی جەسـتە، جا هەرچەندە ئەندامەکانی جەسـتەی مرۆڤ شتێکی جوانو سـوودی باشیشیان لێ دەبینرێت، بەڵام ئەگەر جەستە ڕۆحی تێدا نەبوو؛ ئەوانە نە جوانییان دەمێنێتو نە سوود،

٩- مسلم (مسلم بن الحجاج ابن مسلم القشـيرى)، صحيح مسلم (الجامـع الصحيح)، ج٨، دار الفكر، بيروت، ص١١.

١٠- سورة البقرة: الآية ﴿١٠﴾.

١١- سورة البقرة: الآية ﴿٧٥﴾.

١٢- سورة المطففين: الآية ﴿١٤﴾.

کردەوەکانی دڵیش ڕۆحی هەموو کردەوەکانی تری جەستەی مرۆڤن؛ ئەگەر دڵ باش بوو؛ ئەوا کردەوەکان ڕۆحیان تێدایەو جوانییەکی زۆریشیان دەبێت، خۆ ئەگەریش دڵ تێك چوو، ئەو کات سەرجەم ئەندامەکانی جەستە تێك دەچێت.

**شەشەم:** دڵ پادشاو فەرمانڕەوای مەملەکەتی جەستەیەو سەرجەم ئەندامانی جەستە وێنای خواستەکانی دڵ دەکەن لە ڕواڵەتدا، بۆیە ئەگەر دڵەکان ڕێك و باش بن؛ ئەوا سەرجەم ئەندامەکانی تر ڕێكو باش دەبن، بەپێچەوانەشەوە هەر وایە؛ چونکە مرۆڤ هیچ کارێك ناکات، هەتا دڵ لێکدانەوەو زەمینەسازی بۆ نەکاتو پەسەندی نەکاتو فەرمانی پێ دەر نەکات، جا کارەکە باش بێت، یان خراپ، کەواتە: هەرکات ویستمان خۆمان چاك بکەین، یان خەڵکی تر؛ ئەوا دەبێت خاڵی سەرەتا لە دڵەکانەوە دەست پێ بکەین، بۆ نموونە: کەسێك دز بێت، یان درۆزن، یان داوێنپیس ئێمە کارمان بە چاکردنی زمانو دەستو داوێنی نییە، بەڵکو کارمان بەچاکردنی دڵێتی؛ چونکە ئەوانە تەنها دارودەستەی دڵنو گوزارشتیان لە ویستو خواستەکانی ئەو کردووەو هەر ئەویش بەرپرسیارە لە کردەوەکانیان؛ چونکە دڵ وەکو مولیدەیەك وایە، گەر بەدرووستی کار بکات؛ پێویستە وزەی خواناسی تەواو پەخش بکات بەسەر هەموو ئەندامانی جەستەدا، خۆ ئەگەر نەیکردو ئەندامەکانی جەستەی پێ پابەند نەکرا؛ ئەو کات بزانە، ئەو دڵە کێشەی هەیە، بۆیە کاریگەری بەسەر ئەندامانی جەستەوە نەماوە.

سەبارەت بەگرنگیی ئەم خاڵەش پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: **{أَلَا وَإِنَّ فِي الْجَسَدِ مُضْغَةً إِذَا صَلَحَتْ صَلَحَ الْجَسَدُ كُلُّهُ وَإِذَا فَسَدَتْ فَسَدَ الْجَسَدُ كُلُّهُ أَلَا وَهِيَ الْقَلْبُ}**[١٣]. واتە: لە ناو لاشەی مرۆڤدا پارچە گۆشتێك هەیە، ئەگەر باش بوو؛ هەموو ئەندامانی تری جەستە، بەشوێن ئەودا باش دەبن، خۆ ئەگەریش خراپ بوو؛

---

١٣- البخاري (محمد بن إسماعيل البخاري)، صحيح البخاري، ج١، ط١، دار طوق النجاة، ١٤٢٢، تحقيق: محمد زهير ناصر، ص٢٠. مسلم (مسلم بن الحجاج القشيري النيسابوري)، صحيح مسلم (الجامع الصحيح)، ج٥، دار الفكر، بيروت، ص٥١.

هەموو ئەندامانی جەستە، بەشوێن ئەودا خراپ دەبن، ئەو پارچە گۆشتەش دڵە.

هەر لەبەرئەوەیە شـێخ حەسـەنی بەصری دەفەرموێت: (لَيْسَ الْإِيْمَان بِالتَّمَنِّي وَلَا بِالتَّحَلِّي، وَلَكِنْ مَا وَقَرَ فِي الْقَلْب وَصَدَّقَهُ الْعَمَل)[14]. واتە: باوەڕداری بەخۆزگەو بریا، یان ڕووکەش‌و پۆشاك نییە، بەڵکو باوەڕ ئەوەیە کە لە دڵدا جێگیر دەبێت‌و کردەوەکان پشتڕاستی دەکەنەوە.

حەوتەم: ساغی‌و یەکلابوونەوەی دڵەکان بۆ خوای گەورە مەرجی سەرەکی وەرگرتنی هەر کارێك، یان پەرستشێکە کە مرۆڤەکان ئەنجامی دەدەن.

هەشتەم: کردەوەکانی دڵ‌و پەرستشەکانی هەمیشەیین‌و کاتی دیاریکراویان بۆ نییە، هەر وەکو باوەڕبوون بە خوای گەورەو سەرجەم بنەماکانی تری باوەڕ، نابێت مرۆڤ بۆ تەنها ساتێکیش لێیان بێئاگا بێت، بەڵام کردەوەکانی تری جەستە کاتی دیاری کراوی خۆیان هەیەو مەرج نییە هەمیشە بوون‌و بەردەوامیان هەبێت، لە نموونەی نوێژ‌و ڕۆژو زەکات‌و حەج‌و جیهادو هتد... بگرە زۆر جار وا هەڵدەکەوێت کە کات یەکێکە لە بنەما، یان مەرجەکانی پەرستشەکەو هەتا کاتی دیاریکراوی خۆی نەیەت پەرستشەکە بشکرێت خوای گەورە وەری ناگرێت هەروەك نوێژ‌و ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان، یان حەج.

نۆیەم: لە کۆتاییشدا دڵ تاکە ئەندامێکی جەستەیە، کە دەکرێت ببێتە فریادڕەسی مرۆڤەکان لە قیامەتدا بەپێچەوانەشەوە مایەی لەناوچوون بەدبەختکردنیان: خوای گەورە لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ × إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ﴾[15]. واتە: ڕۆژێك کە نە ماڵ نە منداڵ، هیچی بەکەڵکی مرۆڤەکان نایەت‌و بەفریای ناگات، جگە لە دڵێك نەبێت کە ساغ‌و پاك‌و ڕاست بووە لەگەڵ خوادا، تەنها ئەو دڵە بەهانای خاوەنەکەیەوە دێت‌و ڕزگاری دەکات.

١٤- إبن القيم (محمد بن أبي بكر بن أيوب الزرعي الدمشقي)، حاشية إبن القيم على سنن أبي داود، ج ١٢، دار الكتب العلمية، بيروت، ط، ١٤١٥، ص ٣٩٤.

١٥- سورة الشعراء: الآيتان ﴿٨٨-٨٩﴾.

لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبــەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: {يَغْزُو جَيْشٌ الْكَعْبَةَ فَإِذَا كَانُوا بِبَيْدَاءَ مِنَ الْأَرْضِ يُخْسَفُ بِأَوَّلِهِمْ وَآخِرِهِمْ قَالَتْ: قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ كَيْفَ يُخْسَفُ بِأَوَّلِهِـمْ وَآخِرِهِمْ وَفِيهِمْ أَسْوَاقُهُـمْ وَمَنْ لَيْسَ مِنْهُمْ؟!!. قَالَ يُخْسَفُ بِأَوَّلِهِمْ وَآخِرِهِمْ ثُمَّ يُبْعَثُونَ عَلَـى نِيَّاتِهِـمْ}[١٦]. واتە: ســوپایەك دەیەوێت بدات بەســەر کەعبــەدا، لە هەندێك ڕیوایەتدا هاتووە کە حەفتا هەزار چەکداری لەگەڵە، کاتێك بەدەشتاییەکدا تێپەڕ دەبــن، خوای پــەروەردگار هەموویان دەبــات بەناخی زەویــداو لەناویان دەبات. خاتوو عائیشــە خوای لێ ڕازی بێت ئەوەی پێ ســەیر دەبێتو دەفەرمووێت: ئەی پێغەمبــەری خــوا ﷺ چۆن خوا هەموویــان دەبات بەناخی زەویــدا، لە کاتێکدا خەڵکانێکیان لەگەڵ هاتوون لەوان نینو بۆمەبەســتی ئەوانیش نەهاتوون، بەڵکو بە مەبەســتی بازرگانی هاتوون؟! یان ڕێبــوار بوون لەڕێ لەگەڵیان کەوتوون، یان بەزۆر هێناویانن، یان بەناچاریو بۆنان پەیداکردن هاتوون [١٧]. خۆ ئەوانە هیچیان بــە نیەتی تێکدانی کەعبە نەهاتوون، چۆن خوای گەورە هەموویان لەناو دەبات؟! پێغەمبەری خوا ﷺ لە وەڵامدا فەرمووی: هەموویان وەك یەك لەناو دەبات، بەڵام دواتر لە قیامەتدا بەجیاواز زیندوو دەکرێنەوەو هەرکەسەو بەپێی نیەتەکەی دڵی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

کەواتە: ئەمانە هەرچەندە ڕواڵەتو ڕووکەشیان وەك یەك بووە، بەڵام جیازوازی نیەتەکانی دڵیان چارەنووسیان دەگۆڕێت.

---

١٦- البخاري، صحيح البخاري، ج٣،ص٦٦.

١٧- لە هەندێك ڕیوایەتی فەرموودەکەدا باسی ئەوانە دەکات.

# باسی دووەم

## نیەت

نیـەت سـەرەتاییترینو گرنگترین کردەوەی دڵە، کە کاریگەریی ڕاسـتەوخۆی لەسـەر کـردەوەی سـەرجەم ئەندامانی جەسـتەی مـرۆڤ؛ لە هـەردوو ڕووی ئەرێنـیو نەرێنییەوە هەیە، بۆیە جێی خۆیەتی، کە گرنگیی تەواوی پێ بدرێتو ڕوونکردنەوەی تەواوی لەسەر بدرێت لەم چەند خاڵەدا:

### پێناسەی نیەت:

ئیبنو لقەییم بەشـێوەیەکی گشتی پێناسـەی نیەت دەکاتو دەڵێت: (بریتییە لـە کـردەوەو مەبەسـتی دڵ) [١]. ئەمەش واتایەکی گشـتگیرەو خەڵکـی دیندارو بێدینو کردەوەی باشو خراپیش دەگرێتەوە. قەڕافیش لەپێناسەی نیەتدا دەڵێت: (مەبەسـتی دڵی ئـەوە بێت کە دەیەوێت بە کردەوە ئەنجامی بدات) [٢]. پێشـەوا بەیزاوییـش بەشـێوەیەکی تایبەتتر پێناسـەی دەکاتو دەڵێت: (ئاڕاسـتەکردنی خواسـتەکانی مرۆڤە بەرەو کردنی کارێك لە پێناو دەسـت خسـتنی ڕەزامەندیی خوای گەورەو جێبەجێکردنی فەرمانەکانی)[٣] .

### شێوازی نیەت:

زانینـی نیـەت بۆخۆی چەند گرنگـە، ئەوەندەش گرنگە بزانین کە شـێوازی نیەتهێنان چۆنە، ئایا نیەت بەدەم دەگوترێت، یان تەنها بەدڵ؟ یان بەهەردوکیان؟

بۆچوونـی پەسـەندی زانایان لـەم بارەیـەوە ئەوەیە کە نیـەت تەنها بەدڵ دەگوترێتو پێویسـتە کاتی نیەتهێنان بۆ پەرستشـەکان، یان دەستپێکردنیان دڵ

---

١- إبـن القيـم (محمد بن أبي بكر أيوب الزرعي الدمشقي)، بدائع الفوائد، ج٣، ط١، مكتبة نزار مصطفى الباز، مكة المكرمة، ١٤١٦-١٩٩٦، تحقيق: هشام عبد العزيز وآخرون. ص٧١٠.

٢- القـرافي (شهـاب الدين أحمد بن إدريس بـن عبد الرحمن المالكي)، الذخيـرة، ج١، ط١، دار الغرب الإسلامي، بيروت، ١٩٩٤، تحقيق: محمد حجي وآخرون، ص٢٤٠.

٣- إبـن نجيم الحنفي (زين العابدين بن إبراهيم بن نجيم)، الأشباه والنظائر، ط١٩٨٠، دار الكتب العلمية، بيروت، ص٢٩.

تــەواو بەئاگا بێتو بزانێت مەبەســتی لەو کارە چییــە؟ چۆنی دەیکات؟ بۆ کێی دەکات؟ ئیتر پێویســت ناکات ئەو نیەتەی کە لە دڵیدا هەیەتی بیخاتە ســەر زار؛ چونکە هیچ بەڵگەیەکی درووســت لەبەردەســتدا نییە کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە دەم نیەتی هێنابێت، تەنانەت هەندێك پەرســتش کە دەنگی بەرزکردووەتەوە لە کاتــی ئەنجامدانی وەکو {بسم الله، الله أکبر} لە کاتی ســەربڕیندا، یان {لبیك الله حجا أو عمـرة} زانایـان دەڵێن: ئەوانە نیــەت نین، بەڵکو وەکـو (الله أکبر) کاتی دەستپێکردنی نوێژ وایەو نیشانەی چوونە ناو پەرستشەکەوەیە، نەك نیەت بێت.

فەرموودەی: {إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ}:

دیارترینی ئەو دەقانەی کە باســی نیەت دەکەن ئەو فەرموودەیەیە کە پێشەوا عومــەر ڕەزای خوای لــێ بێت بۆمــان دەگێڕێتەوەو دەفەرموێــت: گوێم لێ بوو پێغەمبــەری خوا ﷺ دەیفەرمــوو: {إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ وَإِنَّمَا لِـكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى، فَمَنْ كَانَـتْ هِجْرَتُـهُ إِلَى دُنْيَا يُصِيبُهَـا أَوْ إِلَى امْرَأَةٍ يَنْكِحُهَا فَهِجْرَتُهُ إِلَى مَـا هَاجَرَ إِلَيْهِ}[٤]. واتە: هەمــوو کردەوەیەکــی مرۆڤ بەگوێــرەی نیەتی خاوەنەکەیەتــی —ئەگەر نیەتی بــاش بوو کردەوەکەشــی باش دەبێت، ئەگەریش خراپ بــوو کردەوەکەش بەهۆی نیەتەکەیــەوە تێك دەچێتو خراپ دەبێت-و هــەر مرۆڤێکیش بەگوێرەی نیەتی خۆی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێتو ســزاو پاداشــت وەردەگرێت، جا هەر کەس لەبەر دەســکەوتنی دونیا، یان هاوســەرگیری ئافرەتێك کۆچــی کردبێت —لە مەککە بۆ مەدینــە-؛ ئەوا پاداشــتی کۆچی نییەو تەنها ئەوەی پــێ دەبڕێت کە لە پێناویدا کۆچــی کردووە. وشــەی (إنما) یش لە زمانی عەرەبیــدا بۆ حەصرە واتە: هەموو کردەوەکان بەبێ جیاوازی..

هــاوەڵان لەبارەی هۆکاری هاتنــی ئەم فەرموودەیە دەڵێــن: پیاوێکی باوەڕدار هەبوو لە مەککە ئافرەتێکی خۆش دەویست، ئافرەتەکە کۆچی کردبوو بۆ مەدینە، کاتێــك ئەم پیاوە داوای لێ کرد هاوســەرگیری لەگەڵ بــکات، ئافرەتەکە مەرجی

---

٤- البخاري، مصدر سابق، ج١، ص٦. مسلم، مصدر سابق، ج٦، ص٤٨.

ئەوەی لەســەر دانا، کە دەبێت کۆچ بکات بۆ مەدینە، ئەوجا هاوســەرگیری لەگەڵ دەکات، ئەم پیاوەش لەبەر ئافرەتەکە کۆچی کرد بۆ مەدینە.

کەواتــە: ئــەم پیاوە، هەرچەند بــاوەڕدارە، بەڵام کۆچەکەی لــە پێناوی خواو سەرخستنی پەیامەکەی ئەو نەبوو، بەڵکو تەنها مەبەستی ڕەزامەندیی ئافرەتەکە بــوو، هــەر بۆیە پێغەمبەر ﷺ لــە فەرموودەکەدا بەڕوونی ئامــاژەی پێ دەکاتو دەفەرمووێــت: {فمن كانت هجرته لدونيا يصبهــا أو امرأة ينكحها فهجرته على ما هاجر عليه}. واتە: هەرکەســێك کۆچەکەی بۆ بازرگانیو دەســت خســتی دنیا بێت، یان هاوســەرگیریو گەشــتن بەئافرەتێك بێت؛ ئەوا پاداشــتی کۆچەکەی ئەوەیە کە کۆچی بۆ کردووەو لای خوا هیچ پاداشتی نییە.

جا سەرنج بدەن خۆشەویستان، ئەم هاوەڵە بەڕێزە لەو قۆناغە سەختەی مەککە باوەڕی بە پێغەمبەری خوا ﷺ هێناوەو بەرگەی ئەو هەموو ئازارو ئەشکەنجەیەی بێباوەڕانی گرتووەو ئەو ڕێگە دژوارو پڕمەترسیو نەهامەتییەی مەدینەی گرتۆتە بەر، بەڵام هیچ کام لەوانە شەفاعەتی وەرگتنی کاری کۆچەکەی بۆ نەکردووە، خۆ ئەگەر لەبەر خوا کۆچی بکردایە؛ ئەوا هەم پەرستشــی کۆچەکەی قەبووڵ دەبوو هەم ئافرەتەکەشی دەست دەکەوت، بەڵام بەداخەوە، بەهۆی نیەتەکەیەوە، پاداشتی ئەو پەرستشە گەورەیەی لەدەست دا.

ئــەم فەرموودەیە، یەکێکە لەبنەما گرنگەکانی ئیســلامو پایەکانی خواناســی. هەر بۆیە پێشــەوا شــافیعی لەبارەیەوە دەفەرموێت: (هذا الحديث ثلث العلم، ويدخُلُ في سبعــينَ بابــاً مِــنَ الفقــه)[5]. واتا ئەم فەرموودەیە یەك لە ســەر ســێی هەموو زانستەکانی شەرعەو لەحەفتا بابەتی شەرعی سەرەکیدا ئیشی پێ دەکرێتو پشتی پێ دەبەســترێت. پێشــەوا ئەحمەدیش لەبارەیەوە دەفەرموێت: (أصول الإسلام

---

٥- النــووي (أبو زكريا محيي الديــن يحيى بن شرف النووي)، المجموع شــرح المهذب، ج١، دار الفكر، بيروت، ص٣١١.

على ثلاثة أحاديث)[٦] . واتە: بنچینەکانی ئیسلام لە سەر سێ فەرموودە دامەزراوە، یەکێك لەو فەرموودانە ئەم فەرموودەیەیە [٧].

ئیبنــو لقەییم لەبارەی گرنگیی نیەتەوە دەفەرمویێت: (ما من فعلة وان صغرت

٦ - إبـن رجب الحنبلي(زيـن الدين عبد الرحمن بن أحمد بن رجب بن الحسـن)، جامع العلوم والحكم، ج١، ط٧، مؤسسة الرسالة، بيروت، ٢٠٠١، تحقيق: شعيب الأرناؤوط - إبراهيم باجس، ص٦١.

٧- فەرموودەی دووەمیش ئەو فەرموودەیەیە، کە خاتوو عائیشــە ڕەزای خوای لێ بێت، ڕیوایەتــی دەکاتو دەفەرمووێــت، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتــی: {من احدث فی امرنا هذا ما ليس منه فهو رد}. واتا هەرکەسێك شتێکی لە دینی ئێمە زیاد کرد؛ ئەوا کارەکەی ڕەت دەکرێتەوەو دەدرێتەوە بە سەروچاوی خاوەنەکەیدا.

فەرموودەی ســێیەمیش ئەوفەرموودەیەیە، کە نوعمانی کوڕی بەشیر ڕیوایەتی دەکاتو دەفەرموێــت: پێغەمبەری خــوا ﷺ فەرموویەتی: {الحلال بين والحرام بين و بينهما أمور مشتبهات لا يعلمهن كثير من الناس}. واتە: حەڵاڵو حەرامەکانی دینی خوا ڕوونو ئاشــکران، لەنێوان حەرامو حەڵاڵەکانیشــدا کۆمەڵێك بابەتی ئاڵۆز هەن، زۆرێك لە خەڵکی نایزانن.

پەیوەندیی نێوان ئەو سێ فەرموودەیەش ئەوەیە: کە کۆی پرسی ئایین بریتییە لەوەی کــە مرۆڤ کاری چاکە بکاتو واز لە شــتە حــەرامو قەدەغەکــراوەکان بهێنێتو خۆی لەو شــتانەش بپارێزێــت کە گومانیان تێدایە. وەك ئەوەی لــە فەرموودەکەی نوعمانی کوڕی بەشــیردا هاتووە، دواتر هەرکارێکیشــی کرد، یان نەیکرد لەبەر خوا بێتو هیچ مەبەســتێکی تری پێی نەبێت وەك لە فەرموودەکەی پێشــەوا عومەردا هاتووە. وە بەو شێوازەش پەرستشو خواناسی بکات کە لە دەقەکانی قورئانو سوننەتەکانی پێغەمبەردا ﷺ هاتووەو کەمو زیادی تێدا نەکات، وەك لە فەرموودەکەی خاتوو عائیشــەدا هاتووە، هەر کاتێکیش مرۆڤ ئەم ســێ فەرموودەیەی جێبەجێ کرد؛ ئەوکات دینی ســەلامەت دەبێتو قیامەتیشی مسۆگەر.

إلا ينشـر لهـا يوم القيامة ديوانـان: لم فعلت؟ وكيف فعلت؟)[8]. واتــه: هیچ کردەوەیەکی مرۆڤ نییە، با بچووکیش بێت، ئیللا خوای پەروەردگار دوو پرسیاری لەبارەوە دەکات:

یەکەمیان: بۆچیو بەچ مەبەستێك ئەو کردەوەیەت کرد؟

دووەمیشیان: چۆنت کرد؟

جا پێویســتە مرۆڤی باوەڕدار، بەر لەوەی هــەر کارێك بکات، وەڵامی ئەم دوو پرسیارە بۆ لای خوا ئامادە بکات.

## گرنگیی نیەت:

هەرچەنــدە گرنگیی نیەت قســەی زۆر هەڵدەگرێت، بــەڵام ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین، لەم چەند خاڵەدا کورتی بکەینەوە:

یەکەم: خوای گەورە زۆر پێغەمبەرو پەیامی بۆ سەر زەویو گرۆهی مرۆڤایەتی ڕەوانــە کــردووەو لەلایەنی تەشــریعەوە جیاوازیــی زۆریش لــە زۆر ڕووەوە لە نێوانیاندا هەبووە، بەڵام تاکە شتێك کە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتیو جیاوازیی پەیامەکانی خوا گۆڕانکاری بەسەر نەهاتووە لە تەشریعدا بابەتی نیەت بووە، کە لە پەیامی ئادەم هەتا پەیامی کۆتا پێغەمبەر کە محەممەدە ﷺ سەرجەم ئایینەکان جەختیان لەســەر ئەوە کردووەتەوە، کە یەکلابوونەوەی نیەتو مەبەســتی دڵ بۆ خوای گەورە، مەرجی وەرگرتنی هەر کارێکە کە مرۆڤەکان ئەنجامی دەدەن.

دووەم: لە ئیســلامدا ئەرکو پەرستشە شەرعییەکان زۆر جۆرن، هەریەکەشیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجو تێرامانە ئەوەیە کە کۆڵکەی هاوبەشــی نێوانی هەموویان بوونی نیەتەو هیچ کامیان بەبێ نیەت وەرناگیرێنو نیەتیش کاری دڵە، نەك هیچ ئەندامێکی تری جەستە.

ســێیەم: نیــەت کاریگەریی تــەواوی هەیە لەســەر ڕێژەی ئەو پاداشــتەی کە مرۆڤەکان لەســەر کردەوەکانیان وەری دەگرنو هەتا نیەتەکان ســاغو پاك بن بۆ

---

٨- إبن القيم (محمد بن أبي بكر أيوب الزرعي)، إغاثة اللهفان من مصائد الشيطان،ج١، ط٢، دار المعرفة، بيروت، ١٩٧٥، تحقيق: محمد حامد الفقي، ص٨.

خوای گەورە، پاداشتی کردەوەکان زیاد دەکەنو گەورەتر دەبن، گەرچی کردەوەکان لە خودی خۆیشیاندا بچووك بن.

پێغەمبــەری خوا ﷺ لە هەندێــك فەرموودەیدا باســی کۆمەڵێك کاری چاکە دەکات، کــە لە ڕواڵەتدا زۆر گەورە نین، بەڵام خوای پەروەردگار بەهۆی نیەتپاکی خاوەنەکانیانەوە لێیان خۆش دەبێت لەوانە:

فەرمــوودەی یەکەم: {يُصَاحُ بِرَجُلٍ مِنْ أُمَّتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَى رُؤُوسِ الخَلاَئِقِ فَيُنْشَرُ لَـهُ تِسْعَةٌ وَتِسْعُونَ سِجِلاًّ كُلُّ سِجِلٍ مَـدُّ الْبَصَرِ، ثُمَّ يَقُولُ الله تَبَارَكَ وَتَعَالَى: هَلْ تُنْكِرُ مِنْ هـذَا شَيْئًا؟ فَيَقُــولُ: لاَ يَا رَبِّ. فَيَقُولُ: أَظَلَمَكَ كَتَبَتِي الحَافِظُــونَ؟ فَيَقُولُ: لاَ يَا رَبِّ ثُمَّ يَقُولُ: أَلَكَ عُذْرٌ؟ أَلَكَ حَسَنَةٌ؟ فَيَهَابُ الرَّجُلُ فَيَقُولُ: لاَ. فَيَقُولُ: بَلَى إِنَّ لَكَ عِنْدَنَا حَسَنَةً، وَإِنَّهُ لاَ ظُلْمَ عَلَيْكَ الْيَوْمِ، فَتُخْرَجُ لَهُ بِطَاقَةٌ فِيهَا أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِله إِلاَّ الله وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ. فَيَقُولُ: يَارَبِّ مَا هَذِهِ الْبِطَاقَةَ مَعَ هذه السِّجِلاَّتِ؟!!. فَيَقُولُ: إِنَّكَ لاَ تُظْلَمُ. فَتُوضَعُ السِّجِلاَّتُ فِي كِفَّةٍ وَالْبِطَاقَةُ فِي كِفَّةٍ فَطَاشَتِ السِّجِلاَّتُ وَثَقُلَتِ الْبِطَاقَةُ}[٩].

واتــە: لە قیامەتدا بەپێش چاوی هەموو خەڵکییەوە بانگ لە پیاوێك دەکرێت لە ئوممەتی من نەوەدونۆ پەڕاوی لێوان لێو لە خراپەی دەخەنە بەردەستو هەر پەڕاوێکیش تا چاو بڕکات گەورەیە.

- خــوای گەورە لێی دەپرســێتو دەفەرمووێت: نکوڵی هیــچ کام لەم تاوانانە دەکەیت کە کردووتن؟

- دەڵێت: نەخێر، ئەی پەروەردگارم.

- پێــی دەفەرمووێت: ئەو فریشــتانەی کــە ئەم کردەوانەیــان تۆمار کردووە ستەمیان لێ کردوویت؟

- دەڵێت: نەخێر، ئەی پەروەردگارم.

- پێی دەفەرمووێت: هیچ پاســاوێکت هەیە کە بیڵێیت ئەمانەت بۆ کردوون؟

---

٩- إبــن ماجة (محمد بن يزيد أبو عبدالله القزويني)، ســنن إبن ماجة، ج٢، دار الفكر، بيروت، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، ص١٤٣٧. وقد صححه الألباني في السلسلة الصحيحة برقم ﴿١٣٥﴾.

یان هیچ چاکەیەکت هەیە لەبەرامبەر ئەمانەدا؟

- پیاوەکە سام دەیگرێتو ترسی لێ دەنیشێتو دەڵێت: نەخێر.

- خـوای گەورە پێـی دەفەرموویت: با ئەمڕۆ یەك چاکـەت لای ئێمە هەیەو کەسیش ستەمت لێ ناکات. ئەوجا کارتێکی بۆ دەهێنن، کە لێی نووسراوە: شایەتی دەدەم کەجگە لە خوا هیچ پەرستراوێکی تر بەحەق نییەو محەممەدیش بەندەو فروستادەی خوایە ﷺ.

- پیاوەکە پێی سـەیر دەبێتو دەڵێت: ئەی پەروەردگارم ئەو کارتە بەرامبەر بەو هەموو پەڕاوی تاوانە چی پێ دەکرێت؟!

- خوای گەورە پێی دەفەرموویت: دڵنیا بە کەس ستەمت لێ ناکات.

- ئەوجا هەر نەوەدو نۆ پەڕاوەکەی بۆ دەخەنە تایەکی تەرزاوەکەو کارتەکەشی بـۆ دەخەنە تاکەی تـر، کارتەکە هەموو پـەڕاوەکان دەبات بە ئاسـمانداو لەوان قورستر دەبێتو خوای گەورە لێی خۆش دەبێت.

فەرموودەی دووەم: {بَيْنَمَا كَلْبٌ يُطِيفُ بِرَكِيَّةٍ كَادَ يَقْتُلُهُ الْعَطَشُ، إِذْ رَأَتْهُ بَغِيٌّ مِنْ بَغَايَا بَنِي إِسْرَائِيلَ فَنَزَعَتْ مُوقَهَا فَسَقَتْهُ فَغُفِرَ لَهَا بِهِ}(١٠). واتە: لە کاتێکدا سەگێك بەدەوری بیـرە ئاوێکـدا هەر دەسـووڕایەوە، خەریك بوو لـە تینوان دەخنـکا، ئافرەتێکی لەشـفرۆش لە بەنی ئیسـرائیل چاوی پێی کەوت، پێڵاوەکانـی داکەندو ئاوی بۆ دەرهێنا، تا تێراوی کرد، خوای گەورە بەهۆی ئەوەوە لێی خۆش بوو.

فەرموودەی سێیەم: { بَيْنَمَا رَجُلٌ يَمْشِي بِطَرِيقٍ وَجَدَ غُصْنَ شَوْكٍ عَلَى الطَّرِيقِ فَأَخَّرَهُ، فَشَكَـرَ اللَّـهُ لَـهُ فَغَفَرَ لَـهُ}(١١). واتە: لە کاتێکدا پیاوێك بەڕێگادا دەڕۆیشـت، چڵێکی دڕکاوی لەسەر ڕێگەدا بینی هەڵیگرتەوەو لای دا، خوای گەورە پاداشتی ئەو کارەی دایەوەو بەو هۆیەوە لێی خۆشبوو.

جـا بەڕێزان، ئەم سـێ کردەوەیە لـە ڕواڵەتدا زۆر گەورە نیـن؛ چونکە زۆر

---

١٠- البخاري، صحيح البخاري، ج٤،ص١٧٣. مسلم، صحيح مسلم، ج٧،ص٤٥.

١١- البخاري، صحيح البخاري، ج١،ص١٣٢. مسلم، صحيح مسلم، ج٦،ص٥١.

باوەڕدار لە ژیانی خۆیدا کاری لەو شـێوانە دەکات، بەڵام لێخۆشـبوونی خوای پێ دەسـتەبەر ناکات، بەڵام خـوای گەورە هەر بەهۆی ئەوانەوە لەو کەسـانە خۆش بووە؟! ئیبنو تەیمیە لەبارەی ئەم پرسە دەفەرموێت: (فأهل الكبائر الذين دخلوا النار كلهم كانوا يقولون لا إله إلا الله، ولم يترجح قولهم على سيئاتهم، كما ترجح قول صاحب البطاقـة... وهـذه سقت الكلب بإيمان خالصـ كان في قلبها فغفر لهـا، وإلا فليس كل بغى سقـت كلبا يغفر لها، وكذلك هذا الذي نحى غصن الشـوك عن الطريق فعله إذ ذاك بإيمان خالصـ وإخلاص قائم بقلبه فغفر له بذلك، وليسـ كل من نحى غصن شوك عن الطريق يغفـر لـه)[12] . واتە: خۆ ئـەو بڕوادارانەی کە تاوانی گەورەیـان کردووەو دەچنە دۆزەخ هەموویـان گوتویانـە (لا إله إلا الله)، بەڵام هیچیان بەهۆی ئەو وشـەیەوە چاکەکانیان زاڵ نەبوو بەسـەر خراپەکانیانـدا، وەك ئەو پیاوەی خاوەن کارتەکە کـە فەرموودەکە باسـی دەکات، یان ئەو ئافرەتە داوێن پیسـەی کـە تەنها لەبەر خواو لە دڵێکی پڕ لە باوەڕەوە ئاوی دا بەسەگەکەو خوا لێی خۆش بوو، خۆ هەر داوێنپیسێك ئاو بدات بەسەگێك خوا لێی خۆش نابێت، هەروەها ئەو پیاوەش کە دڕکەکەی لابرد لەسـەر ڕێگەکە، بەدڵێکی پـاكو باوەڕێکی تەواوەوە، تەنها لەبەر خوای گەورە ئەو کارەی کرد، بۆیە خوا لێی خۆش بوو، خۆ هەرکەسـێك دڕکێك لەسەر ڕێگە لابات خوای گەورە لێی خۆش نابێت.

کەواتە: ئەمانە بەهۆی نیەتی پاکی دڵیان، خوا لێیان خۆش بووە، نەك بەهۆی ئەوەی کردەوەکانیان زۆر گەورە بووەو کەسی تر وەك ئەوانی نەکردووە.

ئەبو دەرداء دەفەرموێت: (يا حبذا نوم الأكياس وفطرهم كيف يغبنون به قيام الحمقى وصومهـم، والذرة من صاحب تقوى أفضل من أمثال الجبال عبادة من المغترين)[13] . واتە: خۆزگە بەخەوی پیاوچاکانو بەوکاتانەشـیان کە تێیدا ڕۆژووی سـوننەت ناگرن،

---

١٢- إبـن تيميـة (أحمد بن عبد الحليم بن محمد ابن تيمية)، منهـاج السنة النبوية في نقض كلام الشيعة القدرية، ج٦، جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية، ط١٩٨٦،١، ص٢٢٠.

١٣- إبن القيم، الفوائد، دار الكتب العلمية، بيروت، ط٢، ١٩٧٣، ص١٤١.

چۆن لە شـــەونوێژی گێڵو ڕۆژووە سوننەتەکانیشـــیان باشترن، یەك گەرد چاکەی خواناسێك، لە شاخێك چاکەی لووتبەرزو لەخۆباییەکان گەورەترە.

چـــوارەم: نیەتی باش، چەند گرنگە بۆ وەرگرتنی کاروپەرستشـــەکان، لەبەرامبەریشـــدا نیەتـــی خراپ ئەوەندە هەســـتیارو مەترســـیدارە؛ چونکـــە، نەك تەنها کردەوە باشـــەکان هەڵدەوەشـــێنێتەوە، بەڵکو خاوەنەکەشـــی تووشی ســـزاو لێپێچینەوە دەکاتو مرۆڤ بەرەو شـــیركو هاوەڵبڕیادان بۆ خوای گەورە دەبات، هەر بۆیە خاڵی جیاکەرەوەی نێوان مرۆڤی باوەڕدارو مرۆڤی دووڕوو، تەنها نیەتەکانی دڵیانە؛ چونکە هەردووکیان لە ڕواڵەتدا هەمان کارو پەرســـتش دەکەن، بەڵام لە نیەتی دڵیاندا جیاوازی هەیە، هەر ئەو نیەتو مەبەســـتە شاراوەیەیشە، ئەوانە دەکات بە دووڕوو خەڵکی تریش بە باوەڕدار.

پێنجـــەم: دەبێت ئاگامان لەوە بێت، کە کاری پاکردنەوەی دڵو یەکلابوونەوەی نیەتیش بۆ خوای گەورە، هەروا ئاسان نییە، هەتا سەرزارەکی بەڕێ بکرێت، بەڵکو هەوڵو ماندوبوونو پەرســـتشو زانستی زۆری دەوێت، خواناسانی پێشین زیاتر لە هەر کارو پەرستشێکی تر بە نیەتەوە زۆر ماندوبوون.

سوفیانی سەوری دەڵێت: (ما عالجت شيئا أشد علي من نيتي؛ لأنها تنقلب علي)[١٤] . واتە: هیچ شـــتێك کە ویستبێتم چارەسەری بکەم، هێندەی نیەتی دڵم سەرقاڵی نەکردووم؛ چونکە لێم دەگۆڕێت.

ئەم قسەیەش زۆر تەواوە؛ چونکە مرۆڤ زۆر جار دەیەوێت لەبەر خوا کارێك بکات، بەڵام کاتی کردنی کارەکە نیەتەکەی دەگۆڕێت، بۆ نموونە: دەتەوێت لەبەر خـــوا پارەیەك، یان چاکەیەك لەگەڵ هەژارێـــك بکەیت، بەڵام کاتێك پارەکەی پێ دەدەیت؛ دەبینیت کەسێك ئاگای لێیەتی تۆیش ئەمەت پێ خۆشە، بەمەش یەکسەر نیەتەکە تێك دەچێتو شتی تری تێکەڵ دەبێت.

شەشـــەم: یەکێکی تر لەبەهرەو گەورەییەکانی نیەتپاکی ئەوەیە کە هەندێجار جێی کارەکانو پەرستشـــەکانی ئەندامانی جەســـتە دەگرنـــەوەو پڕ دەکەنەوە، بۆ

---

١٤ - إبن رجب الحنبلي، جامع العلوم والحكم، ج١ ،ص٧٠.

نموونە: كەســێك نیەتی هێناوە، ئەم ســاڵ حەج بكات، بەڵام قەدەری خوا وا بوو مرد، یان بێپارە بوو، نەیتوانی حەج بكات، ئەو كەسە خوا بە نیەتی دڵی دەكاتو ئەگەر نیەتەكەی پاك بوو بێت؛ ئەوا إن شاء الله خوا حەجەكەی قەبووڵ كردووە ئەگەرچی بە جەستەش هیچ كام لە ئەركەكانی حەجی جێبەجێ نەكردبێتو یەك هەنگاویشی بەرەو ئەو شوێنە پیرۆزە نەنابێت.

پێغەمبــەری خوادا ﷺ لە فەرموودەیەكی قودســیدا دەفەرموێت: {قَالَ اللَّهُ عَزَّ وَجَـلَّ إِذَا هَمَّ عَبْدِي بِحَسَنَـةٍ وَلَمْ يَعْمَلْهَا كَتَبْتُهَا لَهُ حَسَنَةً فَإِنْ عَمِلَهَـا كَتَبْتُهَا عَشْرَ حَسَنَاتٍ إِلَى سَبْعِمِائَـةِ ضِعْـفٍ}[١٥]. واتە: خوای گەورە فەرموویەتی ئەگەر بەندەیەك نیەتی كردنی چاكەیەكی هێناو نەیكرد؛ ئەوا پاداشتی چاكەكەی بۆ دەنووسم، خۆ ئەگەر كردی بە دە بەرامبەر بۆی دەنووسم، تا حەوت سەد قات.

لــە یەكێك لــە غەزاكاندا باســی خەڵكانێكیان بۆ پێغەمبــەر ﷺ كرد، كە لە مەدینــە جێمابــوونو نەیانتوانیبــوو لە خزمەت پێغەمبــەردا ﷺ بچن بۆ غەزا، پێغەمبەری خوا ﷺ لە پاداشتی ئەواندا فەرمووی: {مَا سِرْتُمْ مَسِيرًا وَلَا قَطَعْتُمْ وَادِيًا إِلَّا شَرِكُوكُـمْ فِي الْأَجْـرِ}[١٦]. واتە: بەهیچ ڕێیەكدا نارۆنو هیچ شــیوو دۆڵێك نابڕن ئیللا ئەوانیش هەمان پاداشتی ئێوەیان بۆ دەنووسرێت.

لە فەرموودەیەكی تــردا دەفەرموێت: {مَنْ مَاتَ وَلَمْ يَغْزُ وَلَمْ يُحَدِّثْ بِهِ نَفْسَهُ مَاتَ عَلَى شُعْبَةٍ مِنْ نِفَاقٍ}[١٧]. واتا هەر كەسێك بمرێتو لە پێناو خوادا تێ نەكۆشابێتو غــەزای نەكردبێت، وەهەر نیەتیشــی نەبووبێت كە كاری لــەو جۆرە بكات؛ ئەوا كاتێك دەمرێت بەشــێك لە دووڕوویی تێدایە. كەواتە: ئەگەر كەســەكە غەزایشی نەكردبێــت، بــەڵام نیەتو بەرنامــەی هەبوبێت كە بیكات؛ ئــەوا وەك ئەوە وایە كردبێتیو ئەستۆپاك دەبێت لە دووڕوویی.

یــان دەفەرموێت: {مَنْ سَأَلَ اللَّهَ الشَّهَادَةَ بِصِدْقٍ بَلَّغَـهُ اللَّهُ مَنَازِلَ الشُّهَدَاءِ وَإِنْ مَاتَ

١٥- مسلم، صحيح مسلم، ج١،ص٨٧.

١٦- البخاري، صحيح البخاري، ج٦،ص٨. مسلم، صحيح مسلم، ج٦،ص٤٩.

١٧- مسلم، صحيح مسلم، ج٦،ص٤٩.

عَلَى فِرَاشِهِ}[١٨]. واتە: هەر كەسێك ڕاستگۆیانەوەو لە ناخی دڵییەوە داوا لە خوا بكات كە لە پێناو ڕێبازەكەی ئەودا شەهید بێتو خوێنی بڕژێت؛ ئەوا خوای گەورە پلەی شەهیدی پێ دەدات، ئەگەر لەسەر جێی نووستنەكەشی بمرێت.

ئەم فەرموودانەو چەندان فەرموودەی تری درووستمان هەن، كە جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەكەنەوە، كە مرۆڤەكان تەنها بەنیەتی ساغی دڵیان پاداشتی كردەوە چاكەكانیان بۆ دەنووسرێت، با نەشیانكردبێت.

نەك هەر ئەوەندە، بگرە هەندێجار نیەتی ساغی دڵەكان گەورەتر دەبێت لە كردنی كردەوە چاكەكان، بۆیە زانایان فەرموویانە (نِيَّةُ الْمُؤْمِنِ خَيْرٌ مِنْ عَمَلِه)[١٩]. واتە: نیەتی دڵی مرۆڤی باوەڕدار، لە كردەوەكەی باشترە؛ چونكە كەسەكە بەر لەوەی كارەكە بكات، هیچ مەبەستێكی تری نییە جگە ڕەزامەندیی خوا نەبێت، بەڵام كاتێك جێبەجێی دەكاتو بە هۆكارێك لە هۆكارەكان، نیەتەكەی دڵی دەگۆڕێت، بۆ نموونە: دەزانێت خەڵكی چاویان لێیەتیو بەو هۆیەشەوە تووشی ڕیا ڕووپامایی دەبێت، یان تووشی لەخۆباییبوون دەبێت، یان بەكەم سەیركردنی بەرامبەرەكەی، كە چاكەی لەگەڵ كردووە، یان هەر شتێكی تر كە كردەوەكە بەتاڵ دەكاتەوە، یا لە پاداشتەكەی كەم دەكاتەوە.

یەحیای كوڕی ئەبی كەسیر دەڵێت: (تعلَّموا النِّيَّة فإنَّها أبلغُ من العَمَلِ)[٢٠]. واتە: فێری نیەت بن؛ چونكە ئەو لە كردەوە گەورەترە. ئیبنو ئەبی جەمرەش دەڵێت: (وددت أنه لو كان من الفقهاء من ليس له شغل إلا أن يعلم الناس مقاصدهم في أعمالهم، فإنه ما أتي على كثير من الناس إلا من تضييع ذلك)[٢١]. واتە: بە ئاواتەوە بووم،

---

١٨- مسلم، صحيح مسلم، ج٦،ص٤٩.

١٩- البيهقي(أبو بكر أحمد بن الحسين البيهقي)، شعب الإيمان، ج٥، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٤١٠، تحقيق: محمد سعيد البسيوني، ص٣٤٣.

٢٠- إبن رجب الحنبلي، جامع العلوم والحكم، ج١، ص٧٠.

٢١- إبن الحاج (محمد بن محمد بن محمد العبدري)، المدخل إلى تنمية الأعمال بتحسين النيات

هەندێك لە زانایان هیچ کارێکیان نەکردایە جگە لەوەی خەڵکیان فێری نیەتهێنان بکردایــە لە کردەوەکانیاندا؛ چونکە زۆربەی ئەو بەڵایانەی بەســەر خەڵکی دێن، بەهۆی خراپیو لەدەستدانی نیەتەکانیانەوەیە.

هەر بۆیە زانایان دەڵێن: پێناخۆشبوونی خراپەو هەوڵی گۆڕینی فەرزی عەینەو لەسەر هەموو کەسێك پێویستە بیکات؛ چونکە نزمترین پلەی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە شەرعییە ئەوەیە، کە تۆ خراپەکەت لە دڵەوە پێ ناخۆش بێت، ئەگەر چی بەدەست، یان زمانیش هیچت پێ نەکرێت، بەڵام خۆ دەتوانیت بەدڵ پێت ناخۆش بێت، خۆ ئەگەر بەدڵ خراپەکەت پێ ناخۆش نەبوو؛ ئەوا تاوانبار دەبیتو دەبیتە بەشدار لەو خراپەیەدا، بۆ نموونە: تۆ دەبینیت، یان دەبیستیت کە سێك کوفرێك دەکات، ســەرەتا پێویســتە، ئەگەر توانیت بەدەســت ڕێگەی لێ بگریتو نەهێڵیت کوفرەکــەی بکات، ئەگەر نەکرا؛ بە زمبان ئامــۆژگاری بکەیتو بەگژ کوفرەکەیدا بچیتــەوە، ئەگــەر هەر نەدەکرا؛ بەدڵ پێت ناخۆش بێــت، خۆ ئەگەر بەدڵ پێت ناخــۆش نەبوو؛ ئەوا واتا تۆیش پێی ڕازیتو لەبەر شــانت قورس نییە، بەمەش مرۆڤی موسڵمان،ماڵوێران دەبێت.

کەواتە: پێویستە باوەڕداران، زۆر لەم خاڵە بەئاگا بنو هەمیشە نیەتی باشیان هەبێــت خــۆ نیەتی پاکو باش هیچی تێ ناچێت، بەڵام پاداشــتی لای خوا زۆرەو جێی کردنی کارەکە دەگرێتەوەو بگرە زیاتریش.

## کاریگەریی نیەتی خراپ لەسەر کردەوەکانی مرۆڤ:

ئەمە بابەتێکی گرنگەو زۆر جار پرســیاری لەســەر درووست دەبێت، کە ئایا تەنها بە نیەتی خراپ مرۆڤەکان گوناهبار دەبن؟ هەوڵ دەدەین لەم چەند خاڵەدا ئەو بابەتە ڕوون بکەینەوە:

أ- کەسێك نیەتی کردنی تاوانێکی هەبێتو دواتر لەبەر خوای گەورە نەیکاتو وازی لێ بهێنێت؛ ئەوا نەك تاوانیار نابێت، بەڵکو خوای گەورە چاکەی نەکردنەکەی

---

والتنبيه على كثير من البدع المحدثة والعوائد المنتحلة، ج١، دار التراث، ص٦.

بــۆ دەنووســـێت؛ چونکە دەیتوانی بیــکاتو لەبەر خوا وازی لــێ هێناوە. وەك لە فەرمووودەیەکی قودســـیدا دەفەرموێت: {إذَا هَــمَّ عَبْدِي بِحَسَنَــةٍ وَلَمْ يَعْمَلْهَا، كَتَبْتُهَا لَهُ حَسَنَةً، فَإِنْ عَمِلَهَا كَتَبْتُهَا عَشْرَ حَسَنَاتٍ إِلَى سَبْعِ مِائَةِ ضِعْفٍ، وَإِذَا هَمَّ بِسَيِّئَةٍ وَلَمْ يَعْمَلْهَا، لَمْ أَكْتُبْهَــا عَلَيْهِ، فَإِنْ عَمِلَهَا كَتَبْتُهَا سَيِّئَةً وَاحِدَةً}[٢٢]. واتە: ئەگەر بەندەیەك نیەتی کردنی چاکەیەکی هێناو نەیکرد؛ ئەوا پاداشتی چاکەکەی بۆ دەنووسم، خۆ ئەگەر کردی بە دەبەرامبەر بۆی دەنووسم تا حەوت سەد قات، خۆ ئەگەر نیەتی هێنا تاوانێك بکاتو نەیکرد لەسەری نانووسم هەتا ئەنجامی نەدات، کە ئەنجامی دا وەك خۆی یەك تاوانی لەسەر دەنووسم.

ب- کەسێك نیەتی کردنی تاوانێك هەبێت، دواتر خۆی تاقەتی لێی نەبێت، یان پێویستی پێی نەمێنێت، یان بیری بچێتەوە؛ ئەوا هیچی بۆ نانووسرێت؛ نە چاکە نە خراپە.

ج- کەسێك نیەتی کردنی تاوانێکی هەبێت، بەڵام لەبەر خەڵکی نەیکات بۆئەوەی پێی بڵێن پیاوی چاکەو خواناســـە، ئەو کەســـە تاوانەکەی لەســـەر دەنووســـرێت؛ چونکە لەبەر خەڵکی نەیکردووە، نەك لەبەر خوا.

د- کەســـێك نیەتی تاوانێکی هەبێتو هەوڵی بــۆ بداتو بیەوێت بیکات، بەڵام بۆی پێك نەیەتو بۆی دەست نەدات، ئەم کەسەش تاوانەکەی لەسەر دەنووسرێت؛ چونکــە هەموو ڕێوشـــوێنی کردنی تاوانەکەی گرتۆتە بــەر، بەڵام بۆی جێبەجێ نەبووە. بەڵگەی ئەم حاڵەتیش ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرە کە ئەحنەفی کوڕی قەیس بۆمان دەگێڕێتەوەو دەفەرموێت: {إِذَا الْتَقَى الْمُسْلِمَانِ بِسَيْفَيْهِمَا فَالْقَاتِلُ وَالْمَقْتُولُ فِي النَّــارِ}. فَقُلْتُ: يَا رَسُــولَ اللَّهِ هَذَا الْقَاتِلُ فَمَا بَالُ الْمَقْتُولِ؟!. قَــالَ: {إِنَّهُ كَانَ حَرِيصًا عَلَى قَتْلِ صَاحِبِهِ}[٢٣]. واتە: ئەگەر دوو موسڵمان بەچەکەوە ڕووبەڕووی یەك وەستانەوە؛ ئەوا بکوژو کوژراوەکەشـــیان لە ئاگردایە. دەڵێت گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ؛ ئــەوا بکوژەکە زانیمان بۆ لە ئاگردایە، ئــەی تاوانی کوژراوەکە چییە؟ فەرمووی:

---

٢٢- مسلم، صحيح مسلم، ج١، ص٨٧.

٢٣- البخاري، صحيح البخاري، ج١، ص١٥.

چونكە ئەویش ئامادەباشیی تەواوی هەبوو بۆ كوشتنی بەرامبەرەكەی.

بەم شێوەیەش ئەو فەرموودەیە ڕاڤە دەكرێت كە دەفەرموێت: {إِنَّمَا الدُّنْيَا لِأَرْبَعَةِ نَفَرٍ: عَبْدٍ رَزَقَهُ اللَّهُ مَالًا وَعِلْمًا فَهُوَ يَتَّقِي فِيهِ رَبَّهُ، وَيَصِلُ فِيهِ رَحِمَهُ، وَيَعْلَمُ لِلَّهِ فِيهِ حَقًّا، فَهَذَا بِأَفْضَلِ الْمَنَازِلِ، وَعَبْدٍ رَزَقَهُ اللَّهُ عِلْمًا، وَلَمْ يَرْزُقْهُ مَالًا فَهُوَ صَادِقُ النِّيَّةِ، يَقُولُ: لَوْ أَنَّ لِي مَالًا لَعَمِلْتُ بِعَمَلِ فُلَانٍ، فَهُوَ بِنِيَّتِهِ، فَأَجْرُهُمَا سَوَاءٌ، وَعَبْدٍ رَزَقَهُ اللَّهُ مَالًا، وَلَمْ يَرْزُقْهُ عِلْمًا فَهُوَ يَخْبِطُ فِي مَالِهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ، لَا يَتَّقِي فِيهِ رَبَّهُ، وَلَا يَصِلُ فِيهِ رَحِمَهُ، وَلَا يَعْلَمُ لِلَّهِ فِيهِ حَقًّا فَهَذَا بِأَخْبَثِ الْمَنَازِلِ، وَعَبْدٍ لَمْ يَرْزُقْهُ اللَّهُ مَالًا وَلَا عِلْمًا فَهُوَ يَقُولُ: لَوْ أَنَّ لِي مَالًا لَعَمِلْتُ فِيهِ بِعَمَلِ فُلَانٍ، فَهُوَ بِنِيَّتِهِ فَوِزْرُهُمَا سَوَاءٌ}[٢٤].

واتە: دونیا بۆ چوارکەسە:

- کەسێك خوا ماڵو زانستی پێ داوە، ئەویش هەست بە منەتی خوا دەكاتو لە ترسی ئەوو لە پێناو ڕەزامەندیی ئەودا، كاری پێ دەكاتو خزمو كەسوكاری پێ بەسەر دەكاتەوە، ئەو كەسە باشترین پلەی هەیە لای خوا.

- كەسێك خوا زانستی پێ داوەو ماڵی پێ نەداوە، ئەویش بەنیەتێكی پاكەوەو پڕ بەدڵی ئاوات دەخوازێتو دەڵێت: ئەگەر خوا ماڵو سەروەتی پێ ببەخشیمایە وەك فلاّن كەس لە پێناوی خوادا دەمبەخشی، ئەو دووانە وەك یەك پاداشتیان هەیەو خوا نیەتەكەی بەكردەوە بۆ ئەژمار دەكات.

- كەسێك خوا ماڵو سەروەتی پێ داوە، بەڵام زانستی پێ نەداوە، ئەویش هیچ منەت لە خوا نازانێت بەڕاستو چەپو لەبێ فەرمانی خواو لە تاواندا خەرجی دەكات، نەخزمێكی پێ بەسەر دەكاتەوەو نەمافی خوایشی لێ دەدات؛ ئەوە خراپترین جێگەی هەیە لەلای خوا.

- كەسێك خوا نەماڵو پارەو نەزانیاریشی پێنەداوەو لە دڵی خۆی بەنیەتێكی تەواوەوە دەڵێت: ئەگەر پارەو ماڵم دەبوو وەك فلاّن كەس بەڕاستو چەپدا بێ دڵی خۆم لێ نەدەكرد، ئەو دوو كەسەش وەك یەك تاوانبارن.

بەم شێوەیە مرۆڤەكان لەسەر نیەتە خراپەكانیان مامەڵەیان لەگەڵ دەكرێت.

٢٤- الترمذي، سنن الترمذي، ج ٤، ص ٥٦٢. قال الترمذي: هذا حديث حسن صحيح. وقال الألباني: صحيح.

# باسی سێیەم

## دڵسۆزیو یەكلابوونەوە بۆ خوای گەورە (الإخلاص):

لە باسی پێشتردا قسەمان لەسەر گرنگیی نیەت كرد، بەڵام تەنها بوونی نیەت بەس نییە بۆ وەرگرتنی كردەوەكان، بەڵكو دەبێت ئەو نیەتە تەواو بۆ خوای گەورە یەكلا بووبێتەوەو كەسەكە جگە لە ڕەزامەندیی خوای گەورە، هیچ مەبەستێكی تری بەكردەوەكانی نەبێت، بەمەش دەگوترێت (إخلاص)و هەوڵ دەدەین لەم باسەدا، هەندێك تیشكی بخەینە سەر:

### پێناسەی ئیخلاص:

زانایان لەبارەی پێناسەی دڵسۆزیو ئیخلاصەوە دەفەرموون: بریتییە لەوەی كاری پەنهانو ئاشكرای مرۆڤی باوەڕدار وەكو یەك بێتو تەنها لەبەر خوا بێت، واتە: لەپێش چاوی خەڵك گوفتارو ڕەفتاری چۆنەو باسی چی دەكات، كاتی پەنهانو تەنیاییو نهێنیشی هەروا بێت.

بۆ نموونە: ئەگەر كەسێك چاوو دەمو دەستو داوێنی لەحەرام پاراست لە پێش چاوی خەڵكی، دەبێت لە كاتی نهێنیو پەنهانیشدا هەر وا بێت، یان ئەگەر دوو ڕكعات نوێژی كرد لە شوێنێك كە خەڵكی دەیبینن، دەبێت نوێژیی تەنیاییو نهێنیشی لەڕووی ڕواڵەتی وەستانی نوێژو ملكەچی ناخو دڵو دەروونیدا هەروا بێت. ئەگەر وابوو؛ ئەوا دیارە ئەو كەسە ڕاستگۆیەو تەواو خۆی یەكلا كردووەتەوە بۆ خوای گەورە. خۆ ئەگەریش خوا نەكردە وا نەبوو؛ ئەوكات دیارە پێوەری نیەتو دڵسۆزییەكەی درووست نییەو پێویستە بەخۆیدا بچێتەوەو چارەسەری دڵو دەروونی بكات.

شێخ حەسەنی بەصری دەفەرموێت: (إن من النفاق اختلاف السر والعلانية واختلاف اللسان والقلب واختلاف المدخل والمخرج ومن الذي يخلو عن هذه المعاني بل صارت هذه

الأمـور مألوفـة بين الناس معتادة)[1]. واته: نیشـانەی دووڕوویـی ئەوەیە، کە مرۆڤ حاڵەتی پەنهانو ئاشـکرای، یان دڵو زمانی، یـان هاتنو چوونی جیاواز بێت، جا کێیش وا نییە؟! ئێستا ئەو شتانە زۆر ئاسایین لەناو خەڵکیدا.

## گرنگیی ئیخلاص:

خوای پەروەردگار لە چەندان دەقی قورئاندا باس لە گرنگیی ئیخلاص دەکاتو نموونەی پێغەمبەران دەهێنێتەوە بۆ باوەڕداران کەچەند دڵسـۆزو بۆخواسـوڵحاو بوون. بۆ نموونە:

- لەبارەی موسا پێغەمبەر درووودو سەلامی خوای لێ بێت، دەفەرموێت: ﴿وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ مُوسَى إِنَّهُ كَانَ مُخْلَصاً وَكَانَ رَسُولاً نَّبِيّاً﴾[2] . واتە: باسی موسایان بۆ بکە؛ کە پیاوێکی دڵسۆزو لە هەمان کاتیشدا پێغەمبەرو فروستادە بوو.

- لەبارەی یوسـف پێغەمبەر درووودو سەلامی خوای لێ بێت دەفەرموێت: ﴿إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُخْلَصِينَ﴾[3] . واتە: ئەو یەکێك بوو لەبەندە دڵسۆزەکان.

دواتر ئامۆژگاری باوەڕداران دەکات کە دڵسـۆزانە کارو پەرستشەکانیان بۆ خوا ئەنجام بدەنو لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿فَادْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ﴾[4]. واتە: بەو پەڕی دڵسـۆزیەوە داوا لە خوا بکەنو لێی بپاڕێنەوەو با مەبەسـتی خواناسـیتان تەنها ڕەزامەندیی ئەو بێت.

لـە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّـهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ﴾. واتە: ئێمە تەنها فەرمانمان بەوە پێ کردوون، کە خوا بەتاكو تەنها بپەرسـتنو هیچ هاوەڵی بۆ بڕیار نەدەن.

١- الغزالي، إحياء علوم الدين، ج٤،ص١٧٣.
٢- سورة مريم: الآية ﴿٥١﴾.
٣- سورة سف: الآية ﴿٢٤﴾.
٤- سورة غافر: الآية ﴿٦٥﴾.

پێغەمبەری خوایش ﷺ بەهەمان شـــێوە گرنگی بە ئیخلاصو یەکلابوونەوەی نیەتـــەکان بـــۆ خوای گەورە داوە. هەر بۆیە کاتێك ئـــەو ئایەتە هاتە خوارەوە کە دەفەرموێـــت: ﴿إِذَا جَاءكُـمُ الْمُؤْمِنَاتُ مُهَاجِرَاتٍ فَامْتَحِنُوهُنَّ اللَّهُ أَعْلَـمُ بِإِيمَانِهِنَّ﴾[5]. واتە: ئەگـــەر ئافرەتانی باوەڕدار لە مەککـــەوە کۆچیان کرد بۆ مەدینەو هاتن بۆ لاتان، هەرچەند خوا خۆی باوەڕی ناخیان دەزانێت، بەڵام ئێوە تاقییان بکەنەوە

عەبدوڵـــڵای کوڕی عەبباس دەفەرموێـــت: کاتێك ئافرەتێکی بـــاوەڕدار کۆچی دەکردو دەهاتە خزمەت پێغەمبەرﷺ لێی دەپرسیو سوێندی دەدا: بڵێ سوێند بە خوا لە ڕقی مێردەکەم نەهاتووم، لەبەر ئەوەش نەهاتووم کە شـــاری مەدینەم لە مەککە پێ خۆشتربێت، وە لەبەر ئەوەش نەهاتووم پارەو سامانم دەست بکەوێت، ســـوێند بە خوا تەنها لە پێنـــاو ڕەزامەندیی خوای گـــەورەو پێغەمبەرەکەی ﷺ کۆچم کردووە.

جارێکیان پیاوێك دێتە خزمەتیو لێی دەپرســـێت: أَرَأَيْتَ رَجُلاً غَزَا يَلْتَمِسُ الأَجْرَ وَالذِّكْـرَ مَـا لَهُ؟ فَقَالَ: رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: {لاَ شَيْءَ لَهُ}. فَأَعَادَهَا ثَلاَثَ مَرَّاتٍ، يَقُولُ لَهُ رَسُولُ اللَّـهِ ﷺ {لاَ شَـيْءَ لَهُ}. ثُمَّ قَالَ: {إِنَّ اللَّهَ لاَ يَقْبَلُ مِنَ الْعَمَـلِ إِلاَّ مَا كَانَ لَهُ خَالِصاً، وَابْتُغِيَ بِـهِ وَجْهُهُ}[6]. واتە: بیهێنە پێش چاوی خۆت کەســـێك بڕوات بۆ غەزا مەبەســـتی ڕەزامەندیی خواو ئەوەش بێت کە خەڵکی باســـی مەردایەتیو ئازایەتی بکەن ئایا ئەم کەســـە چ پاداشـــتێکی بۆ دەنووسرێت؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: هیچی بۆ نانووســـرێت. پیاوەکە سێ جار پرسیارەکەی دووبارە کردەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ هـــەر هەمان وەڵامی دایـــەوە، دواتر پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو: خوای گەورە هیچ کارێك وەرناگرێت، ئەگەر تەنها لە پێناو ڕەزامەندیی ئەودا نەکرابێت.

---

٥- سورة الممتحنة: الآية ﴿١٠﴾.

٦- النسائي (أحمد بن شعيب أبو عبد الرحمن النسائي)، سنن النسائي الكبرى، ج٣، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩١، تحقيق: د.عبد الغفار سليمان البنداري، سيد كسروي حسن، ص١٨.

ئێستا خەڵكانێك هەن، خواناسییەكەیان تەنها ئامرازە، نەك ئامانج؛ چونكە تا ئەو كاتە خواناسی دەكەن كە ئیشو كارەكانیان جۆر دەبێت، ئیتر پشت دەكەنە خواو هەر نایناسن وەك ئەوەی جارێكی تر ئیشیان نەكەوێتە خوا. دەیان كەسمان بینیوە خواناس بووەو هاتوچۆی مزگەوتیان كردووەو باڵا پۆش بووە، بەڵام تا ئەو كاتەی كە هەژار بووە، یان هاوسەرگیری كردووە، یان خوا منداڵی پێ داوە، یان لە نەخۆشییەكەی چاك بووەتەوە، یان هەر كارو مەبەستێكی تری هەبووە، دواتر خوای هەر نەناسیوەو پەیوەندی لەگەڵ پچڕاندووە.

كەواتە ئەم خواناسیو پەرستشەش بۆ خوا نییەو تەنها بۆ دونیایەو بۆ قیامەت هیچی لێ نا پێچیتەوە، وەك خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: ﴿مَن كَانَ يُرِيدُ الْحَيَـاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَالَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لاَ يُبْخَسُونَ﴾[٧]. واتە: هەر كەس مەبەستی بەدەستهێنانی ژیانی دونیاو جوانییەكانی بێت؛ ئەوا هەر لە دونیا پاداشتی كردەوەكانیان دەدەینەوەو هیچ ستەمێكیان لێ ناكەین.

هەر لەم ڕوانگەشەوەیە كە نەزركردن لەشەرعدا كارێكی باش نییە؛ بۆیە كاتێك پرسیاریان لە پێغەمبەری خوا ﷺ كرد لەبارەی نەزر لە وەڵامدا فەرمووی: {إِنَّـهُ لاَ يَأْتِي بِخَيْرٍ وَإِنَّـمَا يُسْتَخْرَجُ بِهِ مِنَ الْبَخِيلِ}[٨]. واتە: نەزركردن خێری تێدا نییە، بەڵام بەخشێكە خوا بەزۆر لە گیرفانەی ڕژدو ڕەزیلەكانی دەردەكات؛ چونكە بیرۆكەی نەزر، بریتییە لە خێركردنێك بەرامبەر دانانی مەرجێك لەسەر خوای گەورە، وەك ئەوەی بڵێیت خوای گەورە ئەگەر تۆ ئەو كارەم بۆ بكەیت؛ منیش فلان خێر، یان پەرستشت بۆ دەكەم، بەڵام ئەگەر مەرامەكەت نەهاتە دی تۆیش كارەكە بۆ خوا ناكەیت.

ئەم جۆرە هەڵوێستانە دەبێت كوێی بۆ خوا بێتو خوای گەورەش چ منەتێكی بەو كارەی ئێمە هەبێت؛ ئەوانە تەنها ئامرازو ئامێرن بۆ گەشتن بە ئامانجێك كە

---

٧- سورة هود: الآية ﴿١٥﴾.

٨- مسلم، صحيح مسلم، ج ٥،ص ٧٧.

ڕەزامەندیی خوا نییە، بەڵکو ڕەزامەندیو خواستەکانی خۆمانە.

بۆیە ئیخلاص بریتییە لە بێنیازبوون لە هەرچی شت هەیە جگە لە ڕەزامەندیی خوا نەبێت، مالیکی کوڕی دینار لەبارەی ئیخلاص دەڵێت: (قولوا لِمَنْ لَمْ يكنْ صادقاً: لا تتعبْ). واتە: بڵێن بەهەرکەس کە لەگەڵ خوای گەورە ڕاستی نەدەکردو تەواو دڵی بۆ ئەو یەکلا نەکردبۆوە: خۆت ماندوو مەکە؛ چونکە خوای پەروەردگار کارو پەرستشەکانت لێ وەرناگرێت.

ئەبو سلێمانی دارانی دەڵێت: (طوبى لمن صحت له خطوة واحدة، لا يريد بها إلا الله تعالى)[٩]. خۆزگە بەوەی کە خوای گەورە یەك هەنگاوی لێ وەرگرتووە، کەجگە لە ڕەزامەندیی ئەو هیچ مەبەستێکی تری پێی نەبووە.

هەندێکی تریان گوتویانە: (من سلم له في عمره لحظة واحدة خالصة لله تعالى نجا)[١٠]. هەر کەس یەك سات لە تەمەنی دڵسۆزانەو لێبڕاوانە بۆ خوا ژیا بێت؛ ئەو کەسە سەرفراز دەبێت.

لە پێشەوا ماوەردی دەگێڕنەوە.. دەڵێن: کاتێك هەستی کرد پیر بووەو کاتی مەرگی نزیکە، هاوەڵێکی زۆر نزیکی هەبوو بانگی کردو پێی گوت: کۆمەڵێك کتێبی زۆرم هەیە نووسیومن، بەڵام نەمویراوە بڵاویان بکەمەوە، لە ترسی ئەوەی نەوەك ناوبانگ پەیدا بکەمو نیەتم بۆ خوا بگۆڕێت، جا هەرکات زانیت مەرگم نزیکەو لە دواساتەکانی ماڵاواییدام، دەستت بخەرە ناو دەستمەوە، ئەگەر دەستم گووشیت کتێبەکان بوەستێنەو بیاندە بە دەم ئاوەوە؛ چونکە ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە خوا قەبووڵی نەکردووە، ئەگەر دەستیشم کرایەوەو نەمتوانی دەستت بگووشم؛ ئەوا ئومێد دەکەم خوا قەبووڵی کردبێتو دوای مردنی خۆم بڵاویان

---

٩- الصفوري (عبد الرحمن بن عبد السلام الصفوري)، نزهة المجالس ومنتخب النفائس، ج١، المطبعة الكاستلية، مصر، ط١٢٨٣، ص٥.

١٠- إبن قدامة المقدسي (أحمد بن عبد الرحمن بن قدامة المقدسي)، مختصر منهاج القاصدين، دار البيان، دمشق، ط١٩٧٨، ص٣٦٦.

بکەرەوە؛ چونکە ئەو کات پێویستم بەناو شۆرەت نەماوەو لەوەش ناترسم نیەتی دڵم بگۆڕێت. ئەو پیاوە دەڵێت: ڕاسپاردەکەیم وەك خۆی جێبەجێ کردو لە دواساتەکانی ماڵاواییدا دەستم لە دەستیدا بوو دەستی کرایەوە، کە وەفاتی کرد کتێبەکانیم بڵاو کردەوە[١١].

لە سەهلی کوڕی عەبدوڵڵای تەستوریان پرسی: چ شتێك زۆر لەسەر دڵو دەروونی مرۆڤ قورسە؟ لە وەڵامدا گوتی: (الإخلاص.لأنه ليس لها فيه نصيب)[١٢]. واتە: دڵسۆزیو یەکلابوونەوە بۆ خوا؛ چونکە بەشی نەفسی تێدا نییە. مەبەستی ئەوەیە هەمیشە مرۆڤ حەز دەکات، کارێك بکات خەڵك ستایشی بکەنو ناوی بهێننو پێیدا هەڵدەنو پاداشتو خەڵات بکرێت لەسەری، بەڵام نیەتبوون بۆ خوا دەقاودەق پێچەوانەی ئەوەیەو مرۆڤ دەبێت تەنها خواو قیامەتی مەبەست بێتو تا ئەو کاتیش چاوەڕێی پاداشت نەکات، ئەوەش بۆ دەروونی مرۆڤ قورسە.

یوسفی کوڕ حسێنی ڕازی دەڵێت: (أعز شيء في الدنيا الإخلاص، وكم أجتهد في إسقاط الرياء عن قلبي، وكأنه ينبت فيه على لون آخر)[١٣]. واتە: بەهادارترین شت لە دونیادا خۆ یەکلاکردنەوەیە بۆ خوای گەورە، من چەند هەوڵ دەدەم ڕیاو ڕووپامایی لە دڵم دەربکەم، کەچی بەشێوازێکی تر خۆی دەگۆڕێتو سەرهەڵدەداتو لێم پەیدا دەبێتەوە.

دەگێڕنەوە: داودی کوڕی ئەبی هیند (٤٠) ساڵ بەڕۆژوو بووە، بەبێ ئەوەی بهێڵێت ماڵو منداڵەکەی بزانن کە بەڕۆژووە، بەیانیان کە دەچوو بۆ سەر کارەکەی بە خێزانەکەی دەگوت، خواردنم بۆ ئامادە بکەنو تویشەبەرەی نانەکەی دەبرد لەگەڵ خۆیدا لە ڕێگە خواردنەکەی دەدا بەخەڵکی هەژارو نەدار[١٤].

١١- محمد نصر الدين محمد عويضة، فصل الخطاب في الزهد والرقائق والآداب، ج٢، ٥٤.

١٢- إبن القيم، مدارج السالكين بين منازل إياك نعبد وإياك نستعين، ج٢، ط٢، دار الكتاب العربي، بيروت، ١٩٧٣، تحقيق: محمد حامد الفقي، ص٩٢.

١٣- عبد العزيز بن محمد بن عبد المحسن السلمان، موارد الظمآن لدروس الزمان، ج٢، ط٣، ١٤٢٤، ص٤٢٠.

١٤- أبو العلاء محمد بن حسين بن يعقوب السلفي المصري، أصول الوصول إلى الله تعالى، المكتبة

دەگێڕنـــەوە: جارێك پادشـــا دەبیســـتێت پیاوچاكێك هەیە خەڵكی زۆر باســـی دەكـــەن، پادشـــا دەڕواتو دەڵێت: دەبێـــت بزانم ئەم پیاوچاكە كێیـــە، كاتێك ئەم پیاوە لە دوورەوە دەبینێت، پادشـــا ئەو هەموو خەڵكەی لەگەڵەو ڕووەو ئەو دێن، دەڵێـــت نانـــم بۆ بهێننو زۆر چڵێســـانە دەكەوێتە نانخواردن، كاتێك پادشـــا دێت پرسیار دەكاتو دەڵێت: كوا پیاوچاكەكەتان؟ دەڵێن ئەوەیە كە نان دەخوات. پادشا تەماشـــای دەكات ئەمە بەهەردوو دەستی نان دەخوات، هەموو سەرو چاوی ناوەتە خواردنەكـــە، دەڵێت ئەم چڵێســـە عابیدەكەتانە؟! پادشـــا زۆر بەكـــەم دێتە پێش چاوی‌و دەڕوات، كە پادشا دەڕوات خواناسەكە دەست بەرز دەكاتەوە بۆ ئاسمانو لە خوا دەپاڕێتەوەو دەڵێت: خوایە سوپاس بۆ تۆ كە ڕووسووری لای خۆتو ڕووزەردی لای پادشات كردم.

زۆررێك لەمانە هەتا ئێستایش كەس نازانێت كێ بوونو ناویان چییە؛ چونكە نەیانهێشـــتووە خەڵـــك ناوەكەیان بزانێـــت، تەنها ڕێگەیـــان داوە كارەكەیان لەناو خەڵكیدا بمێنێتەوە، بەڵام ڕێگەیان نەداوە كە خەڵك خۆیان بناسێت.

جا بەڕێزان، ئەمە قســـەو هەڵوێســـتی ئـــەو پیاوچاكو بۆخواســـوڵحاوانەن كە وەكـــو مانگی چواردە، لـــە دونیای دینداریدا دەدرەوشـــێنەوەو ئێمـــە لە ڕووناكی خواناسیان بەهرەمەند دەبین، ئەگەر ئەوانە ئاوها لە نیەتو دڵسۆزییان ترسا بنو بەدەستییەوە داما بن، ئەی دەبێت حاڵی ئێمەومانان چۆن بێت؟!

دیارە ئەوان زۆر لەگەڵ دڵو درەروونیان ماندوبووون، هەتا گەشـــتوونەتە ئەو ئاســـتە، بۆیە هەندێكیان گوتویانە: ماوەی بیســـت ســـاڵ بەدڵمەوە سەرقاڵ بووم؛ تا فێری خواناســـی‌و دڵســـۆزی بكەم، پاش بیســـت ســـاڵ ئەوكات توانیم لەسایەی كردەوەكانیدا ئاسوودە بم.

---

التوفيقية، القاهرة، ط ٢، ص ٩.

# باسی چوارەم

## ڕووپامایی (الرياء)

پێشتر گوتمان کە دەبێت مرۆڤ خۆی بۆ خوای گەورە یەکلا بکاتەوەو جگە لە ڕەزامەندیی ئەو، هیچ مەبەستێکی تری بەکردەوەکانی نەبێت، بەڵام ئەمە کارێکی ئاسان نییە؛ چونکە سرووشتی مرۆڤ وایە، کە هەمیشە حەز دەکات بەزوویی بەرهەمی کارو چاکەکانی بچنێتەوەو هەمیشە حەزی لە ستایشو ناوبانگو پیاهەڵدانەو پێی خۆشە خەڵکی بەچاوی گەورە لێی بڕوانن.

ئەم جۆرە هەستو خواستەش، پێی دەگوترێت: (ریاء)و تەواو دژە بە یەکلابوونەوە بۆ خوای گەورەو نەخۆشییەکی کوشندەو ئاگرێکی بێئامانە بۆ کردەوەکانی مرۆڤو تەواو تێکیان دەداتو لەناویان دەبات.

لەم باسەدا، قسەیەك لەسەر ئەم نەخۆشییە کوشندەیە دەکەینو سەرەتا لە پێناسەکەیەوە دەست پێ دەکەین:

### پێناسەی ڕیا:

بریتییە لەوەی کەسێك پەرستشێك، یان کارێك ئەنجام بدات مەبەستی پێی ڕەزامەندیی خوای گەورە نەبێت، یان لە نیەتەکەیدا هاوەڵ بۆ خوای گەورە بڕیار بداتو خەڵکانێکی تر بهێنێتە ڕیزی خواو بیەوێت جگە لە ڕەزامەندیی خوا، ڕەزامەندیی ئەوانیش بەدەست بهێنێت.

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم جۆرە نیەتە بە هاوەڵبڕیاردانی نهێنی (الشرك الخفي) ناو دەباتو لە چەندان بۆنەو بابەتدا هۆشداری داوەتە هاوەڵەکانی؛ تا لێی بەئاگا بنو نزیکی نەکەون.

## مەترسیی ڕیا:

ئەبو هورەیرە بۆمان دەگێڕێتەوەو دەفەرمویێت، گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویی: {إِنَّ أَوَّلَ النَّاسِ يُقْضَى فِيهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ثَلَاثَةٌ: رَجُلٌ اسْتُشْهِدَ فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا. فَقَالَ: وَمَا عَمِلْتَ فِيهَا؟ قَالَ: قَاتَلْتُ فِيكَ حَتَّى قُتِلْتُ. قَالَ: كَذَبْتَ، وَلَكِنَّكَ قَاتَلْتَ لِيُقَالَ هُوَ جَرِيءٌ، فَقَدْ قِيلَ، ثُمَّ أَمَرَ بِهِ، فَيُسْحَبُ عَلَى وَجْهِهِ، حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ.

وَرَجُلٌ تَعَلَّمَ الْعِلْمَ وَعَلَّمَهُ وَقَرَأَ الْقُرْآنَ، فَأُتِيَ بِهِ لِيُعَرِّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا. فَقَالَ: مَا عَمِلْتَ فِيهَا؟ قَالَ: تَعَلَّمْتُ فِيكَ الْعِلْمَ وَعَلَّمْتُهُ، وَقَرَأْتُ فِيكَ الْقُرْآنَ. فَقَالَ: كَذَبْتَ، وَلَكِنَّكَ تَعَلَّمْتَ لِيُقَالَ هُوَ عَالِمٌ فَقَدْ قِيلَ. وَقَرَأْتَ الْقُرْآنَ لِيُقَالَ هُوَ قَارِئٌ، فَقَدْ قِيلَ. ثُمَّ أَمَرَ بِهِ فَيُسْحَبُ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ.

وَرَجُلٌ وَسَّعَ اللَّهُ عَلَيْهِ، وَأَعْطَاهُ مِنْ أَصْنَافِ الْمَالِ كُلِّهِ، فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا. فَقَالَ: مَا عَمِلْتَ فِيهَا؟ قَالَ: مَا تَرَكْتُ مِنْ سَبِيلٍ تُحِبُّ أَنْ يُنْفَقَ فِيهَا إِلَّا أَنْفَقْتُ فِيهَا لَكَ. قَالَ: كَذَبْتَ وَلَكِنَّكَ فَعَلْتَ ذَلِكَ لِيُقَالَ هُوَ جَوَّادٌ، فَقَدْ قِيلَ. ثُمَّ أَمَرَ بِهِ فَيُسْحَبُ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ}[1].

واتە: یەکەمینی ئەو کەسانەی کە خوای گەورە لە قیامەتدا حوکمیان دەکاتو چارەنووسیان دیاری دەکات سێ کەسن:

**یەکەم:** کەسێك لە گۆڕەپانی شەڕداو - بەڕووکەش- لە پێناوی خوادا شەهید بووەو کوژراوە: لەپێش خوای گەورە ڕایدەگرنو هەموو نیعمەتو بەخششەکانی خۆی دەخاتەوە پێش چاوی و ئەویش هەمووی بیر دێتەوەو دەیناسێتەوە، پاشان خوای گەورە پێی دەفەرموویێت: چیت لەو هەموو بەخششە کرد؟ چۆنت بەکار هێنا؟ دەڵێت: خوای گەورە لە پێناوی تۆدا جەنگام، تاکو کوژرام. خوای گەورە پێی دەفەرمویێت: درۆت کرد، تۆ بۆیە جەنگایت؛ تا خەڵکی پێت بڵێن :ئازاو بەجەرگەو خەڵکیش لە دونیا وایان پێ گوتیت- واتا ئەوەی لە پێناویدا خۆت بەکوشتدا، هەر

---

١- مسلم، صحيح مسلم، ج٦، ص٤٧. حمد بن حنبل، مسند الإمام أحمد بن حنبل، ح١٤، ط٢، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٩٩٩، تحقيق: شعيب الأرنؤوط وآخرون، ص٢٩. واللفظ له. وقال الشيخ الأرنؤوط في تخريجه: إسناده صحيح على شرط مسلم. النسائي، سنن النسائي الكبرى، ج٣، ص١٧.

له دونیا دەستت کەوت، ئیتر پاداشتی قیامەتت نییە- ئەوجا خوای گەورە فەرمان دەکاتو بەسەر دەموچاویدا ڕای دەکێشن، هەتا فڕێی دەدەنە ناو ئاگرەوە.

دووەم: کەسێکە زانستو زانیاری باش فێر بووەو خەڵکیشی فێر کردووەو قورئان خوێنێکی بەتوانایش بووە. لەپێش خوای گەورە ڕایدەگرنو هەموو نیعمەتو بەخششەکانی خۆی دەخاتەوە پێش چاویو ئەویش هەمووی بیر دێتەوەو دەیناسێتەوە، پاشان خوای گەورە پێی دەفەرموویت: چیت لەو هەموو بەخششە کرد؟ چۆنت بەکار هێنا؟ دەڵێت: من لە پێناوی تۆدا فێری زانستو زانیاری بوومو خەڵکیشم فێر دەکردو قورئانیشم دەخوێند. خوای گەورە پێی دەفەرموویت: درۆت کرد، تۆ بۆیە فێری زانستو زانیاری بوویت؛ تا خەڵکی پێت بڵێن زاناو بلیمەتە، خەڵکیش لە دونیا وایان پێ گوتیت. بۆیەش قورئانت دەخوێند؛ تا خەڵکی پێت بڵێن قورئانخوێنێکی بەتوانایە، خەڵکیش لە دونیا وایان پێ گوتیت - واتا ئەوەی لە پێناویدا هەوڵت دا، هەر لە دونیا دەستت کەوت، ئیتر پاداشتی قیامەتت نییە- ئەوجا خوای گەورە فەرمان دەکاتو بەسەر دەموچاویدا ڕای دەکێشن، تا فڕێی دەدەنە ناو ئاگرەوە.

سێیەم: کەسێکە خوای گەورە زۆری ڕشتووە بەسەریداو لە هەرچی جۆری ماڵ هەیە بەشی داوە: لەپێش خوای گەورە ڕای دەگرنو هەموو نیعمەتو بەخششەکانی خۆی دەخاتەوە پێش چاویو ئەویش هەمووی بیر دێتەوەو دەیناسێتەوەو ئەوجا پێی دەفەرموویت: چیت لەو هەموو بەخششانە کرد کە لەگەڵم کردیت؟ دەڵێت: کارێك نییە کە زانیبێتم تۆ پێت خۆشە ئیللا بەشداریم تێدا کردووەو پارەم تێدا خەرج کردووە. خوای گەورە پێی دەفەرموویت: درۆت کرد. تۆ بۆیە ئەو کارەت کرد؛ تا خەڵکی پێت بڵێن بەخشندەو میهرەبانیتو خەڵکیش لە دونیا وایان پێ گوتیت - واتا ئەوەی لە پێناویدا بەخشیت، هەر لە دونیا دەستت کەوت، ئیتر پاداشتی قیامەتت نییە- ئەوجا خوای گەورە فەرمان دەکاتو بەسەر دەموچاویدا ڕای دەکێشن، تا فڕێی دەدەنە ناو ئاگرەوە.

کاتێك ئەبو هورەیرە ئەم فەرموودەیە بۆ پێشەوا موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان دەگێڕێتەوە (خوایان لێ ڕازی بێت) دەڵێن: موعاویە ئەوەندە گریا هەتا بووڕایەوە، کاتێك هۆشی هاتەوە گوتی: خوای گەورەو پێغەمبەری خوا ﷺ ڕاستیان فەرمووە[٢].

جا خۆشەویستان سەرنج بدەن پەنا بە خوا، دۆزەخ بە کێ خۆش دەکرێت؟! بەو کەسانەی کە ئێمە پێمان وایە لەمانە گەورەتر، کارێکی تر نییە مرۆڤ بیکات، تەنها بەهۆی چی؟! بەهۆی ئەوەی کە دڵیان لەگەڵ خوا ساغ نەبووەو مەبەستی تریان بەکارەکانیان هەبووە.

بۆیە زۆر گرنگە مرۆڤی باوەڕدار ئاگای لە کردەوە چاکەکانی بێتو بەو جۆرە ڕازونیازە بێسوودانە پاداشتەکانیان لەدەست خۆی نەداتو جگە لە خواو پاداشتی قیامەت هەموو شتێکی تر لە دڵی خۆی دەربکاتو جگە لە خوای گەورە، چاوەڕوانیی هیچ شتێك، لە هیچ کەس نەکات.

یەحیای کوڕی موعاز دەڵێت: (عجبت من ثلاث: رجل يرائي بعمله مخلوقا مثله، ويترك أن يعمله لله. ورجل يبخل بماله، وربه يستقرضه منه فلا يقرضه شيئا. ورجل يرغب فى صحبة المخلوقين ومودتهم، والله يدعوه الى صحبته ومودته)[٣].

واتە: لەسێ شت سەرم سووڕماوەو لێی تێ ناگەم:

یەکەمیان: کەسێك کار بۆ خەڵکێکی وەك خۆی بکاتو بیەوێت ئەوان لە خۆی ڕازی بکات، بەڵام بۆ خوای گەورەی نەکات و بیر لە ڕەزامەندیی ئەو نەکاتەوە.

دووەمیان: کەسێك خوای گەورە داوای قەرزی لێ بکات، کەچی بەرامبەری ڕشدو ڕەزیل بێتو قەرزی پێ نەدات.

سێیەمیان: کەسێك خوای گەورە داوای لێ بکات ببێت بە خۆشەویستو هاودەمی، کەچی ئەو حەز بەهاوەڵیو هادەمی خەڵکی تر بکات.

---

٢- إبن رجب الحنبلي، جامع العلوم والحكم، ج٣، ص٢٨.

٣- إبن القيم، الفوائد، ص١١٩.

## هۆکارەکانی ڕیا:

زۆر هۆکار هەن بۆ دروستبوونی ڕیا لە کردەوەکانی مرۆڤدا لەوانە:

یەکەم: نەزانی: خۆ ئەگەر باوەڕداران ڕاســتییەکانی ژیان وەکو خۆی تێ بگەن ئەوکات هەر گیز تووشی ڕیا نابن؛ چونکە ئێمە بۆ دەمانەوێت خەڵکی لە خۆمان ڕازی بکەیــن، ئــەوان چیان بۆ ئێمە کردووە، تا لە پێنــاو ڕەزامەندیی ئەوان کار بکەین؟! ئاخر ژیانو تەمەنو لەشساغیو ڕۆزیو سەرجەم بەخششەکانی تر هەمووی هی خوایە، ئیتر بۆچی دەبێت ئێمە بیانخەینە پێناو خزمەتی خەڵکەوە؟! بۆچی دەبێت ڕەزامەندیی خوا بگۆڕینەوە بە ڕەزامەندی خەڵکی؟! ئاخر ئەوان بۆ ژیانی خۆیان، چییان بەدەســتە، هەتا بۆ ئێمە هەیانبێت؟! ئەی ئەگەر بۆ ژیان هیچیان بەدەست نەبێت، ئاخۆ بۆ دوای مردنو قیامەتمان چیان لەدەست دێت؟!

هەموو ئەوەی خەڵك بۆ ئێمەی پێ دەکرێت، تەنها باســێکی باشەمانە، ئەویش ئەگــەر بیکەن!! قســەی باشــیش بکرێت، یان نــا دەبێت چ ســوودێکی هەبێت؟! بەتایبەتــی ئەگــەر نرخەکەی تووڕەیی خوای گــەورەو بەهەدەردانی کردەوەکانی خۆمان بێت.

خــۆ ئەگــەر ئەو کەســانە تــێ بگەن؛ ئــەوا دەبێت ئــەو ڕاســتییە بزانن کە بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خەڵکیش هەر لەڕێی بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خواوە دەبێت، بۆیە ئەگەر ئەوان ڕەزامەندیی خوا بکەنە ئامانج؛ ئەوا هەم خوا لە خۆیان ڕازی دەکەن، هەم خەڵکیش، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە ڕەزامەندیی خەڵکی بکەنە ئامانج؛ ئەوا هەم خوا لە خۆیان تووڕە دەکەن، هەم خەڵکیش.

جارێکیــان خاتــوو عائیشــە (ڕەزای خوایان لێ بێت)، نامەیەکــی بۆ موعاویە نووسی، کە گوێم لە پێغەمبەری خوا بووە ﷺ فەرموویەتی: {مَنِ الْتَمَسَ رِضَا اللهِ بِسَخَـطِ النَّاسِ كَفَاهُ اللهُ مَؤُونَةَ النَّاسِ، وَمَنِ الْتَمَسَ رِضَا النَّاسِ بِسَخَطِ اللهِ وَكَلَهُ اللهُ إِلَى النَّاسِ}[٤]. واتــە: هەر کەس لە پێناو بەدەســتهێنانی ڕەزامەندیی خوا، خەڵکی لە

٤- إبن حبان (محمد بن حبان بن أحمد أبو حاتم التميمي)، صحيح ابن حبان بترتيب ابن بلبان، ج ٢،

خۆی تووڕە بکات؛ ئەوا خوا لێی ڕازی دەبێتو خەمی خەڵکیشــی لەکۆڵ دەخات. هەرکەسیش لە پێناو ڕەزامەندیی خەڵکی، خوای گەورە لە خۆی تووڕە بکات؛ ئەوا خوای گەورە ڕادەستی خەڵکی دەکات.

ئەمــە ئەو ڕاســتییە کە دەبێت خەڵکی باوەڕدار تێــی بگەن، کە جگە لە زاتی الله هیچ کەسی تر شایەنی ئەوە نییە، مرۆڤ بیکاتە ئامانجی کردەوەکانیو ژیانو پەرستشەکانی خۆی بۆ تەرخان بکات.

دووەم: خۆشویســتنی پیا هەڵدان: خەڵکانێکی تر بەهۆی ئەوەوە تووشــی ڕیا دەبن کە حەز دەکەن خەڵکی بەشــانو باڵیاندا هەڵبدەنو باسی جوامێریو ژیریو بوێــریو ڕەوانبێژیو چاکە کاریو بانگخوازیو خواناســیان بکەن، ئەمە دەردێکی تری کوشندەی خەڵکانی موسوڵمانە، کە حەز دەکەن بەکردەوەکانیان ناوو ناوبانگ پەیدا بکەن.

لــە کاتێکــدا ئێمە دەتوانین بــەو کردەوانە، ناوو ناوبانگ لــە لای خواو لەناو فریشــتەکان لە ئاسمان تۆمار بکەین، دەتوانین قیامەتو بەهەشتیان پێ بەدەست بهێنیــن، کەچی ئێمە، تاڵانفرۆشــیان دەکەین، ئێمە لای خوا بەخەڵکیو ئاســمان بەزەویو قیامەت بەدونیاو بەهەشت بەدۆزەخ دەگۆڕینەو؟!

ســێیەم: وەرگرتنی پۆســتو پایە: خەڵکانێکی تر هەن خولیای پۆســتو پلەو پایەنو هەر ئەو خولیایەش ســەریان دەخواتو بێئەرزشیان دەکات، بۆیە دینداری دەکەن، یان خۆیان وا نیشــان دەدەن کە دیندارن؛ تا خەڵکی متمانەیان پێ بکەنو لە پاشــماوەی سفرەی خۆیان فەرموویەکیان لێ بکەنو شتێکیان پێ بدەن، یان بە مەبەســتی ئەوەی عەیبو عارەکانی خۆیانی پێ داپۆشــنو دین بکەنە ڕەشماڵێكو لەژێریدا خەریکی دونیاداریو کاری نابەجێی خۆیان بن.

ئەمــڕۆ خەڵکانێکــی زۆری بەناو دیندار دەبینین، واز لە دینداریو خواناســی

---

مؤسسة الرسالة، بيروت، ط٢، ١٩٩٣، تحقيق وتعليق: شعيب الأرنؤوط، ص١٥. وقال في تخريجه: إسناده حسن.

دەهێنن؛ تا لە کەلاکی دونیای خەڵکانی دونیاویست پشکێکیان پێ ببڕێت، چەندان کـەس هەن، لــە ناخی خۆیاندا حــەز بە خواناســی دەکەن، بــەڵام لەبەرئەوەی دەسەڵاتی ئەمڕۆ حەزی بەم جۆرە خەڵکانە نییەو کارو پۆستیان پێ نادەن، ئەمان بــۆ ڕازیکردنی ئەوان، واز لــە دینداریو مزگەوتو کۆمەڵی موســڵمانان دەهێنن؛ تا متمانەی ئەوان بەدەســت بێنن؛ چونکە ئەوانە بەلای دەســەڵاتەوە، هەموویان تۆمەتنو پێویســتە ئەمان لەملی خۆیانی داماڵــن. بەداخەوە زۆر کات ئەم جۆرە کەسانە، سەرەڕای ئەم هەموو سازشو خۆبەدەستەوەدانەش، کەچی هەر متمانەیان پێ ناکەنو هیچیان پێ نادەنو سەرەنجام دەبنە کوردەکەی لە هەردوو جەژنە بوو؛ هەم دونیاو هەم قیامەتیشیان لەدەست دەچێت.

دەگێڕنــەوە: جارێکیــان عەبدوڵڵای کوڕی مەســعوود (ڕەزای خــوای لێ بێت) لەماڵەکەی چووە دەرەوە، کۆمەڵێك لەو کەســانەی کە خۆشــیان دەویســتو بە زانســتو کەسێتییەکەی سەرسام بوون، شوێنی کەوتن [٥]، ئەویش کە هەستی کرد، وەســتاو گوتی: کارێکتان پێم هەیە لەگەڵم دێن؟ گوتیان نەخێر. فەرمووی: دەی بگەڕێنەوە؛ چونکە ئەم جۆرە شوێنکەوتنە دەبێتە مایەی فریودانو لەخۆباییبوونی شوێنکەوتووەکانو لە ڕێزی شوێنکەوتەکانی وەکو خۆشتان کەم دەکاتەوە [٦].

بزانن ئەم هەڵوێســتەی عەبدوڵڵا، چەند خواناســانەیە؛ چونکە دەترسێت ئەم شــوێنکەتنو پێداهەڵدانە، تووشی ڕیاو لەخۆباییبوونی بکاتو نیەتی بگۆڕێتو لە پاداشتی کردەوەکانی کەم بکاتەوە.

ئێســتایش هەر ئەم جۆرە خەڵكو هەڵوێســتانەن، کە کەســانی خۆســەپێنو ستەمکار درووست دەکەن، هەمیشە هەڵوێستی خەڵکانی خۆ بەکەمزانو چەوساوە، لووتبــەرزو ملهــوڕەکان درووســت دەکات، بۆیــە خوای گــەورە، لــە قورئاندا کە باســی ســیفەتی (کبر) دەکات، لەگەڵ سیفەی (ضعف) هەمیشــە (ألف، سین، تاء)

٥- هەمیشە خەڵك هۆکارێکی سەرەکییە بۆ درووستکردنی ڕیا؛ چونکە وەسفت دەکەن موعجەبن پێت بە شانو باڵتا هەڵدەدەن تا لە خشتەت دەبەن.

٦ - إبن الجوزي، صفة الصفوة، ج١، ص٤٠٦.

ی داخوازیان دەخاتە سەرو بە (استكبار) (استضعاف) دەیانهێنێت، نەك بە (كبر، ضعف)؛ چونكە ئەو دوو سیفەتە لە ڕاستیدا بوونیان نییەو خوای گەورە هەموو مرۆڤەكانی لەیەك ئاستدا درووست كردووەو كەسی بەخوار دەستو كۆیلەی كەسی تر دروووست نەكردووە، بەڵام ئەوە هەڵوێستی مرۆڤەكان خۆیانە، دواتر دەیانكات بەو دوو بەرەوەو هەندێكیان ئەوانی تر دەچەوسێننەوە، هەر لەبەرئەوەیە خوا هەردوو بەرەكە پێكەوە لە دۆزەخدا كۆ دەكاتەوە؛ چونكە ئەگەر بەهاوكاریو دەستباریی ئەو كۆیلەو شوێنكەوتانە نەبوایە؛ ستەمی ستەمكاران نەدەچووە سەر.

## پلەكانی ڕیا:

بەشێوەیەكی گشتی ڕیا دوو پلەی هەیە:

پلەی یەكەم: ئەم پلەیە هەستیارترو مەترسیدارترە و ئەو ڕیایەیە كە لە بنەماكانی دیندا دروست دەبێتو مرۆڤ پێی كافر دەبێت، وەك ئەوەی دووڕووەكان لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ دەیانكردو خوای گەورە لە قورئاندا تۆماری كردووەو دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا لَقُواْ الَّذِينَ آمَنُواْ قَالُواْ آمَنَّا وَإِذَا خَلَوْاْ إِلَى شَيَاطِينِهِمْ قَالُواْ إِنَّا مَعَكْمْ إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِئُونَ﴾[7]. واتە: كاتێك ئەو دووڕووانە باوەڕدارەكانیان دەبینی؛ دەیانگوت: ئێمەش باوەڕدارینو لەگەڵتانین، كاتێكیش لەگەڵ شەیتانەكانی هاوشێوەی خۆیانو لە پەنهانیدا بەیەك دەگەشتن؛ دەیانگوت: ئێمە لەگەڵ ئێوەینو گاڵتەمان بەعەقڵی ئەوانە دێت، كە شوێنی محەممەد ﷺو پەیامەكەی كەوتوون.

لە ئایەتێكی تردا دەفەرموێت: ﴿اتَّخَذُوا أَيْمَانَهُمْ جُنَّةً فَصَدُّوا عَن سَبِيلِ اللَّهِ﴾[8]. واتە: ئەوانە ئیسلامو باوەڕەكایان كردبووە قەڵغانێك بۆ پەردەپۆشكردنی كوفرو دەستەبەركردنی بەرژەوەندییە دونیاییەكانی خۆیانو بەو شێوەیەش لەڕێی خواناسی لایان دابوو، گومڕا بوون.

٧ - سورة البقرة: الآية ﴿١٤﴾.

٨ - سورة المنافقون: الآية ﴿٢﴾.

کاتێکیش باسی کردەوەو پەرستشــەکانیان دەکات، دەفەرمویێت: ﴿وَإِذَا قَامُواْ إِلَى الصَّلاَةِ قَامُواْ كُسَالَى يُرَآؤُونَ النَّاسَ وَلاَ يَذْكُرُونَ اللّهَ إِلاَّ قَلِيلاً﴾[٩]. واتە: کاتێك هەڵدەسان بۆ نوێژکردن، زۆر بەسستی نوێژیان دەکردو تەنها لەبەر قسەی خەڵکیو بەڕواڵەت نوێژیان دەکردو زۆر بەدەگمەن نەبوایە، یادی خوایان هەر نەدەکرد.

لــە شــوێنێکی ترداو هەر لە باســی ئەواندا دەفەرمویێت: ﴿يَـا أَيُّهَا الَّذِيـنَ آمَنُواْ لاَ تُبْطِلُــواْ صَدَقَاتِكُـم بِالْمَـنِّ وَالأذَى كَالَّذِي يُنفِقُ مَالَـهُ رِئَاء النَّاسِ وَلاَ يُؤْمِـنُ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ﴾[١٠]. واتا ئەی گرۆهی باوەڕداران چاکەو بەخششەکانتان پووچەڵ مەکەنەوە، وەك ئەو کەسانەی کە پارەو ماڵیان لەپێش چاوی خەڵکی دەبەخشنو لە ناخیشدا باوەڕیان بە خواو ڕۆژی دوایی نییە.

سوفیانی سەوری کاتێك ئەو ئایەتەی دەخوێندەوە، دەیگوت: وەیل بۆ ڕیاکاران، وەیل بۆ ڕیاکاران، ئەوە چیرۆکەکەیانە، ئەوەش چارەنووسی خۆیانو کردەوەکانیانە[١١].

لەبارەی سزاو پاداشتی قیامەتیشیان دەفەرمویێت: ﴿وَبَدَا لَهُم مِّنَ اللَّهِ مَا لَمْ يَكُونُوا يَحْتَسِبُـونَ﴾[١٢]. واتــە: خوا بەشــێوەیەك مامەڵەیان لەگەڵــدا دەکات، کە هەرگیز پێشــبینیان نەدەکردو چاوەڕوانیان نەدەکــرد؛ چونکە ئەوان پێیان وابوو کە خوا ئاگای لە وردەکارییەکانی ناخیان نییەو نیەتی دڵیان نازانێت،

ئەم جۆرە خەڵکانە، لە ئێستاشدا زۆرنو کە دەیانبینیت خۆیان وەکو موسڵمان نیشــان دەدەنو لەوانەشــە هەندێجار موزایەدەی دینداریش لەســەر موسوڵمانان بکەن، بەڵام لە ناخو بەرنامەی خۆیاندا، خوانەناسو مولحیدن.

پلەی دووەمی ڕیا: هاوەڵبڕیاردانی بچووك (الشرك الأصغر):

٩- سورة النساء: الآية ﴿١٤٢﴾.

١٠- سورة البقرة: الآية ﴿٢٦٤﴾.

١١- القرطبي (محمد بن أحمد بن أبي بكر بن فرح الأنصاري القرطبي)، الجامع لأحكام القرآن، ج ١٥، دار عالم الكتب، الرياض، تحقيق: هشام سمير البخاري، ص ٣٦٥.

١٢- سورة الزمر: الآية ﴿٤٧﴾.

ئەم جۆرەیان بۆ خەڵکی باوەڕدار درووســـت دەبێــت، بەتایبەتی کاتێك کارێك دەکەنو جگە لە ڕەزامەندیی خوا مەبەستی تریان بەکارەکەیان دەبێتو نیەتەکانی دڵیــان تەواو بۆ خوای گەورە یەکلا ناکەنــەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم جۆرەی لە ڕیا، بە هاوەڵبڕیاردان ناو بردووەو لەبارەیەوە فەرموویەتی: {إِنّ أَخْوَفَ مَا أَخَافُ عَلَيْكُمْ الشِّرْكُ الْأَصْغَرُ}. واتە: ئەوەی کە زۆر لێی دەترسم تووشی بن، هاوەڵبڕیاردانی بچووکە، هەرچەندە پێغەمبەر ﷺ دەزانێت ئەمانە بڕوادارن، بەڵام لەوە دەترسێت ڕیا لە ناو دڵیاندا جێگەرە بکات. هاوەڵان گوتیان: (وَمَا الشِّرْكُ الْأَصْغَرُ يَا رَسُولَ اللهِ ﷺ؟). واتــە: هاوەڵبڕیاردانی بچووك چییە ئــەی پێغەمبەری خوا ﷺ؟؛ چونکە ئەوان تا ئێســتا شــتێکیان بەو ناوەوە نەبیســتووە، ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی: {الرِّيَاءُ، يَقُولُ اللَّهُ عَزّ وَجَلّ لَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِذَا جُزِيَ النّاسُ بِأَعْمَالِهِمْ اذْهَبُوا إِلَى الّذِينَ كُنْتُمْ تُــرَاءُونَ فِي الدُّنْيَا فَانْظُرُوا هَلْ تَجِــدُونَ عِنْدَهُمْ جَزَاءً؟}(١٣). واتە: ڕووپامایی، خوای گەورە لــە قیامەتدا پاش ئەوەی خەڵکی پاداشــتی کردەوەکانیــان وەردەگرن بە ڕیاکاران دەفەرموێــت: بڕۆن بۆ لای ئەوانە کە لە دونیــادا ڕووپاماییتان بۆ دەکرن، بزانن هیچ پاداشتیان لا دەست دەکەوێت.

لە فەرموودەیەکی تردا، پێغەمبەر ﷺ ڕاشکاوانەترو ڕوونتر لەم بابەتە دەدوێتو ڕاڤەی ڕیا بۆ هاوەڵەکانی دەکاتو دەفەرموێت: {مَنْ صَلَّى يُرَائِي فَقَدْ أَشْرَكَ، وَمَنْ صَامَ يُرَائِــي فَقَــدْ أَشْرَكَ، وَمَنْ تَصَدَّقَ يُرَائِي فَقَدْ أَشْرَكَ، وإن الله عــز وجل يقول: أَنَا خَيْرُ قَسِيمٍ لِمَنْ أَشْرَكَ بِي، مَنْ أَشْرَكَ بِي شَيْئًا فَإِنَّ حَشْدَهُ عَمَلَهُ قَلِيلَهُ وَكَثِيرَهُ لِشَرِيكِهِ الَّذِي أَشْرَكَ بِهِ وَأَنَا عَنْهُ غَنِيٌّ}(١٤). واتە: هەرکەس بۆ ڕووپامایی نوێژی کرد؛ ئەوا هاوەڵی بۆ خوا بڕیار داوە، هەرکەس بۆ ڕووپامایی ڕۆژووی گرت؛ ئەوا هاوەڵی بۆ خوا بڕیار داوە، هەرکەس بۆ

١٣- الهيثمي (نور الدين علي بن أبي بكر الهيثمي)، مجمع الزوائد ومنبع الفوائد، ج١، دار الفكر، بيروت، ط١٤١٢، ص٢٩٠. وقال في سنده: رواه أحمد ورجاله رجال الصحيح. والحديث صححه الألباني في السلسلة الصحيحة وفي صحيح وضعيف الجامع. (صحيح الجامع، رقم ١٥٥٥).

١٤- الإمام أحمد ابن حنبل، المسند، ج٢٨،ص٣٦٥.

ڕووپامایی پارەی بەخشـی؛ ئەوا هاوەڵی بۆ خوا بڕیار داوەو خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا دەفەرمووێت: من باشـترین هاوبەش دەبم بۆ کەسـێك هاوبەشم بۆ بڕیار بدات [15]وهەرکەسێك هاوبەشی بۆ من بڕیاردا، هەموو کردەوەکانی، گەورەو بچووکی، بـاشو خراپـی، زۆرو کەمی هەمووی بۆ ئەو کەسـە جێ دەهێڵم کـە کردوویەتی بەهاوبەشی منو من پێویستم پێی نییەو با بڕوات ئەو پاداشتی بداتەوە.

خوای گەورە هەرگیز هاوبەشی قەبووڵ نییە لە هیچ شتێکدا، بۆیە هەرکەسێك لـە هەر کارێکدا هاوبەشـی بۆ بڕیـار بدات ئەو لەکارەکە دێتـە دەرەوەو بەجێی دەهێڵێت بۆ هاوبەشـەکەی تریو ئەویش بێگومان هیچی لەدەسـت نییەو نایەتو کەسی خاوەن کاریش، تەنها ماندوبوونوماڵوێرانیی بۆ دەمێنێتەوە.

ئیسحاقی کوڕی حەنبەل دەڵێت: چووم بۆ لای پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، دەسـتی خستبوە ژێر چەناگەیو بەبێتاقەتی دانیشتبوو، پێم گوت: چی بێتاقەتی کردوویت؟ گوتی: خۆزگەم بەو کەسـەی کەس نایناسـێتو خوا ناو ناوبانگی کپ کردۆتەوە. دیارە پێی ناخۆش بووە، کە خەڵکی ناسـیویانە. گوتی بە عبد الوهاب بڵێن: ناوی خۆت دەرمەخە من تووشی بەڵای ناوداری بووم [16].

کەواتە: مەرج نییە تەنها خەڵکی سـادەو نەخوێندەوار ڕووبەڕووی ڕووپامایی ببنەوە، بەڵکو مەترسیی ئەم جۆرە تاوانە، لەسەر زانایان زیاترە.

بۆیە پێویسـتە مرۆڤی باوەڕدار، بەتایبەتی زانـاو بانگخوازەکان، زۆر ئاگاداری دڵیان بن لەم بەڵا مەترسیدارە؛ چونکە ئەمە شتێك نییە زۆر دیار بێتو بزانیت کـەیو لەکوێـوە بۆت دێت، بەڵکو کاتێك هەسـت بەخۆت دەکەیت، کە پاداشـتی

---

١٥- مەبەسـتی ئەوەیـە چـۆن دوو کـەس دەبن بەهاوبـەش لەکارێکـداو یەکێکیان سـینەفراوانترو بەخشـندەترەو منەتـی نییە مافی خۆی بچێت بەلای هاوبەشـەکەیدا، خوای گـەورەش دەفەرموێت: هەرکەس هاوبەشم بۆ بڕیار بدات من واز لە بەشەکەی خۆم دەهێنم لەکارەکەیداو هەمووی دەدەم بەو کەسەی کە کردویەتی بەهاوبەشی منو بابڕوات ئەو پاداشتی بداتەوە.

١٦- أبو يعلي (أبو الحسين ابن أبي يعلى محمد بن محمد)، طبقات الحنابلة، ج١،دار المعرفة، بيروت، تحقيق: محمد حامد الفقي، ص١٢.

کردەوەکانت لەدەست داوەو تەنها ماندوێتیت پێ بڕاوە.

یەکێک لە ئامۆژگارییەکانی پێغەمبەر عیسا -سەلامی خوای لێ بێت- بۆ شوێنکەوتووانی ئەوە بووە: ئەگەر لە ڕۆژێکدا بەڕۆژوو بوون، قژتان شانەو چەور بکەن، چاوەکانتان ڕەش بکەن، جلەکانتان باپاکو جوان بن؛ تا ماندوێتیتان پێوە دیار نەبێتو خەڵک هەست نەکات بەڕۆژوون.

بۆیە خوای گەورە بەتایبەت لە سیفەتی ڕۆژوودا دەفەرموێت: هەموو کردەوەکانی مرۆڤ بۆ خۆیەتی، جگە لە ڕۆژوو نەبێت، ئەوە تەنها بۆ منەو هەر خۆیشم دەزانم چۆن پاداشتی خاوەنەکەی دەدەمەوە[١٧].

چونکە ڕۆژوو شتێکە ئەگەر خۆت دەری نەخەیت کەس پێت نازانێت.

هەر بۆیە خواناسان گوتویانە: خواناسیو پەرستشی بێئاگایان عادەتەو خووەو خووی خواناسانیش پەرستشو عیبادەتە[١٨]؛ چونکە بێئاگایان کاتێک عیبادەت دەکەن هیچ ئاگایان لە عیبادەتەکانیان نییەو لێی بەهرەمەند نابنو هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر درووست ناکات، بۆیە هەر وەکو خوویەك وایەو دەقیان پێوە گرتووە، بەڵام خوو عادەتی خەڵکی خواناسو ژیر عیبادەتە؛ چونکە ئەوان هەمیشە دڵیان بە خواوە پەیوەستەو بۆ ساتێکیش لێی بێئاگا نابنو ئەمەش کرۆکی پەرستشە.

بۆ نموونە: کاتێك سەردانی نەخۆشێك دەکەین، هەر یەکەو لە قەدەر نیەتی دڵی خۆمان خێرمان پێ دەبڕێت، کەسێك لەبەر خوای گەورە سەردانی کردبێتو مەبەستی بووبێت دڵنەوایی بکاتو کەمێك لە ئازارەکانی کەم بکاتەوە؛ ئەوا سەردانەکەی بە پەرستش بۆ ئەژمار دەکرێت، کەسێکیش تەنها لە بەر ناسیاویو وەك دەستیاو سەردانی کردبێت؛ ئەوا تەنها ئەوەی پێ دەبڕێتو لای خوا هیچی بۆ ئەژمار ناکرێت.

---

١٧- الترمذي (محمد بن عيسى أبو عيسى الترمذي)، سنن الترمذي (الجامع الصحيح)، ج٥، دار إحياء التراث العربي، بيروت، تحقيق: أحمد محمد شاكر وآخرون، ص١٧٥. وقال الألباني في تخريجه: صحيح.

١٨- إبن الجوزي(جمال الدين أبو الفرج عبد الرحمن بن علي بن محمد)، صيد الخاطر، ط١، دار القلم، دمشق، ٢٠٠٤، ص٤٠٩.

ئەمڕۆ ئەم دنیایی سیاســەتە، کۆمەڵێك بەڵاو کێشــەی گەورەی بۆ درووســت کردووین، ململانێی سیاســی زۆر چەمکی ئایینی شــێواندووە، پێشبڕکێی دونیای هەڵبــژاردنو کورســیی پەڕلەمان زۆرێك لە چاکەکانمانــی داوە بەدەم باوە، بۆیە ئێستا ئێمە هەر کارێکی چاکە بکەین، دەبێت لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە پەخشی بکەین، کە فلان کەس ئەوەندەی کردووە بەخێر، یان ئەو چاکەیەی کردووە، ئاخر ئێمــە بۆ دەبێــت وابین؟! بۆچی چاو لە خەڵکانی تر بکەیــن، ئایا ئەم فۆڕمە لە چاکەکاریو سیاســەتکردن پێچەوانەی دەقە شەرعییەکان نییە؟! بەتایبەتی ئەگەر کەسێك بەکارەکە هەستا بێتو باسی خۆی بکاتو بیەوێت ڕۆڵی خۆی زەق بکاتەوە، خۆ ئەگەر لایەنێك، یان ڕێکخراوێك کردبێتی؛ ئەوا لەوانەیە کێشەی کەمتر بێت؛ چونکە ناچێتە گیرفانی کەسێکی دیاری کراوەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەبێت هەر ئاگامان لەوە بێت کە بۆ لایەنو ڕێکخراوەکانیش دەبێت نیەتەکە بۆ دەرخســتنی ڕۆڵی خەڵکانی موســڵمان بێتو بەرزڕاگرتنی هەڵوێستی دڵسۆزانەی ئەوان بێت لە بەرامبــەر خەڵکانی دزو جەردەو مفتەخۆری بەناو بەرپرســی ئەم هەرێمە، ئەو کات لەوانەیە بواری شەرعیبوونی گونجاوتر بێت؛ چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکیدا کە باســی حەوت دەســتە دەکات کە خوای گەورە لە قیامەتدا -و کاتێك خۆر لە دووری میلیکەوە لەســەری خەڵکی دەدات- لەژێر ســێبەری خۆیدا حەشریان دەکاتو تیشکی ئەو خۆرە بەتینە، هیچ بێزاریان ناکات لە باسی یەکێك لەوانەدا دەفەرموێت: {وَرَجُلٌ تَصَدَّقَ بِصَدَقَةٍ فَأَخْفَاهَا حَتَّى لَا تَعْلَمَ شِمَالُهُ مَا تُنْفِقُ يَمِينُهُ}[19]. واتە: کەســێك شــتێك ببەخشــێت، ئەوەندە بەنهێنی بیبەخشــێت کە دەستی چەپی هەست نەکاتو نەزانێت ڕاستی چی بەخشیوە.

ئەی ئەگەر ئێمە هاتینو لە کەناڵێکی ئاســمانییەوە باســمان کردو دنیامان لێ تێگەیاند ئەو کات دەبێت خێری چی بێت؟!

بەداخــەوە هەندێك لــە وانەی ئەم کارانــە دەکەن بانگخوازان، کە پێویســتە

---

١٩- البخاري، صحيح البخاري، ج٢،ص١١١. مسلم، صحيح مسلم، ج٣، ص٩٤. واللفظ للبخاري.

بانگخـــوازان نەكەونە ئەم هەڵەیەوەو خۆیان لەم ململانێ سیاســـیانە دوور بگرن؛ چونكـــە دواتر خەڵكی وا تێ دەگات كـــە كاری بانگخوازیش وەك هەر پڕۆژەیەكی سیاســـی تر، مەبەســـت لێی كۆكردنەوەی دەنگو زیادكردنی كورســـیی پەڕلەمانە، خـــۆ ئەگـــەر ئەم قســـەیە وا بێت؛ ئەوا خۆیشـــمان ئەو كەناڵانەش كـــە لێیانەوە دەردەكەوین، ماڵكاول دەبین، ئێمە مەبەستی سەرەتاو كۆتاییمان دەبێت خەمخۆریو مشـــورخۆریو دڵســـۆزیی بێت بۆ خەڵكی، تـــا بەفریای قیامەتـــی خۆیان بكەونو هەوڵی بۆ بدەن. هەر ئەمەش پەیامی پێغەمبەران بووە سەلامی خوایان لێ بێت، پێغەمبەری خۆیشـــمان ﷺ كاتێك باســـی نموونەی خـــۆیو ئوممەتەكەی دەكات، ئوممەتەكـــەی وەك كۆمەڵێك پەپوولە وێنا دەكات كـــە ڕووناكی ئاگرێك دەبینن‌و هەوڵـــی ئـــەوە دەدەن لێی نزیك ببنـــەوەو بچنە ناوی بێئاگا لەوەی كە بڵێســـەی ئاگرەكە دەیانســـووتێنێتو ئەویش هەوڵ دەدات بمانگێڕێتەوە، تا نەكەوینە ناوی، بەڵام هەندێك لە ئێمە هەر خۆمانی تێ فڕێ دەدەن [٢٠].

پێشـــەوا غەزالی ســـەرەڕای ئـــەو هەموو خواناســـیو دینداریو زانســـتەی كە هەیبووە، یەكێك بووە لە بەركەوتووەكانی ئەم چەكە كوشندەیەی شەیتان‌و باسی چیرۆكێكـــی خۆی لەو بارەیەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێت: جارێكیان بیســـتبووم ئەگەر كەسێك (٤٠) ڕۆژ بەندایەتی بۆ خوا بكات، ئەو كەسە دواتر كە قسە دەكات زمانی پاراو دەبێت و وتەكانی لە وتەی خەڵكی ئاسایی ناكات، دەڵێت: (٤٠) ڕۆژ خەڵوەتم كێشـــاو بەندایەتیم دەكرد، دواتر كە قسەم دەكرد بۆ خەڵك، قسەكانم نەگۆڕابوو، هەر قسە ئاساییەكانی جاران بوو، دەڵێت: لای هەندێك لە عاریفەكان باسم كردو سكاڵام كرد، ئەوانیش گوتیان: تۆ (٤٠) ڕۆژ خەڵوەتت كێشاوەو بەندایەتیت كردووە بۆئەوەی ببیت بە كەســـێكی داناو ڕەوانبێژ، نەك خواناس، بۆیە خوای گەورە نە پەرستشەكانی وەرگرتووەو نە بوویشیت بەدانا [٢١].

٢٠- مسلم، صحيح مسلم، ج٧،ص ٦٤.

٢١- إبن تيمية (أحمد بن عبد الحليم بن تيمية الحراني)، النبوات، ج١١، أضواء السلف، الرياض، ط١،

## جۆرەکانی ڕیا:

پێشـــەوا غەزالی دوای ئەو ئەزموونەی شـــیکردنەوەیەکیو وردو گرنگ بۆ ئەم بابەتە دەکاتو (ریاء) دەکات بەچەند بەشێکەوە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

یەکەم: ڕیاو ڕووپامایيکردن بە جەســـتە: بۆ نموونە: دەبینی کەســـێك قورئان دەخوێنێتو کەســـێکی تر لەو لاوە گوێی بۆ هەڵخستووەو چاو دەنووقێنێتو سەر دەلەقێنێت و خۆی دەهەژێنێت؛ تا خەڵکی وا تێ بگەن کە کەسێکی زۆر لەخواترسە و چۆتە قووڵایی قورئانەکەوە.

پیاوچاکێك دەڵێت: لای مامۆســـتایەکی خوانـــاس دەمخوێند، هەندێك جار کە ئایەتێك یان فەرموودەیەکی دەخوێندەوە، یەکسەر ئاو بە چاویدا دەهاتە خوارەوە، ئێمـــە دەمانزانی کـــە لەژێر کاریگەریی فەرموودەکەدا دەگـــری، کەچی ئەو ڕووی دەکرد بەو لاوەو چاوی دەسڕیو دەیگوت ئەم هەڵامەتە چ بەڵایەکی گەورەیە.

دووەم: ڕووپامایيکـــردن بە جلو بەرگو ڕواڵەت (هیئة): وەك ئەوەی کەســـێك جلێکـــی دڕاو لە بەر کاتو ڕیـــشو قژێکی بێخزمەت بەر بداتەوەو تەســـبیحێکی گـــەورە بگرێت بەدەســـتەوە؛ تا خەڵکـــی وای تێ بگەن کە تـــەواو تەرکی دونیای کردووەو خۆی بۆ خوا یەکلا کردۆتەوە.

ئەوەی جێی پرسیارە لێرەدا ئەوەیە کە کەی خواناسی بەڕواڵەت بووە، یان کەی بە جلی دڕاوو پیســـیو چڵکنی بووە، مەگەر پێغەمبەری خوا نافەرموێت: {إِنَّ اللَّهَ جَمِيلٌ يُحِبُّ الْجَمَالَ}[٢٢]. واتە: خوای گەورە جوانەو جوانیی پێ خۆشە.

تەنانـــەت جارێکیان پیاوێکـــی بینی جلێکی خراپی لـــە بەردابوو بێ خزمەت دیـــار بـــوو، پێغەمبەری خوا ﷺ بانگی کردو پێی فەرمـــوو: پارەت هەیە؟ گوتی: بەڵێ قوربـــان. فەرمووی: {فكل، واشرب، والبس، وتصـــدق في غير سرف ولا مخيلة،

---

٢٠٠٠، تحقيق: عبد العزيز بن صالح الضويان، ص٣٥٠-٥٤. إبن تيمية، الفتاوى الكبرى، ج٦، دار المعرفة، بيروت، ط١، ١٣٨٦، تحقيق: حسنين محمد مخلوف، ص٢٧٢.

٢٢- مسلم، صحيح مسلم، ج١،ص٦٦.

فإن الله يحب أن يرى أثر نعمته على عبده}[٢٣]. واته: دەی باشـــە خواردنی باش بخۆو خواردنـــەوەی باش بخۆرەوەو جلی جوان لەبەر بکەو ببەخشـــە، بەڵام دەســـتبلاَو مەبەو شـــتێکیش مەکە لووتبەرزیو خۆبەزلزانی پێـــوە دیار بێت؛ چونکە خوای گەورە پێی خۆشە شوێنەواری نیعمەتەکانی خۆی بەسەر بەندەکانیەوە ببینێت.

دەبێت کەسێتیی باوەڕدار لەناو خەڵکیدا لە هەموو ڕوویەکەوە پێشەنگو ناوازە بێت، هەندێك شـــت هەیە بە ســـوننەتی دەزانین، بەڵام بەهەڵە جێبەجێو وێنای دەکەین، بۆ نموونە: جلی کورت بۆ پیاوان سوننەتە، باشە هەرچەند ئەمە قسەی زۆر هەڵدەگرێت لەڕووی نیەتو شێوازی ئەو جلەی لەبەر دەکرێتو کەلتووری ئەو کۆمەڵگایـــەی جلەکەی تێدا لەبەر دەکرێـــت، بەڵام با واز لەوانە هەمووی بهێنێن: بۆچی هەندێك کەس تا ناوەڕاستی قاچیان جلەکانیان کورت دەکەنەوە، لە کاتێکدا ســـوننەتەکە بەســـەرو قولەپێوە جێبەجێ دەکرێت، ئایا ئەمە بۆ سەرنجڕاکێشانی خەڵکی نییە، تا پێی بڵێن کەسێکی سوننەتیو لەخواترسە؟! ئایا ئەو دیمەنە بەو شـــێوازەو بۆ جلی کوردی سوننەتە؟! ئەمە جێی پرســـیارەو دەبێت ئەوانە بەینی خۆیـــانو خـــوا نیەتەکانیان یەکلا بکەنەوە، ئەگینا بەبێ ئـــەوەی بەخۆیان بزانن دەکەونە ئەم بەشەی ڕیاو ڕووپامایییەوە کە خوا حەرامی کردووە.

بۆیە دەبێت کەســـانی خواناس، لە هەموو کەس زیاتر ئاگایان لە خۆیان بێت؛ چونکـــە شـــەیتان بەڵێنی ئەوەی داوە کە لەســـەر ڕێی خواناســـی بۆ بـــاوەڕداران دادەنیشێتو بۆسەیان بۆ دەنێتەوەو گوتوویەتی ﴿لَأَقْعُدَنَّ لَهُمْ صِرَاطَكَ الْمُسْتَقِيمَ﴾[٢٤].

ســـێیەم: ڕیاو ڕووپامایییکردن بە گوفتار: ئەم جۆرە لە ڕیا لە کاتی قسەکردندا دەردەکەوێـــت، وەك ئەوەی لێوەکانی بجووڵێنێـــت؛ بۆئەوەی خەڵکی وابزانن یادی خـــوا دەکات، یـــان فەرمان بەچاکە بکاتو خۆی نەیـــکاتو نەهی لە خراپە بکاتو

---

٢٣- البيهقي، شعب الإيمان، ج ٥، ص ١٦١. عبد الرزاق (أبو بكر عبد الرزاق بن همام الصنعاني)، مصنف عبد الرزاق، ج ١١، المكتب الإسلامي، بيروت، ط ٢، ١٤٠٣، تحقيق: حبيب الرحمن الأعظمي، ص ٢٧٠.

٢٤- سورة الأعراف: الآية ﴿١٦﴾.

خۆی بیکات، یان بەکزۆڵی قسـە بکات؛ تا خەڵکی وای تێ بگەن کە شـوێنەواری تەقوایە لەسـەری، یان باسی بەتواناییو زانایی خۆی بکات، یان خۆ نزیککردنەوە لـە خەڵکی باشو پیاوچاکان؛ تا خۆیان پێوە هەڵبکێشـێت، یـان ڕەخنەگرتن لە قسـەی زانایان؛ تا وای بەخەڵك نیشـان بدات، ئەمیش زانـاو بلیمەتە، ئەمانەش بەتایبەتی مەترسـی لەسەر بانگخوازو گوتاربێژەکان هەیە، بەتایبەتی کە دەبینن خەڵکانێك گوێیان لێ دەگرنو پێیان سەرسـامن، نیەتەکانیان دەگۆڕێتو تووشـی لەخۆباییبوون دەبنو ئیتر ئەوەندەی مەبەسـتیانە خۆیان دەرخەنو جەماوەر بۆ خۆیانو پەیجەکانیان زیاد بکەن، ئەوەندە مەبەستیان نییە بەرگری لە دینی خوا بکەنو بانگەوازی بۆ بکەن..

چـوارەم: ڕیاو ڕووپاماییکردن بەکردەوە: وەك ئەو ڕیایەی کە لە نوێژو حەج بەخشـیندا درووسـت دەبێتو لەپێش چاوی خەڵکی نوێژەکەی بڕازێنێتەوەو زۆر لەسـەرخۆ ئەنجامی بدات؛ تا خەڵکی بزانن کە زۆر لەخواترسەو کەسەکە بەهۆی سـەرقاڵی بە ڕواڵەتی کارەکەیەوە کە خەڵکی تەماشـای دەکەنو چاویان لێیەتی، ئیتر ئاگای لە نیەتی دڵی نەماوە کە گۆڕاوەو تەواو پێچەوانە بووەتەوە.

جابری کـوڕی عەبدوڵلا بۆمان دەگێڕێتـەوەو دەڵێت: كَانَ رَسُـولُ اللَّهِ ﷺ فِي سَفَرٍ، فَرَأَى زِحَامًا وَرَجُلًا قَدْ ظُلِّلَ عَلَيْهِ. فَقَالَ: {مَا هَذَا؟} فَقَالُوا: صَائِمٌ. فَقَالَ: {لَيْسَ مِنْ الْبِرِّ الصَّوْمُ فِي السَّفَرِ}[٢٥]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ لە سـەفەرێکدا بە لای کۆمەڵێك خەڵکدا ڕۆیشت لە دەوری کەسێك کۆ بووبوونەوەو سێبەریان بۆ کردبووو فێنکیان دەکـردەوە، فەرمووی: ئەوە چییە، بۆ وای لێ هاتووە؟ گوتیان: قوربان بەڕۆژووە. فەرمووی: خێر نییە مرۆڤ لە سـەفەردا بـەڕۆژوو بێت، بەڵام ئەم حوکمە ڕەها نییـە، بەڵکو تەنها ئەو کەسـانە دەگرێتەوە، کـە وا ناڕەحەت دەبنو دەبنە ئەرك بەسەر کەسانی ترەوە، بەڵام ئەگەر کەسێك پێی ناڕەحەت نەبێتو کەس لە خۆی تێنەگەیەنێت؛ ئەوا ئاساییە لە سەفەردا بەڕۆژوو بێت..

٢٥- البخاري، صحيح البخاري، ج٣،ص٣٤. مسلم، صحيح مسلم، ج٣،ص١٤٥.

**پێنجـــەم:** ڕیاو ڕووپامایی‌کردن بەدۆســـتانو هاوەڵانەوە: وەك ئەوەی کەســـێك بانگهێشتی خەڵکانی خواناس بکات، یان سەردانیان بکاتو وێنەیان لەگەڵ بگرێتو قسەکانیان بگێڕێتەوە، یان لە بەرچاوی خەڵکی تەلەفۆنیان بۆ بکاتو خۆیان پێوە هەڵکێشـــێتو بڵێت دەیانناســـمو برادەریانم؛ تا خەڵکی بە چـــاوی ئەوان لەمیش بڕوانـــن، دیـــارە ئەم دۆســـتایەتیو هاوەڵێبوونەش لەبەر خوا نییـــە، بەڵکو لەبەر خۆهەڵکێشانو خۆپێوەبادانە.

زیاد لەمانەش پێشـــەوا غەزالی هەندێك وردەکاریو حاڵەتی تر لە خانەی ڕیا باس دەکات کە لەوانەیە ئێمەومانان هەستی پێ نەکەین لەوانە:

**شەشـــەم:** ئەم جۆرەیان لەجۆرەکانی تر پەنهانترە؛ چونکە کەســـانێك هەن پێیان ناخۆشـــە خەڵك بەچاکەو پەرستشـــەکانیان بزانن‌و ئاشکرای ناکەن، بەڵام حەز دەکەن بەهۆیەوە خەڵکی بیانناســـنو ڕێزیان لێ بگرنو دەستپێشکەر بن لە سەلاملێکردنیانو کارو فەرمانەکانیان بۆ ڕاپەڕێننو لای ســـەروی خۆیانـــەوە دایان بنێن، ئەمەش هەر جۆرێکی ترە لە ڕیا؛ چونکە چاوەڕوانی ئەوە دەکەن خەڵك پاداشتی کردەوە چاکەکانیان بدەنەوە، لە کاتێکدا دەبوو تەنها چاوەڕێی پاداشتی کردەوەکانیان لە خوا بکردایە.

دەگێڕنەوە: جارێك ئیبنو محەیریز چوو بۆ لای دوکانێك هەندێك پێویســـتی لێ بکڕێت، خاوەن دوکانەکە نەیدەناسی، بەڵام پیاوێکی لا بوو، دیارە ناسیویەتیو بەخاوەن دوکانەکەی گوت: ئەم پیاوە ناناســـی؟ گوتی: نەخێر. گوتی: ئەمە ئیبنو محەیریزە خاتری بگرە. ئیبنو محەیریز تووڕە بوو گوتی: واللە لێی ناکڕم، من بە دینم شت ناکڕم، بە پارەکانم دەیکڕم، من لە پێناوی خوادا قسە بۆ خەڵکی دەکەم، نەك بۆئەوەی شتی پێ بکڕم[٢٦].

فوزەیلی کوڕی عیازیش دەفەرمویێت: ئەگەر دەهۆڵێك بخەمە بن دەستمو شارەو شـــار بگەڕێمو بە دەهۆڵ کوتی پارە پەیدا بکەم، ئەوەم بەلاوە خۆشترو ئاسانترە،

---

٢٦-أحمد بن ناصر الطيار، حياة السلف بين القول والعمل، ط ١، دار ابن الجوزي للنشر والتوزيع، الدمام، ١٤٣٣، ص٣٥٦.

نەك بە دینو خواناسی پارە پەیدا بكەم[٢٧].

**حەوتــەم:** هەندێجار كەســانێك زەمی خۆیان دەكەن لەنــاو خەڵكیداو خۆیان دەشــكێننو باســی خراپەكانی خۆیان دەكەن، بەڵام مەبەســتی ڕاســتەقینەنیان خۆشــكاندن نییــە، بەڵكو پێچەوانەكەیەتی؛ تا باســیان بكەنو بەشــانو باڵیاندا هەڵبدەنو بڵێن ماشاء الله چەند خاكیو سادەو خۆ بەكەمزانن، ئەمەش دیسانەوە ڕیایە؛ چونكە ویستوویانە باس بكرێنو ناوبانگی چاكەیان بڕوات.

**هەشــتەم:** جۆرێكی تر لە ڕیــا ئەوەیە، كە مرۆڤ بەپەنهانــی كارە چاكەكانی ئەنجام بداتو هەوڵ بدات كەس پێی نەزانێت، بەڵام لە ناخەوە حەز بكات خەڵك بــەو پەنهانییــەی بزانێتو بزانن كە چەنــد كاری لەگەڵ خوا ســازەو چەند بۆ خواسوڵحاوە، ئەمەش بەهەمان شێوە جۆرێكی ترە لە ڕووپامایی.

بۆیــە بابەتی ڕیــا ئەوەندە وردو ئاڵۆزە هەتا نەڕۆیتە قووڵایی باســەكەوە تێ ناگەیت، كە چەند دەردێكی كوشــندەو مەترســیدارە، هەر بۆیە زانایانی پێشــین ئەوەندە لێی ترســاونو لەبەری هەڵهاتوونو هەمیشە بەشوێن پەنهانیو تەنهاییدا گەڕاونو لە جێگەیەك زانیبێتیان دەناسرێن بەجێیان هێشتووە.

وەیسی قەڕەنی ئەو پیاوە بەڕێزەی كە پێغەمبەر ﷺ باسی كردووەو عەباكەی بە دیاری بۆ ناردووەو فەرموویەتی كە مژدەی بەهەشــتی پێ بدەن، كاتێك پێیان زانیو ناســییانەوە ئەو جێگەیەی خۆی بەجێ هێشــتووەو كەس نازانێت بۆ كوێ سەری خۆی هەڵگرتووە[٢٨].

موتەڕەفی كوڕی عەبدوڵلا كە دوعای دەكرد دەیگوت: (اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْتَغْفِرُكَ مِمَّا تُبْتُ إِلَيْـكَ مِنْــهُ، ثُمَّ عُدْتُ فِيهِ، وَأَسْتَغْفِرُكَ مِمَّا جَعَلْتُهُ لَكَ عَلَى نَفْسِي، ثُمَّ لَمْ أفِ لَكَ بِهِ، وَأَسْتَغْفِرُكَ مِمَّا زَعَمْتُ أَنِّي أَرَدْتُ بِهِ وَجْهَكَ، فَخَالَطَ قَلْبِي مِنْهُ مَا قَدْ عَلِمْتَ)[٢٩] .

---

٢٧- إبن الجوزي، صفة الصفوة، ج١،ص٤٣٠.

٢٨- الغزالي، إحياء علوم الدين، ج٣،ص٢٩٧-٣٠٩.

٢٩- إبن رجب الحنبلي، جامع العلوم والحكم، ج١،ص٨٤.

واتــە: خوای گەورە داوای لێخۆشــبوونت لێ دەکەم لــە هەر کارێك کە لێی پەشــیمانبوومو تەوبەم لێ کردووەو دواتر دووبارەم کردۆتەوە، داوای لێخۆشبوونت لێ دەکەم لە هەر بەڵێنێك کە داومە پێتو دواتر نەمبردووەتە ســەر، داوای لێخۆشــبوونت لێ دەکەم لە هەر کارێك لە لای خۆم لە پێناو ڕەزامەندیــی تۆدا کردوومەو دواتر شــتانێکی تــری تێکەڵ بووە کە خۆت باشتر دەیانزانیت چۆنو چی بوون.

## حوکمی ئەو کردەوانەی ڕووپامایی‌و ڕیایان تێدا دروست دەبێت:

زانایان لەبارەی حوکمی ئەو کردەوانەی ڕیایان تێدا درووست دەبێت دەڵێن:

ئەگەر ســەرەتا پاڵنەرو مەبەستی کردەوەکە ڕیا بوو؛ ئەوە خوای گەورە وەری ناگرێتو کردەوەکە بەتاڵ دەبێتەوەو پێویســتە کەسەکە بە نیەتێکی پاك جارێکی تر بیکاتەوە، ئەگەر بیەوێت خوای گەورە لێی وەربگرێت.

ئەگەریش ســەرەتا مەبەســتی ڕەزامەندیی خوای گەورە بوو، پاشــان لە کاتی کردەوەکەدا نیەتی گۆڕا، ئەو کات سەیر دەکەین ئەگەر هەستی ڕیاکردنەکە تەنها بەدڵــدا تێپەڕبــوون بوو، زۆر لە دڵدا نەمایەوەو کاریگەری لەســەر دڵو دەروونی درووست نەکرد؛ ئەوا هیچ کێشەی نییەو کردەوەکەی درووستە.

بەڵام ئەگەر لە دڵیدا جێگەی گرتو نیەتەکەی گۆڕا ئەو کات زانایان بۆچوونیان لەسەر درووستی کردەوەکە جیاوازە:

پێشــەوا ئەحمەدو حەســەنی بەصری پێیان وایە کردەوەکە هەر درووســتەو بەتاڵ نابێتەوە؛ چونکە سەرەتا نیەتو پاڵنەری کارەکە بۆ خوا بووە.

هەندێکیــش دەڵێــن: ئەم حوکمە بۆ ئەو جــۆرە کارانەیە کە ســەرەتاکەی تا کۆتاییەکەی یەك پەرستشەو ناکرێت لێك داببڕێت وەکو نوێژو ڕۆژو حەج، بەڵام ئەگەر سرووشتی پەرستشەکە وابوو کە پەیوەندی لەنێوان بڕگەکانیدا هەبوو وەکو قورئان خوێندن ئەو کات گۆڕینی نیەتەکەی کارەکەی بەتاڵ دەکاتەوەو پێویســتە

نیەتێکی تازە بهێنێتەوە بۆئەوەی پەرستشەکەی قەبووڵ بێت.

خۆ ئەگەریش گۆڕینی نیەتەکە بەهۆی ڕیاوە نەبوو، بەڵکو جگە لە بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوای گەورەو دەستکەوتنی پاداشتی قیامەت نیەتی دەستکەوتنی شتێکی دونیایشی تێکەڵ بوو وەك مەبەستی دەستکەوتنی غەنیمەت لە غەزادا، یان بازرگانی لەحەجدا، زانایان دەڵێن ئەو مەبەستە لاوەکییە کردەوەکە بەتاڵ ناکاتەوە، بەڵام لە خێرو پاداشتی کەم دەکاتەوە، بەبەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: {مَا مِنْ غَازِيَةٍ تَغْزُو فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَيُصِيبُونَ الْغَنِيمَةَ إِلاَّ تَعَجَّلُوا ثُلُثَىْ أَجْرِهِمْ مِنَ الآخِرَةِ وَيَبْقَى لَهُمُ الثُّلُثُ وَإِنْ لَمْ يُصِيبُوا غَنِيمَةً تَمَّ لَهُمْ أَجْرُهُمْ}[٣٠]. واتە: هەر کۆمەڵێك لە پێناوی خوادا بڕۆن بۆ غەزاو غەنیمەتو دەستکەوتی شەڕو ماڵی دونیایان دەستکەوت؛ ئەوا دوولەسەر سێی پاداشتی غەزاکەیا دەڕواتو تەنها یەك لەسەر سێیان بۆ قیامەت دەمێنێتەوە، خۆ ئەگەریش هیچ غەنیمەتو دەستکەوتی شەڕیان دەست نەکەوت؛ ئەوا پاداشتی غەزاکەیان لای خواو لە ڕۆژی دوایی بەتەواوی وەردەگرن.

---

٣٠- مسلم، صحيح مسلم، ج٦،ص٤٧.

# باسی پێنجەم

## دامەزراویی دڵ (الیقین)

یەکێکــی تر لە کردەوە گرنگەکانی کانی دڵ ئەوەیە، بەردەوام دڵنیاو دامەزراو بێت بەرامبەر بە پرســەکانی باوەڕو خواناســیو لە هیچ کاتو لەژێر کاریگەریی هیچ شتێکدا نەگۆڕێتو باوەڕەکەی لەق نەبێت، لەم باسەماندا هەوڵ دەدەین تیشك بخەینە سەر وردەکارییەکانی ئەم زاراوەیەو لە پێناسەکەیەوە دەست پێ دەکەین:

### پێناسەی (یقین):

زانایان لەبارەی پێناسەی دامەزراویی دڵ (الیقین) دەڵێن:

بریتییــە لە: (سُكُــونُ الفَهْمِ مَعَ ثَباتِ الحُكْمِ)[1] . واتــە: بریتییە لە ئارامی بیرو جێگیــری بــاوەڕ بەوەی ئــەم حوکمە، یــان کارە گۆڕانکاری بەســەردا نەهاتووەو ناشــیەت. واتە: کەســەکە ئەو بڕیارەی لەبارەی ئەو بابەتــە داوێتی، ئیتر قابیلی پێداچوونەوەو هەڵوەشاندنەوە نییەو نەگۆڕە بۆ نموونە: بابەتی باوەڕو بنەماکانی ئێمــە باوەڕی تەواومــان پێیان هەیــەو هەرگیزیش لە ئاســتیاندا دوو دڵ نینو ئەگەری پێداچوونەوەیان نییە.

لە پێناســەیەکی تری (یقین) دا هاتووە: (هو ارتفاع الريب في مشهد الغيب)[2] .
واتــە: بریتییە لە لاچوونی هەموو دوودڵیو گومانێك بەرامبەر بەو شــتانەی کە لێمان پەنهانو نایانبینین.

واتا (یقین) بریتییە لە بوونی باوەڕی تەواو بە هەموو ئەو شتانەی کە لێمان

١- الراغب الأصفهاني (أبو القاسم الحسين بن محمد المعروف بالراغب الأصفهاني)، المفردات في غريب القرآن، دار القلم والدار الشامية، دمشق، بيروت، ط١، ١٩٩٢، تحقيق: صفوان عدنان الداودي. ص٨٩٢.

٢- الجرجاني (علي بن محمد بن علي الزين الشريف الجرجاني)، التعريفات، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٩٨٣، ضبطه وصححه جماعة من العلماء بإشراف الناشر،ص٢٥٩.

پەنهانــن بــە ڕێژەیەکی زۆر زیاتر لەو شــتانەی کە بەرجەســتەنو دەیانبینین؛ چونکەی ئەوەی دەیبینین بەچاو، یان بەهەستەوەرەکانی تر هەستیان پێ دەکەین ئەوانە ئێمە لەڕێگەی توانا سنووردارەکانی خۆمانەوە دەیانسەلمێنین، کە لەوانەیە لەژێر کاریگەریی هەندێك شــتدا زانیاری هەڵەمان پێ بدەن وەك لە کاتی بوونی جادوو، یان نەخۆشــی، یان هەرشــتێکی تر، وەك ئەوەی خوای گەورە لە چیرۆکی موســا لەبارەی جادووی جادووگەرەکانی فیرعەون دەفەرموێت: ﴿فَلَمَّا أَلْقَوْاْ سَحَرُوا أَعْـيُنَ النَّاسِ وَاسْتَرْهَبُوهُمْ﴾[٣] . واتە: کاتێك پەتو گۆچانەکانیان فڕێ دا، جادوویان لــە چاوی خەڵکی کردو تۆقاندیانــن، کەواتە: ئەوەی کردیان لە ڕاســتیدا بوونی نەبوو، بەڵام چاوبەستیان لە خەڵکەکە کردبوو ئەوان وایان دەبینی.

لەبارەی موســایش دەفەرموێت: ﴿فَإِذَا حِبَالُهُمْ وَعِصِيُّهُمْ يُخَيَّلُ إِلَيْهِ مِن سِحْرِهِمْ أَنَّهَا تَسْعَى﴾[٤] . واتە: کاتێك پەتو گۆچانەکانیان فڕێ دا، وا دەهاتە پێش چاوی موسا کــە ئەمانە بوونەتە مارو ئەژدیها. کەواتە: لێرەشــدا خــوای پەروەردگار جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە موسا وای دەهاتە پێش چاو، نەك لە ڕاستیدا وابوون.

بۆیە ئەو چاوەی ئێمە کردوومانە بە سەنگی پێوانەی ڕاستییەکان ئەکرێت فێڵی لێ بکرێت، بەڵام ئەوەی خوای گەورە دەیفەرمووێت؛ ئەوە حەقو ڕاستیی ڕەهایەو هیــچ جێــی گومانو دوودڵی نییەو لە هیچ کاتێکیشــداو لەژێــر کاریگەریی هیچ شتێکدا خوای گەورە زانیاریی هەڵە ناداتە بەندەکانی، ئیتر عەقڵو هەستەوەرەکانی ئێمە بیســەلمێنن، یان نا؛ ئەوە ئەرزشــێکی ئەوتۆی نییە بەمەرجێك لەشــەرعو فەرموودەی خوادا سەلمابێت.

هەر بۆیە ئەوەی خوای گەورە دەیفەرمووێت لەبارەی زاتی خۆی، یان قیامەت، یان بەهەشــتو دۆزەخ، یان هەرشــتێکی تری پەنهانی پاش مــردن، ئەوانە بەلای ئێمــەی باوەڕدارەوە زیاتر لەو شــتانەی کە لەم دنیا بەچاوی ســەر دەیانبینین

٣- سورة الأعراف: الآية ﴿١١٦﴾.

٤- سورة طه: الآية ﴿٦٦﴾.

ڕاسترنو زیاترجێگەی متمانە پێکردنن.

باوەڕی دامەزراویش بەو شێوەیە بالآترین پلەکانی باوەڕەو لە قۆناغی ئیسلامو ئیمـان هەڵدەکشـێت بۆ قۆناغی ئیحسـان کە پێغەمبەری خـوا ﷺ لە بارەیەوە دەفەرمویـت: {الْإِحْسَانُ أَنْ تَعْبُدَ اللَّهَ كَأَنَّكَ تَرَاهُ فَإِنْ لَمْ تَكُنْ تَرَاهُ فَإِنَّهُ يَرَاكَ}[٥]. واتە: ئیحسـان ئەوەیە کە بەشـێوەیەك خوا پەرستی بکەیت کە خوای گەورە دەبینیت، خۆ ئەگەر تۆ ئەو نەبینیت ئەوا ئەو تۆ دەبینێت.

## واتای یەقین لە قورئاندا:

خـوای گەورە لە قورئاندا لە نزیکەی (٢٠) سـورەتداو بە (١٤) شـێوە وشـەی (یقین)ی بەکار هێناوە.

زانایان لەبارەی ڕاڤەکردنی وشـەی (یقین) دەڵێن: ئەم وشەیە لە قورئاندا بە دوو واتا بەکار هاتووە:

**یەکەم:** بە واتای باوەڕێکی دامەزراوو پتەو، وەك ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ هَذَا لَهُوَ حَقُّ الْيَقِينِ﴾[٦] . واتە: ئەوە ڕاستی تەواوە کە هیچ گومانی تێدا نییە.

**دووەم:** بە واتای مردن بەکار هاتووە وەك ئەوەی خوای گەورە بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ﴿وَاعْبُدْ رَبَّكَ حَتَّى يَأْتِيَكَ الْيَقِينُ﴾[٧] . واتە: لەسـەر بڕواداریو خواناسی خۆت بەردەوام بە هەتا مردن ڕیگەت پێ دەگرێتو ژیان بەجێ دەهێڵێت.

ئەو دوو واتایەی (یقین)یش ناکرێت بەهیچ شێوەیەك تێکەڵ بەیەکتر بکرێن؛ چونکە دژ بە بنەماکانی باوەڕداری دەوەستنەوە، وەك ئەوەی هەندێك لە خەڵکانی کاڵفـامو فریودەر ئەو ئایەتەی دووەم بەدڵنیاییو دامەزراویی ڕاڤە دەکەنو دەڵێن ئەگەر مرۆڤ لەپەرستنو خواناسیدا گەشتە قۆناغی دڵنیایی، ئیتر بۆی هەیە هیچ پەرستشێك ئەنجام نەدات؛ چونکە خوای گەورە دەفەرموویت: تا ئەوکاتە خواناسی

---

٥- البخاري، صحيح البخاري، ج١،ص١٩. مسلم، صحيح مسلم، ج١،ص٢٩.

٦- سورة الواقعة: الآية ﴿٩٥﴾.

٧- سورة الحجر: الآية ﴿٩٩﴾.

بكــه كه دەگەيتە قۆناغــى دڵنيايى، كەواتە: ئەگەر گەشــتينە ئەو قۆناغە بۆمان هەيە واز لە خواناســى بهێنين، ئەمــەش ئەو پەڕى نەفامىو بێ دينييە؛ چونكە، نەك تەنها لەم ئايەتەدا، بەڵكو لە هەندێك شوێنى تريشدا وشەى (يقين) بەواتاى مردن هاتووە وەك ئەو ئايەتەى كە خواى پەروەردگار لەســەر زمانى دانيشتووانى دۆزەخ دەگێڕێتەوە، كاتێك فريشــتەكان لێيان دەپرســن بۆ واتان بەســەر خۆتان هێنا؟! بۆچى لێرە نيشــتەجێن؟ لە وەڵامدا دەڵێن: ﴿قالــوا لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ × وَلَمْ نَــكُ نُطْعِمُ الْمِسْكِـينَ × وَكُنَّا نَخُوضُ مَعَ الْخَائِضِــينَ × وَكُنَّا نُكَذِّبُ بِيَوْمِ الدِّيــنِ × حَتَّى أَتَانَا الْيَقِــينُ﴾[٨]. واتــە: ئێمە لە دونيا نوێژمان نەدەكرد، دەســتگيرۆيى خەڵكى هەژارو برســيمان نەدەكردو خواردنمان پێ نەدەدان، لەگەڵ خەڵكانى گومڕاو سەرلێشێواو دۆستايەتيمان دەكرد؟ تا لەناكاو مردن يەخەى پێ گرتين.

ئيبنــو كەســير لە ڕاڤەى ئەم ئايەتــەدا دەڵێت: (وَيُسْتَــدَلُّ بِهَا عَلَــى تَخْطِئَةِ مَنْ ذَهَــبَ مِــنَ الْمَلَاحِدَةِ إِلَى أَنَّ الْمُرَادَ بِالْيَقِينِ الْمَعْرِفَةُ، فَمَتَى وَصَــلَ أَحَدُهُمْ إِلَى الْمَعْرِفَةِ سَقَطَ عَنْهُ التَّكْلِيــفُ عِنْدَهُــمْ!!!! وَهَذَا كُفْــرٌ وَضَلَالٌ وَجَهْلٌ)[٩]. واتە: ئــەم ئايەتە دەكرێتە بەڵگە لەســەر بەهەڵەداچوونى ئەو خوانەناسانەى كە دەڵێن (يەقين) لە ئايەتى پێشوودا[١٠] بەواتاى زانيارىو زانســتەو هەركات يەكێكيان گەشتە ئەو قۆناغە، ئيتر ئەركو فەرمانە شەرعييەكانى لەسەر لادەچێت، ئەمەش بێدينىو گومڕاىو نەزانييە.

جگە لەوەش ئەگەر ئەو قســەيە ڕاســت بوايەو بۆ كەسێك دەستى بدايە دەبوو ئــەو كەســە پێغەمبەرى خوا ﷺ بوايەو ئەو بەپێى ئــەو ئايەتە لە قۆناغێك لە قۆناغەكاندا وازى لە خواناســى بهێنايەو بيوتايە من گەشــتوومەتە (يقين)، بەڵام بەپێچەوانــەوە ئەو لە هەموو خەڵك زياتر خواناســىو پەرستشــى كردووە ڕۆژ

---

٨- سورة المدثر: الآيات ﴿٤٣-٤٧﴾.

٩- إبن كثير (أبو الفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي الدمشقي)، تفسير إبن كثير (تفسير القرآن العظيم)، ج ٤، دار طيبة للنشر والتوزيع، ط ٢، ١٩٩٩، تحقيق: سامي بن محمد سلامة، ص ٥٥٤.

١٠- مەبەستى ئايەتى: ﴿وَاعْبُدْ رَبَّكَ حَتَّى يَأْتِيَكَ الْيَقِينُ﴾.

بەرۆژیش زیاتر لە خواوە نزیکتر بووە. خۆ ئەگەریش بۆ ئەو درووست نەبووبێتو دەستی نەدابێت؛ ئەوا بۆ غەیری ئەو هەر نابێتو هەرکەسیش بانگەشەی ئەوە بکات؛ ئەوا نەك هەر پیاوچاك نییە، بەڵکو وەکو ئیبنو کەسیر دەڵێت موسڵمانیش نییەو لە بازنەی باوەڕ دەرواتە دەرەوە.

کەواتە: ئەو یەقینەی ئێمە دەمانەوێت، لێرەدا قسەی لەسەر بکەین بەواتای یەکەمە، نەك دووەم.

## قۆناغەکانی گەشتن بە یەقین:

خۆشەویستان هەڵوێستی مرۆڤەکان لەبارەی شتەکان، تا گەشتن بە بڕیاردان للەسەریان بەسێ قۆناغدا تێپەڕ دەبێت:

**قۆناغی یەکەم:** دوو دڵی (شك): بریتییە لە بوونی دوو ئەگەر، هیچ کامیان بەسەر ئەویتریاندا زاڵ نینو خاڵی یەکلاکەرەوەش لەنێوانیاندا نییە، خوای گەورە کە باسی هەڵوێستی بێباوەڕان دەکات بەرامبەر بە پەیامەکەی خوای گەورە لەبارەیانەوە دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّهُمْ لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ﴾[11] . واتە: ئەوانە لە دوودڵییەکی زۆرداو بەگومانەوە دەڕواننە پەیامەکەی پێغەمبەر ﷺ.

**قۆناغی دووەم:** گومان (ظن): لەم قۆناغەشدا هێشتا ئەگەرەکان تەواو یەکلا نەبوونەتەوە، بەڵام هەندێك ئاماژە پێمان دەڵێن کە یەکێکیان لەوانی تر بەهێز ترە، بۆیە مرۆڤ دڵی بەلای ئەوەیاندا زیاتر دەچێت. خوای گەورە کە باس لە بیروباوەڕی بێباوەڕان بەرامبەر بە پیرۆزیو پەرستراوەکانیان دەکات دەفەرموێت: ﴿إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَمَا تَهْوَى الْأَنفُسُ﴾[12] . واتە: ئەوانە تەنها شوێنی گومانو ئارەزوەکانی خۆیان کەوتوون، کەواتە: دڵنیا نەبوونو نین لەوەی ئەو بتو بیردۆزەو درووشمانەی دەیپەرستن هیچ سوودێکیان هەیە، یان نا؟!.

بیروباوەڕی خەڵکانی دوور لە خوا هەمیشە لەم دوو قۆناغە داخراوەدا

---

١١- سورة هود: الآية ﴿١١٠﴾.

١٢- سورة النجم: الآية ﴿٢٣﴾.

ســووڕاوەتەوەو هەرگیز نەگەشتووەتە کەناری ئارامیو دڵنیابوون، چ سەبارەت بەو درووشمو ئایدیا پووچانەی بەپیرۆزیان داناوەو کاریان لە پێناودا کردووەو ژیانو تەمەنیـان بۆ تەرخـان کردووەو خەڵکیان لە پێناودا بۆ فریو داوە، چ سـەبارەت بەو ڕاسـتیو پیرۆزییە ڕاسـتەقینانەی کە سـەنگەریان لێ گرتـووەو دژایەتییان کردووەو شەمشـەمە کوێر ئاسا چاویان بەڕووناکی ڕاسـتییەکانیدا هەڵنەهاتووە، هەر لەبەرئەوەشـە هەرگیز ئاسوودە نەبوونو کەسـێتییەکی جێگیرودامەزراویان نەبووەو لەسـەر بیروباوەڕێکی دیـاری کراو ئۆقرەیان نەگرتـووەو هەر ڕۆژە بە بای لایەکو لەسـەر پەتێك یارییان کردووەو هەمیشـە لە خولگەی ئارەزووەکانی خۆیانو بەرژەوەندییەکانی خەڵکێکدا بوون، ڕۆژێك چەپ بوونو ڕۆژێك ڕاسـتو ڕۆژێك لەگەڵ ڕۆژهەڵاتو ڕۆژێك لەگەڵ ڕۆژئاواو بە وێنەی تەلەفۆنی سـەر جادە هەرکەس پارەی تێکردبن، ئیتر لە دەسـتی ئەودا بـوونو کارو بەرنامەی ئەویان ڕایی کـردووە. خوای گەورەش لەبارەی بیروبـاوەڕی ئەوانە دەفەرموێت: ﴿وَمَثلُ كَلِمَـةٍ خَبِيثَةٍ كَشَجَرَةٍ خَبِيثَةٍ اجْتُثَّتْ مِن فَوْقِ الأَرْضِ مَا لَهَا مِن قَرَارٍ﴾[١٣] . واتە: نموونەی بیروباوەڕی خراپو دوور لە ڕاسـتیی خواناسی، وەکو دارێکی پیسی هەڵکەنراو لە زەوی وایـەو ئۆقرەو ئارامی لێ هەڵدەگیرێتو بـەدەم باوە دەڕواتو هەر ڕۆژە با لەلایەکدا فڕێی دەدات.

**قۆناغی سێیەم:** قۆناغی دڵنیایی (یقین): مرۆڤ لەم قۆناغەدا دڵنیایی تەواوی بۆ دروسـت دەبێـتو بەهۆی بەهێزی بەڵگـەکانو بەدواداچوونـی بەردەوامەوە ڕاستییەکانی بۆ یەکلا دەبێتەوە، هەر بۆیە زانایان دەڵێن: هەموو یەقینێك زانستە، بەڵام هەموو زانستێك یەقین نییە.

کەواتە: گەشـتن بەم قۆناغەو بەدڵنیای تەواو پێویسـتی بە بەڵگەی زانستیو لۆژیکی بەهێز هەیە، هەر بۆیەشە زانستی خوای گەورە وەسف ناکرێت بە یەقین؛ چونکە ڕاسـتە ئەو زانایە بەهەموو شـت، بـەڵام ئەو زانسـتو زانیارییانەی کە

١٣- سورة إبراهيم: الاية ﴿٢٦﴾.

هەیەتــی لــە دەرەنجامی بەڵگەو بەدواداچوونەوە دەســتی نەکەوتووە، بەڵکو هەر لە ئەزەلەوە ئەو زانســتەی هەبووەو زانســتی خوای گەورە زیادو کەم ناکات. ئەوە ئێمەین بۆ گەشتن بەڕاستییەکان پێویستیمان بە بەڵگەو بەدواداچوون هەیە.

ئــەم قۆناغەش تایبەتــە بە بڕوادارانو هیــچ پەیــامو بەرنامەیەکی تر وەك ئیســلامو پەیامەکەی خوا بەڵگەی ڕاســتیو زانستی نییە، یان بەڵگەکانی ئەوەندە بەهێزو یەکلاکەرەوە نین؛ تا بیگەیەنێتە کەناری ئارامی لە باوەڕەکەیدا.

## پلەکانی یەقین:

ئەم قۆناغی یەقینو دڵنیاییەش سێ پلەی هەیە کە ئەمانەن:

**یەکــەم:** بوونی زانســتێکی دڵنیاکــەرەوە (علم اليقين): واتا مــرۆڤ لە ڕووی تیۆریــیو فیکرییەوە بەڵگەی تەواوی بۆ درووســت دەبێت، کــە ئەوانەی باوەڕی پێیەتی هەمووی ڕاستنو دڵنیاکەرەوەن.

مرۆڤی باوەڕدار بۆ ئەوەی بگاتە ئەم قۆناغە بەچەند بازنەیەکدا گوزەر دەکات:

بازنــەی یەکەم: بازنەی ئیســلامە، ئیســلام بازنەیەکی فراوانــەو هەموو ئەو خەڵکانە دەگرێتە خۆی کە خۆیان ڕادەســتی فەرمانەکانی خوای گەورە کردووەو جێبەجێــی دەکەن، جا تا چەند ئەوەی بەڕووکــەش دەیکەن لە ناخیاندا جێگیر بووە، یان نا، ئەوە جێی پرســیارەو بۆ وەڵامدانەوەی پێویستمان بە بازنەی دووەم هەیە کە بازنەی باوەڕە.

بازنــەی دووەم: بریتییــە لــە ئاوێتەبوونی ئــەو کارو کردەوانــەی مرۆڤ لە ڕووکەشــدا دەیکەن لەگەڵ باوەڕی ناخی دڵیانو ئاوێتەبوونی سەرجەم ئەندامانی لــەش بەتایبەتــی دڵ لەگەڵ کردەوەکانی جەســتەو هەرکات مرۆڤ گەشــتە ئەم قۆنــاغو بازنەیــە؛ ئەوکات باوەڕەکەی بەتــەواوی دادەمەزرێت، بــەڵام مانەوە لە بازنەی یەکەم جێی متمانە نییەو کەســەکە هەمیشــە لە مەترســیدایەو ناکرێت متمانە بە باوەڕەکەی بکرێت.

پاش بازنەی دووەمیش بازنەیەکی تەسکتر هەیە لەو دوو بازنەیەی پێشتر کە

بازنەی ئیحسانەو مرۆڤ کە دەگاتە ئەم بازنەیە باوەڕی تەواوی بەڕاستی پەیامو بەرنامەکەی بۆ درووست دەبێت وەك ئەوەی هەموو شتە نەبینراو غەیبییەکانیش لای ئەم بینراوو بەرجەستە بن.

بەڵام بەداخەوە کەمن ئەو باوەڕدارانەی کە دەگەنە ئەم بازنەیەو زۆربەی باوەڕداران هەر لە بازنەی یەکەمو دووەم دەمێننەوەو ناگەنە بازنەی سێیەم.

هەموو ئەم بازنەو قۆناغانەیش کە باسمان کرد، هێشتا هەر قۆناغی زانستی تیۆریە (علم اليقين)و نەگەشتووەتە قۆناغی دووەم.

دووەم: قۆناغی بینینی ڕاستییەکان (عين اليقين): لەم قۆناغەدا ڕاستییەکان لە بازنەی تیۆری دەترازێنو دەچنە بازنەی کرداریو مرۆڤ بەچاوی سەر ڕاستییەکان دەبینێت، داواکەی حەزرەتی ئیبراهیم عليه السلام دەچێتە ئەم بازنەو قۆناغەوە کاتێك داوا لە خوای گەورە دەکات نیشانی بدات کە چۆن مردوو زیندوو دەکاتەوە، خۆ ئێمە دڵنیاین لە دامەزراویی باوەڕی ئیبراهیم؛ چونکە ئەم داوایەی لە سەرەتای پێغەمبەرایەتییەکەیدا نییە؛ تا بڵێین داوای دڵنیایی دەکات، بەڵکو کاتێك ئەم داوایە دەکات چەند قۆناغێکی سەختی لەگەڵ گەلەکەی بڕیوەو تەنانەت خوای گەورە پاش گفتوگۆکەی لەگەڵ نەمروود ئەم داوایەی باس دەکاتو لەبارەیەوە دەفەرمویت: ﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِي الْمَوْتَى قَالَ أَوَلَمْ تُؤْمِن قَالَ بَلَى وَلَـكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِي قَالَ فَخُذْ أَرْبَعَةً مِّنَ الطَّيْرِ فَصُرْهُنَّ إِلَيْكَ ثُمَّ اجْعَلْ عَلَى كُلِّ جَبَلٍ مِّنْهُنَّ جُزْءاً ثُمَّ ادْعُهُنَّ يَأْتِينَكَ سَعْياً وَاعْلَمْ أَنَّ اللّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾[١٤] . واتە: کاتێك ئیبراهیم گوتی: ئەی پەروەردگارم نیشانم بدە چۆن مردوو زیندوو دەکەیتەوە. ئەم داوایەی ئیبراهیم وەك داواکەی موسا وایە درووودو سەلامی خوایان لەسەر بێت کە داوا لە خوای گەورە دەکاتو دەفەرموویت: ﴿رَبِّ أَرِنِي أَنظُرْ إِلَيْكَ﴾[١٥] . واتە: ئەی پەروەردگارم ڕێگەم بدە بتبینم. پێغەمبەران لە شەوقو خۆشەویستیان بۆ خوای گەورە، حەزیان

١٤- سورة البقرة: الآية ﴿٢٦٠﴾.

١٥- سورة الأعراف: الآية ﴿١٤٣﴾.

کــردووه زۆر لێی نزیك ببنەوەو خوای گەورە هەندێك بەخششـــیان لەگەڵ بکات کە لەگەڵ خەڵکانی تری نەکردووە، داواکەی ئیبراهیمیش هەر لەم ڕوانگەیەوەیە.

خــوای گەورەش پێی دەفەرموێت: بۆ هێشـــتا باوەڕت دانەمــەزراوە؟ هەرچەندەی خوای گەورە خۆی باشتر دەزانێت کە باوەڕی چەند پتەوو دامەزراوە، بەڵام ئەمە تەنها بۆ دواندنی ئیبراهیمە، هەروەك چۆن پرسیار لە موسا دەکاتو دەفەرموێت:

﴿وَمَا تِلْكَ بِيَمِينِكَ يَا مُوسَى﴾[16] . واتە: ئەی ئەوە چییە بەدەســتی ڕاســتەوە ئەی موسا؟ لە کاتێکدا خوای گەورە دەزانێت گۆچانەو بۆچیشی بەکار دەهێنێت، بەڵام تەنها بۆ دواندنی موســا پرســیارەکە دەکات. لێرەشدا پرســیارەکە هەر بۆ هەمان مەبەســـتە. ئیبراهیمیش لە وەڵامدا دەفەرمووێت: بەڵێ باوەڕم تەواو دامەزراوە، بەڵام دەمەوێت زیاتر دڵنیا بمەو زیاتر گەورەیی دەسەڵاتت ببینم.

بۆیــە ئیبراهیــم دەیەوێت لــە قۆناغی بــاوەڕی تیۆری بەڕاســتییەکان (علم اليقين) بترازێت بۆ بینینی ڕاســتییەکان (عين اليقيــن)، ئەم قۆناغەش تایبەتە بە پێغەمبەرانو لەوانەشــە هەندێك لە پیاوچاکان بەشێکی کەمیان لەم بەخششە گەورەیە بەهرەمەندبن.

**سێیەم:** قۆناغی بەرجەستەبوونو ژیان لەناو ڕاستییەکان (حق اليقين):

لەم قۆناغەدا مرۆڤ بەشێوەیەکی بەرجەستەبوو، ئاوێتەی ڕاستییەکان دەبێتو لەگەڵیاندا دەژیو هیچ بوارێك بۆ ئینکاریکردن، یان باوەڕ نەبوون نامێنێتەوە

بۆ نموونە: هەموو ئەو شتانەی کە لە دونیا لێمان پەنهانن‌و خوای گەورە داوای لــێ کردووین باوەڕمان پێیان هەبێت لەپاش مردن دەبنە واقیعو مرۆڤ تەواو لە بوونیان دڵنیا دەبێتەوە؛ چونکە هەســـتەوەرەکان هەســـتی پــێ دەکەن، ئیتر لەو کاتانەدا باوەڕ هیچ هونەرو گرنگییەکی نامێنێت؛ چونکە بیەوێت، یان نا شتەکان ڕاستن‌و بوونیان هەیە.

ئەمــەش خاڵی جیاکــەرەوەی نێوان مرۆڤی باوەڕدارو بێبــاوەڕە؛ چونکە ئێمە

---

١٦- سورة طه: الآية ﴿١٧﴾.

هەر لە دونیاو بەر لەوەی هیچ شتێك بەچاوی سەر ببینین، باوەڕمان وایە هەموو ئەو شتانەی کە خوای گەورە خۆی ڕاستەوخۆ لە قورئاندا، یان لەسەر زاری پێغەمبەرەکەی ﷺ باسی کردوونو فەرموونی هەمووی ڕاستنو بۆ یەك ساتیش لە بوونی بچووکترینی ئەو شتانە دوو دڵ نین، بەڵام بێباوەڕان باوەڕیان پێیان نییە، پاش مردن ئێمەو ئەوانیش هەموومان وەك یەك ڕاستییەکان دەبینین، بەڵام بەداخەوە ئەو کات کاتی تاقیکردنەوەکان کۆتایی هاتووەو باوەڕبوون هیچ سوودێکی نامێنێت.

## هۆکارەکانی درووستبوونی یەقین:

بۆ گەشتن بەم قۆناغانەش مرۆڤی باوەڕدار پێویستی بە دوو هۆکارو هاوکاری سەرەکی هەیە ئەوانیش:

**یەکەم:** پێویستی بە زانستی دڵە.

**دووەم:** پێویستی بەوەیە کە ئەو زانستەی لە واقیعو ژیانی ڕۆژانەیدا ڕەنگدانەوەی هەبێتو بەرجەستەی بکات.

خوای گەورە لە قورئاندا کۆمەڵێك دیمەنی دامەزراویو پتەوی باوەڕی پێغەمبەرانمان بۆ باس دەکات؛ تا ئێمەش لێیانەوە فێر بینو چاویان لێ بکەینو هاوشێوەی ئەوان فەرمانبەرداری فەرمانەکانی خوای گەورە بین لەوانە:

دیمەنی ئیبراهیم کە چۆن ئامادە بوو هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە گیانی خۆی ببەخشێتە خوای گەورەو لە پێناوی ئەودا بخرێتە ئاگرەوەو بسووتێنرێت، یان دواتر چۆن ئامادەبوو خێزانو کۆرپەلە تاقانەکەی لە بیابانێکی وشكو چۆڵدا جێ بهێڵێت، کە بەپێی هەموو پێوەرەکان ئەو جێهێشتنە ڕادەستکردن بوو بە مەرگ، دەڵێن: کاتێك ئیبراهیم درووددو سڵاوی خوای لێ بێ، خاتوو هاجەرو ئیسماعیلی دانا، خاتوو هاجەر شوێنی کەوتو سێ جار بانگی کردو دەیگوت: ئەی ئیبراهیم تو خوا خوا فەرمانی پێ کردوویت لێرەدا فڕێمان بدەیتو جێمان بهێڵیت؟ ئەویش قورگی پڕ بووبوو لە گریان، نەیدەتوانی وەڵامی بداتەوە، دواجار ئاوڕی

دایـــەوەو فەرمووی: بەڵێ خوای گەورە فەرمانی پێ کردووم. ئەوجا خاتوو هاجەر فەرمووی: کەواتە: بڕۆ جێمان بهێڵە خوای گەورە دەمانپارێزێت [17].

ئەوەی زۆر جێی سەرنجە لەم دیمەنەدا جگە لە هەڵوێستی حەزرەتی ئیبراهیم دروودو ســـەلامی خـــوای لـــێ بێت هەڵوێســـتی خاتـــوو هاجـــەرەی خێزانێتی کە پێغەمبەریش نییە، بەڵام ئەو باوەڕە پتەو و دامەزراوەی بە خوای گەورە هەبووە، کە ئەگەر ئەمە فەرمانی ئەو بێت، ئیتر ترسی نییەو ئەو خۆی دەیانپارێزێت.

یان دیمەنی موسا پێغەمبەر دروودو سەلامی خوای لێ بێت کاتێك خوای گەورە فەرمانی پێ دەکات لەژێر باڵی ڕەشی شەودا خۆیو گەلەکەی میسر بەجێ بهێڵن، ئەوە بوو کاتێك فیرعون پێی زانین شوێنیان کەوتو لە کەنارەکانی دەریادا پێیان گەشـــت و موســـاو گەلەکەی کەوتنە نێوان بەرداشـــی دوو هێـــزەوە، هێزی دەریاو هێزی ســـوپاکەی فیرعەون، لـــەو کاتانەدا گەلەکەی هاواریان کـــردو گوتیان: ﴿إِنَّا لَمُدْرَكُونَ﴾ [18]. واتە: ئەوە فیرعەون پێمان گەیشـــتەوەو تیاچووین، بەڵام موسا لەو پـــەڕی متمانەبوونەوە بە خوای خۆی هـــاواری کردو فەرمووی: ﴿كَلَّا إِنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهْدِيـــنِ﴾ [19] . واتە: نەخێر من خوای گەورەم لەگەڵەو ئەو ڕزگارمان دەکات، خۆ ئەو کاتەی موسا قسەکە دەکات؛ خوای گەورە هیچ بەڵێنێکی پێ نەداوە کە ڕزگاری بکات، بەڵام متمانەی موســـا بە خوای گەورە ئەو دڵنیاییەی پێ دەبەخشـــێت، کە خوای گەورە ڕزگاریان دەکات.

یان دیمەنی پێغەمبەری ئیســـلام ﷺ لـــەو کاتەی لەگەڵ ئەبوبەکری هاوەڵیدا، لە ئەشکەوتەکەدا خۆیان حەشار دابوو، بێباوەڕان گەشتنە بەردەمی ئەشکەوتەکەو ئەبوبەکر بە ترسێکی زۆرەوە دەیچپاند بەگوێی پێغەبەردا ﷺو دەیگوت: (ئەگەر

١٧- إبن أبي زمنين (أبي عبد الله محمد بن عبد الله بن أبي زمنين)، تفسير القرآن العزيز، ج٢، دار الفاروق الحديثة، القاهرة، ط،٢٠٠٢ تحقيق: حسين بن عكاشة، محمد بن مصطفى الكنز، ص٢٧٣.

١٨- سورة الشعراء: الآية ﴿٦١﴾.

١٩- سورة الشعراء: الآية ﴿٦٢﴾.

یەکێکیان سەیری بەرپێی خۆی بکات دەمانبینێتو دەماندۆزنەوە، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ لەو پەڕی ئارامیو متمانەبوونەوە بە خوای گەورە پێی فەرموو: {مَا ظَنُّكَ يَا أَبَا بَكْرٍ بِاثْنَيْنِ اللَّهُ ثَالِثُهُمَا}[20]. واتە: ئەی ئەبوبەکر گومانت بەدوو کەس چۆنە کە خوای گەورە سێیەمیان بێت، دڵتەنگ مەبە؛ خوامان لەگەڵە. ئەوە بوو خوای گەورە ڕزگاری کردنو بێباوەڕان نەیانتوانی زەفەریان پێ ببەن.

جابری کوڕی عەبدوڵلا دەگێڕێتەوەو دەڵێت: كُنَّا مع رسول اللّهِ ﷺ بذاتِ الرِّقاعِ، فـإذَا أتينـا على شَجرةٍ ظليلة تركْنَاهَـا لرسول اللّه ﷺ، فَجاء رجُلٌ مـن الْمُشْرِكين، وسيف رسول اللّه ﷺ مُعَلَّقٌ بالشَّجرة، فاخْترطهُ فقال: تَخافُني؟ قَالَ: {لا}. قَالَ : فمَنْ يمْنَعُك منِّي؟ قـال: {اللَّه}. قال: فسقَطَ السَّيْفُ منْ يده، فأخذ رسَول اللّه ﷺ السَّيْفَ فَقال: {منْ يمنعُك منِّـي؟}. فَقال: كُن خَـيْرَ آخذٍ، فَقَالَ: {تَشهدُ أنْ لا إلَه إلا اللّـهُ، وأنِّي رسولُ اللَّه؟}. قال: لا، ولكِنِّي أعاهِدُك أن لا أقَاتلَكَ، ولا أكُونَ مع قوم يقاتلونك، فَخلَّى سبِيلَهُ[21].

واتە: لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا بووین ﷺ لە غەزای (ذات الرقاع)، ڕێمان کەوتە دارێك سێبەری هەبوو جێمان هێشت؛ تا پێغەمبەری خوا ﷺ کەمێك پشووی لێ بدات، لەو کاتەنەدا یەکێك لە بێباوەڕان دزەی کردبووە ناو سەربازگەی موسڵمانانو گەشتبووە پێغەمبەر ﷺو ئەویش ڕاکشابوو شمشێرەکەشی کردبوو بە دارەکەدا، پیاوەکە شمشێرەکەی هەڵکێشاو گوتی: ئەی محەممەد لێم دەترسیت؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: نەخێر. گوتی: ئێستا کێ لە دەستم ڕزگارت دەکات؟! پێغەمبەری خوایش ﷺ بەو پەڕی ئارامیو دڵنیاییەوە فەرمووی: خوای گەورە. کابرا کە گوێی لە ناوی الله بوو شمشێرەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە ئەوجا پێغەمبەر ﷺ شمشێرەکەی گرت بەدەستییەوەو فەرمووی: ئەی ئێستا کێ تۆ دەپارێزێتو ڕزگارت دەکات؟! پیاوەکە دەستی بە پاڕانەوە کردو گوتی: ئەی

٢٠- البخاري، صحيح البخاري، ج٥، ص٤. مسلم، صحيح مسلم، ج٧، ص١٠٨.

٢١- البخاري، صحيح البخاري، ج٥، ص١١٤. مسلم، صحيح مسلم، ج٢، ص٢١٦.

محەممـــەد من کردم، تۆ نەیکەیـــت، تۆ براگەورەو دەسترۆیشـــتوویەکی باش بە.

پێغەمبـــەر ﷺ پێـــی فەرموو: باوەڕ بهێنەو بڵێ: بـــاوەڕم وایە کە جگە لە خوای گەورە پەرســـتراوێکی تر بەحەق نییەو محەممەدیش پێغەمبەری خوایە، ئازادت دەکەم. پیاوەکە گوتی: باوەڕ ناهێنم، بەڵام بەڵێنت پێ دەدەم کە هەرگیز شـــەڕت لەگەڵ نەکەم، لەگەڵ کەسانێکیش نەبم کە شەڕت لەگەڵ دەکەن، پێغەمبەری خوا ﷺ ئازادی کرد.

بزانن بەڕێزان، ئەم ئارامیی‌و دڵنیاییی‌و لەگەڵ خوابوونە چ بەرهەم‌و دەرەنجامێکی گەورەو ناوازەی هەیەو چۆن خوای گەورە هاتووە بەدەم بەندەکانییەوە.

جگە لە پێغەمبەرانیش خەڵکانێکی خواناســـی تری زۆر هەبوون کە هاوشێوەی ئەوان باوەڕیان دامەزراو بووەو متمانەی تەواویان بە خوای خۆیان هەبووەو خۆشیی‌و ناخۆشییەکانی ژیان چەند زۆرو سەختو دژوار بووبن هەرگیز نەیهەژاندوون.

ئیبنو لقەییم باســـی ژیانی ئیبنو تەیمییەی مامۆســـتای دەکاتو دەڵێت: ئەم پیـــاوە زۆر نارەحەتی بینـــی، لە گرتن‌و زیندانیی‌و دەربەدەری، بەڵام هیچ کەســـم نەبینیـــوە، ژیانی هێندەی ئەو خۆش‌و ئاســـوودە بێت، دەڵێـــت هەموو جار گوێم لێبوو دەیگوت: خوا لە دونیادا بەهەشتێکی هەیە[٢٢] هەرکەس تێیدا نەژیی‌و هەست بەخۆشییەکانی نەکات، ناچێتە بەهەشتی دوارۆژو قیامەت.

کاتێك دەیان برد بۆ زیندان ئەو ئایەتەی دەخوێندو دەیگوت: ﴿فَضُرِبَ بَيْنَهُم بِسُورٍ لَّهُ بَابٌ بَاطِنُهُ فِيهِ الرَّحْمَةُ وَظَاهِرُهُ مِن قِبَلِهِ الْعَذَابُ﴾[٢٣] . واتە: دیوارێکمان لە نێوانیاندا درووســـت کرد، بەشی ناوەوەی سۆزو میهرەبانی خوای گەورەیەو بەشی دەرەوەی سزاو نارەحەتییە.

جـــا ئەو زیندانەکەی خۆی بە ســـۆزو میهرەبانیی‌و ڕەحمەت دەهاتە پێش چاو، بەناو ئازادی ئەوانەی دەرەوەشی بە سزاو ئازارو نارەحەتی؛ چونکە ئەو پێی وابوو

٢٢- دیارە مەبەستی بەهەشتی ئیسلام‌و خواناسیی‌و باوەڕداری بووە.

٢٣- سورة الحديد: الآية ﴿١٣﴾.

ژیان لەگەڵ ستەمو نادادپەروەریو بێدەنگبوون لە ئاستیان سزاو ناڕەحەتییەو زیندانو تەنهاییو ڕاستگۆیی لەگەڵ خوا ئازادیو سەربەرزیو بەختەوەرییە.

هەموو کاتیش لە زیندانەکەیدا سەرەڕای ئەو هەموو ئازارو ئەشکانجانەی دەیاندا دەیگوت: ئەگەر پڕاوپڕی ئەم قەڵایە زێڕ ببەخشم ناتوانم سوپاسی ئەم نیعمەتو بەخششو خۆشییانە بکەم، کە خوا لەگەڵی کردووم.

دەڵێت جارێکیان پێی گوتم: زیندانی ئەو کەسەیە کە دڵی لە خوا ترازاوەو زیندانی کراوەو یەخسیریش ئەوەیە یەخسیری کردەوەی تاوانو بەدخووی بووە [٢٤].

یەکێکی تر لەوانە صارمی کوڕی عەبدوڵلایە کە دەگێڕنەوە: جارێکیان هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك لەوەرزی حەجکردندا بە لایدا تێپەڕدەبێتو بەلای سەرێوە دەوەستێتو پێی دەڵێت: چیت پێویستە بۆت بکەم؟ ئەویش دەڵێت: من شەرم دەکەم لە ماڵی خوادا بم، بەڵام داوای شتێك لەغەیری ئەو بکەم. هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك بێدەنگ دەبێت، کاتێك حەج تەواو دەبێتو دەگەڕێنەوە لە ڕێگە دەیبینێتو پێی دەڵێتەوە: ئێستا شتێکم پێ بڵێ بۆتی بکەم، صارم دەڵێت: پێویستی دونیاییت پێ بڵێم، یان هی قیامەت تا بۆم بکەیت؟ هیشام دەڵێت: هی دونیا؛ چونکە من دەسەڵاتی قیامەتم نییە. صارم دەڵێت: من داوای دونیام لە خاوەنی ڕاستەقینەی خۆی نەکردووە کە خوای گەورەیە، ئێستا چۆن لە کەسێکی داوا دەکەم کە خاوەنی نییە [٢٥].

جا خۆشەویستان با بەراوردێکی ئەو باوەڕەی ئەوان لەگەڵ باوەڕی خۆمان بکەینو بزانین ئێمە لەکوێو کام پلەی خواناسیداین.

پیاوێك لە پیاوە دەوڵەمەندەکانیو ڵاتی ئیمارات، لە یەکێك لە چاو پێکەوتنەکان پرسیاری لێ دەکەن: چیت بینیوە، زۆر سەیر بووە بەلاتەوە؟ دەڵێت: شەوێکیان

٢٤- إبن القيم، الوابل الصيب من الكلم الطيب، دار الكتاب العربي، بيروت، ط١، ١٩٨٥، تحقيق: محمد عبد الرحمن عوض، ص٦٧.

٢٥- الدينوري (أبو بكر أحمد بن مروان بن محمد الدينوري)، المجالسة وجواهر العلم، دار ابن حزم، بيروت، ط١، ص٢٣.

بێتاقەت بووم پیاسەم دەکرد، مزگەوتێکم بینی چوومە مزگەوت، بینیم کابرایەك زۆر بە کوڵ دەگریاو دەپاڕێتەوە، منیش کاتێك نزاکانی تەواو کرد چووم بەلایەوەو گوتم کاکە لە وانەیە پێویستییەکی زۆرت هەبێت وا بەم کاتەو بەم شێوەیە بەکوڵ دەگریــتو دەپاڕێیتەوە؟ گوتی: بەڵێ قــەرزاری خەڵکمو قەرزەکەم پێ نادرێتەوە. پێم گوت: قەرزەکەت چەندە پێم بڵێ؟ گوتی: (٤٠٠٠) درهەمە، منیش پارەم پێبوو چــوار هــەزار درهەمم دایەو پێش ئــەوەی بەجێی بهێڵم کارتێکــم پێداو گوتم: ئەمە کارتی خۆمەو هەرکات پێویســتت بەشــتێك بوو پەیوەندیم پێوە بکە بۆتی جێبەجــێ دەکەم. دەڵێت کە وام گوت: پیاوەکە زەردەخەنەیك گرتیو گوتی: کاکە ماڵت ئاوا بێت، کارتەکەت هەڵبگرە، من هەرکات پێویستم بە شتێك هەبێت، دێم لێــرەدا لە خوای داوا دەکەم خۆی جێبەجێی دەکات، من داوا لە کەس ناکەم جگە لە خواو پەیوەندیش بە کەســەوە ناکەم جگە لەو. دەڵێت: بەڕاســتی قســەکانیو هێزی باوەڕو متمانەی بە خوای گەورە سەرسامو سڕی کردم.

ئــەم بــاوەڕو متمانەبوونەش بە خوای گــەورە هەروا درووســت نابێتو کارو پەرستشــی زۆری دەوێت، بۆ بەردەوامیشــی دیسانەوە دڵســۆزیو لێبڕانی دەوێت، ئێمــە بــۆ بەردەوامی ژیــانو تەندرووســتیمان گرنگییەکی زۆر بە جەســتەمان دەدەینو هەمیشــە لــە خزمەتیداین، چەندان خواردنی خــۆش لە خۆمان حەرام دەکەیــن بەهــۆی ئەوەی کە زیانی بۆ جەســتەمان هەیە، بــەڵام هیچ گرنگییەك بەلایەنی ڕۆحی نادەینو خەمیان لێ ناخۆین، حەرامەکان ڕۆحمان تێك دەشکێننو دڵەکانمان دەکەنە وێرانە، بەڵام کۆڵیان لێ نادەینو دەستبەرداریان نابین.

جا چۆن گوتمان ڕیا فایرۆســی ئیخلاصو نیەتپاکییەو سەری کردەوە باشەکان دەخــواتو لەناوی دەبــات، ئاوها یەقینیش کۆمەڵێك دەردو نەخۆشــی هەیە لێی دەدەنو لاوازی دەکــەنو لەنــاوی دەبــەن؛ چونکــە وەکو پێشــتریش گوتمان ئەم ژیانــە هۆڵێکی گەورەی تاقیکردنەوەیەو مــرۆڤ تێیدا بەردەوام لەژێر چاودێریو تاقیکردنەوەدایەو وێستگە جۆراوجۆرەکانی ژیان باوەڕی مرۆڤ لەسەنگی مەحەك

دەدەن؛ تا ڕاستیو ساغی باوەڕەکەی دەربخەن، ئەم وێستگانەی ژیانیش ئافەتەکانی دامەزراوی باوەڕو دینداریین.

خـــوای گەورە لەبـــارەی ئەم تاقیکردنەوەو وێســـتگانە دەفەرموێـــت: ﴿أَحَسِبَ النَّاسُ أَن يُتْرَكُوا أَن يَقُولُوا آمَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ وَلَقَدْ فَتَنَّا الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَلَيَعْلَمَنَّ اللَّهُ الَّذِينَ صَدَقُوا وَلَيَعْلَمَنَّ الْكَاذِبِينَ﴾[٢٦] . واتـــە: ئایا خەڵكی وا دەزانن هەر ئەوەندەی گوتیان باوەڕدارین، ئیتر ئەوەندە بەس بێتو تاقی نەکرێنەوە تا ڕاستو درووستی قسەکەیان دەربکەوێت؟ ئێمە خەڵكانی پێش ئەوانمان تاقی کردۆتەوە؛ تا لای خوا دەسەلمێت کێ لە باوەڕەکەیدا ڕاستگۆیەو کێیش درۆزنو دووڕووە.

لـــە ئایەتێکی تـــردا دەفەرموێت: ﴿أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُواْ الْجَنَّةَ وَلَمَّا يَأْتِكُم مَّثَلُ الَّذِينَ خَلَوْاْ مِن قَبْلِكُم مَّسَّتْهُمُ الْبَأْسَاء وَالضَّرَّاء وَزُلْزِلُواْ حَتَّى يَقُولَ الرَّسُولُ وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَهُ مَتَى نَصْرُ اللّهِ أَلا إِنَّ نَصْرَ اللّهِ قَرِيبٌ﴾[٢٧] . واتە: بۆ ئێوە وا دەزانن هەروا بەئاسانی بچنە بەهەشت بێ ئەوەی هاوشێوەی خەڵكانی باوەڕداری پێش خۆتان تاقی بکرێنەوە، کە ڕووبەڕووی نەخۆشیو نەداریو جۆرەها ئازراو ئەشکەنجە بوونەتەوە بەشێوەیەك کـــە پێغەمبـــەرانو شـــوێنکەوتەکانیان ئەوەندە نارەحەت کـــراون دەیانگوت ئاخۆ سەرکەوتنی خوا کەی دێت، بەڵێ سەرکەوتنی خوا نزیکە.

جـــا ئەگەر بەوردی ســـەرنجی ئایەتەکان بدەین، دەبینیـــن خوای گەورە لەبەر سەختیو قورسی تاقیکردنەوەکان بەزەمین لەرزە ناوی دەبات.

کاتێکیـــش دەیەوێـــت نموونەکان بۆ ئێمـــە نزیکتر بکاتەوە باســـی یەکێك لە دیمەنـــە ســـەختو دژوارەکانـــی ژیانی پێغەمبـــەرﷺو هاوەڵانمان بـــۆ دەکات لە غـــەزای خەندەقداو لەبارەیەوە دەفەرموێت: ﴿هُنَالِكَ ابْتُلِيَ الْمُؤْمِنُونَ وَزُلْزِلُوا زِلْزَالًا شَدِيدًا﴾[٢٨] . واتە: لەوێدا باوەڕداران تاقی کرانەوەو ناخو گیانو ژیانیانمان هەژاند،

٢٦- سورة العنكبوت: الآيتان ﴿٢-٣﴾.

٢٧- سورة البقرة: الآية ﴿٢١٤﴾.

٢٨- سورة الأحزاب: الآية ﴿١١﴾.

هەرچەندە ساتە وەختەکانی غەزای خەندەق یەکەمینو دواهەمینو دژوارترین ویستگە سەختەکانی ژیانی پێغەمبەرو هاوەڵان نەبووە، بەڵام یەکێك بووە لەو ویستگانەی کە خوا ناخی باوەڕدارانی تێدا هەژاندووەو تاقی کردۆتەوە.

لە شوێنێکی تردا جەخت لەسەر حەتمییەتی ئەم تاقیکردنەوانەو بەردەوامییان دەکاتو دەفەرموێت: ﴿وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ حَتَّى نَعْلَمَ الْمُجَاهِدِينَ مِنكُمْ وَالصَّابِرِينَ﴾[٢٩] . واتە: دڵنیابن لەوەی کە بەردەوام تاقیتان دەکەینەوە، تا ڕوون دەبێتەوە کێ بەڕاستی خواناسەو لە پێناو ئەودا تێدەکۆشێتو ئارام دەگرێت.

جا، نەك ئێمەی مرۆڤ کە پێکهاتەیەکی هەمە چەشنو جۆراو جۆرین لە حەزو ئارەزووو خولیای دونیاداری، ئەوەتا هاوشێوەی ئێمە خوای گەورە فریشتە پاكو بێگەردە زۆر نزیکەکانی خۆیشی تاقی دەکاتەوەو باوەڕەکەیان لەسەنگی مەحەك دەدات کاتێك فەرمانیان پێ دەکات کڕنووش بۆ ئادەم بەرن، لەوێدا ناخی بەدی ئیبلیس ئاشکرا دەبێتو لە تاقیکردنەوەکەیدا سەرکەوتوو نابێتو بۆ هەتا هەتایە خوای گەورە، نەك لە خۆی، بەڵکو لە بازنەی بەزەییشی بەدەر دەکاتو بەر نەفرەتی خۆی دەخات.

هاوشێوەی ئەوانیش هەموو پێغەمبەرانیش بەهەمان پاڵوگەی تاقیکردنەوەدا گوزەریان کردووەو بەچەندان شێوە تاقیکراونەتەوەو هەمیشە تاقیکردنەوەکانی ئەوان زۆر لە هی خەڵکانی سادە سەختترو دژوارترو هەژێنەرتر بووە، بەڵام ئەوان وەك شاخ لەبەردەمیدا وەستاون و هەرگیز چۆکیان دانەداوەو بۆساتێکیش لای خوایان بەر نەداوەو لە کۆمەكو فریادڕەسی بێهیوا نەبوون.

جارێکیان پرسیاریان لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد، کە کێ لە هەموو کەس زیاتر بەشمەینەتترو نارەحەتترە لە دونیا؟ لە وەڵامدا فەرمووی: {الأَنْبِيَاءُ ثُمَّ الأَمْثَلُ فَالأَمْثَلُ، يُبْتَلَى الرَّجُلُ عَلَى حَسَبِ دِينِهِ، فَإِنْ كَانَ فِي دِينِهِ صَلاَبَةٌ، زِيدَ صَلاَبَةً،

---

٢٩- سورة محمد: الآية ﴿٣١﴾.

وَإِنْ كَانَ فِي دِينِهِ رِقَّةٌ، خُفِّفَ عَنْهُ}[٣٠]. واتە: پێغەمبەران، پاشـان ئەوانەی وەك ئەوان وابـوون لـە باوەڕداریو خواناسـیداو مرۆڤ لە قەدەر بەهێـزی باوەڕەکەی تاقی دەکرێتەوە، تا زیاتر پەیوەندی لەگەڵ خوای گەورە پتەو بێت تاقیکردنەوەکانیشی سـەختتر دەبێـت، خۆ ئەگەریش پەیوەندی لەگەڵ خوای گـەورە لاواز بووء ئەوا تاقیکردنەوەکانی بۆ سووك دەکرێت.

کەواتە: پێویسـتە مرۆڤی باوەڕدار بۆ یەك ساتیش لەو ڕاستییە بێئاگا نەبێت کە ژیان تەنها تاقیکردنەوەیەو هیچی ترو پێویسـتە مرۆڤ هەمیشـە ئامادەباشی ڕووبەڕووبوونەوەی پێشهاتو نەهامەتییەکانی هەبێتو دڵنیا بێت لەوەی کە هیچ شتێکی دونیا بەردەوامی نییەو نابێتو دونیا قۆناغێکی کورتی ئەو ژیانە نەبڕاوەو هەمیشـەییەیە، کە خوای گەورە مرۆڤەکانی بۆ ئامادە کردووە، بەڵام ئەوەشـمان لەیاد نەچێت کە مرۆڤ خۆی لەم قۆناغەدا بڕیار لە دیاریکردنی چارەنووسی هەتا هەتایی خۆی دەدات باش بێت، یان خراپ.

## شێوازەکانی تاقیکردنەوەی یەقین:

بەشێوازێکی گشتی خوای گەورە لەسێ ڕووەوە مرۆڤی باوەڕدار تاقی دەکاتەوە:

**یەکەم:** تاقیکردنەوە بە پەرسـتشو ئەرکو بەرپرسـیارێتییە شـەرعییەکان:

هەمووان دەزانین کە خوای گەورە کاتێك مرۆڤی درووست کردووەو دای بەزاندۆتە سەر زەوی بەردەوام شەریعەتو پەیامەکانی خۆی بۆ ڕەوانە کردووە تا پەیوەندی لەگەڵ خوادا نەپچڕێتو نەکەوێتە داوی شەیتانو ئارەزووەکانی خۆیەوەو فەرمانیشی پـێ کردوون کە پێوەی پابەند بن، ئەوەتـا ئامۆژگاریی پێغەمبەرەکەی دەکات کە پابەنـد بێت بە فەرمانەکانییەوەو پێی دەفەرموێت: ﴿فَاعْبُدْهُ وَاصْطَبِرْ لِعِبَادَتِهِ﴾[٣١] . واتە: پەرستشـی خوای گەورە بکەو ئارام بگرە لەسـەر پەرستشـکردنی، پاشان فەرمانی پێ دەکات، کە نەك تەنها خۆی، بەڵکو پێویسـتە فەرمان بە کەسـوکارو

٣٠- النسائي، السنن الكبرى، ج٥، ص٣٧٥. إبن ماجة، سنن إبن ماجة، ج٢،ص١٣٣٤. وقال الألباني في تخريجه: حديث حسن صحيح.

٣١- سورة مريم: الآية ﴿٦٥﴾.

دۆستانیشـــی بکات کە پابەند بن بە پەرستشـــەکانەوەو پێـــی دەفەرموێت: ﴿وَأْمُرْ أَهْلَـكَ بِالصَّلاةِ وَاصْطَبِرْ عَلَيْهَا﴾[٣٢] . واتە: فەرمان بە خێزانو کەســوکارەکەت بکە، نوێژەکانیان بکەنو ئارامگر بە لەسەر جێبەجێکردنی ئەو فەرمانە.

جــا بۆیە لێرەدا، فەرمانەکانی ڕووبــەڕووی پێغەمبەرەکەی دەکاتەوە؛ تا ئێمە تێ بگەیەنێت کە ئەرکی پابەندبوون بە پەرستشو شەریعەتەکەی خوای گەورەوە، کەس نابوێرێت، گەرچی پێغەمبەریش بێت.

ئەو شـــەریعەتو پەیامانەیش، بەگشتی ژیانی مرۆڤو کارو کردەوەکانی دابەش دەکەن بەسەر پێنج تەوەرەدا کە ئەوانیش:

- **واجبات:** بەو شـــتانە دەگوترێت، کە خوای گەورە پێویســـتی کردووە لەســـەر مرۆڤەکان ئەنجامی بدەنو مرۆڤەکان لەســـەر کردنیان، پاداشـــت دەکرێنو لەسەر نەکردنیان، سزا دەدرێن وەکو نوێژو ڕۆژوو، ......

- **محرمات:** بەو شـــتانە دەگوترێت کە خوای گەورە قەدەغەی کردووە لەســـەر مرۆڤـــەکانو نابێـــت بیکەنو لەســـەر کردنیان مرۆڤەکان ســـزا دەدرێنو لەســـەر نەکردنیان پاداشت دەکرێن وەکو دزیو درۆ.....

- **مندوبات:** بەو شـــتانە دەگوترێت کە خوای گەورە بەباشـــی داناوە مرۆڤەکان بیکەن، بەڵام فەرمانی بەکردنیان نەکردووەو مرۆڤەکان لەســـەر کردنیان پاداشت دەکرێن، بەڵام لەســـەر نەکردنیان ســـزا نادرێن، وەکو ڕۆژووی دوشـــەممانو پێنج شەممان، یان شەونوێژ..............

- **مکروهات:** بەو شـــتانە دەگوترێت، کە خوای گەورە بەباشی داناوە مرۆڤەکان نەیکەن، بەڵام قەدەغەو یاساغی نەکردوونو مرۆڤەکان لەسەر نەکردنیان پاداشت دەکرێـــن، بەڵام لەســـەر کردنیان ســـزا نادرێـــن، وەکو نوێژکردن بـــێ هۆ لە کاتی خۆرهەڵاتن، یان خۆرئاوابوونو .............

- **مباحات:** بەو شـــتانە دەگوترێت، کە خوای گەورە دەرگای بۆ مرۆڤەکان واڵا

---

٣٢- سورة طه: الآية ﴿١٣٢﴾.

کردووەو بۆ حەزو خواستەکانی خۆیانی جێ هێشتووەو سەرپشکی کردوون لە بڕیاری کردنو نەکردنیانداو سزاو پاداشتی لەسەر کردنو نەکردنیان دانەناوە، وەکو هەڵبژاردنی جۆری خواردنو جلو بەرگو شوێنی حەوانەوەو .......

کۆی ئەم کردەوانە پێی دەگوترێت شەریعەتو مرۆڤ بەهۆیانەوە لە دوو ڕووەوە تاقی دەکرێتەوە:

ڕووی یەکەم: لەڕووی تیۆری هزرییەوە: کە سەرەتاترو گرنگترە لە ڕووەکەی تر، ئەویش بەوەی دەبێت مرۆڤ لەڕووی تیۆریو هزرییەوە بیروباوەڕی بەکۆی ئەو حوکمو پرسە شەرعییانە هەبێت، وەك ئەوەی کە خوای گەورە دیاری کردووەو دای ناوەو بەهەمان شێوەی شەریعەتەکەی خوای گەورە، ڕیزبەندی بۆ حوکمە شەرعییەکان بکاتو واجباتی شەرع بە واجبو حەرامەکانی بەحەرامو مەکروهو مەندوبو موباحەکانیشی وەکو خۆی بزانێتو نابێت لەم ڕووەوە بەموو ڕاجیایی لەگەڵ شەرع هەبێت؛ چونکە هەر ڕاجیاییەك لەم ڕووەوە، لە بنەما سەرەکییەکاندا مرۆڤ لە بازنەی باوەڕ دەباتە دەرەوە، بۆ نموونە: کەسێك باوەڕی وا بێت نوێژ واجب نییە، یان زەکات، یان حەج، یان باڵاپۆشی ئافرەت، یان پێی وا بێت زینا حەڵاڵە، یان عارەق، یان درۆ، یان سیحر، ئەمانە مرۆڤ پێی کافر دەبێت، جا کەسەکە لەڕووی کردارییەوە بیانکات، یان نا.. ئەوە گرنگ نییە، بۆ نموونە: کەسێك نوێژیش بکات، بەڵام پێی وا بێت واجب نییە، یان زینا نەکات، بەڵام پێی وا بێت حەرام نییە، یان باوەڕی بە دادووەری یاسای میرات نەبێت لەنێوان ژنو پیاودا، یان باوەڕی بە فرەژنی، یان پێویستی باڵاپۆشی ئافرەتان نەبێت، کە خوای گەورە لە قورئاندا باسی کردوون، هەموو ئەمانە مرۆڤ پێیان کافر دەبێت، با لەڕووی کرداریشەوە پێیانەوە پابەند بێت؛ چونکە ئەوە تانەدانە لە حوکمو حیکمەتی خوای گەورە، بۆیە مرۆڤ بەوە دێتە بازنەی شەرعەوە، کە باوەڕی تەواوی بەهەموو ئەحکامەکانی شەرع هەبێت وەکو خۆی.

ڕووی دووەم: لەڕووی کرداریو پراکتیکەوە: پێویستە مرۆڤ لەم ڕووەشەوە

تەواو پابەند بێت بەحوکمەکانی شەرعەوەو هەوڵی تەواو بدات واجبەکان جێبەجێ بکاتو خۆی لەحەرامەکان بگرێتەوەو سنووربەزێنی حوکمەکانی شەرع نەکاتو بەپێی توانا (مندوب)ەکان بکاتو خۆی لە (مکروه)ەکان بپارێزێتو زیادەڕەویش لە (مباح)ەکاندا نەکات.

بەڵام ئەگەر مرۆڤ، لەم ڕووەوە کەمتەرخەمییەکیشی هەبێت؛ ئەوا باجی ئەم ڕووەیان لەوەی یەکەم کەمترەو تەنها پێی تاوانبار دەبێت، بەڵام لە بازنەی باوەڕ ناڕواتە دەرەوە، بۆ نموونە: کەسێك ساردەنوێژ بێت، بەڵام پێی وا بێت کە نوێژ ئەرکێکی شەرعییەو دەبێت موسڵمانان پێوەی پابەند بنو دان بەکەموکووڕی خۆیدا بنێت، ئەمە تاوانبارە، بەڵام هەر موسڵمانە، یان زینا، یان دزی، یان عارەق، یان سوو بخواتو پێی وا بێت کە ئەمانە حەرامنو دان بە تاوانباری خۆیدا بنێت ئەمیش بەهەمان شێوە تاوانبارە، بەڵام کافرو بێباوەڕ نییە.

کەواتە: پێویستە مرۆڤی باوەڕدار لە هەردوو ڕووەوە – چ لەڕووی تیۆریو چ لەڕووی کردارییەوە- پابەند بێت بەحوکمە شەرعییەکانەوەو فەرمانەکانی خوای گەورە وەکو خۆی جێبەجێ بکاتو لێیان لا نەداتو بەمەش بەختەوەری دونیاو دوارۆژ دەبێت.

**دووەم:** تاقیکردنەوە بە بەخششەکان:

ئێمە زۆر جار وا تێ دەگەین کە تاقیکردنەوە تەنها بە ناخۆشیو قاتوقڕیو لەناوچوونو نەخۆشی دەبێت، بێئاگا لەوەی کە هەندێك جار بەپێچەوانەوە تاقیکردنەوە بە بەخششو دەسەڵات دەوڵەمەندیو خۆشگوزەرانی دەبێتو لەوانەشە ئەم جۆرە لە تاقیکردنەوە، لەجۆرەکەی تر قورستر بێتو کەمتر مرۆڤ بتوانێت خۆی بۆ ڕاگیر بکات.

خوای گەورە لەبارەی ئەم جۆرە لە تاقیکردنەوە دەفەرموێت: ﴿وَنَبْلُوكُم بِالشَّرِّ وَالْخَيْرِ فِتْنَةً وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ﴾[٣٣] . ئێمە بە هەردوو باری ناخۆشیو خۆشی تاقیتان

٣٣- سورة الأنبياء: الآية ﴿٣٥﴾.

دەكەینەوەو هەموویشـــی هەر كۆتایی دێتو هەتا ســەر نابێتو دواتر بۆ لای ئێمە دەگەڕێنەوەو سزاو پاداشتی هەڵوێستەكانتان وەردەگرن.

یان دەفەرموێت: ﴿وَبَلَوْنَاهُمْ بِالْحَسَنَاتِ وَالسَّيِّئَاتِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾[٣٤] . واتە: ئێمە بە چاكەو بەخشـــشو خۆشـــگوزەرانیو هەندێك جاریش بە ناخۆشیو نەخۆشیو بەدحاڵی تاقیمان كردنەوە؛ تا بگەڕێنەوە بۆ لای خواو دەست لە خراپە كۆتا كەن..

یان دەفەرموویت: ﴿إِنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلَادُكُمْ فِتْنَةٌ وَاللَّهُ عِندَهُ أَجْرٌ عَظِيمٌ﴾[٣٥] . واتە: ئەو داهاتو دەســـەڵاتو ماڵو منداڵەی هەتانە تەنها بـــۆ تاقیكردنەوەی ئێوەیەو خوای گەورە بەخششی لەوە زۆر زیاتری لایە، بۆیە بەم كەمەی دونیا فریو نەخۆنو لاڕێ نەبن؛ تا ئەو زۆرەی دواڕۆژتان لەدەســـت نەچێت؛ چونكە ئەوەی دونیا چەند زۆر بێت هەر كەمەو هەتا سەرنییە، بەڵام ئەوەی قیامەت لەبننەهاتوو نەبڕاوەیە.

سرووشتی مرۆڤیش وایە كە زوو دەكەوێتە ژێر كاریگەریی دونیاو خۆشییەكانیو كەمتـــر دەتوانێـــت خۆی بۆ ڕابگرێت. ئەوەتا خوای گەورە كە خۆی درووســـتكارو بەدیهێنەری مرۆڤە دەفەرموێت: ﴿كَلَّا إِنَّ الْإِنسَانَ لَيَطْغَى أَن رَّآهُ اسْتَغْنَى﴾[٣٦] . واتە: نەخێـــر مرۆڤ كاتێك دەبینێت دەوڵەمەند بووەو دەســـەڵاتی هەیە گومڕاو لا ڕێ دەبێتو ســـنوورەكانی خوا دەبەزێنێت، یان دەفەرموێت: ﴿وَتُحِبُّونَ الْمَالَ حُبّاً جَمّاً﴾[٣٧] . واتە: بەڕاستی پارەو سامانی دونیاتان زۆر خۆش دەوێت.

پێشـــەوا بوخاری فەرموودەیەك دەگێڕێتـــەوەو دەفەرموویت: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ بَعَـثَ أَبَـا عُبَيْدَةَ بْنَ الْجَـرَّاحِ إِلَى الْبَحْرَيْنِ يَأْتِي بِجِزْيَتِهَـا، فَقَدِمَ أَبُو عُبَيْدَةَ بِمَـالٍ مِنَ الْبَحْرَيْنِ، فَسَمِعَـتْ الْأَنْصَـارُ بِقُدُومِ أَبِي عُبَيْدَةَ، فَوَافَتْ صَلَاةَ الصُّبْحِ مَـعَ النَّبِيِّ ﷺ فَلَمَّا صَلَّى بِهِمْ الْفَجْـرَ، انْصَرَفَ فَتَعَرَّضُوا لَهُ فَتَبَسَّمَ رَسُولُ اللَّـهِ ﷺ حِينَ رَآهُمْ، وَقَالَ: {أَظُنُّكُمْ قَدْ سَمِعْتُمْ

---

٣٤- سورة الأعراف: الآية ﴿١٦٨﴾.

٣٥- سورة التغابن: الآية ﴿١٥﴾.

٣٦- سورة العلق: الآية ﴿٦﴾.

٣٧- سورة الفجر: الآية ﴿٢٠﴾.

أَنَّ أَبَـا عُبَيْدَةَ قَدْ جَاءَ بِشَيْءٍ؟.}. قَالُوا: أَجَلْ يَا رَسُولَ اللَّهِ. قَالَ: {فَأَبْشِرُوا، وَأَمِّلُوا مَا يَسُرُّكُمْ، فَوَاللَّهِ لَا الْفَقْرَ أَخْشَى عَلَيْكُمْ، وَلَكِنْ أَخْشَى عَلَيْكُمْ أَنْ تُبْسَطَ عَلَيْكُمْ الدُّنْيَا كَمَا بُسِطَتْ عَلَى مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ، فَتَنَافَسُوهَا كَمَا تَنَافَسُوهَا، وَتُهْلِكَكُمْ كَمَا أَهْلَكَتْهُمْ}[٣٨]. واته: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەبو عوبەیدەی ڕەوانە کرد؛ تا جزیەی ناوچەی بەحرەینی بۆ کۆ بکاتەوە، کە ئەبوعوبەیدە گەڕایەوە ئەنصار بیستبوویان کە گەڕاوەتەوەو ماڵێکی زۆریشی لەگەڵ خۆی هێناوە، وایش ڕێکەوت کە کاتی نوێژی بەیانی بوو، پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی بەیانی بۆ کردنو کاتێك ویستی بڕوات چوونە خزمەتیو ئەویش زەردەخەنەیەکی کردو فەرمووی وا بزانم بیستووتانە ئەبو عوبەیدە گەڕاوەتەوەو شتێکی لەگەڵ خۆی هێناوە؟ گوتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ. فەرمووی: دەی مزگێنیتان لێ بێتو ئەوەی بەتەمای هاتوون پێتانی دەدەم، بەس بە خوا من ناترسم لەوەی هەژار بکەونو نەدار بن، بەڵام دەترسم دونیا باوەشتان بۆ بکاتەوەو زاڵ بێت بەسەرتاندا، وەك چۆن باوەشی بۆ ئوممەتەکانی پێش ئێوە کردبۆوەو ئێوەش بکەونە ململانێو پێشبڕکێ لەسەر دونیا وەك ئەوانەی پێش ئێوە کردیان، بەو هۆیەشەوە لەناو بچن وەك ئەوانەی پێش ئێوەی لەناو برد.

ئەبو دەرداء بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێت: خرج علينا رسول الله ﷺ وَنَحْنُ نَذْكُرُ الْفَقْرَ وَنَتَخَوَّفُهُ، فَقَالَ: {الْفَقْرَ تَخَافُونَ؟!! وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَتُصَبَّنَّ عَلَيْكُمُ الدُّنْيَا صَبّاً حَتَّى لا يُزِيغَ قَلْبَ أَحَدِكُمْ إِزَاغَةً إِلاَّ هِيَ}[٣٩]. واته: جارێکیان دانیشتبووین باسی ترسو نارەحەتی هەژارییمان دەکرد، پێغەمبەری خوا ﷺ هات بۆ لامانو فەرمووی: دەڵێی لە هەژاری دەترسن؟! بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە خوا نازو نیعمەتەکانی خۆی بەلێشاو دەڕژێت بەسەرتاندا، تا وای لێ دێت، تاکە مەترسی بۆ سەر دڵو دەروون باوەڕتان تەنها دونیا دەبێت.

لەم دەقانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە خۆشییەکانی دونیاو نازو بەخششەکانی

٣٨- البخاري، صحيح البخاري، ج٤، ص٩٧.

٣٩- إبن ماجة، سنن إبن ماجة، ج١، ص٤. وقال الألباني في تخريجه: حديث حسن.

بەڵاو هەڕەشەیەکی گەورەن بۆ سەر دڵو باوەڕی باوەڕداران.

دەبینین خەڵکانێك هەن، تا هەژار بوون جۆر بوون لەگەڵ خوا، بەڵام کە دەوڵەمەند بوون، لای خوایان بەرداوە بەهۆی سەرقاڵی بە دونیاوە، کەمتر دەیانپەرژێتە سەر خەمی قیامەتو هەوڵی بۆ دەدەن، کەمتر فریای پرسی حەڵاڵو حەرامی مامەڵەکانیان دەکەونو زیاتر لە هەوڵی کۆکردنەوەی پارەدان، بەهۆی سەرقاڵیان بە دونیاوە کەمتر فریای قورئان خوێندنو نوێژی جەماعەتو ڕۆژووی سوننەت دەکەون، کەمتر، یان هەر دەگمەن خزمو نەخۆشو خەڵکانی هەژار بەسەر دەکەنەوەو ئاوڕیان لێ دەدەنەوە.

خەڵکانێکی تر هەن، گیرۆدەی دەستی نیعمەتی لەشساغی، یان گەنجی، یان پۆست، یان دەسەڵات، یان هەندێك جار جوانی بوونو بەهۆی ئەو بەخششانەوە کە دەبوو سوپاسی خوایان لەسەر بکردایەو شوکرانە بژێر بوونایەو لەڕێی خواناسیدا بەخەرجیان بدایە لاڕێو سەرلێشێواو بوونو دژی خوا بەکاریان هێناوەو خەڵکیان پێ لەخشتە بردووەو ڕێگای خواناسیو قیامەتیان ون کردووە.

کەواتە: دەبێت مرۆڤی باوەڕدا لەوە بەئاگا بێت کە هەرچی خوا پێی داوە لە دونیا لە بەرامبەریدا بەرپرسیارەو خوا لە دواڕۆژدا لێپێچینەوەی لەسەر دەکاتو وەك خۆی دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ لَتُسْأَلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ النَّعِيمِ﴾[40]. واتە: پاشان لێپرسینەوەیان لەسەر بەخششو نازو نیعمەتەکان لەگەڵ دەکرێت.. وەکو پێغەمبەری خوایش دەفەرموێت: {لن تَزُولُ قَدَمَا عَبْد يَوْمَ الْقِيَامَة حَتَّى يُسْأَلَ عَنْ أربع: عَنْ عُمْرِه فِيمَا أَفْنَاهُ، وَشَبَابِـهِ فِيمَا أَبْلاهُ، وَعَنْ مَالِه مِنْ أَيْنَ اكْتَسَبَهُ وَفِيمَا أَنْفَقَهُ، وَعَنْ علمه مَاذا عَمِلَ فِيه}[41].

واتە: هیچ کەس پێکانی لە بەردەم خوای گەورە ناترازێ، تا لێپرسینەوەی لەسەر

---

٤٠ - سورة التكاثر: الآية ﴿٨﴾.

٤١ - الترمذي (محمد بن عيسى أبو عيسى الترمذي)، سنن الترمذي (الجامع الصحيح)، ج ٤، دار إحياء التراث العربي، بيروت، تحقيق: أحمد محمد شاكر وآخرون، ص ٦١٢. وقال الألباني في تخريجه: حديث صحيح.

چوار شـــت لەگەڵ نەکرێت، لەبارەی تەمەنی لە چیدا بەســـەری بردووەو جوانیو گەنجێتییەکەی لە چیدا داناوە ولەســـەر پارەو ســـەروەتو ســـامانی چۆنی پەیدا کردووەو لە چیدا خەرج کردووەو لەســـەر ئەو زانســـتو زانیارییەی خوا پێی داوە چی لێ کردووەو چۆنی بەکار هێناوە.

**سێیەم: تاقیکردنەوە بە نەهامەتیو ناخۆشییەکان:**

ئەمـــەش جۆرێکـــە لەجۆرەکانـــی تاقیکردنەوە کـــە خوای گـــەورە لەبارەیەوە دەفەرموێـــت: ﴿وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ بِشَيْءٍ مِّنَ الْخَوفْ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ الأَمَوَالِ وَالأنفُسِ وَالثَّمَرَاتِ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ﴾[٤٢] . واتە: دڵنیا بن لەوەی کە بە چەندان شێوە تاقیتان دەکەینەوە لەوانە هەندێك جار بەترس، یان برســـێتی، یان کەمیی ماڵو منداڵو بەرهەمو داهات، یان پێتانی دەدەین، پاشان کەمیان دەکەینەوەو وەریان دەگرینەوەو مژدە بدە بەئارامگران ئەوانەی لە کاتی بەسەرکردنەوەو تاقیکردنەوەکانی ئێمەدا ئارامگـــرو خۆڕاگـــرنو دەڵێن: ئێمە خۆیشـــمانو هەرچیش هەمانـــە هی خوایەو هەموویشمان هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێینەوە.

بۆئـــەوەی بتوانین خۆمان بۆ ئەو تاقیکردنەوانە ئامادە بکەینو تێیدا خۆڕاگر بین، پێویستە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە کە ئێمە بۆ خوا دەپەرستین؟!!:

لەبەر ئەوە دەیپەرستین کە بەدیهێنەری ئێمەیەو هەر ئەو شیاوی پەرستنە؟.

یاخود لەبەر بەخششو نیعمەتەکانی دەیپەرستین؟.

خـــۆ ئەگەر لەبەر خاڵـــی یەکەم بێت کە ڕێژەی نەگۆڕو ڕاســـتییەکی ڕەهایەو دەبێـــت لای هەموومان هـــەر وا بێت؛ ئەوا دەبێت ژیانمـــان هەرچیو هەرچەندو هەرچۆن بێت بەردەوام بین لەسەر پەرستشی خوای گەورە وەکو زاتی تاکی پاکی بێهاوتـــاو بەدیهێنـــەری ســـەرجەم بوونەوەرو هەرگیز لەم ڕێیـــە لا نەدەینو هیچ شتێك نەتوانێت لە خواو خاوەنی ڕاستەقینەی خۆمان بکات.

خـــۆ ئەگەریـــش خوا نەکردە لەبەر خاڵی دووەم بێت؛ ئەوا هەر لە ســـەرەتاوە

---

٤٢- سورة البقرة: الآية ﴿١٥٥﴾.

ئـــەو بەندایەتیو پەرستشـــە دانەمـــەزراوە؛ چونكە هەمـــوو تاقیكردنەوەو بەڵاو ناڕەحەتییەكان ڕوو لە بەخششەكان دەكەن، نەك خودی خوا، بۆ نموونە: تەمەن، جوانی، بەختەوەری، لەشســاغی، ســەروەتو ســامان، خێزانو منــداڵ، پلەوپایە، كەسێتیو ناوبانگ، ژیریو زیرەكی، هەموو ئەمانە بەخششی خوانو هەندێك جار خوا بە گرتنەوەیان، یان كەمكردنەوەیان باوەڕی مرۆڤ تاقی دەكاتەوە.

جا ئەگەر مرۆڤ لەبەر خودی خوا پەرستشـــی كردبێت؛ ئەوا هیچ كام لەوانە كاری تـــێ ناكـــەن، خۆ ئەگەریش لەبەر بەخششـــەكانی پەرستشـــی كردبێت؛ ئەوا یەكســـەر دەست دەكات بە ناشـــكوریو دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر خوای گەورەو باوەڕەكەی بەرگەی بچووكترین تاقیكردنەوە ناگرێت. ئەمەش ئەوە دەســـەلمێنێت كە ئەو جۆرە كەســـانە كۆیلەو بەندەی بەخششـــەكان بوون، نـــەك خوای گەورەو خاوەنی ڕاستەقینەی خۆیو نیعمەتەكان.

هەر بۆیە خوای گەورە ســـەركۆنەی ئەو كەسانە دەكات كە لەبەر نیعمەتەكانی دەیپەرســـتنو لە قورئاندا لەبارەیانەوە دەفەرموێت: ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن يَعْبُدُ اللَّهَ عَلَى حَرْفٍ فَإِنْ أَصَابَهُ خَيْرٌ اطْمَأَنَّ بِهِ وَإِنْ أَصَابَتْهُ فِتْنَةٌ انقَلَبَ عَلَى وَجْهِهِ خَسِرَ الدُّنْيَا وَالْآخِرَةَ ذَلِكَ هُوَ الْخُسْرَانُ الْمُبِينُ﴾[43] . واتە: خەڵكانێك هەن لەســـەر لێواری خواپەرســـتین، ئەگەر لەڕێی خواناسیو باوەڕدارییەوە پارەو سامانو پۆستو دونیایان دەستكەوت ئەوە پێ دڵنیاو بەختەوەر دەبنو هەســـت دەكەن كە ڕێگاكەیان ڕێگایەكی ڕاستو درووستە، خۆ ئەگەریش تووشـــی ناڕەحەتیو نەبوونی هاتن؛ ئەوا لە باوەڕەكەیان پاشـــگەز دەبنەوەو هەڵدەگەڕێنەوە، ئەوانە دونیاو قیامەتیشیان دۆڕاندووەو لەدەست داوەو ئەوانەش زەرەرمەندی گەورەن.

دەگێڕنەوە: پیاوێك هەبوو دەهات لە مزگەوتەكەی پێغەمبەر ﷺ دادەنیشـــتو گوێـــی بۆ ئامـــۆژگاریو فەرموودەكانی پێغەمبەر ﷺ دەگـــرت، منداڵێكی پێ بوو، زۆری خۆش دەویســـتو هەمیشە بەدەورو پشتی باوكییەوە بوو، ڕۆژێك پێغەمبەر

٤٣- سورة الحج: الآية ﴿١١﴾.

دەیزانی زۆری خۆش دەوێت، لێی پرسی: ئەو منداڵەت خۆش دەوێت؟ پیاوەکە نەیزانی بە چی وەسفی خۆشەویستیی منداڵەکە بکات گوتی: من ئەو منداڵەم چەند خۆش دەوێت، خوا هێندە خۆشی بوێیت، پاش ماوەیەك ئەم پیاوە دیار نەما. پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی پرسی، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ منداڵەکەی مرد، ئێستا دڵی بڕوایی نادات بێتەوە ئێرەو یادەوەرییەکانی منداڵەکەی دێتەوە پێش چاو. پێغەمبەر ﷺ کە هەواڵەکەی بیست، چوو سەردانی کردو فەرمووی: بۆ نایەیتەوە بۆ مزگەوت؟ پیاوەکە گوتی: ناتوانم، فەرمووی: بۆ؟ گوتی: منداڵەکەم مرد، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: حەزت دەکرد ئەو منداڵە هەر لەبەر چاوت بمایە، یان ئێستا کە خوای گەورە بردوویێتییەوە لە قیامەتدا لە هەر دەرگایەکی بەهەشت بتەوێت لەوێ چاوەڕێت بکات؛ بۆئەوەی بتباتە بەهەشت؟ پیاوەکە گوتی: قوربان ئەوەی قیامەتم پێ خۆشە. فەرمووی: کەواتە ئارام بگرەو وەرەوە بۆ مزگەوت [٤٤].

دەگێڕنەوە: پیاوێکی تر لە تابعین کوڕێکی هەبوو تەمەنی (١٠) ساڵان بوو، جگە لە قورئان، فەرموودەیەکی زۆریشی لەبەربوو، منداڵێکی زۆر ژیرو بەسەلیقە بوو، قەدەری خوا وا بوو منداڵەکە مرد. هاوەڵێکی دەڵێت ڕۆژێك دڵنەواییم دەکرد لەسەر مردنی منداڵەکەی، لە وەڵامی قسەکانمدا پێی گوتم: من ناڕەحەت نیم بۆ مردنی منداڵەکەم، بگرە پێشم خۆشبوو؛ چونکە من دەزانم مردنی منداڵەکە قەدەری خوای گەورەیەو دەشزانم چ پاداشتێکی گەورەی هەیە، پاشان گوتی: پێش ئەوەی منداڵەکە بمرێت شەوێك لە خەومدا قیامەت بوو، زۆرم تینوو بوو، بە بیابانێکی دوورو دژواردا دەڕۆیشتین، کۆمەڵێك منداڵ هاتنە پێشمان ئاویان پێبوو، منیش لەو بیابانە بەهەر منداڵێکم دەگوت تۆزێك ئاوم بدەرێ، منداڵەکە

---

٤٤- البيهقي (أبو بكر أحمد بن الحسين بن علي البيهقي)، سنن البيهقي الكبرى، ج٤، مكتبة دار الباز، مكة المكرمة، تحقيق : محمد عبد القادر عطا، ص٥٩. صححه الألباني في صحيح الجامع، والسلسلة الصحيحة.

نەیدەدامـــیo دەیگوت ئێمە چاوەڕوانی باوكو دایكـــی خۆمان دەكەین، ئاوەكەمان بـــۆ ئەوان هەڵگرتووە، ئەوانە لە دنیادا بەمردنی ئێمە جەرگیان ســـووتاوە، بەڵام ئارامیان گرتووە، ئێســـتا ئێمە چاوەڕوانی ئەوان دەكەین، ئەگەر تۆ منداڵت هەیە با منداڵەكەی خۆت ئاوت بداتێ، كاتێك كە منداڵەكەم مرد، سوپاســـی خوام كرد، كە ئەو خەوەشـــم بینی بۆم دەركەوت كە مردنی منداڵ تاقیكردنەوەیەكە، ئەگەر مرۆڤی ئیماندار بتوانێت ئارامی لەســـەر بگرێت، لـــە قیامەتدا خوای پەروەردگار پاداشتی زۆر گەورەی دەداتەوە.

بۆیـــە پێویســـتە ئێمەی بڕوادار هەمیشـــە ئامادەباشـــی تەواومـــان هەبێت بۆ تاقیكردنەوەكانی خوای گەورەو ئەو بڕیارە پێشوەختەشمان لای خۆمانەوە دابێت، كـــە خۆمانو هەرچیـــش هەمانە لەماڵو منداڵو جوانیو لەشســـاغیو پۆســـتو دەســـەڵاتو بڕوانامەو ... هی خوایەو خاوەنی ڕاســـتەقینەی گشـــت بوونەوەر هەر ئـــەوەوو هەرچی بباتـــەوە، یان كەم بكاتـــەوە هەر هی خۆیەتـــیو ژیانیش تەنها هۆڵێكی تاقیكردنەوەی مرۆڤەكانەو هیچی تر.

كەواتـــە: با هەوڵ بدەین ســـوود لەو بەخششـــانەی خوای گـــەورە وەربگرینو لەكاری چاكەو خواناسیدا بەكاریان بهێنینو بەگوێی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر بكەیـــن ﷺ كە دەفەرموێت: {بَادِرُوا بِالأَعْمَـالِ فِتَنًا كَقِطَعِ اللَّيْلِ الْمُظْلِـمِ يُصْبِحُ الرَّجُلُ مُؤْمِنًـا وَيُمْسِي كَافِرًا أَوْ يُمْسِي مُؤْمِنًا وَيُصْبِحُ كَافِرًا يَبِيـعُ دِينَهُ بِعَرَضٍ مِنَ الدُّنْيَا}(٤٥). واتە: دەسپێشخەری لە كردنی كاری چاكە بكەن، بەر لە وەی كۆمەڵێك فیتنەو ئاشووب، وەك باڵی ڕەشـــی شـــەو بدات بەســـەرتاندا، بەشـــێوەیەك كە مرۆڤ ڕۆژ دەكاتەوە بڕوادارە، بەڵام كە شەو دادێت لە بازنەی باوەڕ چۆتە دەرەوەو ئایینەكەی لەدەست داوەو دۆڕاندووە، یان بەپێچەوانەوە كە شەو دادێت باوەڕدارە، بەڵام كەرۆژ دەكاتەوە باوەڕەكەی لەدەست داوەو ئایینەكەی دۆڕاندووەو فرۆشتوویەتی بەشتێكی كەم لە خۆشییەكانی دونیا.

---

٤٥- مسلم، صحيح مسلم، ج١،ص٨٠.

## ئامانج لە تاقیكردنەوەی مرۆڤەكان چییە؟

لەوانەیە زۆر جار بپرســینو بەمێشكماندا بێت: باشە بۆچی خوای گەورە بەو ناڕەحتییانــە تاقیمــان دەكاتەوە؟ یان بەواتایەكی تر ســوودی ئەو تاقیكردنەوانە دەبێت چی بن؟ لێرەدا هەندێك لەو سوودانە باس دەكەین:

یەكەم: كۆی پرۆسەی ژیانو زانو مانو مردن لە پێناو تاقیكردنەوەی مرۆڤەكان هاتووەتــە بــوونو هیچی تر، كەواتە: فەلســەفەی بوون لە پێنــاو تاقیكردنەوەی مرۆڤەكاندایە وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً﴾[٤٦] . واتە: ئەو خوایەی كە مردنو ژیانی دروووست كردووە؛ تا تاقیتان بكاتەوە كامەتان لە هەموان كردەوەی باشترەو خواناس ترە.

هــەر لەبەرئەوەیە خوای پەروەردگار پەیامو پێغەمبەرانی خۆی بۆ مرۆڤایەتی ناردووە؛ تا ڕێگای ڕاســتیان نیشــان بدەنو لە ڕێگەی ناڕێــك ئاگاداریان بكەنەوە وەك خــوای دەفەرموێت: ﴿إِنَّا هَدَيْنَاهُ السَّبِيلَ إِمَّا شَاكِــراً وَإِمَّا كَفُوراً﴾[٤٧] . واتە: ئێمە ڕێگای ڕاســتمان نیشــانی مرۆڤەكان داوەو ئەوانیش خۆیان ئــازادن لە بڕیاردانو هەڵبــژاردن سوپاســگوزار دەبن، یان یاخــیو خوانەناس. هەروەهــا دەفەرموێت: ﴿وَهَدَيْنَاهُ النَّجْدَيْنِ﴾[٤٨] . واتە: ئێمە هەردوو ڕێگای باشەو خراپەمان نیشان داوە.

ســەرەڕای ئەمانەش خوای گەورە بیرو ژیری بەخشیوەتە مرۆڤەكانو تەمەنو كاتی تەواوی پێ بەخشیون بۆ هەڵسەنگاندنو ئازادی بڕیاردانیشی پێ بەخشیونو لە كۆتاییشدا خۆیان بەرپرسیارن لە كۆی بڕیارو هەڵبژاردەكانیان.

بەخشــینو بەڵاكانیش دوو هۆكاری كاریگەریی دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی مرۆڤەكانن، بەتایبەتی بەڵاو ناڕەحتییەكان بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمِن

٤٦- سورة الملك: الآية ﴿٢﴾.

٤٧- سورة الإنسان: الآية ﴿٣﴾.

٤٨- سورة البلد: الآية ﴿١٠﴾.

النَّاسِ مَن يَقُولُ آمَنَّـا بِاللَّهِ فَإِذَا أُوذِيَ فِي اللَّـهِ جَعَلَ فِتْنَةَ النَّاسِ كَعَـذَابِ اللَّهِ﴾[٤٩] . واته: خەڵكانێـك هەن دەڵێن: ئێمە باوەڕمان بە خوای پەروەردگار هێناوە، بەڵام ئەگەر لـە پێناوی خوادا تووشـی بچووكترین ئازارو ناڕەحەتی بن؛ ئەوا دەسـتبەرداری باوەڕەكەیان دەبنو پێیان وایە، ئازاری خەڵكو سزای خوا چوونیەكن.

ئەگەر ئەم تاقیكردنەوانە نەبن، لافوگەزافی دینداری ئاسـانەو درۆیش داماوە؛ چونكە هەموو كەس پێی دەوێرێت، چەند كەسـمان هەیە ئەهلی نوێژو خواناسی بوون، نەك لە ترسی سزا، بەڵكو لە پێناوی دەستخستنی پۆستو پایەو پارەی دونیا وازی لـە دینداریو مزگەوتو تێكەڵی موسـڵمانان هێناوە، چەن كەس لە ترسـی كورسیو بەرژەوەندییەكانی ناوێرێت سەردانیماڵەكانی خوا بكات، ئەمانە ئەوانەن كە بەرگەی شـنەبایەكی تەماعو چاوچنۆكیو دونیاویستی خۆیان نەگرتووە، ئەی ئەگەر ئەمانە لەسـەر خوا قسەیان پێ بگوترێت، یاخود ئازارو ئەشكەنجە بدرێن، بڵێی دەستبەرداری دینەكەشیان نەبن؟! هیچ بەدووری مەزانە.

پێشـەوا حەسـەنی بەصری دەڵێـت: (خەڵكی هەتـا لە خۆشـگوزەرانیدا بن، ڕاسـتیی ناخیان دەرناكەوێت؛ تا تووشـی نەهامەتـیو ناڕەحەتی نەبن، ئەو كات ڕاستیی ناخیان دەردەكەوێت، ئەو كاتە باوەڕداران لەگەڵ باوەڕەكەیان دەمێننەوەو دووڕووەكانیش دووڕوویێتییەكەیان ئاشكرا دەبێت)[٥٠].

سـەییدیش لە تەفسیرەكەیدا دەڵێت: (باوەڕ وشـەیەك نییە بەدەم بگوترێت، بەڵكو ڕاسـتییەكە ئەركو بەرپرسـیارێتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەمانەتێكەو دەبێت پێوەی ماندوو بین، تێكۆشانو ئارامگریو خۆڕاگری دەوێت، كارو فەرمانەو بەرگەگرتنـی دەوێـت، بۆیە ئەوەندە بـەس نییە خەڵكی بـەدەم بڵێن: باوەڕمان هێنـاوە..؛ تا تەواو تاقی دەكرێنەوە.. وەك چۆن ئاڵتوونێك كاتێك تێزاب دەكرێت

---

٤٩- سورة العنكبوت: الآية ﴿١٠﴾.

٥٠- الجاحظ (عمرو بن بحر بن محبوب الكناني)، البيان والتبيين، ج٣، دار ومكتبة الهلال، بيروت، ط١٤٢٣، ص٩٣.

بەسـەریدا؛ تا سـاغیی کانزای ئاڵتوونەکە دەربکەوێت، تاقیکردنەوەکانی دونیاش بەهەمان شێوە کانزای خەڵکەکە دەردەخاتو ڕاستیی ناخیان دەخاتە ڕوو[٥١].

دووەم: تاقیکردنـەوەو ناڕەحەتییـەکان باوەڕدارانـی تۆکمەو تەواو دروسـت دەکەن؛ تا بتوانن لە داهاتوودا دەسـەڵات بگرنە دەستو پارێزگاری لە بیروباوەڕو دەسەڵاتەکەیان بکەن:

نموونەیەکی سـادە: ئەو هەموو نەهامەتییەی لە سـەردەمی منداڵیو لاوێتیدا بەسـەر پێغەمبەری خوادا ﷺ هات بۆ ئەوە بوو، خوای گەورە ئامادەی بکات بۆ هەڵگرتنـی باری قورسـی پێغەمبەرایەتی، بیهێنە پێش چـاوی خۆت، ئەگەر ئەم پیـاوە لە منداڵییەوە کەسـێکی بەنازپەروەردە بوایـە، دواتر بەرگەی ئەو هەموو ئازارو ئەشکەنجەو ناڕەحەتیو برسێتیو دەربەدەرییەی دەگرت؟!

یان هاوەڵانی لە سەردەمی مەککەو بۆ ماوەی سیازدە ساڵ بەرگەی ئەو هەموو ئازارو ئەشـکەنجەیەی قورەیشـیان گرت؛ بۆئەوەی خوای گـەورە ئامادەیان بکات بـۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتـی مەدینە لـە داهاتوویەکی نزیکدا، کەواتـە: ئامانجی تاقیکردنەوەکان، ڕووخاندن نییە، بەڵکو دروسـتکردنو بونیادنانە بەشێوەیەکی تۆکمەو پتەو.

خەبابـی کوڕی ئـەرەت کە هاوەڵێکی بەڕێز بوو دەڵێـت: ئێمە لە مەککە زۆر ئـازارو ئەشـکەنجە دەدراین، زۆریان بـۆ هێنابووین، ڕۆژێکیـان چوومە خزمەت پێغەمبـەر ﷺ بینیم لەپاڵ دیواری کەعبەدا ڕاکشـاوەو عەباکەی بەخۆیدا داوەو پێم گوت: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ: بۆ لە خوا ناپاڕێیتەوە لەم دۆخە ڕزگارمان بـکات؟ بۆ داوا لە خوا ناکەیت سـەرمان بخـات؟ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ کە گوێی لە قسـەکانم بوو، هەسـتاو ڕەنگی سـوور هەڵگەڕاو فەرمووی: {لَقَدْ كَانَ مَنْ قَبْلَكُـمْ لَيُمْشَطُ بِمِشَاطِ الْحَدِيـدِ مَا دُونَ عِظَامِهِ مِنْ لَحْمٍ أَوْ عَصَبٍ مَـا يَصْرِفُهُ ذَلِكَ عَنْ دِينِهِ وَيُوضَـعُ الْمِنْشَارُ عَلَى مَفْرِقِ رَأْسِهِ فَيُشَقُّ بِاثْنَيْنِ مَـا يَصْرِفُهُ ذَلِكَ عَنْ دِينِهِ وَلَيُتِمَّنَّ اللَّهُ هَذَا

٥١- سيد قطب، في ظلال القرآن، ج ٥، دار الشروق، بيروت، ط١٧، ١٤١٢، ص ٢٧٣٠.

الْأَمْـرَ حَتَّى يَسِيرَ الرَّاكِبُ مِنْ صَنْعَاءَ إِلَى حَضْرَمَوْتَ مَا يَخَافُ إِلَّا اللَّهَ}[52]. واتە: ئەوانەی پێش ئێوە بەشـانەی ئاسـن دایان دەهێنانو گۆشـتو ئێسـكو دەمارەكانیان لێك جیا دەكردنەوەو بەمشـار لە تەوقی سـەریانەوە تا بەری پێیان دەیانكردن بەدوو كەرتەوە، سـەرەڕای ئەوانە دەسـتبەرداری باوەڕەكەیان نەدەبـوون، دڵنیا بن خوا ئەم پەیامەی خۆی سـەردەخات، تا وای لێدێتو ئاشـتی بەشـێوەیەك باڵ بەسەر ناوچەكەدا دەكێشـێت، كەسـێك بە سواری وڵاخەكەی لە سـەنعاوە دەڕوات بەرەو حەزرەمەوت، جگە لە خوا شتێكی تر نییە لێی بترسێت.

كەواتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نهێنیی ئەو ئازارو ئەشكەنجانەی شاری مەككەی دەزانـی، كـە ئەوانە ژانی بوونو باجـی مانن. هەر لەبەرئەوەیە كاتێك سـەرانی قورەیش سازشـیان لەگەڵ دەكردو پێشنیاری ئەوەیان دەكرد دەسەڵاتی پێ بدەنو بیكەنـە گـەورەی خۆیان ڕازی نەدەبوو بـەوەی وەری بگرێـت؛ چونكە دەیزانی تـا ئـەوكات پیاوانێكی ئاوها پـەروەردە نەبوون، كە بتوانن بەرگـری لێ بكەنو دەسـەڵاتو پەیامەكـەی بپارێزن، بۆیە هەر دەسـەڵاتێك لەم قۆناغەدا درووسـت بێت، دەرەنجامەكەی شكسـت دەبێتو لەژێر سـایەی دەسەڵاتەكەی ئەبو جەهلو ئەبو لەهەبو وەلیدی كوڕی موغیرەدا دەبێتو ئیسلامیش هەرگیز لەگەڵ ستەمو نادادپەروەریدا هەڵناكات.

بۆیە لە پێشەوا شـافعییان پرسی تاقیكردنەوەو ئارامگرتن خێری زیاترە، یان دەسەڵاتداریو سـەركەوتن؟ لە وەڵامدا فەرمووی: (التمكين درجة الأنبياء، ولا يكون التمكـين إلا بعد المحنة، فإذا امتحن صـبر، وإذا صبر مكن، ألا ترى أن الله عزو جل امتحن إبراهيـم عليه السلام ثم مكنه، وامتحن موسى عليه السلام ثم مكنه، وامتحن أيوب عليه السلام ثم مكنه، وامتحن سليمان عليه السلام ثم مكنه)[53] . واتە: دەسەڵاتگرتنە دەست پلەی پێغەمبەرانەو دەسـەڵاتیش لە دواى قۆناغی ناڕەحەتیو تاقیكردنەوە دێت،

---

٥٢- البخاري، صحيح البخاري، ج٥، ص٤٥.

٥٣- الغزالي، إحياء علوم الدين، ج١، ص٢٦.

کاتێك تاقی دەکرێتەوە ئارام دەگرێت، کە ئارامی گرت خوای گەورە سەری دەخات، نابینی خوای گەورە ئیبراهیمی تاقی کردەوە، پاشان سەری خست، موسای تاقی کردەوە، پاشان سەری خست، ئەیوبی تاقی کردەوە، پاشان سەری خست، سلێمانی تاقی کردەوە، پاشان سەری خست.

ئێمە ئەمرۆ دەبینین موسڵمانانی دونیا زۆر لە ناڕەحەتیو مەینەتداںو ڕووبەڕووی ئازارو ئەشکەنجەی زۆر دەبنەوە، لە هەموو لایەکەوە کوفر تەنگی پێ هەڵچنیونو بەجۆرەها شێوە هەوڵی لەناوبردنو سەرکوتکردنیان دەدەن، بەڵام ئەمانە وەکو گوتمان ژانی بوونن، دەبێت ئەو ئازارو ئەشکەنجانە درووستمان کات، پتەومان کاتو هەرگیز نابێت چۆکمان پێ دابدات.

ململانێی ئێمە لەگەڵ خەڵکانێکدایە وەك خۆمان مرۆڤن، هەموو ئەو هۆکارانەی بۆ ئەوان ڕەخساون، بۆ ئێمەش ڕەخساون، ئەوان لە دەرەنجامی هەوڵو ماندووبوونی بەردەوام گەشتوونەتە ئەم ڕۆژە، ئەگەر باوەڕدارانیش بیانەوێت جڵەوی دەسەڵات بگرنە دەست، دەبێت وەکو ئەوان بکەنو خۆیان ماندووو بکەن، ئەگینا خوا لەسەر خەڵکانی تەممەڵو دەممردوو نایەتە جواب، ئەوەتا ڕاشکاوانە پێمان دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللّهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنْفُسِهِمْ﴾(٥٤). واتە: خوای گەورە بارودۆخی هیچ گەلو نەتەوەیك ناگۆڕێت، تا خۆیان نەیگۆڕن، یان تاخۆیان نەگۆڕێنو خۆیان چاك نەکەن. با هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەکەین خوای گەورە خۆی بێتو شەڕمان لەسەر بکاتو دەسەڵاتمان بداتە دەست، یان چاوەڕوان بین بە موعجیزەکانی سەرمان بخات؛ چونکە سوننەتی خوا بۆ سەرخستنی باوەڕداران بەو شێوەیە نییەو خوای گەورەش سوننەتەکانی خۆی، نەك بۆ ئێمە، بەڵکو بۆ هیچ پێغەمبەرێك تێك نەداوە، بەڵکو خۆیان هەوڵیان داوەو چی لە توانایاندا بووە خستوویانەتە کارو ئەوکات خوای گەورە سەرکەوتنی پێ داون.

کەواتە: خاڵێکی تر لە حیکمەتی ئازارو ناڕەحەتییەکان، ئامادەکردنی بەرەی

---

٥٤- سورة الرعد: الآية ﴿١١﴾.

باوەڕدارانە بۆ قۆناغی گرتنەدەستی دەسەڵاتو حوکمڕانی.

سێیەم: خوای گەورە هاوشێوەی نوێژو ڕۆژووو پەرستشەکان ئەو خەمو پەژارەو نەهامەتییانەش دەکاتە مایەی هەڵوەرینی تاوانەکان.

پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکیدا دەفەرموێت: {إذا أَرَادَ اللهِ بِعَبْدِهِ الخَيْرَ عَجَّلَ لَهُ العُقُوبَةَ فِي الدُّنْيا، وَإذا أرَادَ بِعَبْدِهِ الشَّرَّ أمْسَكَ عَنْهُ بِذَنْبِهِ حَتَّى يُوافِيَ بِهِ يَوْمَ القِيامَةِ}[٥٥]. واتە: ئەگەر خوای گەورە بیەوێت چاکە لەگەڵ بەندەیەکیدا بکات، هەر لە دونیادا تۆڵەی تاوانەکانی لێ دەکاتەوە، ئەگەریش بیەوێت سزای بدات، تۆڵەی تاوانەکانی بۆ هەڵدەگرێت؛ تا لە قیامەتدا تۆڵەی لێ دەکاتەوە.

هەر لەبەرئەوەیە زانایانی پێشین گوتویانە: (لولا مصائب الدنيا لوردنا القيامة مفاليس)[٥٦]. واتە: ئەگەر بەڵاو نەهامەتییەکانی دونیا نەبوایە؛ بەمایەپووچی دەچووینە قیامەت.

ئەمڕۆ دونیاویستی بەشێوازێك بەری چاوی بۆ قیامەت گرتووینو ئاسۆی بوونو بیرکردنەوەمانی قەتیس کردووە، ئامانجی بوونی خۆمان لەبیر کردووەو بەرگەی بچووکترین تاقیکردنەوە ناگرین.

چوارەم: دەستکەوتنی پاداشتو نزیکبوونەوە لە خوای گەورە: ناخۆشیو نەهامەتییەکانی دونیا، جگە لەوەی کە تاوانەکان دەوەرێنن، سوودێکی تریان ئەوەیە کە ئەگەر مرۆڤ لەسەریان خۆڕاگرو ئارامگر بێت، پاداشتیشیان لەسەر وەردەگرێت، پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکیدا دەفەرموێت: {مَا يُصِيبُ الْمُؤمِنَ مِنْ شَوْكَةٍ فَمَا فَوْقَهَا إلاَّ رَفَعَهُ اللّهُ بِهَا دَرَجَةً أَوْ حَطَّ عَنْهُ بِهَا خَطِيئَةً}[٥٧]. واتە: هەر شتێك تووشی مرۆڤی باوەڕدار بێت؛ لە دڕکێك کە دەچێت بە پێیدا، تا شتی

٥٥ - الترمذي، سنن الترمذي، ج٤،ص ٦٠١. وقال الألباني في تخريجه: حديث حسن صحيح.

٥٦ - إبن القيم (محمد بن أبي بكر أيوب الزرعي الدمشقي)، زاد المعاد في هدي خير العباد، ج٤، ط٣، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٩٨٦، ص١٩٢.

٥٧ - مسلم/ صحيح مسلم، ج٨، ص١٥.

گەورەتر، ئیللا خوای گەورە، یان پلەیەك لای خۆی بەرزی دەكاتەوە، یان تاوانێكی پێ هەڵدەوەرێنێت.

دەبێت نەخۆشو هەژارو خەمبارو خاوەن پەژارەكان، هەست بە نیعمەتی لەگەڵ خوابوونو نزیكیان لە خواوە بكەن؛ تا تاڵی خەمەكانیان لە ناخدا بێتە هەنگوینو ئاسوودەیی دەروونیان پێ ببەخشێت.

پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەكی قودسیدا، باسی دیمەنێك لە لێپرسینەوەكانی قیامەتمان بۆ دەكاتو دەفەرموێت: {إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ يَقُولُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ: يَا ابْنَ آدَمَ مَرِضْتُ فَلَمْ تَعُدْنِي؟!.. قَالَ يَا رَبِّ كَيْفَ أَعُودُكَ وَأَنْتَ رَبُّ الْعَالَمِينَ؟!. قَالَ: أَمَا عَلِمْتَ أَنَّ عَبْدِي فُلاَنًا مَرِضَ فَلَمْ تَعُدْهُ، أَمَا عَلِمْتَ أَنَّكَ لَوْ عُدْتَهُ لَوَجَدْتَنِي عِنْدَهُ. يَا ابْنَ آدَمَ اسْتَطْعَمْتُكَ فَلَمْ تُطْعِمْنِي؟!. قَالَ: يَا رَبِّ وَكَيْفَ أُطْعِمُكَ وَأَنْتَ رَبُّ الْعَالَمِينَ؟!. قَالَ: أَمَا عَلِمْتَ أَنَّهُ اسْتَطْعَمَكَ عَبْدِي فُلاَنٌ فَلَمْ تُطْعِمْهُ، أَمَا عَلِمْتَ أَنَّكَ لَوْ أَطْعَمْتَهُ لَوَجَدْتَ ذَلِكَ عِنْدِي. يَا ابْنَ آدَمَ اسْتَسْقَيْتُكَ فَلَمْ تَسْقِنِي. قَالَ: يَا رَبِّ كَيْفَ أَسْقِيكَ وَأَنْتَ رَبُّ الْعَالَمِينَ. قَالَ: اسْتَسْقَاكَ عَبْدِي فُلاَنٌ فَلَمْ تَسْقِهِ أَمَا إِنَّكَ لَوْ سَقَيْتَهُ وَجَدْتَ ذَلِكَ عِنْدِي}[٥٨]. واتە: خوای گەورە لە قیامەتدا بە بەندەكەی دەفەرموێت: ئەی بەندەكەم نەخۆش بووم، سەردانت نەكردم؟! بەندەكەش دەڵێت: ئەی پەروەردگار تۆ چۆن نەخۆش دەكەویت؛ تا من سەردانت بكەم، لە كاتێكدا تۆ دروستكارو بەدیهێنەری جیهانیانیت؟! خوای گەورە پێی دەفەرموێت: ئەی نەتزانی فلان كەسی بەندەی من نەخۆش بوو، سەردانت نەكرد، خۆ ئەگەر سەردانی ئەوت بكردایە؛ ئەوا منت لای ئەو دەبینی، پاشان پێی دەفەرمووێت: ئەی بەندەكەم برسیم بوو، داوای نانم لێ كردیت پێت نەدام؟! بەندەكەش دەڵێت: ئەی پەروەردگار من چۆن نان بە تۆ بدەم، لە كاتێكدا تۆ دروستكارو بەدیهێنەری جیهانیانیت؟! خوای گەورە پێی دەفەرمووێت: ئەی نەتزانی فلان كەسی بەندەی من، داوای نانی لێ كردیت پێت نەدا، ئەی نەتزانی ئەگەر نانت بەو بدایە، ئێستا پاداشتەكەیت لای من وەردەگرتەوە، پاشان پێی

---

٥٨- مسلم، صحيح مسلم، ج٨،ص١٢.

دەفەرمووێــت: ئەی بەندەکــەم تینووم بوو، داوای ئاوم لــێ کردیت پێت نەدام؟!
بەندەکــەش دەڵێــت: ئەی پەروەردگار مــن چۆن ئاو بە تۆ بدەم لــە کاتێکدا تۆ دروســتکارو بەدیهێنــەری جیهانیانیــت؟! خوای گەورە پێــی دەفەرمووێت: ئەی نەتزانی فلاَن کەســی بەندەی من، داوای ئاوی لێ کردیت پێت نەدا، ئەی نەتزانی ئەگەر ئاوت بەو بدایە، ئێستا پاداشتەکەیت لای من وەردەگرتەوە.

کەواتە: خوای گەورە کاتێك بە ناخۆشییەك بەندەکەی بەسەر دەکاتەوە لەبری ئەو نیعمەتەی لێی وەرگرتۆتەوە ئەوەندە لە خۆی نزیك دەکاتەوە کە بەو شێوەیە گوزارشــتی لێ دەکاتو دەفەرمووێت: ســەردانی ئــەوانو چاکەکردن لەگەڵ ئەوان سەردانی منو چاکەکردن لەگەڵ من بوو.

ئەمــەش مژدەیەکــی زۆر گەورەیــە، بۆ هەموو کەســێك کە خــوای گەورە بە ناخۆشییەك لە ناخۆشییەکان بەسەری کردۆتەوە.

**پێنجــەم:** گەشــتن بە پلە بالاَکانــی بەهەشــت: یەکێکی تر لــە نهێنییەکانی ناخۆشــییەکان ئەوەیــە کە هەندێجار خــوای گەورە بەندەیەکــی خۆش دەوێتو دەیەوێت بەشــی زۆر باشــی لە بەهەشــتدا پێ بــدات، بەلاَم کــردەوە چاکەکانی ئــەم بەندەیــە ئەوەندە نین تا بیگەیەننە ئەو ئاســتانە، بۆیــە خوای گەورە بەو ناخۆشــییانە بەسەری دەکاتەوە؛ تا پلەی بەرز بکاتەوەو بیگەیەنێتە ئەو شوێنەی کە خۆی بۆی داناوە.

**شەشــەم:** بەلاَو ناخۆشــییەکان زڵــەی میهرەبانیی خوای گەورەنو مەبەســت لێیان بەئاگاهێنانەوەی بەندەکانە بۆ بەخۆداچوونەوەو گەڕانەوە لە دونیا بەر لە لێپرسینەوەو ســزای قیامەت. خوای پەروەردگار لەبارەی ئەم خاڵە دەفەرمووێت: ﴿وَلَنُذِيقَنَّهُـم مِّـنَ الْعَذَابِ الأَدْنَـى دُونَ الْعَذَابِ الأَكْبَرِ لَعَلَّهُم يَرجِعُـونَ﴾[59] . واتە: ئێمە بەر لەســزا سەختو گەورەکەی قیامەت لە دونیا، هەندێك جار سزاو ناخۆشییان بەسەردا دەهێنین؛ تا پەشیمان ببنەوەو بگەڕێنەوە بۆ لای خوا.

---

٥٩- سورة السجدة: الآية ﴿٢١﴾.

لەم سـۆنگەیەوە کاتێك ئاوڕ لە ژیانی پێغەمبەر ﷺو ڕووداوەکانی دەدەینەوە، ئەم خاڵە بەڕوونی هەسـت پێ دەکەین، بۆ نموونە: کاتێك هاوەڵانی هەڵەیەکیان کردبێـت، خوای گەورە نەیهێشـتووە بەسـەریاندا تێپەڕبێتو یەکسـەر ئاگاداری کردوونەتـەوە، ئەوەتـا لە غـەزای ئوحـوددا، کاتێك هەندێك لـە تیرهاوێژەکان سـەرپێچی فەرمانەکەی پێغەمبەرﷺ دەکەنو شـوێنەکانیان چۆڵ دەکەن، خوای گەورە، یەکسـەر دەرەنجامی شـەڕەکە، لە سـەرکەوتنەوە دەگۆڕێت بۆ شکسـتو باجەکەشی زۆر بەسەختی دەدەنو (٧٠) لە هاوەڵە بەڕێزەکانی شەهید دەبن.

خۆ دەکرا خوای گەورە سـەرەڕای سەرپێچیکردنەکەشیان، هەر سەرکەوتنی پێ ببەخشـینایە، بەڵام ئەوە ڕێخۆشـکەر دەبوو، بۆ بەردەوامبوون لەسەر ئەو جۆرە هەڵانـە، بۆیـە خوای گەورە لێیان قەبووڵ ناکاتو یەکسـەر باجی هەڵەکەیان پێ دەدات؛ تـا جارێکـی تر دووبارەی نەکەنەوەو لە قورئانیشـداو لـە نزیکەی (٦٠) ئایەتدا وردەکارییەکانی شەڕەکە تۆمار دەکات، هەتا نەك تەنها بۆ ئەوان، بەڵکو تا قیامـەت بۆ هەموو نەوەکان بێتە پەندو پابەند بن بەفەرمانەکانی پێغەمبەرەوە ﷺو بەموو لێی لانەدەن، ئەگینا خوای گەورە سزای سەختیان دەدات.

ڕووداوێکی تر کە دەکرێت لەم ڕووەوە سـوودی لـێ ببینرێت غەزای حونەین بـوو، کە تێیـدا ژمارەی موسـڵمانان نزیکـەی (١٢٠٠٠) کەس بوونو ئـەم ژمارە زۆرەیش جۆرێك لە لووتبەرزی لای هەندێك لە هاوەڵان دروستکردو کە ژمارەیان نەدەگەشـتە (١٥) کـەسو گوتیان: (ئەمڕۆ بەم ژمـارە زۆرەوە نابەزین). ئەوەبوو خوای گەورە بەهەمان شێوەی ئوحود، بەسەختی دەرسی دادانو ئەگەر لوتفی خوا نەبوایە، تووشـی گەورەترین شکستی سـەربازی دەهاتن، دواتر خوای گەورە هات بەهانایانەو سەری خستن، بەڵام پاش ئەوەی باجی هەڵوێستی هەڵەی خۆیان دا.

خوای گەورە هاوشـێوەی ئوحـود ڕووداوەکانی حونەینیشـمان لە قورئاندا بۆ تۆمار دەکاتو باسی پەندو وانەکانیمان بۆ دەکات.

جـا با لێرەدا هەڵوێسـتەیەك بکەیـنو بەراوردێك لەنێـوان حاڵەتی دینداری

خۆمـــانو ئەواندا بکەین. ئەوان هاوەڵی پێغەمبەری خوا بوونو پێغەمبەر ﷺ بە جەستە لەو ئەزموونانەدا لەگەڵیان بووەو ژیاوە.

ئـــەوان کە خوای گـــەورە هەڵی بژاردوون بۆ هاوەڵیکردنی پێغەمبەرەکەیو لە چەندان شوێندا شایەتی پاکیو چاکیو دڵسۆزی بۆ داون.

ئـــەوان کـــە هەموو ژیانیان خســـتبوە پێناوسەرخســـتنی دینی خـــواوە، بەڵام ســـەرەڕای هەموو ئەمانە، خوای گەورە لەسەر بچووکترین هەڵە کە کەمینەیەکی زۆر کەمیش کردبێتیان، سزایان دەداتو سەرکەوتنیان پێ نادات.

ئەی ئێســـتاو بـــەم پێوەرانە، دەبێـــت حاڵی ئێمە چۆن بێـــت؟! ئێمە تا چەند پابەندیـــن بـــە فەرمانەکانی خواو پێغەمبـــەرەوە ﷺ؛ تا لەڕوومـــان بێت داوای سەرکەوتنی لێ بکەین؟!

پێم وایە لوتفی خوا لەگەڵمان زۆرە، ئەگەر نا دەبوو، نەك هەر شکست، بەڵکو تەفروتوونا بووینانەو شوێنەواریشمان هەر نەمایە؛ چونکە ئێمە، نەك خزمەتمان بەدینـــی خـــوا پێ نەکراوە، بەڵکو زۆر کات هەڵســـوکەوتو هەڵوێســـتەکانی ئێمە، بووەتە لەکەو بەهۆیانەوە خەڵکی لە دینی خوا تۆراوە.

ئەوە ئێمە کە بە ناخێری گیانمان، خۆمان بە ئیسلامی لەقەڵەم داوەو خۆمان بەشـــوێنکەوتەی پێغەمبەر دەزانینو لافوگەزافی ســـەلەفییەت لێ دەدەین، ئەگینا خەڵکانی تر ئەوە لەم جۆرە شوێنانەدا هەر جێی باس نین، هەموو گەڕانەونەتەوە ســـەر نەریتەکانـــی نەفامی ســـەردەمانی زوو، هەر یەکە بتێکی بۆ خۆی تاشـــیوە لە خۆی کردووەتە خواو شـــەوو ڕۆژی خســـتۆتە ســـەر یەك لە پێناو پیاهەڵدانو خزمەتکردنیدا.

**حەوتەم:** بەڵاو ناخۆشییەکان هەستی گەورەییو شیرینی نیعمەتەکانی خوامان تێدا درووست دەکەن:

زۆر کات مرۆڤـــەکان هەســـت بە نیعمەتەکانی خوا ناکـــەن، تا بەچاوی خۆیان تاڵیـــی کەمکرنەوە، یان وەرگرتنەوەیان نەبینن، بۆ نموونە: نیعمەتی لەشســـاغی،

یان دەوڵەمەندی، یان گەنجیو جوانی، مرۆڤ هەســتیان پێ ناکات، هەتا نەخۆش، یــان هەژار نەکەوێت، یان پیرێك نەبینێت. بۆیە زۆرکات خوای گەورە کەمێك لە نیعمەتەکانی دەگرێتەوە؛ تا مرۆڤ هەست بەتامو چێژو گەورەییان بکات.

## پێداویستییەکانی خۆڕاگریو دامەزراوی مرۆڤەکان؟

خۆشەویستان، پاش ئەوەی زانیمان ئامانج لە تاقیکردنەوەی مرۆڤەکان چییە، پێویســتە ئــەوەش بزانین کە دەبێــت بەرامبەریان خۆڕاگرو دامــەزراو بین، ئەم خۆڕاگریو دامەزراوییەش، هەروا لە بۆشــاییەوە دروووست نابێت، بەڵکو پێویستی بە چەندان هۆکارو ئامراز هەیە لەوانە:

**یەکــەم:** وا تــێ بگەین لە ژیانی دونیا کە تەنها قۆناغێکە بۆ قیامەتو تاســەر بۆ کەس نەبووەو نابێتو خۆشــیو ناخۆشییەکانیشــی تا ســەر نین، بۆیە با زۆر خەمی پێوە هەڵنەگرین، بەڵکو هەوڵ بدەین لە پێناو بەدەستهێنانی ژیانی دوایيو مسۆگەرکردنی قیامەت، ساتەکانی بەخەرج بدەین.

**دووەم:** کاتێك بەڵایەکمان بەســەر دێــت بزانین کە خەڵکانێکی تر هەن بەڵای زۆر لــەوەی ئێمــە گەورەتریان بەســەر هاتــووەو خوای گەورە بەقورســتر تاقی کردوونەتەوە؛ بۆیە پێغەمبــەری خواﷺ دەفەرموێت: {انْظُرُوا إِلَى مَنْ أَسْفَلَ مِنْكُمْ وَلاَ تَنْظُرُوا إِلَى مَنْ هُوَ فَوْقَكُمْ، فَهُوَ أَجْدَرُ أَنْ لاَ تَزْدَرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ}[٦٠]. واتە: هەمیشە سەیری خەڵکانی خوار خۆتانەوە بکەنو سەیری خەڵکانی سەرووی خۆتان مەکەن؛ چونکە ئەوە واتان لێ دەکات، بەکەم سەیری نیعمەتەکانی خوای گەورە نەکەن.

ئەمــە خاڵێکی زۆر گرنگە؛ بــۆ کەمکردنەوەی ئازاری خەمــەکان بۆ نموونە: کاتێك هەژار دەبیتو داهاتەکەت وەك پێویست نابێت، بزانە خەڵکانێك هەن هەر هیچیان نییە، ئەگەر هەر هیچت نییە، بزانە خەڵکانێك هەن ســەرەڕای نەبوونی، لەشبەبارو ناساغو لەجێکەوتەن، ئەگەر منداڵێکت نەخۆش دەکەوێت، یان دەمرێت، بزانە خەڵکانێك هەن هەر منداڵیان نییە و نابێت، بەم شــێوەیە هەرکات تووشــی

٦٠- مسلم، صحيح مسلم، ج٨، ص٢١٣.

ناڕەحەتی بوویت؛ سەیری خەڵکانی خوار خۆت بکەیت، نەك سەروو خۆت.

خۆ ئەگەریش بەپێچەوانەوە سەیری سەرووی خۆت بکەیت؛ ئەوا ئەگەر هیچ خەمیشت نەبێت هەر خەمباریت؛ چونکە دەبینیت خەڵکی شتانێکیان هەیە تۆ نیتەو لە خەمی پەیداکردنیدایت، کە پەیدای دەکەیت چاوت تێر نابێت؛ چونکە هەر چاوت لە ژوور خۆتەوەیە، بەم شێوەیە ئارامی لە دڵو دەروونت هەڵدەگیرێت، خۆ ئەگەر تووشی بەڵایەکیش بیت؛ ئەوا خەمەکان چەند قات دەبنەوەو ژیانت لێ تاڵ دەبێت.

**سێیەم:** سوپاسی خوای گەورە بکەین، کە ئەو بەڵایەی بەسەرمان هاتووە لەوە گەورەتر نەبوو، ئەگەر گەورەتر بوایە، چ دەسەڵاتێکمان دەبوو؛ چونکە هەر بەڵایەك بێت بەدڵنیاییەوە لەو گەورەترو ناڕەحەتتر هەیە.

**چوارەم:** خۆڕاگرو ئارامگر بینو هیچ کاتو بەهیچ شێوەیەك نارەزایی، یان قسەی خراپو ناشکوری بەهیچ ئەندامێکی جەستەماندا نەیەت، نەدڵ، نەدەم، نەدەست، نەکردەوە؛ چونکە ناشکوریکردن، نەك بەڵاکە لا نابات، بەڵکو بەپێچەوانەوە زیادی دەکاتو پاداشتەکەشی دەبات.

ئەمەش خاڵی جیاوازیی نێوان مرۆڤی بڕواداڕو خەڵکانی بێباوەڕە؛ چونکە ئێمەو ئەوانیش لە دونیا تووشی بەڵاو ناڕەحەتی دەبین، بەڵام ئێمە دەزانین دونیا هەر کۆتایی دێتو ئەم ناڕەحەتیانەش بەشێکن لە تاقیکردنەوەی خوای گەورە، بۆیە ئارام دەگرینو چاوەڕوانی پاداشتی ناڕەحەتییەکانمان لە خوا دەکەین، بەڵام ئەوان سەرباری ناڕەحەتییەکانی دونیایان، سزای قیامەتیشیان لەسەرە، بۆیە خوای گەورە دڵنەواییمان دەکاتو دەفەرموێت: ﴿إِن تَكُونُواْ تَأْلَمُونَ فَإِنَّهُمْ يَأْلَمُونَ كَمَا تَأْلَمونَ وَتَرْجُونَ مِنَ اللّهِ مَا لاَ يَرْجُونَ﴾[٦١]. واتە: ئەگەر ئێوە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەیاندا، تووشی ئازارو ناڕەحەتی دەبن؛ ئەوا ئەوانیش وەکو ئێوە تووشی ئازارو ناڕەحەتی دەبن، بەڵام ئێوە چاوەڕوانی پاداشت لە خوا دەکەنو ئەوان چاوەڕوانی هیچ

---

٦١- سورة النساء: الآية ﴿١٠٤﴾.

پاداشتێك له هیچ كەس نین.

بۆیـە خوای گـەورە، ئامۆژگاریمان دەكات كە لە كاتی بـەڵاو نارەحەتییەكاندا ئارامگر بین‌و مژدەی زۆر گەورە بەئارامگران دەداتو دەفەرمویت: ﴿وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُواْ إِنَّا لِلّهِ وَإِنَّـا إِلَيْهِ رَاجِعونَ أُولَـئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ وَأُولَـئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ﴾(٦٢). واتە: موژدە بـدە بە ئارامگران ئەوانەی كاتێك نەهامەتییـەك ڕوویـان تێ دەكات، دەڵێن: ئێمە هـی خواین‌و هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێینەوە ئەوانە بەزەیی‌و لێخۆشبوونی خوای گەورە دادەبەزێتە سەریان‌و هەر ئەوانەش لەسەر ڕێگای ڕاستی خواناسین.

لە شوێنێكی تردا باسی هاوەڵی بوونی خۆی‌و كۆمەكیكردنی ئارامگران دەكاتو دەفەرمویـت: ﴿إِنَّ اللّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ﴾(٦٣). واتە: خوای گەورە لەگەڵ ئارامگرانە. لە هەندێك شـوێنی تردا جەخت لەسـەر خۆشەویسـتیی خۆی دەكاتەوە بۆ ئەوان‌و دەفەرمویـت: ﴿وَاللّهُ يُحِبُّ الصَّابِرِينَ﴾(٦٤). واتە: خوای گـەورە ئارامگرانی خۆش دەوێت. سـەرباری ئەمانە هەمـووی مژدەی ئەوەیان پـێ دەدات كە بێ ئەندازەو بەشـێوەیەك كە هەر بیریان لێ نەكردۆتەوە، پاداشـتیان دەداتەوەو دەفەرمویت: ﴿إِنَّمَا يُوَفَّى الصَّابِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾(٦٥). ئەمانەو چەندان بەخششی تر، كە لە ئارامگریدا دەست دەكەون.

هەر بۆیە پێغەمبەری خوایش ﷺ فێرمان دەكات لە كاتی ڕووبەڕووبوونەوەی هەر پێشـهاتێكدا خۆمان ڕادەستی خوای گەورە بكەین‌و بەقەدەری ئەو ڕازی بین‌و بڵێین: {قَدَرُ اللَّهِ وَمَا شَاءَ فَعَلَ}(٦٦). واتە: ئەمە ویسـتی خوای لەسەر بووە، خوایش

---

٦٢- سورة البقرة: الآيات ﴿١٥٥-١٥٧﴾.

٦٣- سورة البقرة: الآية ﴿١٥٣﴾.

٦٤- سورة آل عمران: الآية ﴿١٤٦﴾.

٦٥- سورة الزمر: الآية ﴿١٠﴾.

٦٦- مسلم، صحيح مسلم، ج٨،ص٥٦.

هەرچی بوێت؛ ئەوە دەبێت.

ئەمانــە ئەو هەڵوێســتانەن، کە دەقە شــەرعییەکان فێرمان دەکــەن لە کاتی ناڕەحەتیدا بیانکەینە وێردی زوبانمانو زیادو کەمیان لێ نەکەین.و بیرمان بەلای قسەی بەدو ناشکوریدا نەڕوات.

پێشــینانی ئەم ئوممەتە، ئەوەندە بەئاگاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم پرســەدا کردووە، کاتێك تووشــی ناڕەحەتی بوون، نەك هەر ناڕەزاییان دەرنەبڕیوە، بەڵکو لای کەسیش باسیان نەکردووە؛ لە ترسی ئەوەی نەوەك پاداشتەکەی کەم بێتەوە.

پیاوێك دەڵێت: ســکالای نەخۆشــییەکی خۆم لای کەسێك باس دەکرد، شورەیح ئاگای لێ بوو، هات دەســتی خســتە ســەر شــانمو گوتی: حەز دەکەم دوو قسەت لەگەڵ بکەم، دووری خســتمەوە، گوتی: برام، بۆچی ســکالای نەخۆشیو ناخۆشــیی خۆت لای خەڵك دەکەیت؟ وتم: من ئازارم زۆر بوو، بۆیە باســم کردووە، گوتی: ســەیری ئەو چاوەم بکە، منیش سەیری چاویم کرد، هیچی پێوە دیار نەبوو، گوتی: سوێند بە خوا نزیکەی (١٥) ساڵە نە کەسێك، نە ڕێگایەك هیچی پێ نابینم، هەتا ئێستایش جگە لە خۆمو خوا کەس نازانێت ئەو چاوەم لە دەست داوەو باسم نەکردووە؛ تا پاداشتەکەی لای خوا کەم نەکات، پاشــان پێی گوتم: تۆ قســەکەی یەعقوبت گوێ لێ نەبووە، کە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا أَشْكُو بَثِّي وَحُزْنِي إِلَى اللَّهِ﴾(٦٧) . واتە: من سکالای ناسۆرو خەمەکانم تەنها لای خوا دەکەم(٦٨).

ئەمە تێگەشــتنێکی زۆر وردە لە مامەڵەکردن لەگەڵ خوای گەورەو ئێمە لێی بێئاگاین، بۆیە دەبینین بە بچووکترین ئازارو ناڕەحەتی هاوارمان لێ هەڵدەسێتو دەســت دەکەین بە سکاڵاکردنو ناشــکوریو تانەدان لە بڕیارەکانی خوای گەورەو تۆمەتبارکردنی بە ستەمکردنو نادادپەروەری، هەموو ئەمانەش ناڕەزایی دەربڕینە بەرامبەر بە ویستەکانی خواو بڕیارەکانی.

---

٦٧- سورة يوسف: الآية ﴿٨٦﴾.

٦٨- إبن عبد ربه الأندلسي (أحمد بن محمد بن عبد ربه الأندلسي)، العقد الفريد، ج٣، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٤٠٤، ص١٥٥.

**پێنجەم:** سوپاسی خوای گەورە بکەین لە سەر ئەوەی ئەو بەڵایە ڕووی لە دینمان نەکردووە؛ چونکە ئەوەی لە دونیا هەیە، هەمووی هەر دەڕوات، ساتێك درەنگتر، یان زووتر بەجێی دەهێڵین، مرۆڤ بە تەنهاو بەڕووتی چۆن هاتووەتە دونیا، ئاوهایش لێی دەردەچێتو دەگەڕێتەوە بۆلای خوا، کاتێك دەزانین ئەم بەخششانە هەر دەڕۆن، بۆچی مرۆڤ وا بکات لەسەریان، خوا لە خۆی بڕەنجێنێت.

هەر بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێك نزای دەکردو دەپاڕایەوەو دەیفەرموو: {ولا تجعلْ مُصيبتَنَا في دِينِنَا}[69]. واتە: خوایە هەر بەڵاو موسیبەتێکت نارد؛ لە دینمانی لابدەو با ڕوو لە دونیا بێت.

چونکە باوەڕو خواناسی دەستمایەی ژیانی مرۆڤە کە لەدەست چوو، قەرەبوو ناکرێتەوە، بەڵام گشت شتەکانی تر لاوەکینو هەر لەدەست دەچنو خوای گەورە زۆر بەباشتر قەرەبوویان دەکاتەوە.

پێشەوا عومەر دەفەرموێت: (ما ابتليت ببلاء إلا كان لله تعالى علي فيه أربع نعم: إذ لم يكن في ديني، وإذ لم يكن أعظم منه، وإذ لم أحرم الرضا به، وإذ أرجو الثواب عليه)[70]. واتە: هەر ناخۆشییەك ڕووی تێ کردبێتم خوای گەورە لەپاڵیدا چوار بەخششی لەگەڵ کردووم: یەکەم ئەو ناخۆشیو نەهامەتییە بۆ دونیا بووەو ڕووی لە ئایینو بیروباوەڕم نەبووە، دووەم لەوە گەورەتر نەبووە، سێیەم پێی ڕازی بوومو لە نیعمەتی ڕەزامەندی بێبەش نەبووم، چوارەم چاوەڕوانی پاداشتم کردووە لە خوای گەورە.

**شەشەم:** با هەمیشە گومانی باشمان بە خوای خۆمان هەبێت، کە هەرگیز خوا کارێك ناکات، لە زیانی بەندەکانی خۆی، بەڵکو هەمیشە باشەی بۆیان دەوێت؛ چونکە لەناو بوونەوەردا خوا ڕێزی زۆری لە مرۆڤ گرتووەو بەدەستی خۆی درووستی کردووەو لە ڕۆحی خۆی کردووە بە بەریداو هەر لە سەرەتای درووستبوونییەوە فەرمانی بە فریشتەکانی نزیکی خۆی کردووە کڕنووشی بۆ بەرنو ئەم هەموو

---

٦٩- النسائي، سنن النسائي، ج٦،ص١٠٦. وقال الألباني في صحيح وضعيف الجامع: حديث حسن.

٧٠- الغزالي، إحياء علوم الدين، ج٤،ص١٢٩.

بوونــەوەرەی خــۆی لە زەوی خۆرو مانــگو سیســتەمە گەردوونییە زەبەلاحەی خستۆتە پێناو خزمەتی ئەووەوە دواتر ئەو هەموو پەیامو پێغەمبەرەی بۆ ڕەوانە کــردوون؛ تا گومــڕاو لارێ نەکەون، جا چ ژیرێك بــاوەڕ دەکات، کە خوا بیەوێت بێرێزی بەرامبەر بەو درووستکراوە ناوازەیەی خۆی بکات، یان بیەوێت نارەحەتی بکاتو ڕووبەڕووی سزاو ئازارو ئەشکەنجەی بکاتەوە؟!

بەداخەوە ئێمە هەمیشە لە ئاست تێگەشتنو زانستی کەم و کورتبینی خۆمان بڕیار دەدەینو هەڵسەنگاندن بۆ کارو فەرمانەکانی خوای گەورە دەکەین، خوای گەورەش لە ئاست تواناو بەخششو زانستی بێسنووری خۆی بڕیار دەدات. ئەوەتا کاتێك باسی بەڵاو نارەحتییەکانمــان بۆ دەکات، دەفەرموێت: ﴿قُل لَّن يُصِيبَنَا إِلاَّ مَا كَتَبَ اللّهُ لَنَا﴾[٧١] . واتە: بڵێ هیچ ناخۆشیو بەڵایەکمان بەسەر نایەت جگە لەوەی خوای گەورە بۆی نووسیوین. کەواتە: بەڵاکە بۆ ئێمەو لە بەرژەوەندیی ئێمە نووسراوە؛ چونکە دەفەرمووێت: (لنا)، نەك (علينا). واتە: بۆمانە، نەك لەسەرو لە دژمانە.

یەکێك لە ســەرەتاییترین ســوودەکانی ناخۆشییەکانی دونیا، ئەوەیە کە خوای گــەورە دەیکاتــە مایەی لێخۆشــبوونی تاوانەکانو کەمکردنەوەی ســزای قیامەت، پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکیدا دەفەرموێت: {مَا يُصِيبُ الْمُسْلِمَ مِنْ نَصَبٍ، وَلَا وَصَــبٍ، وَلَا هَــمٍ وَلَا حُزْنٍ وَلَا أَذًى وَلَا غَــمّ حَتَّى الشَّوْكَةِ يُشَاكُهَــا إِلَّا كَفَّرَ اللَّهُ بِهَا مِنْ خَطَايَاهُ}[٧٢]. واتە: هیچ شتێك نایەتە ڕێی مرۆڤی باوەڕدار لە ماندوێتیو نەخۆشیو پەژارەو خەمو ئازارو نارەحەتی، تەنانەت دڕکێك کە دەچێت بە پێیدا ئیللا خوای گەورە دەیکاتە مایەی سڕینەوەی تاوانەکانی.

ئەمانەو چەندان سوودی تر کە ئێمە هەستیان پێ ناکەینو لێیان بێئاگاین.

**حەوتــەم:** باهەرگیز لەبەرامبەر بڕیارەکانی خوادا گومانی باشــمان بە خۆمان نەبێت؛ چونکە ئەم گومان باشــییەی خۆمانە بە خۆمان، وامان لێ دەکات خۆمان

٧١- سورة التوبة: الآية ﴿٥١﴾.

٧٢- البخاري، صحيح البخاري، ج٧،ص١١٤.

به شـــایەنی هەموو شتێکی باش بزانینو هەر شتێك بەسەرمان بێت، کە بەدڵمان نەبێت بە ستەمی بزانینو هەست بکەین بەوەی دەبوو وانەبوایە، یان دەپرسین بۆ خوا وای لێ کردین؟! یان بۆ خوا هەر ئێمەی لەبیرە؟! یان بۆ من، یان ئێمە چیمان کردبـــوو؟! ئەمانـــە هەمووی ســـەرەڕای بەڵاکەی دونیـــا، دەرگای کوفرو بێدینیش بـــەڕووی مرۆڤدا دەکەنەوە، بۆیە لەبری ئەم پرســـیارە بێرێو بێجێیانە؛ با دڵنیا بین لەوەی کە هەرچی بە ســـەرمان دێت، هۆکارەکەی خۆمانینو خوایش ســـتەم لـــە کەس نـــاکات، ئەوەتا بەرامبەر بە پێغەمبەرﷺو هاوەڵانی پاش شکســـتەکەی ئوحـــود دەفەرموێت: ﴿أَوَلَمَّا أَصَابَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُم مِّثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّى هَذَا قُلْ هُوَ مِنْ عِندِ أَنْفُسِكُمْ﴾(٧٣) . واتە: بۆ کاتێك تووشـــی بەڵاو ناڕەحەتییەك دەبنەوە، کە دوو هێندەتان بەســـەر دوژمنەکانتان هێناوە، دەپرســـنو دەڵێـــن ئەوە لەبەرچی وامان بەسەر هات؟ ئەی محەممەد لە وەڵامدا پێیان بڵێ: بەهۆی کردەوەو سەرپێچییەکانی خۆتانەوە ئەو بەڵایەتان بەسەر هات.

زانایان دەفەرموون: (مانزل بلاء الا بذنب وما رفع الا بتوبة)(٧٤) . واتە: هەر بەڵایەك کە دێت بەهۆی تاوانێکەوەیەو تەنهایش بە تەوبەکردن خوای گەورە لای دەبات.

کەواتـــە: پێویســـتە ناخۆشـــیو ناڕەحەتییەکان، خاڵی وەرچەرخـــان بن بەرەو بەخۆداچوونـــەوەو چاکردنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ خـــوا، نەك بەپێچەوانەوە هەڵوێستوەرگرتن لە خواو دادگایکردنی بڕیارەکانی ئەو.

هەشـــتەم: هەرگیز پێت وا نەبێت، کە خوای گـــەورە تەنها تۆ تاقی دەکاتەوەو خەڵکانی تر پاڵیان لێ داوەتەوەو لە نازو نیعمەتدا دەژین، بەڵکو دڵنیا بە لەوەی کە ئەوەی بەسەر تۆ دێت بەسەر هەموو خەڵکی هاتووەو دێت؛ چونکە سرووشتی ژیانی دونیا وایە، کە کەس تا سەر تێیدا بەختەوەر نابێتو نەهامەتییەکانی ژیان

---

٧٣- سورة آل عمران: الآية ﴿١٦٥﴾.

٧٤- إبن القيم، الداء والدواء، دار عالم الفوائد، ط ١، مكة المكرمة، ١٤٢٩، تحقيق: محمد أجمل الإصلاحي، ص ١٧٩.

بۆ هەمووان لە بۆسەدانو هەر جارەو کەسێكو بەشێوەیەك گیرۆدەیان دەبێت، جا بەختەوەری ڕاستەقینە ئەوەیە کە لە واتاو ڕاستییەکانی ژیان تێ دەگاتو خۆی بۆ تاقیکردنەوەکانی ئامادە دەکات، ئەمەش ئاسـوودەیەکی زۆری دەروونی بۆ مرۆڤی باوەڕدار درووست دەکات، کە بۆ خەڵکانی تر دەستەبەر نابێت.

نۆیـەم: با پێوەری بەخششـەکانی دونیا نەکەینە سـەنگی مەحەکی باشـیو بەختـەوەری مرۆڤـەکان، بەو واتایەی ئەگـەر خوای گـەورە دەرگای دونیای بۆ خەڵکانێکی خراپ واڵا کرد، ئیتر پێمان وا بێت ئەوان ڕاستنو لەسەر حەقن، بۆیە خوا دونیای پێ داون، ئێمەش پێویسـتە چاویان لێ بکەین؛ چونکە ئەم بۆچوونە هەڵەیە لەبەر دوو هۆ:

١- هیـچ کات بەخششـەکانی دونیا نابنـە پێوەر بۆ بەختـەوەری مرۆڤەکان؛ چونکـە بەختەوەری لە ناخو دڵدایە، نەك لەبەر دەسـتو دەوروبەر، بۆ نموونە: مەرج نییە کەسێك خانووی خۆشو ئۆتۆمبێلی مۆدێل بەرزو پارەو سامانی زۆری هەبێت بەختەوەر بێت، پێچەوانەکەشی بەدبەخت بێت. ئێستا وڵاتێکی وەکو یابان کە بـە هەموو پێوەرێکی دونیا، دەبێت دانیشـتووانەکەی بەختەوەرترین مرۆڤی دونیـا بن؛ کەچی بەپێچەوانەوە زۆرترینو مەترسـیدارترین ڕێژەی خۆکوشـتن لە وڵاتی یابانە، یان سـوید کە پێی دەڵێن بەهەشـتی خوا لەسـەر زەوی ڕێژەی خۆکوشتن تێیدا ئێجگار زۆرەو ئەم ڕێژانەش بەپێی ئامارەکان ساڵ بەساڵ ڕوو لە زیادبوونە، باشە بۆچی؟! ئەی بۆ لە سوماڵ کە هیچ هۆکارێکی بەختەوەری ژیانی دونیای تێدا نییە ڕێژەی خۆ کوشتن دەگمەنە؟! کەواتە: وەکو گوتمان بەختەوەری لە ناخدایەو خەڵکی سۆماڵ بەختەوەرن بەو باوەڕەی لە ناخیاندایەو گەشبینن بە دواڕۆژی باوەڕو خواناسییەکەیان.

٢- ئـەو بەخششـانە نابنە پێوەری ڕەزامەندیی خواو ڕاسـتیی ڕێبازی ئەوان؛ چونکە هەندێك جار زۆری بەخششەکان ئیستدراجەو خوای گەورە بەو بەخششانە تاقییان دەکاتەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکیدا دەفەرموێت: {إِذَا رَأَيْتَ

اللّـهَ يُعْطِي الْعَبْدَ مِنَ الدُّنْيَا عَلَـى مَعَاصِيهِ مَا يُحِبُّ، فَإِنَّمَا هُوَ اسْتِـدْرَاجٌ}[٧٥]. واته: ئەگەر بینیـت خوای گەورە، بێدڵی بەندەیەکی یاخــی نەدەکردو ئەوەی پێی خۆش بوو دەیدایە؛ ئەوە بزانە خوا جڵەوی بۆ شـل دەکاتو ئیسـتدراجی دەکات، پاشان ئەو ئایەتەی خوێندەوە: ﴿فَلَمَّا نَسُواْ مَا ذُكِّرُواْ بِهِ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَابَ كُلِّ شَيْءٍ حَتَّى إِذَا فَرِحُواْ بِمَـا أُوتُـواْ أَخَذْنَاهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ﴾[٧٦] : واته: کاتێك پشـتیان کردە پەیامەکانی خواو لەبیرخۆیان بردەوە ئێمەش دەرگای هەموو بەخششەکانمان بە ڕوویاندا واڵا کرد، کاتێــك کەوتنە نازو نیعمەتەوە، لەناکاودا لەناوماــان بردنو تەفروتوونامان کردنو بێهیوامان کردن لە بەزەیی خوا.

لــە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿أَيَحْسَبُـونَ أَنَّمَا نُمِدُّهُم بِهِ مِن مَّـالٍ وَبَنِينَ × نُسَارِعُ لَهُـمْ فِي الْخَـيْرَاتِ بَل لَّا يَشْعُرُونَ﴾[٧٧] واته: بۆ وا دەزانن ئەو بەخششــانەی لەگەڵمان کردوون لەو ماڵو سەروەتو سامانەی پێمان داون ئێمە دەمانەوێت خێرو چاکەیان لەبارە بکەین نەخێر، بەڵکو ئەوانە بێ هەستن و وای تێ دەگەن.

کەواتــە: هەمــوو بەخشــشو پێدانێك مــەرج نییە نیشــانەو بەڵگەی چاکەی خاوەنەکــەی بێت، یــان بەپێچەوانەوە، نارەحەتیو ناخۆشــی نیشــانەی خراپیی خاوەنەکەی بێــت، بەڵکو هەندێك جار بەپێچەوانەوەیــە ئەوەتا فیرعەون (٤٠٠) ساڵ ژیاوەو لە هەموو تەمەنیدا، تەنانەت ددانێکی نەئێشاوەو ئەو هەموو دەوڵەتو دەسەڵاتەشی هەبووە، بەڵام ئەمە هەرگیز نیشانەی ئەوە نەبووە، کە خوا فیرعەونی خۆش ویســتووە، لەبەرامبەریشــدا پێغەمبەران ئەوەندە بەشــمەینەتو نارەحەت بوون لە ژیانی دونیا، نوح (٩٥٠) ساڵ گیرۆدەی دەستی گەلێکی سەرسەخت بووبوو، کە هەمیشــە ســەرقاڵی بانگخوازیو هیدایەتیان بوو، ئیبراهیم بە چەندان شێوە خوای گەورە تاقیی کردۆتەوە هەر لە بەگژاچوونەوەی بێباوەڕی باوکیو گەلەکەی،

٧٥- الإمام أحمد، المسند، ج٢٨ ،ص٥٤٧ . والحديث صححه الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة.

٧٦- سورة الأنعام: الآية ﴿٤٤﴾.

٧٧- سورة المؤمنون: الآيتان ﴿٥٥- ٥٦﴾.

تا دەگاتە هەوڵی سووتاندنو دەربەدەرکردنیو بەجێهێشتنی خێزانیو جگەرگۆشە تاقانەکەی لە دۆڵێکی چۆڵو بێکەسدا، تا فەرمانکردن بەسەربڕینی تاقانەکەی پاش گەورەبوونــیو جۆرەها تاقیکردنەوەی تر، ئەیوب خوای گەورە هەموو ســەروەتو سامانوماڵو منداڵەکەی لێوەرگرتۆتەوەو بۆماوەی (١٤) ساڵ نەخۆشییەکی خراپی گرتووە، کە شــاربەدەر کراوەو لە هیچ ئاوەدانییەکدا جێگەی نەکراوەتەوە، یوسف چەنــدان ســاڵی تەمەنی منداڵــیو لاوی لە کۆیلایەتیو بەندیدا بەســەر بردووە، پێغەمبەری سەروەرمانﷺ هەر لە سەرەتاوە بەهەتیویو هەژاری هاتووەتە دونیاو هــەر لە منداڵیدا لە نازی دایکی بێبەش بووە، پاشــانیش ڕووبەڕووی ئەو هەموو ئازارو ئەشــکەنجەیە بۆتەوە لە لایەن نەیارانییەوەو پاش ئەوەش کە دەســەڵاتی هەبوو هەر بەهەژاریو نەداری ژیانی بردۆتە سەرو جار هەبوو بۆ دوومانگ زیاتر ئاگــر لە هیچ ماڵێکیــدا نەکراوەتەوەو تەنها ئاوو خورمای خواردووە، خۆ ناکرێت بڵێین ئەمانە خوا خۆشی نەویستوون، یان ڕقی لێیان بووە.

کەواتە: پێوەری خۆشیو ناخۆشی، لای خوا بۆ قیامەتە، نەك خۆمانو خەڵكو دونیــا؛ چونکــە ژیانی دوارۆژ نەبــڕاوەو هەمیشــەییە هەر بۆیە خوا پاداشــتی باوەڕدارانو سزای بێباوەڕانی خستۆتە ئەو ڕۆژە.

**دەیەم:** هەر ناخۆشــییەك بەســەرمان دێت، ویستی خوای لەسەرەو هیچ شتێك بێ ویســتی ئەو ناکرێت، پێغەمبەری خوا ﷺ لــە فەرموودەیەکیدا دەفەرموێت: {وَاعْلَـمْ أنَّ الأُمَّةَ لَـوِ اجْتَمَعَتْ على أنْ يَنْفَعُـوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَنْفَعُوكَ إلاَّ بِشَــيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللَّهُ لَـكَ، وَإنِ اجْتَمَعُوا علـى أنْ يَضُرُوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَضُرُوكَ إلا بِشَيءٍ قـد كَتَبَهُ اللَّهُ عَلَيْكَ}[٧٨].

واتە: بزانە ئەگەر هەموو ئەو ئوممەتە كۆ بێتەوە لەســەر ئەوەی ســوودێکت پێ بگەیەنن، ناتوانن پێتی بگەیەنن، ئەگەر خوای گەورە بۆی نەنووسیبێت، ئەگەریش كۆ ببنەوە لەســەر ئەوەی زیانێکت پێ بگەیەنــن، ناتوانن پێتی بگەیەنن، مەگەر بەشتێك نەبێت كە خوای گەورە لەسەری نووسیبێت.

---

٧٨- الترمذي، سنن الترمذي، ج ٤، ص.٦٦٧. وقال الألباني ني تخريجه: هذا حديث حسن صحيح.

کەواتە: هەموو خۆشیو ناخۆشییەك كە تووشمان دێت، ویستی خوای لەسەرەو پێویستە ئێمەش بە ویستەكانی ئەو ڕازیو سوپاسگوزار بین هەرچیو هەرچۆن بێت؛ چونكە وەكو گوتمان ئێمە لەبەر خودی خۆی كە شایەنی هەموو گەورەییەكە دەیپەرستین، نەك لەبەر بەخششەكانیو ئەو بەڵایەش بەدڵنیاییەوەوە بەشێك لە بەخششەكانی بردووە، نەك هەمووی.

یازدەیەم: ئەو نەهامەتییە هەر دەبوو بهاتایەو ببوایەو خۆ دەربازكردن لێی مەحاڵ بوو، پێشەوا عەلی لە گوتەیەكیدا لەبارەی مردن دەفەرموویێت: هەرگیز لە مردن نەترساوم؛ چونكە كاتی تەمەنو ڕۆژی مردنم دیاریكراوەو دەزانم ئەو ڕۆژەی كاتی مردنم دێت دەربازبوون لێی مەحاڵە، ئەو ڕۆژەش كە كاتی مردنم نییە مردن تێیدا مەحاڵە. بۆیە هەرگیز لێی نەترساوم.

بۆیە با نەڵێین ئەگەر وامان بكردایە وا دەبوو، یان وامان نەكردایە وا نەدەبوو، یان بریا وام بكردایە، یان وام بگوتایە، یان نەمكردایەو نەمگوتایە؛ چونكە ئەو جۆرە بیركردنەوانە ئازاری نەهامەتییەكان زیاد دەكەنو كێشەی دوودڵیو وەسوەسە درووست دەكەنو باوەڕیش بە قەزاو قەدەر لاواز دەكەن، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: {وَإِنْ أَصَابَكَ شَيْءٌ فَلاَ تَقُلْ لَوْ أَنِّى فَعَلْتُ كَانَ كَذَا وَكَذَا. وَلَكِنْ قُلْ قَدَرُ اللَّهِ وَمَا شَاءَ فَعَلَ فَإِنَّ لَوْ تَفْتَحُ عَمَلَ الشَّيْطَانِ}[٧٩]. واتە: ئەگەر شتێكت بەسەر هات مەڵێ ئەگەر وام بكردایە ئاواو ئاوا دەبوو، بەڵكو بڵێ: ویستی خوای لەسەر بووە، خوایش هەرچی بوێت، ئەوە دەبێت؛ چونكە وشەی (ئەگەر) دەرگای كاری شەیتان لەسەر مرۆڤەكان دەكاتەوە.

ئەمانە كۆمەڵێك خاڵن دەبێت زۆر بەوریاییو وردییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بكەینو هەوڵ بدەین، هەمیشە لەبیرمان بن؛ چونكە پێم وایە زۆرێك لە ئازاری خەمو نەهامەتییەكانمان كەم دەكاتو ئاسوودەییەكی زۆری دەروونیمان پێ دەبەخشێت.

سەرەڕای ئەوەی كە ناخۆشییەكان ئەو هەموو سوودەشیان هەیە، ناكرێت تاڵی

---

٧٩- مسلم، صحيح مسلم، ج٨،ص٥٦.

ئازارەکانیشیان فەرامۆش بکرێت، بۆیە کۆمەڵێك کار هەن، دەکرێت مرۆڤی باوەڕدار پەنایان پێ ببات بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی ئازارو تاڵی ناخۆشییەکان لەوانە:

١- نزاو پاڕانەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکیدا دەفەرموێت: {لَا يَرُدُّ الْقَدَرَ إِلَّا الدُّعَاءُ}[٨٠]. واتە: تەنها نزاو پاڕانەوە قەدەر گل دەداتەوە.

بۆیە ئەگەر مرۆڤ لە ڕوودانی ڕووداوێك دەترسا، یان ڕووداوەکە ڕووی دا بوو، کاریگەرییەکانی زۆر قورس بوو لەسەری با زۆر بپاڕێتەوە، بەڵکو خوای گەورە بەزەیی پێیدا دێتەوەو لەسەری لادەبات، یان بۆی قەرەبوو دەکاتەوەو شوێنەکەی بۆ پڕ دەکاتەوە، ئومموسەلەمەی دایکی بڕواداران دەڵێت: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا دەیفەرموو: {مَا مِنْ مُسْلِمٍ تُصِيبُهُ مُصِيبَةٌ فَيَقُولُ مَا أَمَرَهُ اللَّهُ: إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ اللَّهُمَّ أْجُرْنِي فِي مُصِيبَتِي وَأَخْلِفْ لِي خَيْرًا مِنْهَا. إِلاَّ أَخْلَفَ اللَّهُ لَهُ خَيْرًا مِنْهَا}[٨١]. واتە: هەر موسڵمانێك تووشی بەڵاو ناڕەحەتییەك بێتو ئەوە بڵێت کە خوای گەورە فەرمانی پێ کردووە: ئێمە موڵکی خواینو هەر بۆلای ئەویش دەگەڕێینەوە، خوایە گیان پاداشتی ئەم نەهامەتیو ناڕەحەتییەم بدەیتەوەو شوێنەکەیم بەباشتر بۆ پڕبکەیتەوە، ئیللا خوای گەورە قەرەبووی نەهامەتییەکەی بەباشتر بۆ دەکاتەوە.

ئوممو سەلەمە دەفەرموێت: کاتێك ئەبو سەلەمەی هاوسەرم کۆچی دوایی کرد، من زۆر ناڕەحەتو خەمبار بووم لە دڵی خۆمدا دەمگوت: دەبێت کێ لە هاوسەرەکەی خۆم باشتر بێت، تا خوا بۆمی قەرەبوو بکاتەوە، دەڵێت: کات هاتو ڕۆیشت دواتر بوومە خێزانی پێغەمبەر ﷺو ئەوکات بەهای ئەو نزایەم بۆ دەرکەوتو زانیم چ کاریگەرییەکی هەیە.

بۆیە نابێت مرۆڤی باوەڕدار لە کاتی ناخۆشیو نەهامەتیدا چۆك دابداتو دەستەو ئەژنۆ دابنیشێت، بەڵکو با پەنا بۆ خوا بباتو چی هەیە لەوی داوا بکات؛ چونکە هیچ شت بەبێ ویستی ئەو ناکرێتو هیچ شتێکیش لە تواناو دەسەڵاتی

٨٠- الإمام أحمد، المسند، ج٥، ص٢٨٠. وقال شعيب الأرنؤوط في تخريجه: حسن لغيره.

٨١- مسلم، صحيح مسلم، ج٣،ص٣٧.

ئـەو بــەدەر نییە، دڵنیایش بێت لــەوەی کە خوای گەورە نزاکانــی وەردەگرێتو بەشێوەیەك لەشێوەکان بەدەم داواکانییەوە دێت.

٢- نوێژکــردن: کەسـێك تووشــی ناخۆشـییەك دەبێــت با زۆر نوێــژ بکات؛ چونکــە نوێــژ پەیوەندیی ڕاســتەوخۆیە لەگەڵ خوای گــەورە، بەدلنیاییەوە ئەو خۆڕادەســتکردنو ملکەچیو چەمانەوەو کڕنووشبردنە بۆخوای گەورە، واتای زۆر گەورەی هەیە، بۆیە خوای گەورە ئامۆژگاریمان دەکات لە کاتی ناخۆشیدا پەنای بۆ بەرینو دەفەرموویت: ﴿وَاسْتَعِينُواْ بِالصَّبْرِ وَالصَّلاَةِ﴾[٨٢]. واتە: لە کاتی ناخۆشـــیدا پەنا بەر ئارامگریو نوێژکردن بەرنو خوای گەورە یارو یاوەری ئارامگرانە.

دیارە لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئایەتەدا بووە، کە هاوەڵان بۆمان دەگێڕنەوەو دەفەرموون: ﴿كان إِذَا حَزَبَهُ أَمْرُ صَلَّى﴾[٨٣]. واتە: هەرکات پێغەمبەری خوا ﷺ ڕووبەڕووی کارێك، یان شتێکی قورسو نارەحەت ببوایەتەوە پەنای بۆ نوێژکردن دەبرد.

٣- بەخشــینو چاکەکــردن لەگــەڵ هەژارانــدا: پێغەمبــەری خــوا ﷺ لــە فەرموودەیەکیدا دەفەرموویت: {دَاوُوا مَرْضَاكُمْ بِالصَّدَقَةِ}[٨٤]. واتە: بە بەخشـــینو چاکەکردن لەگەڵ هەژاراندا چارەسەری نەخۆشەکانتان بکەن.

٤- قورئان خوێندن: خوای گەورە لەبارەی یەکێك لە ســوودەکانی قورئانەکەی خــۆی دەفەرمویت: ﴿وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُـرْآنِ مَا هُوَ شِفَاء وَرَحْمَــةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ﴾[٨٥]. واتە: لە قورئاندا ئایەتانێکمان دابەزاندووە کەچارەسەرو بەزەییو بەخشش بۆ باوەڕداران.

کەواتــە: قورئان خوێندیــش یەکێکی ترە لە چاکەکانی مرۆڤــی باوەڕدار، کە دەکرێت لە کاتی ناخۆشییەکاندا پەنای بۆ ببات؛ تا ئازارەکانی سووك بکات.

---

٨٢- سورة البقرة: الآية ﴿٤٥﴾.

٨٣- السيوطي (عبد الرحمن بن أبي بكر السيوطي)، الفتح الكبير في ضم الزيادة إلى الجامع الصغير، ج٢، دار الفكر، بيروت، ط١، تحقيق: يوسف النبهاني، ص٣٣٠. وقال الألباني في تخريجه: حديث حسن.

٨٤- البيهقي، السنن الكبرى، ج٣، ص٣٨٢. وقال الألباني في صحيح وضعيف الجامع حديث حسن.

٨٥- سورة الإسراء: الآية ﴿٨٢﴾.

# باسی شەشەم

## دووڕوویی (النفاق)

یەکێکــی تــر لە کردەوە هەســتیارەکانی دڵ دووڕوویی‌و گومــانو نیفاقە، ئەم کردەوەیەش تەواو پێچەوانەی کردەوەی پێشــووەو هەرکات باوەڕ دامەزراو نەبوو لە دڵی باوەڕدارەندا ئەو کات دووڕوویی‌و گومان جێگەی دەگرێتەوە.

لێرەداو لەبەر گرنگیی ئەم باســە هەندێك لەســەر وردەکارییەکانی هەڵوێستە دەکەینو دەدوێین؛ تا بڕواداران لێی بەئاگا بن.

سەرەتایش لە پێناسەکەیەوە دەست پێ دەکەین:

### پێناسەی دووڕوویی (النفاق):

زانایــان لەبارەی پێناســەی وشــەی (نفاق) لــە ڕووی زمانەوانییــەوە چەند بۆچوونێکیان هەیە لەوانە:

- هەندێــك پێیان وایە وشــەی نیفــاق لە (نفق)ەوە وەرگیراوەو هەرکەســێك لــە جێگەیەکی شــاراوەدا کارێك بــکات، یان خۆی تێدا بشــارێتەوە، بەو جێگەیە دەگوترێــت (نفق)؛ چونکە مرۆڤی دووڕوویش بێباوەڕییەکەی دەشــارێتەوە، بۆیە پێی دەگوترێت: (منافق) دووڕوو.

- هەندێکی تر دەڵێن: وشــەی (نیفاق) لــە ئاژەڵێکەوە وەرگیراوە کە بەزمانی عەرەبــی پێــی دەگوترێت: (یربوع)، ئــەم ئاژەڵە چەند کونێك لــە زەوی دەکات، کە هەســت بە مەترســیی دەکات لە یەکێك لەم کونانەوە دەچێتە ناوەوە کە پێی دەگوترێــت: (قاصعاء)و لە کونێکی ترەوە ســەر دەردەهێنێت کە پێی دەگوترێت: (نافقاء). دووڕووەکانیش لە لایەکەوە دێنە بازنەی باوەڕەوەو لەلایەکی ترەوە لێی دەردەچن، جارێك وەك باوەڕدار خۆیان وێنا دەکەن جارێکیش وەك بێ باوەڕ.

- هەندێکــی تر دەڵێــن ئەم ئاژەڵە ژێری زەوییەکە تەواو دەکۆڵێتو بنی بۆش دەکاش، بەڵام ڕوو پۆشــی زەوییەکە دەهێڵێتەوە ،کە ڕو پۆشی زەوییەکە دەبینیت

هەســـت دەكەيت بـــەوەی زەوییەكی پتەوە، بـــەڵام وا نییەو بنـــی بەتاڵە، باوەڕی دووڕووەكانیش هەر وایە، كە بەڕووكەش سەیریان دەكەیت زۆر تۆكمە دەردەكەون، بەڵام باوەڕەكەیان بەرگەی هیچ ناگرێتو بچووكترین شتی بەركەوێت دادەتەپێتو هەرەس دەهێنێت، هەر بۆیە پێیان دەگوترێت (منافق) [1].

لە ڕووی زاراوەوەشەوە زانایان لەبارەی پێناسەی (نفاق) دەڵێن: بریتییە لەوەی بەشێوەیەك لای خەڵكی خۆت دەربخەیت، بەڵام لە ڕاستیو لە ناختدا وانەبیت.

## بەشەكانی دووڕوویی:

زانایان دووڕوویی دەكەن بە دوو بەشەوە:

**یەكەم:** دووڕوویی لە بیروباوەڕو ناخدا (نفاق الاعتقاد): ئەم جۆرە لە دووڕوویی لە بنەماكانی باوەڕو خواناســـیدا درووست دەبێت، وەك باوەڕبوون بە خواو ڕۆژی دوایـــیو قورئانو قەزاوقـــەدەرو ...هتد.و زانایانیش بەكـــۆی دەنگ دەڵێن كە ئەم جـــۆرە لە دووڕوویی مرۆڤ لە بازنەی بـــاوەڕ دەباتە دەرەوەو زۆربەی ئایەتەكانی قورئـــان باس لـــەم جۆرەی دووڕوویی دەكات، هەر لەبارەی ســـزای ئەم جۆرەشـــە كـــە خوای گەورە دەفەرموێـــت: ﴿إِنَّ الْمُنَافِقِينَ فِي الدَّرْكِ الأَسْفَلِ مِـنَ النَّارِ﴾[2] . واتە: دووڕووەكان لە قووڵترین خاڵی دۆزەخدانو ئەمەش ئەوە دەســـەڵمێنێت كەســـزای ئەوان لەسزای بێباوەڕان زیاترو سەختترە.

**دووەم:** دووڕوویی لە كردەوەو ئاكاردا (نفاق العمل):

ئـــەم جۆرەیـــان لە دووڕوویی، زۆر كێشـــەی نییەو بە تـــاوان ئەژمار دەكرێتو مرۆڤ لەبازنەی باوەڕ ناباتە دەرەوە، وەك ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە هەندێك

---

١- مرتضى الزبيدي (محمّد بن محمّد بن عبد الرزّاق الحسيني)، تاج العروس من جواهر القاموس، ج٢٦، دار الهدايـــة، تحقيق مجموعة من المحققـــين، ص٤٣٢. إبن الجوزي (أبو الفرج عبد الرحمن بـــن علي بن محمد الجـــوزي)، ج٣، كشف المشكل مـــن حديث الصحيحـــين، دار الوطن، الرياض، تحقيق: علي حسين البواب، ص٤٠٩.

٢- سورة النساء: الآية ﴿١٤٥﴾.

لە فەرموودەکانیدا ئامــاژەی پێ دەکاتو دەفەرموێت: { أَرْبَعٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ كَانَ مُنَافِقًا خَالِصًــا، وَمَــنْ كَانَتْ فِيهِ خَصْلَةٌ مِنْهُــنَّ كَانَتْ فِيهِ خَصْلَةٌ مِنَ النِّفَاقِ حَتَّــى يَدَعَهَا: إِذَا اؤْتُمِنَ خَــانَ، وَإِذَا حَــدَّثَ كَذَبَ، وَإِذَا عَاهَدَ غَــدَرَ، وَإِذَا خَاصَمَ فَجَرَ}[٣]. واتە: چوار ئاکار هەیە لە هەرکەســێکدا هەبن؛ ئەوە دووڕووی تەواوەو هەرکەســیش یەکێکیانی تێدا بێت؛ ئــەوە بەشــێك لە دووڕوویی تێدایــە، تا وازی لێ نەهێنێت: ئەگەر ســپاردەیەکت بەلاوە دانا؛ ناپاکی بەرامبەر بکات، ئەگەر قسەی کرد؛ درۆ بکات، ئەگەر پەیمانێکی دا؛ بیشــکێنێت، ئەگەریش کێشــەی لەگەڵ کەســێك هەبوو؛ پیلانگێڕیو خراپەی بەرامبەر بکات.

زانایانیش لەبــارەی وردەکارییەکانی ئەم جۆرە لە دووڕوویی‌و دیاردەکانی زۆر شــتیان گوتووە، لەوانە گوتویانە: (خشوعُ النِّفاقِ أنْ تـرَى الجسدَ خاشعًا، والقلْب ليس بخاشِــع)[٤] . دووڕوویــی لە ملکەچیدا ئەوەیە کەســەکە بە جەســتە ملکەچ بێت، بــەڵام بەدڵ ملکەچ نەبێتو ئەمەش پەنــا بە خوا لە زۆربەماندا هەیەو دەبینین کەسێك زۆر جوان لە نوێژەکەیدا وەستاوەو تەواو سەری داخستووە، بەڵام دڵی لای نوێژەکەی نییەو بەدڵ لێی بێئاگایە.

### سەرەتاو هۆکارەکانی سەرهەڵدانی دیاردەی دووڕوویی:

ســەرەتای سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەو بۆ گەشتنی پێغەمبەر ﷺ بە مەدینــە، ڕەنگە لە مەککە هەندێك خەڵکانی دووڕوو هەبوو بن، بەڵام لە حاڵەتی تاکەکەســی تێپــەڕ نەبووەو نەبوەتە دیــاردەو نە خوای گەورە لــە قورئانداو نە پێغەمبــەری خوایش ﷺ لە فەرموودەکانیاندا باســیان لێــوە نەکردووە؛ چونکە بێباوەڕان لە مەککەدا بەهێزبوونو هەموو جومگەکانی دەسەڵات لە دەستی ئەواندا بوو، هەرچی بەدڵو دەمو دەســتیاندا بهاتایە بە موســڵمانانیان دەکرد، کەســیش بەرژەوەندیی دونیایی لەگەڵ ئەوە نەبوو بە ڕووکەش لەگەڵ پێغەمبەر بێت ﷺ.

٣- البخاري، صحيح البخاري، ج١، ص١٦. مسلم، صحيح مسلم، ج١، ص٥٦.

٤- إبن رجب الحنبلي، جامع العلوم والحكم، ج٢، ص٤٩٠.

بەڵام بەگەشــتنی پێغەمبەر ﷺ بۆ مەدینە هاوكێشــەی هێز، تەواو پێچەوانە بوویەوەو دەسەڵات كەوتە دەستی موسڵمانان، هیچ بێباوەڕێك نەیدەتوانی بەئاشكرا دژی پێغەمبەر ﷺ بووەستێتەوەو بەرەنگاری بكات، بۆیە كۆمەڵێك لەبێباوەڕان بۆ پەردەپۆشكردنی ڕقو قینی دڵیانو پارێزگاریكردنی بەرژەوەندییە دونیاییەكانیان، پەنایــان بردە بەر ســیناریۆی نیفــاقو بەڕووكەش وەكو باوەڕدار خۆیان نیشــان دەداو لــە ناخیشــەوە خەریكــی پیلان گێڕیو شــەڕەنگێزی خۆیان بــوون دژ بە بــڕواداران، ئەمانەش یەك كەسو دووكەس نەبوون، بەڵكو لەبەر زۆریی ژمارەیان بووبوونــە دیاردە لە مەدینەداو مەترســیی ئەمانەش لەســەر بــڕواداران زۆر لە مەترسیی بێباوەڕە ڕاستەقینەكانی قورەیش زیاتر بوون؛ چونكە ئەمانە لە هەموو كۆڕو كۆمەڵێكی باوەڕداراندا دەهاتنو دەچوونو تەواو نهێنییەكانی موســڵمانانیان لەبەردەســت بوو، خاڵی بەهێزو لاوازی كۆمەڵگــەی مەدینەیان دەزانیو زۆر كات ئەو خاڵانەیان دەقۆســتەوەو ئاگری ئاشــوبو دووبەرەكیان لەنێــوان باوەڕداراندا هەڵدەگیرساندو چەندان پیلانیان بۆ لەناوبردنی پێغەمبەر ﷺو یارانی دادەڕشت.

### مەترسییەكانی دیاردەی دووڕوویی:

دیــاردەی دووڕوویــی، حاڵەتێكــی مێژووی نییــە لە ماوەیەكدا ســەری هەڵدا بێــتو نەمابێت، بەڵكــو بەداخەوە حاڵەتێكە بەردەوامــی هەیەو هەر كات هەلو مەرجەكانی بڕەخسێت؛ ســەر هەڵدەداتەوەو كەم كات هەبووە ئوممەتی ئیسلامی خاڵــی بووبێت لــەم دیاردەیــە، هــەر لەبەرئەوە دەقــە شــەرعییەكان ئەوەندە بەگەورەییو گرنگی باسیان كردووە، بەشێوەیەك كە لە كۆی (30) سورەت كە لە مەدینــەدا هاتووەتە خوارەوە خوای گەورە لە (17) ســورەتو لە (340) ئایەتدا باســی دیاردەی دووڕووییو دووڕووەكان دەكاتو یەك ســورەتی تەواویشی بە ناوی سورەتی (المنافقون) تایبەت كردووە بەباسی ئەوانو لە سەرەتاكەیدا دەفەرموێت:

﴿إِذَا جَـاءَكَ الْمُنَافِقُونَ قَالُوا نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ اللَّهِ وَاللَّهُ يَعْلَـمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ

﴿الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ﴾[٥]. واتە: ئەگەر مونافیقو دووڕووەکان هاتنە لاتو گوتیان: ئەی محەممەد ئێمە باوەڕی تەواومان هەیە، کە تۆ پێغەمبەری خوایت، خۆ خوای گەورە خۆی باش دەزانێت کە تۆ پێغەمبەرو پەیامبەری ئەویت، بەڵام هەر ئەو خوایەی کە تۆی کردۆتە پێغەمبەر شاهیدە لەسەر ئەوەی کە دووڕووەکان درۆ دەکەنو لە ناخیاندا باوەڕیان پێت نییە.

بۆ زیاتر بەئاگاهێنانەوەی موسڵمانانیش خوای گەورە ئەوانە وەك دوژمنی سەرەکیی باوەڕداران ناودەباتو لەبارەیانەوە دەفەرموێت: ﴿هُمُ الْعَدُوُّ فَاحْذَرْهُمْ قَاتَلَهُمُ اللَّهُ أَنَّى يُؤْفَكُونَ﴾[٦] . واتە: ئەوانە دوژمنی ڕاستەقینەی ئێوەن، بۆیە لێیان بەئاگا بن، خوا بیانکوژێت تاکەی دەست لەو خووە بەدەیان بەر نادەن.

لە سەرەتای سورەتی بەقەرەشدا کە گەورەترین سورەتی قورئانە خوای گەورە باسی سێ دەستە دەکات لە دانیشتووانی شاری مەدینە:

دەستەی **یەکەم:** باوەڕدارانو خوای گەورە لە (٤) ئایەتدا باسی سیفاتەکانیان دەکات.

دەستەی **دووەم:** بێباوەڕانو خوای گەورە تەنها لە (٢) ئایەتدا باسیان دەکات.

دەستەی **سێیەم:** دووڕووەکانو خوای گەورە لە (١٣) ئایەتدا باسی ئەوان دەکات.

ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بەوەی کە ئەگەر بێباوەڕان دوو جار جێگەی مەترسی بن بۆ سەر باوەڕداران؛ ئەوا دووڕووەکان شەش قاتی ئەوان زیاتر جێگەی مەترسین بۆ باوەڕداران.

کاتێك قورئان قسە لە سەر دیاردەی دووڕوویی دەکات، وەك حاڵەتێکی تاکە کەسی، یان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی باسیان ناکات، بەڵکو وەك بزووتنەوەو تەوژمێکی سیاسیو هزری باسیان دەکات.

لەشاری مەککە تەنها دووبەرە هەبوون ئەوانیش بەرەی باوەڕدارانو بێباوەڕان بوون، بەڵام لەشاری مەدینە چەندان بەرەی تر پەیدا بوون لەوانە: بەرەی

---

٥- سورة المنافقون: الآية ﴿١﴾.

٦- سورة المنافقون: الآية ﴿٤﴾.

جوولەکــەو خاوەن پەیامە ئاســمانییەکانو بــەرەی دووڕووەکانو ئەمەی دواییان مەترســی لەبەرەکانی تر زۆر زیارتر بوون. بۆیە قورئان بەشــێوەیەك گرنگی بە مەترسیی دووڕووەکان داوە، کە ئیبنو لقەییم دەفەرموێت: (کاد القرآن أن یکون کله في شأنهــم)[٧] . واتە: نزیك بوو هەموو قورئان بێتە باســی دووڕووەکانو تەنها لە سەر ئەوان بێتە خوارەوە.

مەترســیی ڕۆڵی ئەمانــە لەوەدایە، کە زەحمەت دەناســرێنەوەو پیلانەکانیان ئاشکرا دەبێت؛ چونکە ئەمانە وەکو پێغەمبەر ﷺ باسیان دەکات: { هُمْ مِنْ جِلْدَتِنَا وَيَتَكَلَّمُونَ بِأَلْسِنَتِنَا}[٨]. واتە: ئەوانە لە خانەوادەو هۆزو نەتەوەی ئێمەنو بەزمانی ئێمەش قسە دەکەن، جا لێرەدا مەبەست لە زمان، زمانی بابەتو پاشخانی ئایینیو هزرییە، نەك زمانی قســەکردن. مرۆڤی باوەڕدار ئاسانە خۆی لە خەڵکی بێباوەڕ بپارێزێــتو گوێی بۆ نەگرێت، بــەڵام ئەمانە گورگنو لەپێســتی مەڕدانو لەژێر پەردەی باوەڕو خواناسیدا، پلانو ژەهرەکانیان بڵاو دەکەنەوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ لەبارەی مەترســیی ئەو جۆرە کەســانەوە، فەرموویەتی: {إنَّ أخْوَفَ ما أخاف عَلَيْكُمْ بَعْدِي كُلُّ مُنافِقٍ عَلِيمِ اللِّسانِ}[٩]. واتە: لەپاش مردنم ئەوەی کە زۆر لێی دەترســم لەســەر ئوممەتەکەم، خەڵکانی دووڕووی قسەزانن، ئەوانەن کــە خوای گەورە لە وەســفیاندا دەفەرموێــت: ﴿وَإِذَا رَأَيْتَهُمْ تُعْجِبُـكَ أَجْسَامُهُمْ وَإِن يَقُولُـوا تَسْمَـعْ لِقَوْلِهِمْ﴾[١٠] . واتە: کە دەیانبینیت پێیان سەرســام دەبیت؛ چونکە خەڵکانێکی پۆشــتەو کەشــخەو خاوەن پلەوپایەنو هەمیشە کۆمەڵێك کاسەلێسو ماســتاوچی بەدەوریانــەوەنو أشــهد باللەیان بــۆ دەکەنو ئەگەر قســەش بکەن بەشێوەیەك سەرنجت بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن، کە گوێ بۆ قسەکانیان دەگریت.

---

٧- إبن القيم، مدارج السالكين بين منازل إياك نعبد وإياك نستعين،ج١، ص٣٥٨.

٨- البخاري، صحيح البخاري، ج٤، ص١٩٩. مسلم، صحيح مسلم، ج٦، ص٢٠.

٩- الإمام أحمد، المسند، ج١،ص٢٢، وقال الأرنوط فى تخريجه: إسناده قوى .

١٠- سورة المنافقون: الآية ﴿٤﴾.

ئەوەتــا ئەوانــەی ئێســتایش لە ئیســلام دەدەن، هەر ئــەو دووڕووانەن کە لە ناســنامەکەیان مووســڵمان نووســراوەو خۆیشــیان لەپێش چاوی خەڵکی وا وێنا دەکەن، بەڵام شەوو ڕۆژیان ناوەتە سەر یەك بۆ دژایەتیکردنی موسڵمانانو تەنگ هەڵچنین بە بانگەوازی ئیسلامیو مەلاو مزگەوتو دیاردە ئیسلامییەکان.

هــەر ئەوانەن کە ڕۆژانە لــە کەناڵەکانیانەوە ســووکایەتی بە پیرۆزییەکانی ئیســلام دەکەنو ناووناتۆرەی ناشــیرین لەموســڵمانان دەنێنو هەوڵی شــێواندنی ڕوخســاری جوانی ئیســلام دەدەنو خەڵکانێکــی زۆریان بەنــاوی کۆمەڵێك بتو درووشمی بێبنەمای وەك مەدەنیەتو دیموکراتیەتو لیبرالیەتو پێشکەوتنخوازی فریو داوەو لەســایەی ئەو درووشــمانەوە، دینو داهاتی خەڵکیان بەتاڵان بردووە، بەشــێوەیەك کە ڕۆڵــی هیچ کام لەمانە لە ڕۆڵی عەبدوڵلای کوڕی ئەبی ســەلول لە دژایەتیکردنی ئیســلام کەمتر نییە، بەڵام بەداخەوە نیگاو سرووشــی ئاســمان نەماوە؛ تا ڕووی ڕاستیان بۆ خەڵك هەڵماڵێتو ئابڕوویان ببات.

ئەمانە کە لای ئێمە خۆیان وەکو موسڵمان وێنا دەکەن لای ئاغاکانیان عیلمانیو دوور لە دینو کێبڕکێیی ئەوان دەکەن، لە دژایەتیکردنی ئیســلامو موســڵماناندا، ئەمانە تا ئەوکاتە ئیســلامیان قەبووڵە کە لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتەکەیان بێتو خەڵکیان بۆ دەستەمۆو ملکەچ بکاتو باس لە بەگژداچوونەوەی ستەمو قۆرخکاریو بەرنامە پووچەکانیان نەکات، خۆ ئەگەر کار گەشتە ئەوانە ئەوکات ئیسلام دەبێتە هێڵی ســوورو لەژێر دەیەها ناوناتۆرەی ناشــیریندا، هەوڵی بنبڕکردن، یان بەلای کــەم بژاری دەقەکانی دەکەنو ئەو دەقانەی زیانی بۆ کورســیو دەســەڵاتەکەیان هەبێت، بەهێڵی سوور پۆلێنی دەکەنو دژایەتی دەکەن.

هەر بۆیە خوای گەورە لە وەسفی دووڕووەکاندا دەفەرموێت: ﴿فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ فَزَادَهُــمُ اللّــهُ مَرَضاً وَلَهُم عَذَابٌ أَلِيمٌ بِمَا كَانُوا يَكْذِبُونَ﴾[11]. واتە: ئەوانە دڵیان نەخۆش بوو -بۆیە دووڕوو بوون- خوای گەورەش ئەوەندەی تر نەخۆشــی خســتن. ئیبنو

١١- سورة البقرة: الآية ﴿١٠﴾.

لقەییم لەبارەی نەخۆشـــیی دڵی دووڕووەکان دەڵێت: (قد نهكــت أمراضُ الشّبهات والشهوات قلوبهــم فأهلكتها، وغلبت القصودَ السيئة علــى إراداتهم ونياتهم فأفسدتها)[١٢] . واتــە: نەخۆشـــیی گومانو ئارەزووبـــازی، دڵەكانی تەواو شـــەكەت كردبوونو لەناوبردبوونو ئامانجی خراپیش بەســـەر مەبەستو خواستەكانیاندا زاڵ بووبوو تـــەواو تێكیدا بـــوو، كەواتە: بەهـــۆی تێكچوونی دڵەكانیانەوە هەموو مەبەســـتی كردەوەكانیشیان تێك چووبوو.

ئیبن تەیمیەش لەبارەی دیاردەی دووڕوویی، باس لەوە دەكات، كە خەڵكی بێباوەڕ ئەگـــەر باوەڕیان هێنا بەشـــێوەیەكی گشـــتی دەچنە بازنەی ئیســـلامەوە، یان ئەگەر بەموسڵمانی لەدایكبوونو پابەندبوون بەدرووشمەكانییەوەو گوێڕایەڵیی فەرمانەكانی خوای گەورەو پێغەمبەر بوون ﷺ، ئەمانە بەشـــێوەیەكی گشـــتی بە باوەڕدار ئەژمار دەكرێـــن، بـــەڵام دامەزراوی بـــاوەڕ لە دڵیاندا هەنـــگاو بەهەنگاو درووســـت دەبێتو پێویستی بەهەوڵو خۆماندووكردنە، ئەگینا خەڵكانێك هەن هەر ئەو باوەڕە پتەوەیان بۆ درووســـت نابێتو بچووكترین گومان ســـەریان لێ دەشـــێوێنێتو گومڕایان دەكات، كاتێكیش بانگ دەكرێن بۆ خواناســـیو پابەندبوون بەئیسلامەوە زۆر بەكزیو سستی دێن بەدەمییەوە، ئەمانە بێباوەڕو دووڕوویش نین، بەڵام باوەڕەكەیان ئەوەندە دامەزراو نییە، كە لە گومانو دووڕوویی بیانپارێزێت، یان توندوتۆڵیان بكات لەجێبەجێكردنی فەرمانەكانـــی خواو پێغەمبەردا ﷺ، ئەمانە ئەگەر تووشـــی تاقیكردنەوە بنو تۆزێك ناڕەحەت بكرێن لە باوەڕەكەیان پاشگەز دەبنەوەو تووشی دووڕوویی دێن[١٣].

ئێســـتا حاڵـــی زۆربەی باوەڕدارانی ئێمـــە ئاوهایە، ئەمە گرفتێكـــی گەورەی خەڵكی موســـڵمانە، كە هیچ شـــارەزاییەكیان لەبارەی ئایینەكەیان نییەو هەر كەســـێك لەبارەی ئیســـلام شـــتێكیان پێ بڵێت، یان هەر كتێبێك بخوێننەوە، یەكســـەر گومانیان لەســـەر

١٢- إبن القيم، مدارج السالكين، ج١، ص٣٤٩.

١٣- إبن تيمية، الإيمان، ج٢، ط٥، المكتب الإسلامي، بيروت، ١٩٩٦، تحقيق: محمد ناصر الدين الألباني، ص٣٥٠.

دینەکەیان بۆ دروووست دەبێتو دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەوەی بیستویانە، یان بینویانەو باوەڕەکەشیان ئەوەندە پتەو نییە کە لەو جۆرە گومانانە بیانپارێزێت.

خەڵکمان هەیە (٥٠) ساڵە نوێژ دەکات، هەتا ئێستاش هیچ لە دینی خوا شارەزا نییەو نازانێت مانای نوێژو پەیامی پەرستشەکان چییە، بۆیە هەر ئەوانەن کە لایەنگرو دەستباری خەڵکانی بێدینو خوانەناسن، هەر ئەوانەن لە بازاڕەکاندا مامەڵە بە سوو دەکەنو مەی دەفرۆشنو سەد سووکایەتی بە ئایینو پیرۆزییەکانیان بکرێت، ئەلفێکیان لە دەم نابیستی، بەڵام یەك قسەی ناشیرین بەرامبەر بە خۆیان قەبووڵ ناکەن. ئەمانە بەڕاستی دەبێت چاو بە باوەڕەکەیاندا بخشێننەوە؛ چونکە ئیسلامەتیو خواناسی، تەنها بە دەم ناگوترێتو درووشمی بێناوەڕۆك نییە، ئەمەش بەشێکە لە دووڕوویی کە ئێمە لەنێوان خواو خەڵکا خۆمان بۆ یەکلا نەکراوەتەوەو نازانین کامیان هەڵبژێرین، لەنێوان دونیاو قیامەت حەپەساوین نازانین بۆ کامیان دەستبەرداری ئەوی تریان بین.

ئەگەر لە کۆمەڵگەی پێغەمبەردا ﷺ یەك عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول هەبووبێت؛ ئەوا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا سەدانو هەزاران عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول هەیە، سەدان دەروێشو دەستوپێوەندی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی دەمەزەردی دینو بانگەوازەکەی ئەو دەکەنەوەو ڕۆژانە گەنجی موسڵمان لەخشتە دەبەنو لاڕێیان دەکەن.

خۆشەویستان نابێت مرۆڤ لە خراپەی دڵو دەروونو حەزو ئارەزووەکانی خۆی بێخەم بێتو پشتوێنی لێ بکاتەوە؛ چونکە ئەم جۆرە دیاردانە کردەوەی دڵنو لەوێدا چەکەرە دەکەنو دەبێت زۆر بەوریایی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

ئەوەتا هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ ئەوەش کە خوای گەورە لە چەندان شوێنی قورئاندا شایەتی باوەڕداریو دڵسۆزییان بۆ دەدات کەچی هەر لەم جۆرە دیاردەو گومانانە ترساون، ئیبنو ئەبی مەلیکە دەڵێت: بەخزمەت سی لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ گەیشتووم، هەموویان لەوە دەترسان کە سیفاتی دووڕوویيان تێدا بێت [١٤].

١٤- إبن القيم، طريق الهجرتين وباب السعادتين، الدار السلفية، القاهرة، ط ٢، ١٣٩٤، ص ٤٠٩.

ئیبنـو حەجـەر دەڵێت: ئەو هاوەڵانـەی ئیبنو ئەبی مەلیکە باسـیان دەکات: پێشـەوا عەلیو سـەعدی کوڕی ئەبی وەقاصو خاتوو ئوموسـەلەمەو عائیشـەی خێزانی پێغەمبەرو خاتوو ئەسـمای خوشـکی خاتوو عائیشەو عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسو عەبدوڵڵای کـوڕی عومەرو عەبدوڵڵای کوڕی مەسـعوودو عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص بوون [١٥].

حوزەیفـەی کوڕی یەمانیش دەڵێت: پێشـەوا عومەر هەموو جارێك سـوێندی دەدام کـە پێغەمبـەر ﷺ ناوی منی لەگەڵ نـاوی دووڕووەکان نەبردووەو منیش دەمگوت: نا ناوی تۆی نەبردووە [١٦].

جـا ئەگەر ئەوە حاڵی ئەو خواناسو بەڕێز خۆشەویسـتانە بێت دەبێت حاڵی ئێمە چۆن بێت؟! کەواتە: نابێت دووڕوویی وەك ڕووداوێکی مێژووی سەیر بکرێت؛ چونکە ئەمە حاڵەتێکە تێیدا دەژینو ڕۆژانە بە چاوی خۆمان دەیبینینو هەستی پێ دەکەین، بۆیە دەبێت زۆر ئاگامان لە خۆمان بێتو هۆشـیارانە مامەڵە لەگەڵ ئەم چەمك و دیاردانە بکەین.

## نیشانەکانی دووڕوویی:

دەقەکانـی قورئانو سـوننەت باس لـە کۆمەڵێك نیشـانەی خەڵکانی دووڕوو دەکەن، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- پشتکردنە حوکمی خواو ڕەخنەگرتن لە بڕیارەکانی شەرعو بەگژاچوونەوەی: ئەمە دیارترین سـیفاتی دووڕووەکانە، کە هەرکات حوکمی خوا لە بەرژەوەندییان نەبێـت، یان لەگەڵ حـەزو ئارەزووەکانیان یەك نەکاتەوە پەکی دەخەنو پشـتی تێ دەکەن، خوای گەورە لەبارەی ئەم ڕەوشـتەیان دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ

---

١٥- إبن حجر العسقلاني (أحمد بن علي بن حجر)، فتح الباري شرح صحيح البخاري،ج١، دار المعرفة، بيروت، ط، ١٣٧٩، ص١١١.

١٦- إبن القيم، المصدر نفسه.

وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ إِذَا فَرِيقٌ مِنْهُمْ مُعْرِضُونَ × وَإِنْ يَكُنْ لَهُمُ الْحَقُّ يَأْتُوا إِلَيْهِ مُذْعِنِينَ﴾[١٧].
واته: ئەگەر بانگیان بکەیت بۆئەوەی حوکمی خواو پێغەمبەرو بڕیارەکانی شەرع جێبەجێ بکەن؛ دەبینیت کۆمەڵێکیان بەرهەڵستیت دەکەنو پشتت تێ دەکەن، خۆ ئەگەر حوکمی خواو شەرع لەبەرژەوەندییان بێت؛ ئەوا ملکەچی دەبنو جێبەجێی دەکەن. ئەمەش واتای ئەوەیە کە ئەوانە تەنها بەرژەوەندییەکانی خۆیان لا پیرۆزەو ویڵی تێرکردنی ئارەزووەکانیانن، .پاشان خوای گەورە نموونەیەکی ئەم ڕەوشتەیانمان بۆ باس دەکاتو دەفەرموێت: ﴿وَمِنْهُمْ مَنْ يَلْمِزُكَ فِي الصَّدَقَاتِ فَإِنْ أُعْطُوا مِنْهَا رَضُوا وَإِنْ لَمْ يُعْطَوا مِنْهَا إِذَا هُمْ يَسْخَطُونَ﴾[١٨]. واتە: هەیانە ڕەخنەت لێ دەگرن لە شێوازی دابەشکردنی خێرو بەخششەکان، ئەگەر بەشیان بدەیت؛ ئەوا لێت ڕازی دەبنو بەشانو باڵتدا هەڵدەدەن، ئەگەریش بەشیان نەدەیت؛ ئەوا لێت تووڕە دەبنو ڕقت لێ هەڵدەگرن.

٢- گاڵتەکردن بەبڕواداراںو ناوزڕاندنیانو ناووناتۆرەی خراپ لێنانیان: خوای گەورە لەبارەی ئەم ئاکارەشیان دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ آمِنُوا كَمَا آمَنَ النَّاسُ قَالُوا أَنُؤْمِنُ كَمَا آمَنَ السُّفَهَاءُ أَلا إِنَّهُمْ هُمُ السُّفَهَاءُ وَلَكِنْ لا يَعْلَمُونَ﴾[١٩]. واتە: ئەگەر پێیان بگوترێت وەرن وەکو خەڵکی باوەڕ بهێننو خۆتان ڕادەستی فەرمانەکانی شەرع بکەن، دەڵێن: ئێمەش بێین وەکو ئەو خەڵکە کاڵفامو ساویلکانە باوەڕ بهێنین؟! ئەوجا خوای گەورە لە وەڵامی قسەکەیاندا دەفەرموویت: بەڕاستی ئەوانە خۆیان کاڵفامو ساویلکەن، بەڵام هەست بە کاڵفامیی خۆیان ناکەن.

یان دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا لَقُوا الَّذِينَ آمَنُوا قَالُوا آمَنَّا وَإِذَا خَلَوْا إِلَى شَيَاطِينِهِمْ قَالُوا إِنَّا مَعَكُمْ إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِئُونَ﴾[٢٠]. واتە: کاتێك دووڕووەکان بە باوەڕداران دەگەشتن

---

١٧- سورة النور: الآية ﴿٤٨﴾.

١٨- سورة التوبة: الآية ﴿٥٨﴾.

١٩- سورة البقرة: الآية ﴿١٣﴾.

٢٠- سورة البقرة: الآية ﴿١٤﴾.

دەیانگوت: ئێمەش موسـڵمانینو لەگەڵ ئێوەین، کاتێکیش دەچوونە لای بێباوەڕان دەیانگوت: ئێمە لەگەڵ ئێوەینو گاڵتەمان بەعەقڵی ئەوانە دێتو پێیان ڕادەبوێرین.

٣- لوت بەرزیو خۆبەزلزانی: ئەمەش یەکێکی ترە لە ڕەوشـتە ناشیرینەکانی دووڕووەکان کـە تەنانەت ئەو کاتو ئێسـتایش خۆیان لـە خەڵکی تر پێ زیاترە، کاتـی خـۆی خۆیان لە پێغەمبەر ﷺ پێ گەورەتر بـووە، بۆیە پێیان کەمی بوو کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لەسـەر هەڵوێسـتە نابەجێکانیان داوای لێبوردنی لێ بکەن، یان داوای لێ بکەن کە لای خوا تکایان بۆ بکات تا لێیان خۆشـبێت، خوای گەورە لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا يَسْتَغْفِرْ لَكُمْ رَسُولُ اللَّهِ لَوَّوْا رُؤُوسَهُمْ وَرَأَيْتَهُمْ يَصُدُّونَ وَهُمْ مُسْتَكْبِرُونَ﴾[٢١]. واتە: ئەگەر پێیان بڵێن وەرن با پێغەمبەری خـوا ﷺ داوای لێخۆشـبوونتان بـۆ بکات سـەریان بادەدەنو پشـت هەڵدەکەنو لووتبەرزی دەکەن.

هەر ئەم هەستو هەڵوێستەش بوو، بووبووە هۆکاری سەرلێشێوانو گومڕابوونیان؛ بۆیە لە یەکێك لە غەزاکاندا کاتێك دەمەقاڵەیەك لەنێوان کۆچەریو پشتیوانەکاندا درووسـتبوو، عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی دەمڕاستی دووڕووەکان گوتی: (أَوَقَدْ فَعَلُوهَا، قَـدْ نَافَرُونَـا وَكَاثَرُونَا فِي بِلَادِنَا، وَاللَّهِ مَـا أَعَدُّنَا وَجَلَابِيبَ قُرَيْشٍ إِلَّا كَمَـا قَالَ الْأَوَّلُ: سَمِّنْ كَلْبَـكَ يَأْكُلْـكَ، والله لقد ظننت أني سأموت قبل أن أسمع هاتفاً يهتف بما سمعت، أَمَا وَاللَّهِ لَئِنْ رَجَعْنَا إِلَى الْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ الْأَعَزُّ مِنْهَا الْأَذَلَّ)[٢٢]. واتە: کار گەیشـتە ئەوەی وا بکەن ئەمانە هاتنو لە شارەکەی خۆماندا زۆر بوونو زاڵ بوون بەسەرماندا، واللە ئێمەو ئەم پەریدانەی قورەیش وەك ئەوەمان لێ هاتووە کە پێشـینان دەڵێن: سەگەکەت قەڵەو بکە؛ تا بتخوات، واللە چاوەڕوانی مەرگی خۆمم دەکرد، نەك بیسـتنی ئەو قسـانە، ئەگەر گەڕاینەوە مەدینە پیاوماقووڵو دەسترۆیشتووەکانمان ئەم ڕیسواو

---

٢١- سورة المنافقون: الآية ﴿٥﴾.

٢٢- إبن هشام، السيرة النبوية، ج٢، ص٩٠. محمد بن يوسف الصالحي الشامي، سبل الهدى والرشاد في سيرة خير العباد، ج٣،ص٤١٧.

پەڕیدانــە دەکەینــە دەرەوە. هەموو قسەکانیشــی بە ئاڕاســتەی پێغەمبەر ﷺو هاوەڵانی بوو، خوای گەورە ئەو هەڵوێســتە ناشیرینەی لە قورئاندا تۆمار دەکاتو بەتوندی بەرپەرچی دەداتەوەو دەفەرموویێت: ﴿يَقُولُونَ لَئِن رَّجَعْنَا إِلَى الْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ الْأَعَزُّ مِنْهَا الْأَذَلَّ وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾[٢٣]. واتە: ئەگەر گەڕاینەوە مەدینە، پیاوماقووڵو دەســەڵاتدارەکانمان ئەم ڕیسواو پەڕیدانە دەکەینە دەرەوە، پاشــان خوای گەورە دەفەرموویێت: دەســەڵاتو ســەرفرازیو ڕێز تەنها بۆ خواو پێغەمبەرەکەیو باوەڕدارانە، بەڵام دووڕووەکان ئەو ڕاستییە نازانن.

٤- شەرمنەکردن لە خواو گوێ نەدان بەقیامەت: دووڕووەکان بەهۆی ئەوەی کە باوەڕەکەیان تەنها لە پێناو دەستخستنی دونیایە، بۆیە، نەك زۆر بەخەمی قیامەت نیــن بگرە هەر باوەڕیشــیان پێی نییە، ئەمــەش وا دەکات باوەڕەکەیان لە خراپە نایانگێڕێتــەوە بۆیە هەرکات لــە پەنهانییەکدا خراپەیەکیان بۆ هەڵکەوتو چاوی خەڵکیان لێ دیار نەبوو؛ ئەوا یەکسەر خراپەکە دەکەن بێ گوێدانە ئەوەی کە خوای گــەورە هیــچ کاتو لە هیچ کەس بێئاگا نییە، بەڵام ئەوان خەڵکیان لامەبەســتە، نــەك خوای گەورە، بۆیە خوای گەورە لەبارەیانــەوە دەفەرمویێت: ﴿يَسْتَخْفُونَ مِنَ النَّاسِ وَلَا يَسْتَخْفُونَ مِنَ اللَّهِ﴾[٢٤]. واتە: تاوانەکانیان لە خەڵکی دەشــارنەوە، بەڵام لەڕووی خواد ابە ئاشکرا دەیکەنو خەڵکیان لە خوا زیاتر لامەبەستە.

بەداخــەوە هەندێك لەباوەڕدارانیش هەڵگری ئەم خووە خراپەی ئەوانن‌و هەر کات چــاوی خەڵکیــان لێ دیار نەبێــت، خۆیان لە تاوان ناپارێــزن، بێئاگا لەوەی کە هەرگیز چاوی خوایان لێ غافڵ نابێت، ئەوەشــی ســزاو پاداشتی ڕاستەقینەی لەدەست خوایە، نەك خەڵکی.

٥- بڵاوکردنــەوەی خراپە بەنــاو خەڵکیدا: دووڕووەکان زیاد لەوەی کە خۆیان بــودەڵو هیچ لەبارانەبوون، هەوڵی بەردەوامیشــیان بۆئەوەیە کە هەموو خەڵکی

٢٣- سورة المنافقون: الآية ﴿٨﴾.

٢٤- سورة النساء: الآية ﴿١٠٨﴾.

وەك خۆیـــان خوانەنـــاس‌و سەرلێشـــێواو بكـــەن، بۆیە هەموو داهاتو دەســـەڵاتو ڕاگەیانـــدن‌و تواناكانـــی حیزب‌و پرۆژەكانیان دەخەنە ئەو پێنـــاوەوە، ئەمانە زۆر كات، نـــەك لە بنەمـــاو چەمكە ئیمانییەكان دەترازێـــن‌و لادەدەن، بەڵكو لە بەهاو بنەمـــا ڕەوشـــتی‌و مرۆڤایەتییەكانیش ســـەر دەكەن‌و دەترازێـــن. خەڵكانێكی زۆر هەن ڕاســـتە بـــاوەڕدار نین، بەڵام دادپەروەرن، مرۆڤدۆســـت، ڕاســـتگۆن، بەتەنگ بەرژەوەندیی میللەتەكانیانەوەن، بەڵام ئەمان، نە بۆ دین نەبۆ دونیا ســـوودێكیان بۆ خەڵكی نییەو نەبووەو سنووری ئازادی‌و دیموكراتییەتەكەشیان تەنها بۆ داوێن‌و گیرفانـــی خۆیانـــە، ئەگینا بۆ بیرو بەهـــاو بژێوی خەڵكی نییـــە. خۆ ئەگەریش دەمیـــان بكەیتـــەوە؛ ئـــەوا پێیـــان وایە ژیانی خەڵـــك‌و ئەو هەوایـــەش كە هەڵی دەمژێـــن لەســـایەی گەورەیی‌و جوامێری ئەوانەوەیە، بۆیە خـــوای گەورە لەبارەی ئەمانەو پێشـــینەكانیانەوە دەفەرموویێت: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُـمْ لاَ تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ قَالُوا إِنَّمَـا نَحْـنُ مُصْلِحُونَ أَلاَ إِنَّهُمْ هُـمُ الْمُفْسِدُونَ وَلَكِنْ لاَ يَشْعُـرُونَ﴾[٢٥]. واتە: ئەگەر پێیان بگوترێـــت خراپەو بەدخوویی بـــە زەویدا بڵاو مەكەنەوە دەڵێن: ئێمە چاكە كارو ڕیفۆرمخوازین، نەخێر خراپەكاری ڕاســـتەقینە ئەوانن، بەڵام هەستی پێ ناكەن‌و خۆیانی لێ گێل دەكەن.

ئەمانەو چەندان سیفاتی نەخوازراوی تریان هەیە، كە خوای گەورە لە قورئاندا ئاماژەی پێكردووە.و ئێمە تەنها ئەوەندەی لێ باس دەكەین، بۆ ئاگاداربوونمان لە خۆمان كە تووشی ئەو جۆرە خووە خراپانە نەبین، لەوانیش كە نەتوانن فریومان بدەن‌و هەڵمان بخەڵەتێنن.

---

٢٥- سورة البقرة: الآيتان ﴿١١-١٢﴾.

# باسی حەوتەم

## خۆشەویستیو ڕقلێبوون (الولاء والبراء)

خۆشویستنو ڕقلێبوونەوە یەکێکی ترە لە کردەوە هەستیارەکانی دڵو بنەماکانی باوەڕ؛ چونکە کاتێك مرۆڤەکان بڕیارێك دەدەن، کەسێکیان خۆش بوێت، یان ڕقیان لێی بێت لە دڵەوە ئەو بڕیارە دەدەن، وەك وتەیەکی کوردی هەیە دەڵێت: پڕ بە دڵ خۆشم دەوێت، یان ڕقم لێیەتی، یان دەڵێت: کەسێکە دەچێتە دڵەوە، یان ناچێتە دڵەوە.

خوای پەروەردگاریش لە قورئانی پیرۆزدا (٨٤) جار باسی ئەم کردەوەیەی دڵو شەی خۆشەویستیو لێکەوتەکانی کردووەو لە هەندێك تەوەرەدا باسی خۆشەویستیی خوا دەکات بۆ خەڵك، لە هەندێك تەوەریشدا بەپێچەوانەوەو لە هەندێك تەوەرەی تریشدا باس لە خۆشەویستیی خەڵکی دەکات بۆ یەکتر.

هەر لەبەرئەوەشە زانایانو پێشینی ئەم ئوممەتە زۆر گرنگیان بە لێکۆڵینەوە لەم بابەتە داوە لەوانە شێخ عەبدولقادری گەیلانی، لە (الفتح الربانی).و پێشەوا غەزالی لە (إحیاء العلوم الدین).و ئیبنو لقەییم: (طریق الهجرتین وباب السعادتین).و ئیبنو قودامەش لە: (مختصر منهاج القاصدین)دا بەتێروتەسەلی باسیان لێوە کردووە.

ئێمەش لێرەداو ئەوەندەی کاتو شوێن بوار بدەن، تیشکی دەخەینە سەرو سەرەتا لە پێناسەوە دەست پێ دەکەین.

### پێناسەی خۆشەویستی:

زانایان لەبارەی خۆشەویستیی خوای گەورە، پێناسەی جوانیان هەیە لەوانە: ئیبنو لقەییم دەڵێت: (فالمحبة شجرة في القلب عروقها الذل للمحبوب، وساقها معرفته، وأغصانها خشيته، وورقها الحياء منه، وثمرتها طاعته، ومادتها التي تسقيها ذكره، فمتى خلا الحب عن شيء من ذلك كان ناقصا)[1]. واتە: خۆشەویستیی خوای گەورە

١- إبن القيم، روضة المحبين ونزهة المشتاقين، ص٤٠٩، دار الكتب العلمية، بيروت، ط، ١٩٨٣.

دارێکە لە دڵدا، ملکەچبوونو خۆبەکەمزانی لە ئاســت فەرمانەکانی ڕەگەکەیەتی، ناســینی بە ناوەجوانەکانو ســیفاتە بەرزەکانی قەدەکەیەتی، ترسو ســڵکردنەوە لەســەر پێچیکردنی فەرمانەکانی لقەکانێتی، شەرمکردن لە زاتی ئەو گەڵاکانێتی، جێبەجێکردنی فەرمانەکانــی بەرەکەیەتی، یادکردنی بەردەوامی خۆراکێتی، هەر خۆشەویستییەکیش یەکێك لەوانەی تێدا نەبوو، کرچوکاڵو بێواتایە.

ئیبنــو لجەوزیش دەڵێت:: (حقيقة المحبــة: هي موافقة المحبوب في محابِّه فيحب ما يحبه محبوبه)[٢]. خۆشەویســتیی ڕاســتەقینە ئەوەیە کە هەرچی خۆشەویستەکەت پێی خۆش بێت تۆیش پێت خۆش بێتو جێبەجێی بکەیت.

شــێخ جونەیــدی بەغدادیش دەڵێــت:: (علامة المحبــة دوام النشــاط .. يفتر بدنه ولا يفتر قلبه)[٣] . واتە: .نیشــانەی خۆشەویســتی، بەردەوامی کارو پەرستشــەکانە بەگەرموگــوڕیو بێ دابڕان، بەشــێوەیەك کە گەر جەستەشــی ماندوو بێت، دڵو دەروونی ماندوو نەبێتو هەر بەردەوام بێت.

## پلەکانی خۆشەویستی:

وشەی خۆشەویستی، پەیوەندیی ڕاســتەوخۆی بەواتاو چەمکی بەندایەتییەوە هەیە، بەڵام زۆرێك لە بڕاواداران ئەو ڕاســتییە نازانن، بۆیە تێگەشتن لە زاراوەی بەندایەتیو پەرستنیش جارێکی تر پێداچوونەوەو ڕوونکردنەوەی پێویستە.

وشــەی بەندایەتی (عبادة) لە زمانی عەرەبیدا بەواتای ترۆپکی خۆشەویســتی بەکار دێت، بەڵام بەداخەوە ئەم وشەیە لە سەردەمی نەفامی عەرەبیدا بەشێوەیەکی نەخوازراو بۆ سیســتەمێکی ستەمکارانە بەکار هاتووە کە پێی گوتراوە سیستەمی (کۆیلایەتی)، بۆیە ئێســتایش هەندێك کەس کە باســی عیبادەتو بەندایەتی بۆ دەکەیت، هەمان سیستەمی کۆیلایەتی بەهەمان ئاکارو ڕوخسارەوە دێتە پێش چاو،

٢- إبن القيم، طريق الهجرتين، ص ٢٦٨.

٣- أبو طالب المكي (محمد بن علي بن عطية الحارثي)، قوت القلوب في معاملة المحبوب ووصف طريق المريد إلى مقام التوحيد، ج٢، ط٢، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٥، تحقيق: د. عاصم إبراهيم الكيالي، ص٩١.

لــە كاتێكــدا زاراوەی بەندایەتی لە دەقە شــەرعییەكاندا زۆر دوورە لەم واتایەوە، هــەر بۆیە كاتێك ئیســلام هات، پێغەمبــەری خوا ﷺ بەكارهێنانــی ئەم زاراوە ناوازەیەی بۆ ئەو سیســتەمە پڕ ستەمە قەدەغە كردو فەرمووی: {لاَ يَقُولَنَّ أَحَدُكُمْ عَبْـدِي وَأَمَتِي كُلُّكُمْ عَبِيدُ اللَّهِ، وَكُلُّ نِسَائِكُمْ إِمَاءُ اللَّهِ، وَلَكِنْ لِيَقُلْ غُلاَمِي وَجَارِيَتِي وَفَتَايَ وَفَتَاتِــي}. واتە: باهیچ كەس لە ئێوە بەخزمەتكارەكەی نەڵێت بەندەكەم؛ چونكە ئێــوە هەمووتان بەژنو پیاوتانەوە بەندەی خوان، بــەڵام بابڵێت خزمەتكارەكەم، یان كارەكەرەكەم.

زانایانــی زمانــی عەرەبــیو بــواری عیرفانی لەبــارەی ڕیزبەنــدی پلەكانی خۆشەویستیو پلەی (عبادە) لەو ڕیزبەندییەدا دەڵێن:

یەكەم قۆناغی خۆشەویســتی بە (علاقة) دەست پێ دەكات، كە سەرەتاییترین پلەكانی خۆشەویستییەو بەواتای وابەستەبوونو پەیوەستبوون دێت.

دواتر كە ئەم پەیوەندییە زیاتر قووڵ دەبێتەوەو گەشە دەكات، دەچێتە قۆناغی (إرادة)وەو لــەم قۆناغەدا مرۆڤەكە ویســتێكی تەواوی بۆدروووســت دەبێت لەگەڵ خۆشەویستەكەی، وەك ئەوەی كە ئەهلی تەسەوف بە كەسێك دەڵێن: مورید، ئەم مورید واتە: خۆشەویســتییەكەی ئەوەندەیە كە مرۆڤەكە وابەستەی ئەو ڕێبازە، یان وابەستەی ئەو كەسە بووە بەتەواوی.

دواتر قۆناغی سێیەمی خۆشەویستی دێتە پێش، كە پێی دەوترێت: (الصبابة)و لەم قۆناغەدا خۆشەویســتیی كەســەكە گەشتووەتە ئاســتێك كە ناتوانێت بەسەر خۆیدا زاڵ بێتو واز لە خۆشەویستەكەی بهێنێت.

دواتر ئەم خۆشەویستییە ئەگەر بەردەوام بوو پەرە دەسەنێتو دەچێتە قۆناغی (الغــرام) كە بریتییە لە خۆشەویســتییەك كە مرۆڤەكە، ناتوانێت بۆ ســاتێكیش خۆشەویستەكەی لەبیر بكاتو لێی بترازێت، بۆ نموونە: خوای پەروەردگار لەبارەی ســزای جەهەنەم دەفەرموێت: ﴿إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَاماً﴾[٤] . واتە: ئازارو ئەشكەنجەی

---

٤- سورة الفرقان: الآية ﴿٦٥﴾.

دۆزەخ بۆ ساتێکیش خامۆش نابێ‌و نابڕێتەوەو لێیان جیا نابێتەوە.

لەپاش قۆناغی (الغرام) قۆناغێکی تر لە خۆشەویستی دێتە پێش، کە پێی دەگوترێت: (المودة) کە لە (الود)ەوە وەرگیراوەو ئەویش لە عەرەبیدا بە واتای خۆشەویستییەکی زۆر ساغ‌و بێگەرد دێت، کە وا لە خاوەنەکەی بکات، تەواو یەکلا بێتەوە بۆ خۆشەویستەکەی.

لەپاش ئەم قۆناغەیەش قۆناغێکی تر دێتە پێش کە پێی دەوترێت: (الشغف) لەم قۆناغەشدا وەك زانایان دەفەرموون خۆشەویستییەکە دەگاتە ئاستێك کە پەردەیەکی تەنك هەیە بە دەوری دڵدا ئەو خۆشەویستییە ئەو پەردە تەنکە دەدڕێت‌و دەچێتە ناو دڵ‌و لەوێ‌و لە قووڵایی دڵدا جێگیر دەبێت، بۆیە خوای پەروەردگار لە باسی بەسەرهاتی یوسف پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت)و لەسەر زمانی گەورە ژنانی میسر کاتێك باسی خۆشەویستیی هاوسەرەکەی عەزیزی میسر دەکەن بۆ یوسف دەفەرموێت: ﴿قَدْ شَغَفَهَا حُبّاً﴾[٥]. واتە: قۆناغی خۆشەویستیی ئەو ئافرەتە بۆ یوسف لە (شغف) دابوو، بەڵام بەشێوەیەك کۆنترۆڵی هەستو نەستی کردبوو کە هەموو شتێکی لە پێناو خۆشەویستیی ئەودا خستبووە لاوە، لە جوانی‌و ماڵ‌و پۆستو ناوبانگو خۆشگوزەرانی، جا ئەگەر خۆشەویستیی ئێمە بەحسابی خۆمان دوو قۆناغ لەوەشی تێپەڕاندبێت‌و لە خۆشەویستییەکەماندا ڕاستگۆ بین دەبێت چی بکەین بۆ خوای گەورە؟!.

لە پاش ئەم قۆناغەش، خۆشەویستی دەگاتە قۆناغی (العشق)، بەڵام ئەم قۆناغە وەك زانایان دەفەرموون بۆ نێوانی بەندەکان بەکار دێت‌و لەگەڵ خوای گەورە بەکار نایەت؛ چونکە عیشق پاڵنەرەکەی پاڵنەرێکی غەریزی‌و جەستەییە، بۆیە لەگەڵ خوا بەکار نایەت.

لە پاش ئەم قۆناغەش خۆشەویستی دەگاتە قۆناغی (التیم)و لەم قۆناغەدا کەسەکە وای لێ دێت دەبێتە دیوانەی خۆشەویستەکەی‌و هەموو خولیاو

---

٥- سورة یوسف: الآیة ﴿٣٠﴾.

خۆشەویستیو ئالوودەبوونێکی بۆ خۆشەویستەکەی دەبێت.

لە پاش ئەم قۆناغە ئەوجا قۆناغی (التعبد) واتە: بەندایەتی دێتە پێشەوە، کە وشەی (عبد) لە زمانی عەرەبیدا بەشتێکی سافو بێگەردی تەواو دەگوترێت، واتە: لەم قۆناغەدا خۆشەویستی دەگاتە ئاستێك کە ئەم کەسە، گەردنی بۆ فەرمانی خۆشەویستەکەی تەواو کەچە بە شێوەیەك «نا» لە ئاست فەرمانەکانی نازانێت[٦].

بۆیە پێویستە ئێمە ئەو ڕاستییە بزانین کە پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ خوا لەسەر بنەمای خۆشەویستی درووست بووە، جا نەك خۆشەویستییەکی سادە، بەڵکو ترۆپکی خۆشەویستی.

خۆشەویستییەك کە دڵ تەنها بەیادی ئەو ئارام بێتو هیواو ئاواتی سەرەتاو کۆتایی ڕەزامەندیی ئەو بێت.

خۆشەویستییەك وامان لێ بکات هەموو ئەوانەی خۆشەویستەکمان خۆشی دەوێت خۆشمان بوێت، ئەوەش کە ئەو خۆشی ناوێت خۆشمان نەوێت.

خۆشەویستییەك کە بزوێنەری هەموو هەستو هەڵوێستەکانمان بێت لەبیستنو بینینو گوتنو بەخشینو ترسو پەرستنو پشتپێبەستنو سەرجەم کردەوەکانی ترمان.

خۆشەویستییەك وامان لێبکات هاوتای ویستەکانی خوای گەورە، ویستەکانمان لەقاڵب بدەینەوەو داڕشتنەوەیان بۆ بکەینەوە. هەرچی خوا پێی خۆشبێت؛ پێمان خۆش بێت؛ ئەگەرچی لە بەرژەوەندیشمان نەبێت، یان کەمێك ماندوومان بکات، یان حەزو ئارەزووەکانمان سنووردار بکات؛ چونکە ئێمە دڵنیایین لە داناییو دڵسۆزی تەواوی خۆشەویستەکەمانو دەشزانین کە هەرچی داوامان لێ دەکات لە بەرژەوەندیی خۆمانەو مەبەستی خۆشگوزەرانیی ئێمەیە.

کەواتە: خۆشەویستیی ڕاستەقینە دەبێت هەموو ئەو واتایانەی سەرەوەی تێدا بەرجەستە بێتو مرۆڤ خۆی بۆ خۆشەویستیی ڕاستەقینەی کە خوای گەورەیە یەکلا بکاتەوە.

---

٦- إبن القيم، مدارج السالكين بين منازل إياك نعبد وإياك نستعين،ج٣، ص٢٧.

تەنها بەم خۆشەویستییەش مرۆڤی باوەڕدار هەست بە شیرینی باوەڕ دەكات وەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: {ثَلاثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ وَجَدَ حَلاوَةَ الْإِيمَانِ: أَنْ يَكُونَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِمَّا سِوَاهُمَا، وَأَنْ يُحِبَّ الْمَرْءَ لَا يُحِبُّهُ إِلَّا لِلَّهِ، وَأَنْ يَكْرَهَ أَنْ يَعُودَ فِي الْكُفْرِ كَمَا يَكْرَهُ أَنْ يُقْذَفَ فِي النَّارِ}[٧] : واتە: سێ شت لە هەركەسێكدا هەبن ئەو كەسە شیرینی باوەڕی چەشتووە، دەبێت خوای گەورەو پێغەمبەری ﷺ لە هەرچی شت هەیە خۆشتر بوێت. هەركەسێكی خۆش ویست تەنها لەبەر خوا خۆشی بوێت، وەچەند پێی ناخۆشە فڕێ بدرێتە ئاگرەوە ئەوەندەش پێی ناخۆش بێت بگەڕێتەوە سەر ئاكاری سەردەمی نەفامیو بێباوەڕی.

## نیشانەكانی خۆشەویستیی خوای گەورە:

دیارە خۆشەویستیی خوای گەورە هەر بەقسەو بانگەشە پێك نایەت، بەڵكو دەبێت ئەو خۆشەویستییە نیشانەو هەبووی ڕاستەقینەو دیاری هەبێت لە هەڵسوكەوتو هەڵوێستو كردەوەكاندا، گرنگترین نیشانەكانی خۆشەویستیی خوای گەورەش ئەمانەن:

١- شوێن كەوتنی پەیامو پێغەمبەرەكەی: خوای گەورە بەڕوونی لە قورئاندا ئاماژە بەم خاڵە دەكاتو دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾[٨] . واتە: ئەی محەممەد ﷺ پێیان بڵێ ئەگەر ئێوە ڕاست دەكەنو خواتان خۆش دەوێت؛ ئەوا شوێنی منو پەیامەكەی من بكەون؛ تا خوا خۆشی بوێنو لە گوناهەكانتان خۆش بێت.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە هەر كەس باوەڕی بە پێغەمبەری خواﷺو پەیامەكەی نەبێت كە ئیسلامە مەحاڵە بگاتە خۆشەویستیی خوا هەر وەك لە ئایەتەكەی تردا دەفەرموێت: ﴿وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِيناً فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ

---

٧- البخاري، صحيح البخاري، ج١، ص١٢.

٨- سورة آل عمران: الآية ﴿٣١﴾.

﴿مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾(٩) . واته: هەر کەسێك جگە لە ئیسلام، هەر ئایینێکی تری هەبێت خوای گەورە لێی وەرناگرێت، لە دوارۆژیشدا زەرەرەومەند دەبێت، ئەمەش دەقێکی ڕەهایەو هەموو بەرنامەو پەیامە دەستکردو ئاسمانییەکان دەگرێتەوە، جا نەك هەر ئەوان، بەڵکو هەموو ئەوانەش کە ئەمڕۆ لەژێر پەردەی دەست گرتن بەقورئانو قورئانیبوونەوە تانە لەسوننەتەکانی سەروەرو سەرچاوەی دووەمی تەشریعو یاساداناتی ئیسلام دەدەنو گومان لە دڵی خەڵکدا بەرامبەری درووست دەکەنو پێگەی لاواز دەکەن، ئەوانەش هەر درۆ دەکەنو لەژێر پەردەی دیندا دژایەتی پەیامبەرو پەیامەکەی خوا دەکەن؛ چونکە وەکو ئایەتەکە پێمان دەفەرموێت: تاکە ڕێگە بۆ گەشتن بەخۆشەویستیی خوا خۆشەویستیو شوێنکەوتنی پێغەمبەرە ﷺ، خۆ کێشەی جوولەکەو گاورەکانو بت پەرستەکانی سەردەمی پێغەمبەریش ﷺ هەر لەسەر باوەڕبوون بە پێغەمبەرﷺ بووە ئەگینا وەکو باوەڕبوون بە خوا هیچ کێشەیان نییەو نەبووە.

هەربۆیە پێوەری ڕاستەقینەی خۆشەویستیی خوا خۆشەویستیی پێغەمبەرو شوێنکەوتنی پەیامەکەیو دەستگرتنە بەسوننەتەکانییەوە.

٢- ڕازیبوون بەقەدەری خواو بە هەموو ئەو شتانەی خوا پێی داوە، یان دەیهێنێتە ڕێی: ئێمە وەکو پێشتریش گوتمان بەندەی خواینو خۆمانو هەرچیش کە هەمانە هی خوایەو ئەو لە میهرەبانیو گەورەیی خۆیەوە پێی داوین، جا کەم، یان زۆر، یان هەرچۆن بێت، دەبێت پێی ڕازی بین؛ لەبەر کۆمەڵێك خاڵ:

أ- هەرچی دێتە پێش لەلای خواوەیەو ئێمەش هەرچی ئەو بیفەرموێت پێی ڕازینو قەبووڵمانە.

ب- دونیاو هەرچیو هەرچەندو هەرچۆن بێت؛ هەر دەگوزەرێتو دەبڕێتەوە، گرنگ ئەوەیە مرۆڤ ئامانجی بوونی خۆی بدۆزێتەوە، کە خواناسیو یەکتاپەرستییە.

ج- نارەزاییو ناشکوری هیچ لە هاوکێشەو قەدەرەکانی خوا ناگۆڕنو لا نادەن

---

٩- سورة آل عمران: الآية ﴿٨٥﴾.

بگـره بەپێچەوانەوە توندترو خەســتتری دەکەنەوەو جگە لــە بەدبەختی دونیا ماڵوێرانی قیامەتیشی بەدوادا دێت.

د- خوای گەورە شــتێك لە زیانی بەندەکانی ناکاتو هەرچی دێتە ڕێیانو بەســەریان دەهێنێت بۆ بەرژەوەندیی خۆیانە، لێرە بێت، یان لە ژیانی نەبڕاوەی ئەو دونیا. پێغەمبەری خــوا ﷺ لە فەرموودەیەکیــدا دەفەرموێت: {انّ اللّهَ تَعالى لَيَحْمي عَبْـدَهُ الْمُؤمِنَ مِن الدُنيا وَهُوَ يُحِبُّـهُ كَمَا تَحْمُونَ مَرِيضَكُـم الطّعَامَ وَالشّرَابَ تَخَافُونَ عَلَيْـهِ}[١٠]. واتە: خوای گەورە بەندەکەی خۆی لە کەوتنە داوی دونیا دەپارێزێتو دونیای لێ دەگرێتەوە لەگەڵ ئەوەش کە خۆشــی دەوێت، هەروەك چۆن ئێوە نەخۆشــەکانتان لە خواردنو خواردنەوە دەگرنەوە لە ترســی ئەوەی نەبا زیانی پێ بگەیەنێت.

ئەم هەســتو قەناعەتیش تەوفیقێکەو خوای گەورە لە بەرامبەر سەرڕاســتیو نیەتپاکی بەندەکان لەگەڵ خوادا دەیبەخشێت هەروەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: {إِنَّ اللــه عَزَّ وَجَلَّ يُعْطِــي الدُّنْيَا مَنْ يُحِبُّ، وَمَنْ لاَ يُحِبُّ، وَلاَ يُعْطِي الدِّينَ إِلاَّ مَنْ يُحِبُّ}[١١].

واتــە: خوای گەورە دونیا دەدات بەهەمووکەس ئەوەی خۆشــی دەوێو ئەوەش کە خۆشی ناوێت، بەڵام دینداریو خواناسی نادات بە کەسێك کە خۆشی ناوێت.

بۆیە ئەو کەســانەی کە دەســتکورتو نەدارن، یان نەخۆشو لەشبەبارن دەبێت بڕوای تەواویان بەو بەشە هەبێت، کە خوا پێی داونو بەهیچ شێوەیەك ناڕەزایی بەگوفتارو کرداریانەوە دیار نەبێت.

ه- لەناو خەڵکیدا کەســێکی خۆشەویســت دەبێت: یەکێکی تر لە نیشــانەکانی خۆشەویستیی خوا ئەوەیە، کە ئەو کەسە خۆی لەناو خەڵکدا خۆشەویست دەبێت.

١٠- إبن حجر العسقلاني، إطراف المسند المعتلي بأطراف المسنَد الحنبلي، ج ٥، دار ابن كثير، دار الكلم الطيب، دمشق، بيروت، ص٢٦٤. الحاكم النيسابوري، المستدرك على الصحيحين، ج٧، دار المعرفة، بيروت، ص٣٠٧ صححه الحاكم ووافقه الذهبي في التلخيص.، وصححه الألباني أيضاً في صحيح الجامع.

١١- البويصري (أحمد بن أبي بكر بن إسماعيل البوصيري)، إتحاف الخيرة المهرة بزوائد المسانيد العشرة، ج٦، ط١، دار الوطن، الرياض، ١٩٩٩، ص١٣. الحاكم، المستدرك على الصحيحين، ج١، ص٥٦. صححه الحاكم ووافقه الذهبي في التلخيص.

چونکە هەر کەس خوای خۆش بوێت، خوایش ئەوی خۆش دەوێت هەرکەسیش خوا خۆشــی ویست خەڵکیش خۆشیان دەوێت، پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکیدا دەفەرموێــت: {إِذَا أَحَبَّ اللَّهُ الْعَبْدَ نَــادَى جِبْرِيلَ: إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ فُلاَنًا فَأَحْبِبْــهُ، فَيُحِبُّهُ جِبْرِيلُ، فَيُنَــادِي جِبْرِيــلُ فِي أَهْلِ السَّمَاءِ: إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ فُلاَنًا فَأَحِبُّــوهُ، فَيُحِبُّهُ أَهْلُ السَّمَاءِ، ثُمَّ يُوضَعُ لَهُ الْقَبُــولُ فِي الْأَرْضِ}[12]. واتە: ئەگەر خوای گەورە بەندەیەکی خۆش ویســت، بانگی جبریــل دەکاتو پێی دەفەرموێت: خوا فلاّن کەســی خۆش دەوێت تۆش خۆشــت بوێــت، جبریل لەســەر فەرمانەکەی خوا خۆشــی دەوێت، پاشــان جــاڕ دەدات بە ئاســمانەکاندا، کە خوای گەورە فلاّن کەســی خۆش دەوێت، ئێوەش خۆشتان بوێت، ئەوجا هەموو دانیشــتووانی ئاســمان خۆشــیان دەوێت، ئەوجا ئەو خۆشەویستییە دەخاتە دڵی مرۆڤەکانەوە لەسەر زەوی.

جارێکیــان تەرمێك بەلای پێغەمبەری خــوادا ﷺ تێپەڕی، خەڵکی هەموو بە باش باســیان دەکــرد، پێغەمبەری خوا ﷺ ســێ جار لەبەر خۆیــەوە فەرمووی (وجبــت)، دواتر تەرمێکی تر بە لایدا تێپەڕیو خەڵکی هەموو بەخراپ باســیان دەکرد بەهەمان شــێوەی جاری پێشــوو ســێ جار فەرمووی (وجبت). هاوەڵەکانی لێیان پرسی بۆچی بۆ هەردووکیان فەرمووت (وجبت)؟ فەرمووی: {مَنْ أَثْنَيْتُمْ عَلَيْهِ خَــيْرًا وَجَبَتْ لَــهُ الْجَنَّةُ وَمَنْ أَثْنَيْتُمْ عَلَيْهِ شَرًّا وَجَبَتْ لَهُ النَّارُ أَنْتُمْ شُهَدَاءُ اللَّهِ فِى الأَرْضِ، أَنْتُمْ شُهَدَاءُ اللَّهِ فِى الأَرْضِ، أَنْتُمْ شُهَدَاءُ اللَّهِ فِى الأَرْضِ}[13]. واتە: ئەوەی کە بەباش باستان کرد بەهەشتی بۆ واجب بووە، ئەوەش کە بەخراپ باستان کرد دۆزەخی بۆ واجب بوو، پاشان سێ جار فەرمووی: ئێوە شایەتی خوان لەسەر زەویدا.

ئــەم خۆشەویســتییەش لەگەڵ خوا بەیادکردنی بەردەوامی درووســت دەبێت، وەکــو پێغەمبەری خوا ﷺ لــە خوای گەورەوە بۆمان دەگێڕێتــەوە دەفەرموێت: {وَأَنَــا مَعَــهُ إِذَا ذَكَرَنِي، فَإِنْ ذَكَــرَنِي فِي نَفْسِهِ ذَكَرْتُهُ فِي نَفْسِي وَإِنْ ذَكَــرَنِي فِي مَلإٍ ذَكَرْتُهُ

١٢- البخاري، صحيح البخاري، ج٤،ص١١١. مسلم، صحيح مسلم، ج٨،ص٤١.

١٣- مسلم، صحيح مسلم، ج٣، ص٥٣.

فِي مَـلإٍ خَـيْرٍ مِنْهُمْ}[١٤]. واتە: من لەگەڵ بەندەکەمـــم کاتێك یادم دەکات، ئەگەر لە ناخی خۆیدا یادم بکات ئەوا منیش لای خۆم یادی دەکەمو باســی ئەو دەکەم، خۆ ئەگەریش لەناو کۆمەڵێکدا باسم بکات، ئەوا منیش لەناو کۆمەڵێك لە کۆمەڵەکەی ئەو باشتر باسو یادی ئەو دەکەم.

و- هەمـــوو ئەو ســیفاتانەی تیــدا بێت، کە خوای گەورە خۆشــی دەوێن: زۆر سیفەت هەن دەقەکانی قورئانو سوننەت باسی گەورەییان دەکەن، هەرکەسیش ئەو ســیفاتانەی تێدا بێت؛ دیارە خوای خۆش دەوێتو لەبەرامبەریشــدا خوای گەورە خۆشی دەوێت لەوانە:

- چاکەکاری: ﴿إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ﴾[١٥]. واتە: خوای گەورە خەڵکی چاکەکاری خۆش دەوێت.

- ئارامگــری: ﴿وَاللّهُ يُحِبُّ الصَّابِرِينَ﴾[١٦]. واتە: خوای گەورە خەڵکی ئارامگری خۆش دەوێت.

- لەخواترسان: ﴿إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ﴾[١٧]. واتە: خوای گەورە خەڵکی لەخواترسی خۆش دەوێت.

- دادپــەروەری: ﴿إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ﴾[18]. واتە: خوای گەورە خەڵکی دادوەری خۆش دەوێت.

- خۆشویســتنی خەڵکانــی موســڵمانو بەســەرکردنەوەیانو لێپرســینەوەی خەمەکانیــان: پێغەمبەری خــوا ﷺ دەفەرموێت: {إِنَّ الله تبــارك وتعالى يقول يوم القيامــة أين المُتحابّــون بجلالي؟ اليوم أُظلّهم في ظِلّي يوم لا ظِـلّ إلا ظلّي}. واتە: خوای

---

١٤- البخاري، صحيح البخاري، ج٩،ص ١٢١. مسلم، صحيح مسلم، ج٨، ص٦٢.

١٥- سورة البقرة: الآية ﴿١٩٥﴾.

١٦- سورة آل عمران: الآية ﴿١٤٦﴾.

١٧- سورة آل عمران: الآية ﴿٧٦﴾.

١٨- سورة المائدة: الآية ﴿٤٢﴾.

گەورە لە قیامەتدا دەفەرمویێت: کوان ئەوانەی لەبەر من یەکتریان خۆش ویستووە، ئەمڕۆ لە سێبەری خۆمدا حەشریان دەکەم، کە جگە لە سێبەری من، هیچ سێبەرێکی تر نییە.

ز- پابەندبوون بەسوننەتەکانەوە: ڕاستە ئێمە فەرزەکان لە خوا نزیکمان دەکاتەوە، بەڵام سوننەتەکانیش گرنگن؛ چونکە فەرزەکان لەوانەیە لە ترسی سزای نەکردنەکەی پێوەیان پابەند بین، بەڵام پاڵنەری سوننەتەکان تەنها خۆشەویستیی خوایەو ترسی سزای نەکردنیمان نییەو وەك لە فەرموودە قودسییەکەدا هاتووە: {وَمَا يَزَالُ عَبْدِي يَتَقَرَّبُ إِلَيَّ بِالنَّوَافِلِ حَتَّى أُحِبَّهُ}[١٩]. واتە: بەردەوام بەندەکەم بەکردنی سوننەتەکان لێم نزیك دەبێتەوە، هەتا خۆشم دەوێت.

ح- پێغەمبەرو خێزانەکانو هاوەڵانی خۆش بوێت: پێغەمبەری خوا ﷺ لەبارەی خۆشویستنی هاوەڵانی لە پشتیوانان دەفەرمویێت: {الْأَنْصَارُ لَا يُحِبُّهُمْ إِلَّا مُؤْمِنٌ، وَلَا يُبْغِضُهُمْ إِلَّا مُنَافِقٌ، فَمَنْ أَحَبَّهُمْ أَحَبَّهُ اللَّهُ، وَمَنْ أَبْغَضَهُمْ أَبْغَضَهُ اللَّهُ}[٢٠]. واتە: ئەوەی پشتیوانانی خۆش بوێت باوەڕدارە، ئەوەشی ڕقی لێیانە دووڕوو موونافیقە. هەرکەسێك خۆشی بوێن، خوای گەورە خۆشی دەوێت، هەرکەسیش ڕقی لێیان بێت، خوای گەورە ڕقی لێیەتی.

ت- عاقیبەت خێری: مردن لەسەر کردەوەی چاکە نیشانەی خۆشەویستیی خوای گەورەیە، عەمری کوڕی حەمقی خوزاعی دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: {إِذَا أَحَبَّ اللَّهُ عَبْدًا عَسَلَهُ، قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَمَا عَسَلُهُ؟ قَالَ: يُوَفِّقُ لَهُ عَمَلًا صَالِحًا بَيْنَ يَدَيْ أَجَلِهِ حَتَّى يَرْضَى عَنْهُ جِيرَانُهُ، أَوْ قَالَ: مَنْ حَوْلَهُ}[٢١]. واتە: ئەگەر خوای گەورە کەسێکی خۆشویست، شیرینی دەکات. گوتم: واتای چی شیرینی دەکات؟ فەرمووی: بەر لە مردنی دەیخاتە سەر کارو کردەوەیەکی چاك، هەتا دەوروبەراوسێو کەسە

١٩- البخاري، صحيح البخاري، ج٨، ص١٠٥.

٢٠- البخاري، صحيح البخاري،ج٥، ص٣٢. مسلم، صحيح مسلم، ج١،ص٦٠.

٢١- الحاكم، المستدرك، ج٢،ص٦١. وصححه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب.

نزیکەکانی لێ ڕازی دەکات.

کەواتە: مردن لەسەر کاری چاکە، نیشانەی خۆشویستنی خوای گەورەیە.

ئەمە نیشانەکانی خۆشویستنی خوای گەورەیە، ئەوەی تەنها یەك هۆکاریش لەمانەی تێدا بێت، خوای گەورە خۆشی دەوێت، بەڵام دەبێت ئێمە هەوڵ بدەین، هەموو ئەوانەمان تێدا بێت، کە خوای گەورە خۆشی دەوێن، ئەوکات خوای گەورە لە چەند دەروازەیەکەوە، خۆشی دەوێینو لە خۆیمان نزیك دەکاتەوە.

جا لێرەدا پێویستە پرسیاری ئەوە لە خۆمان بکەین: ئایا خۆشەویستیی ئێمە بۆ خوای گەورە، بەو شێوەیەیە؟! پێویستە بپرسین: ئایا شایەنی ئەوەین کە نازناوو شەرەفی بەندایەتیی خوامان پێ ببڕێت؟!

ئەگەر وا نییە؛ ئەوا با پێداچوونەوە بە خۆمانو خۆشەویستییەکەماندا بکەینەوە؛ چونکە خوای پەروەردگار لە ئایەتێکی هەڕەشەئامێزدا چەند پرسیارێك لەبارەی خۆشەویستیی خۆی ڕووبەڕووی مرۆڤی باوەڕدار دەکاتەوەو دەفەرموێت:

﴿قُلْ إِن كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُواْ حَتَّى يَأْتِيَ اللّهُ بِأَمْرِهِ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ﴾[22]. واتە: ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ: ئەگەر ئێوە بابو باپیرانو منداڵو نەوەکانو خوشكو براکانو خێزانو هاوسەرەکانو هۆزو بنەماڵەکانو ماڵو بازرگانییەك کە لە تێکچوونو زیانهێنانی دەترسنو زەوی خانوو شوێنی حەوانەوەکانتان لە خواو پێغەمبەری خواو تێکۆشان لە پێناو ڕێبازی خوادا خۆشتر دەوێت؛ ئەوا چاوەڕێ بن، تا فەرمانی خوا بەلەناوبردنتان دێتو خوای گەورەش هەرگیز خەڵکی تاوانبارو سنووربەزێن ناخاتە سەر ڕێی ڕاستو تەوفیقیان نادات.

## جەمسەرەکانی خۆشەویستیی خوای گەورە:

دیارە چەمکی خۆشەویستی لەگەڵ خوای گەورە دوو جەمسەری هەیە،

٢٢- سورة التوبة: الآية ﴿٢٤﴾.

جەمسەرێکیان ئەوە بوو کە باسمان کرد.

جەمسـەری دووەم: خۆشەویسـتیی خـوای گەورەیـە بۆ بەندەکانـی؛ چونکە خۆشەویسـتیی بەنـدەکان بۆ خوای گـەورە بێبەرامبەرو تاکلایەنـە نییە، بەڵکو بەرامبـەرە، واتـە: ئێمە چەندە خوامان خۆش بوێتو لێـی نزیك بینەوە، خوای گەورە زۆر زیاتر ئێمەی خۆش دەوێتو لێمان نزیك دەبێتەوە، ئەوەتا لە قورئاندا کاتێك باسـی خۆشەویسـتیی نێوان خۆیو بەندەکانی دەکات خۆشەویستیی خۆی بۆ بەندەکانی دەخاتە پێش خۆشەویسـتیی بەندەکانێـوە بۆ خۆیو دەفەرموێت: ﴿يُحِبُّهُـمْ وَيُحِبُّونَهُ﴾[٢٣]. واتە: خوای گەورە ئەوانی خۆش دەوێتو ئەوانیش خوایان خۆش دەوێت.

لە فەرموودەیەکی قودسیشـدا دەفەرموێت: {مَنْ عَـادَى لِي وَلِيًّا فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالْحَرْبِ، وَمَا تَقَرَّبَ إِلَيَّ عَبْدِي بِشَيْءٍ أَحَبَّ إِلَيَّ مِمَّا افْتَرَضْتُ عَلَيْهِ، وَمَا يَزَالُ عَبْدِي يَتَقَرَّبُ إِلَيَّ بِالنَّوَافِلِ حَتَّـى أُحِبَّـهُ، فَإِذَا أَحْبَبْتُهُ كُنْـتُ سَمْعَهُ الَّذِي يَسْمَعُ بِـهِ، وَبَصَرَهُ الَّذِي يُبْصِرُ بِـهِ، وَيَدَهُ الَّتِي يَبْطِشُ بِهَا، وَرِجْلَـهُ الَّتِي يَمْشِي بِهَا، وَإِنْ سَأَلَنِـي لَأُعْطِيَنَّهُ، وَلَئِنِ اسْتَعَـاذَنِي لَأُعِيذَنَّهُ، وَمَا تَـرَدَّدْتُ عَنْ شَيْءٍ أَنَا فَاعِلُـهُ تَرَدُّدِي عَنْ نَفْسِ الْمُؤْمِـنِ، يَكْرَهُ الْمَوْتَ وَأَنَا أَكْـرَهُ مَسَاءَتَهُ}[٢٤].

واتە: هەر کەسێك دژایەتیی خۆشەویستێکی من بکات؛ ئەوا من شەڕی لەدژ بەرپا دەکەم، بەندەکەم بەهیچ شتێك لێم نزیك نابێتەوە ئەوەندەی بە جێبەجێکردنی فـەرزەکان لێم نزیك دەبێتـەوە، بەردەوامیش بەکردنی سـوننەتەکان لێم نزیك دەبێتەوە، هەتا خۆشـم دەوێت، کە خۆشـم ویسـت؛ دەبم بـەو گوێیەی کە پێی دەبیسـتێت، بەو چاوەی کە پێی دەبینێت، بەو دەسـتەی کە کاری پێ دەکات، بەو قاچەی کە پێی دەڕوات، ئەگەر داوای هەر شتێکیشـم لێ بکات پێی دەدەمو پەنام لە هەرچی پێ بگرێت پەنای دەدەم، لە هیچ شتێك کە بمەوێت بیکەم، هەڵوێستە ناکـەم ئەوەندەی لەکێشـانی گیانی ئەو بەندەیە هەڵوێسـتە دەکەم؛ چونکە ئەو

---

٢٣- سورة المائدة: الآية ﴿٥٤﴾.

٢٤- البخاري، صحيح البخاري، ج٨، ص١٠٥.

مردنی پێ ناخۆشەو منیش پێم ناخۆشە بێدڵی بکەم.

بەڕێزان، ســەیری ئەو خۆشەویســتییەی خوای گەورە بکەن بۆ بەندەکانی، کێ هەیــە لە ئێمــە ئەوەندە خوای خــۆش بووبێت ئەوەندەی خوای گــەورە ئێمەی خۆش دەوێت؟ هەر بۆیە پێشەوا عەلی دەفەرمووێت: ئەگەر لە قیامەت پێم بڵێن لێپرسینەوەت دەدەینە دەست دایكو باوكت ڕازی نابم؛ چونكە دڵنیام لەوەی خوای گەورە بەرامبەرم لەوان بەبەزەییترە.

## نیشانەکانی خۆشەویستیی خوای گەورە بۆ بەندەکانی:

لە گرنگترین نیشانەکانی خۆشەویستیی خوای گەورە بۆ بەندەکانی:

١. بەدەستی خۆی درووست کردووین لە کاتێکدا دەیتوانی فەرمان بە فریشتەکان بکات ئەوان درووستمان بکەن.

٢. لە ڕۆحی خۆی کردووە بەبەرماندا؛ تا بەهەمیشەیی بمێنینەوە.

٣. فەرمانی کردووە بە سەرجەم فریشتەو بەندە نزیکەکانی کە کڕنووشمان بۆ ببەن، تا بەگەورە لێمان بڕوانن‌و هەر لەسەر ئێمەش شەیتانی بە نەفرەت کرد.

٤. لەسەر جوانترین شێوە درووستی کردووین.

٥. عەقڵ‌و ژیری پێ داوین‌و ناوی هەموو هەبووەکانی بوونەوەری فێرکردووین کە هیچ کام لە فریشتە زۆر نزیکەکانیش نەیاندەزانی.

٦. ئازادی تەواوی پێ داوین لە بڕیارو هەڵبژاردن، تەنانەت لەســەر پەرســتنی خۆیشی کە ڕاستییەکی ڕەهایە ناچاری نەکردووین‌و زۆری لێ نەکردووین.

٧. هەمیشە ڕێنمووی کردووین بۆ ڕێگای ڕاستو بەردەوام پەیامو پێغەمبەرانی خۆی بۆ ڕەوانە کردووین تا گومڕاو سەرلێشێواو نەبین.

٨. هەرچــی لە ئاســمان‌و زەویدایــە لە پێناو خزمەتو خۆشــگوزەرانی ئێمەدا درووستی کردووە.

٩. بەبەهاتریــن بەرهەمەکانــی خۆشەویســتیی خوای گەورەش لێخۆشــبوونی گوناهەکان‌و خۆشکردنی ژیان‌و گوزەران‌و گەڕانەوەیە بۆ بەهەشتی نەبڕاوە. ئەوەتا

بەڵێنمان پێ دەدات لە فەرموودەیەکی قودسیداو دەفەرموویێت: {يا ابْنَ آدَمَ إنَّكَ لَوْ أَتَيْتَنِي بِقُرَابِ الأَرْضِ خَطَايَا، ثُمَّ لَقِيتَنِي لا تُشْرِكُ بِي شَيْئاً، لأَتَيْتُكَ بِقُرابِهَا مَغْفِرَةً}[٢٥]. واتە: ئەی بەندەکەم ئەگەر پڕبەپڕی ئەم زەوییە تاوانت کردبێت، بەڵام هاوەڵت بۆ بڕیار نەدابم، پاشان بگەڕێیتەوە بۆ لام پڕبەپڕی زەوی لێخۆشبوونت پێ دەدەم.

لەو پێناوەشداو هەر لەبەرئەوەی لێیان خۆش بێتو پلەیان لای خۆی بەرز بکاتەوە فەرمانی بە فریشتەکانی کردووە هەرکەسێك بەنیەتیش نیەتی هێنا، کردەوەیەکی چاکە بکات، ئێوە بۆی بنووسن بەچاکە، خۆ ئەگەر کردی یەك بە دەو تاحەوت سەد جار بەرامبەر بۆی زیاد بکەن، خۆ ئەگەریش نیەتی هێنا خراپەیەك بکات؛ ئەوا لەسەری مەنووسن هەتا دەیکات، ئەگەر کردی وەك خۆی بینووسن[٢٦].
ئەمە لە کاتێکدا دەکرا هەر مرۆڤێك کارێك بکات باش بێت، یان خراپ، هێندەی کردەوەکەی خۆی پاداشت، یان سزا وەربگرێت، بەڵام خوای گەورە لەبەهانەیە بۆ لێخۆشبوونی بەندەکانیو سەفرازکردنیان، نەك سزادانیان.

چەندان دەقی قورئانو سوننەتیشمان هەیە کە جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکەنەوە لەوانە: خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمویێت: ﴿مَّثَلُ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنبُلَةٍ مِّئَةُ حَبَّةٍ وَاللّهُ يُضَاعِفُ لِمَن يَشَاءُ وَاللّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ﴾[٢٧] واتە: نموونەی ئەو کەسانەی کە ماڵەکانیان دەبەخشن لە پێناوی خوادا، وەك دەنکە گەنمێك وایە کە حەوت گوڵە گەنمی لێ بەرهەم بێتو لە هەر گوڵێکدا، سەد دەنکە گەنمی تێدابێتو خوای گەورەش چەند قات لەمەش زیاتر دەدات بە بەندەکانی.

پێغەمبەری خودایش ﷺ لە فەرموودەیەکیدا دەفەرمویێت: {مَا مِنْ حَسَنَةٍ عَمِلَهَا ابْنُ آدَمَ إلاَّ كُتِبَ لَهُ عَشْرُ حَسَنَاتٍ إِلَى سَبْعِمِائَةِ ضِعْفٍ قَالَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ إِلاَّ الصِّيَامَ فَإِنَّهُ

---

٢٥- الترمذي، سنن الترمذي، ج٥،ص ٣٤٨. وقال الألباني في تخريجه: حديث صحيح.
٢٦- سورة البقرة: الآية ﴿٢٦١﴾.
٢٧- سورة البقرة: الآية ﴿٢٦١﴾.

لِی وَأَنَا أَجْزِی بِهِ}[٢٨]. واته: هەچ كردەوەیەك مرۆڤ بیكات خوای گەورە بەدەقات تا حەوسەد قات بۆی دەنووسێت، خوای گەورە دەفەرموویت: جگە لە ڕۆژوو؛ چونكە ئەوە تەنها بۆ منەو هەر خۆیشم دەزانم، چۆن پاداشتی خاوەنەكەی دەدەمەوە.

ئەگەر سەرنجی ئەو دوو دەقەی سەرەوە بدەین دەبینین ئایەتەكە تەنها باسی بەخشین دەكات، بەڵام فەرموودەكە باسی هەموو كردەوە باشەكان دەكات، لە نوێژو ڕۆژو حەجو فەرمان بەچاكەو ڕێگری لە خراپە.

لە فەرموودەیەكی تردا دەفەرمویت: {مَنْ قَرَأَ حَرْفاً مِنْ كِتَابِ اللهِ فَلَهُ حَسَنَةٌ، وَالْحَسَنَةُ بِعَشْرِ أَمْثَالِهَا، لاَ أقول : ألم حَرفٌ، وَلكِنْ: أَلِفُ حَرْفٌ، وَلاَمٌ حَرْفٌ، وَمِيمٌ حَرْفٌ}[٢٩]. هەركەسێك پیتێك لە قورئان بخوێنێت؛ چاكەیەكی بۆ دەنووسرێتو هەر چاكەیەكیش بە دەهێندەی خۆی پاداشت دەدرێتەوە، ناڵێم (ألم) هەمووی پیتێكە، بەڵكو (الف) پیتێكە (لام) پیتێكە (میم) پیتێكە. خۆشەویستان سەرنج بدەن، خوا چەند میهرەبانە ئێمە ئەگەر لە ڕۆژێكدا یەك لاپەڕە قورئان بخوێنینەوە تەرازووی چاكەكانمان چەند پێی زیاد دەكاتو قورس دەبێت! بەڵام بەداخەوە زۆرێكمان سەرەڕای ئەوەش هەر نایكەین

بۆیە عەبدوڵڵای كوڕی مەسعوود دەڵێت: (وَيْلٌ لِمَنْ غَلَبَ وُحْدَاتُهُ عَشَرَاتِهِ)[٣٠]. واتە: دۆزەخ بە حاڵی ئەو كەسەی كە یەكەكانی لە دەیەكانی زیاتر بن، واتە: تاوانەكانی كە یەك بەرامبەرە زیاتر بێت لە چاكەكانی، كە دە بەرامبەر ئەژمار دەكرێت.

سەرەڕای ئەوانە هەمووی، هەندێك كردەوەی تر هەن پاداشتەكانیان بێ ئەندازە زۆرە بۆ نموونە:

زیندووكردنەوەی یەك شەوی ساڵ بە پەرستش كە شەوی قەدرە خوای گەورە لەبارەیەوە دەفەرمویت: ﴿ليلة القدر خير من ألف شهر﴾[٣١]. واتە: پەرستشی شەوی

٢٨- النسائي، سنن النسائي، ج١٠،ص٩٢. وقال الألباني في تخريجه: صحيح.

٢٩- الترمذي، سنن الترمذي، ج٥، ص١٧٥. وقال الألباني في تخريجه: صحيح.

٣٠-إبن رجب الحنبلي، جامع العلوم والحكم، ج٢،ص٣٢٨.

٣١- سورة القدر: الآية ﴿٣﴾.

قەدر خێری پەرستشی (١٠٠٠) مانگی هەیە کە زیاتر لە (٨٣) ساڵ دەکات، واتا ئەگەر کەسێك بتوانێت ماوەی (١٠) ساڵی تەمەنی ئەو (١٠) شەوەی ڕەمەزان زیندوو بکاتەوە کــە هەر (١٠) شــەوەکە دەکاتە (٤٠) ســەعات، ئەگــەر ئێمە بتوانین (٢٠) ســاڵ ئەم شەوانە زیندوو بکەینەوە بە پەرستش‌و بەندایەتی‌و چاکەکردن ئەوکاتە ئێمە (١٦٠٧٠) ســاڵ تەمەن پەرستشــمان دەبێت. بەم شــێوەیە ئێمە دەتوانین بە پەرستشــی چەند کاتژمێرێك لە چەند شــەوێکدا پێشــی هەموو ئەو نەتەوانە بدەینەوە کە پێش ئێمە هەزار ساڵ زیاد ژیاون‌و خواناسییان کردووە، ئەمە تەنها میهرەبانی خوای گەورەیە.

یــان نوێژی حەرەمی کەعبەی پیرۆز خێــری (١٠٠,٠٠٠) نوێژی هەیەو نوێژی مزگەوتەکــەی پێغەمبەریــش ﷺ خێری (١٠٠٠) نوێژی هەیــەو نوێژی مزگەوتی ئەقصا خێری (٥٠٠) نوێژی هەیە.

یان دەفەرمویێت: {الْعُمْرَةُ إِلَى الْعُمْرَةِ كَفَّارَاتٌ لِمَا بَيْنَهُمَا}[٣٢]. واتە: عەمرەیەك هەتا عەمرەیەکی تر هەموو تاوانەکانی نێوانیان دەسڕنەوە.

یان ڕۆژووی (١٠) موحەڕەم خوای گەورە تاوانی یەك ساڵی پێ دەسڕێتەوە.

یان هەرکەسێك لە ڕۆژێکدا (١٢) ڕکات نوێژی سوننەت بکات، خوای پەروەردگار کۆشکێکی لە بەهەشتدا بۆ درووست دەکات.

بوونی ئەم پاداشــتە زۆرانە لەسەر ئەم کردەوە بچووکانە، بەڵگەی میهرەبانی‌و بەزەیی خوای گەورەن بۆ مرۆڤەکان.

لــە هەمــوو ئەمانەش مژدە بەخشــتر ئەوەیــە، کە هەموو ئەمانەی باســمان کردوون لێکەوتەی کاراکردنی یەك بەش لەســەد بەشی بەزەیی خوای گەورەن بۆ بەنــدەکان، وەك لە فەرموودەکەی پێغەمبەردا هاتووە ﷺ: {إِنَّ لِلَّهِ مِائَةَ رَحْمَةٍ أَنْزَلَ مِنْهَا رَحْمَةً، وَاحِدَةً بَيْنَ الْجِنِّ وَالإِنْسِ وَالْبَهَائِمِ وَالْهَوَامِّ، فَبِهَا يَتَعَاطَفُونَ، وَبِهَا يَتَرَاحَمُونَ، وَبِهَا تَعْطِـفُ الْوَحْشُ عَلَى وَلَدِهَا، وَأَخَّرَ اللَّهُ تِسْعًا وَتِسْعِينَ رَحْمَةً يَرْحَـمُ بِهَا عِبَادَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ}

---

٣٢- البخاري، صحيح البخاري، ج٣، ص٢. مسلم، صحيح مسلم، ج٤، ص١٠٧.

[٣٣]. واته: خوای گەورە ســەد بەش بەزەیی هەیە، یەك بەش لەو بەزەییەی خۆی ناردۆتە سەر زەوی بۆنێوان مرۆڤو جنۆکەو ئاژەڵو باڵندەکان، بەو بەشە بەزەییان بەیەکدا دێتەوەو یەکتریان خۆش دەوێت، هەر بەو بەشــە دڕندەکان ســۆزیان بۆ بەچکەکانیان دەجووڵێت، نەوەدونۆ بەشــی بەزەییەکەی هەڵگرتووە بۆ باوەڕداران لە دوارۆژدا، کە بۆ لێخۆشبوونی ئەوان دەیخاتە کار.

جا نازانم چۆن بتوانین باســی ئەو (٩٩) بەش خۆشەویســتییەی خوای گەورە بکەین لەدوارۆژدا؟! چۆن بتوانین درك بە ئاسۆو سنوورەکەی بکەین؟! ئەگەر هەر لە سەرەتای بوونەوەرەوە، تا دەگاتە ئادەمو تا ڕۆژی دوایی، هەموو ئەم بوونەوەرە بــە یــەك بەش بەزەیی خــوا بەڕێوە چووبێــت، ئەی ئەگەر (٩٩) بەشــەکەی تر بخاتە کار بۆ لێخۆشــبوونی بەندەکان، دەبێت ئەو بەدبەختانە کێبن کە هێشــتا نایانگرێتەوەو دادیان نادات؟ دەبێت ئەو کەسانە دوایی گلەی لە کێ بکەنو یەخەی کێ بگرن؟! دەبێت کێ بە کەمتەرخەمو ستەمکار بزانن؟!

لێرەدا با هەڵوێســتەو بەراوردێك بکەین، بزانین کێ پێویستی بە خۆشەویستی هەیە؟ بوونی ئەو خۆشەویستییە لەنێوان خوای گەورەو بەندەکانی لە بەرژەوەندیی کێیەو کێ لێی بەهرەمەند دەبێت؟ خۆشەویستیی ئێمە بۆ خوا دەبێت چ سوودێکی بۆ خوا هەبێتو ئەگەر نەبێت زیانی چی بێت؟! ئەی خۆشەویستیی خوا بۆ ئێمە چەند سوودی هەیەو ئەگەر نەبێت تووشی چە بەدبەختییەك دێین.

بۆیــە بەندایەتی بــۆ خوای گەورە، کە لەســەر بنەمای ئەو دوو جەمســەری خۆشەویستییە تۆکمەو پتەوە دامەزراوە جێی شانازیو سەربەرزییە بۆ مرۆڤەکان.

عەبدوڵڵای کوڕی موبارەك دەڵێت: ساڵێکیان وشکەساڵی بوو، چووین نوێژەبارانە بکەین، بینیم پیاوێکی ڕەشی هەژار لەپاڵمدا نوێژی دەکرد، گوێم لێ بوو دەیگوت: خوایە ســوێندت لەسەر دەخۆم هەر ئێســتا باران ببارێنە. دەڵێت: چەند ساتێکی کەمی پێ چوو بینیم هەور بەری ئاســمانی گرتو بارانێکی زۆر باری، کە ئەوەم

٣٣- مسلم، صحيح مسلم، ج٨، ص٩٦.

بینی، بڕیارم دا شوێن ئەو پیاوە بکەوم، بزانم چ کارەیە، بینینم لە بازاڕ کۆیلەی کەسـێکەو کڕینو فرۆشـتنی پێوە دەکات. چوومە لایو گوتم: ئەو بەندەیەم پێ بفرۆشەو لە خاوەنەکەیم کڕی. لەگەڵ خۆم بردمو لە ڕێگە باسەکەم بۆ گێڕایەوە، گوتی: بۆ تۆ ئاگات لێ بوو؟ گوتم: بەڵێ.

گوتی: باشە مۆڵەتم دەدەیت نوێژێك بکەم؟

گوتم: بەڵێ، فەرموو. دەڵێت: دوو ڕکات نوێژی کرد، پاشـان دەستی بۆ ئاسمان بەرزکـردەوەو گوتی: خوایە ئـەوەی لەنێوان منو تۆدا بـوو، خەڵك پێی زانیوە، خوایە بمبەرەوە بۆ لای خۆت.

دەڵێت: بینینم هات بەلاداو گیانی دەرچوو.

ئەمەش پێچەوانەی خۆشەویستیی هەموو بەناو گەورەکانی دونیایە کە لەسەر خوێنو ڕەنجی شوێنکەوتەکانیان دەژینو سەرەڕای ئەوەش زۆریش لێیان بێمنەتو بێئـاگانو وەك چۆن دونیایان بەهەدەر دەدەن لـە قیامەتیش هەر ئەوانن دەبنە مایەی سووتانو تیاچوونیان.

بـەڵام بەداخەوە ئێمە لە تێگەشـتنو مامەڵەکردنمان لەگـەڵ ئەم چەمکانە، کورتبینو کەمتەرخەمین.

دەڵێین خوامان خۆش دەوێت، بەڵام لە هەمان کاتدا خەڵکی دژە خواو بێدینو داوێنپیسیشمان خۆش دەوێت! دەڵێین خوامان خۆش دەوێت، بەڵام شوێن بەرنامەی خەڵکی تر کەوتووینو بەرنامەی ئەوانمان لە خوا پێ باشترە!.

دەڵێیـن خوامـان خۆش دەوێت، بـەڵام ئامادە نین لە پێنـاو ڕەزامەندیی ئەو دەست لە بچووکترین حەزو ئارەزووی خۆمان هەڵبگرین!

ئەمانە هەمووی دووڕوویيو نیفاقەو لەگەڵ سەرەتاییترین واتای خۆشەویستی بۆ خوا یەك ناگرنەوە.

# باسی هەشتەم

## پشتبەستن بە خوای گەورە (التوكل)

توكل: یەكێكی ترە لە كردەوە گرنگو هەستیارەكانی تری دڵ، هەر بۆیە خوای گەورە لە زیاتر لە (٧٠) دەقی قورئانداو بەچەندان شـێوەی جیاواز گوزارشتی لێ كردووە، پێشـەوا ئەحمەدیش لەبارەیەوە دەڵێت: (هو عمل القلب)[١] . واتا بریتییە لە كردەوەی دڵ.

### پێناسەی (توكل) پشتبەستن بە خوای گەورە:

توكل: لە زمانەوانیدا بەواتای: پشتپێبەستن، یان خۆڕادەستكردن، یان خۆبەدەستەوەدان دێت. هۆكاری ئەو پشتپێبەستنو خۆڕادەستكردنەش بۆ دەسەوسانی كەسەكە دەگەڕێتەوە، واتا ئێمە لەبەر بێدەسەڵاتیو لاوازیی خۆمان، خۆمان ڕادەستی هێزێكی بێهاوتاو لەبن نەهاتوو دەكەین كە خوای گەورەیە.

لە زاراوەشدا: زانایان بە چەند شێوازێك پێناسەی دەكەن:

پێشـەوا غەزالی لەبارەی (توكل) دەڵێت: (الإكتفـاء بالأسباب الخفية عن الأسباب الظاهـرة مع سكون النفس إلى مسبب السبب لا الى السبب)[٢]. واتە: خۆدانە دەسـتی هۆكارە نهێنییو پەنهانەكانە لەبری هۆكارە دیارو ئاشـكراكان، لەگەڵ دڵنیابوونو پشتبەسـتنی تەواو بـە بەدیهێنـەرو هەڵسـووڕێنەری هـۆكارەكان، نەك خودی هۆكارەكان.

شـێخ عەبدولقادری گەیلانیـش دەڵێت: (هو اكتفـاء العبد الذليـل بالرب الجليل، كاكتفاء الخليل بالجليل حين لم ينظر إلى عناية جبريل)[٣].واتە: بریتییە لە پشتبەسـتنی

---

١- إبن القيم، طريق الهجرتين وباب السعادتين، دار السلفية، القاهرة، ط ٢، ١٣٩٤، ص٢٥٧.

٢- الغزالي، إحياء علوم الدين، ج ٤،ص٢٦٦.

٣- عبد القادر الكيلاني (عبد القادر بن موسى بن عبد الله بن جنكي دوست الحسني)، الغنية لطالبي طريق الحق عز وجل، ج ٢، دار الكتب العلمية، بيروت، ط ١، ١٩٩٧، تحقيق: أبو عبد الرحمن صلاح بن

بەندەیەکی بێدەسەڵات بە خوایەکی گەورەو بەدەسەڵات، وەك پشتبەستنەکەی ئیبراهیمی خەلیل بە خوای بەدەسەڵاتو جەلیل، کاتێك ئاورِی لە چاودێریی جبریلیش نەدایەوەو خۆی تەنها بە خوا سپارد [٤].

هەندێکی تریش دەڵێن: (هو علم القلب بكفاية الرب للعبد)[٥]. واتە: بریتییە لە دڵنیایی دڵ بە بەسبوونی خوا بۆ بەندەکەی.

کەواتە: توکل بریتییە لەوەی مرۆڤی باوەڕدار خۆی بداتە دەستی خوای گەورەو هەموو کارو خواستەکانی خۆی بەو بسپێرێت.

## گرنگیی پشتبەستن بە خوای گەورە:

وەك پێشتریش ئاماژەمان پێ دا، خوای گەورە لە قورئاندا گرنگییەکی زۆری بە (توکل) داوەو بە چەندان شێوەو لە چەندان تەوەردا سەرنجی بەندەکانی بۆ لای ئەم چەمکەی باوەڕ ڕاکێشاوە لەوانە:

١- خوای گەورە ناوی (الوكيل)ی کردووەتە یەکێك لەناوە جوانەکانی خۆی، واتا ئەو زاتەی کە بەدیهێنەرو هەڵسووڕێنەری هەموو بوونەوەرەو هۆکارو دەرەنجامەکان هەمووی بەدەستی ئەونو هەر ئەویش پشتو پەنای تەواوی بەندەکانێتیو هەڵسووڕێنەری ڕاستەقینەی کارەکانیانە.

٢- زۆر جار (توکل)، لەگەڵ باوەڕ باس کراوەو وەکو هاوتای ئەو وێنا کراوە، وەك دەفەرموێت: ﴿قُلْ هُوَ الرَّحْمَنُ آمَنَّا بِهِ وَعَلَيْهِ تَوَكَّلْنَا﴾[٦]. واتە: بڵێ ئەوە خوای من کە (الرحمن) باوەڕمان پێی هێناوەو پشتو پەنایشمان هەر ئەوە، یان دەفەرموێت:

---

محمد بن عويضة، ص٣١٨.

٤- مەبەستی ئەوەیە کاتێك خەریك بوو ئیبراهیم دروودی خوای لێ بێ فڕێدەنە ناو ئاگرەکەوە، جبریل هات بۆ لای و پێی گوت: چیت پێویستە بۆتی بکەم، ئیبراهیم فەرمووی: هیچ پێویستیم بە تۆ نییە: تەنها پێویستیم بە خوا هەیە.

٥- إبن القيم، مدارج السالكين، ج٢، ص١١٤.

٦- سورة الملك: الآية ﴿٢٩﴾.

﴿قُـلْ هُوَ رَبِّي لا إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ مَتَابِ﴾[٧]. واته: بڵێ ئەوە پەروەردگاری منە جگە لەو هیچ پەرستراوێکی تر بەحەق نییە پشـتو پەنام هەر ئەوەو هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێمەوە.

٣- هەندێك جاریش وەکو مەرجی باوەڕ باس کراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە لاوازیی پشتبەسـتن بە خوا نیشـانەی لاوازیی باوەڕەو نەبوونیشـی نیشانەی نەبوونی بـاوەڕە. وەك دەفەرموێت: ﴿وَعَلَى اللّهِ فَتَوَكَّلُواْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾[٨]. واتە: ئەگەر ڕاسـت دەکەنو باوەڕدارن؛ ئەوا تەنها پشـت بە خوای گەورە ببەستن، یان لەسـەر زمانی موسـا دروودی خوای لێ بێت دەفەرموێت: ﴿وَقَالَ مُوسَى يَا قَوْمِ إِن كُنتُـمْ آمَنتُم بِاللّهِ فَعَلَيْـهِ تَوَكَّلُواْ إِن كُنتُم مُّسْلِمِينَ﴾[٩]. واتە: موسـا بە گەلەکەی گوت: ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەنو باوەڕتان بە خوا هێناوە؛ ئەوا تەنها پشت بەو ببەستن.

٤- یان هاوتای پەرسـتشو خواناسـی باس کراوە. وەك دەفەرموێت: ﴿فَاعْبُدْهُ وَتَوَكَّلْ عَلَيْهِ﴾[١٠] . واتە: هەر ئەو بپەرسـتەو پشـتو پەنایشـت با هەر ئەو بێت، یان دەفەرموێت: ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾[١١]. واتە: ئێمە بەتەنها تۆ دەپەرستینو پشـتو پەنایشمان هەر تۆی. ئیبنو تەیمیە دەڵێت: (توکل)و پشتبەستن بە خوای گـەورە هەردوو چەمکە سـەرەکییەکە کۆ دەکاتەوە: چەمکی پەرسـتنو چەمکی پشتبەستن، دەبێت ئەم دووانەش تەنها بۆ خوای پەروەردگار بن.

٥- یـان هاوتـای تـرس ملکەچـیـو گەڕانەوە بـۆ لای خوا باس کـراوە: وەك دەفەرموێت: ﴿رَّبَّنَا عَلَيْكَ تَوَكَّلْنَا وَإِلَيْكَ أَنَبْنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ﴾[١٢]. واتە: خوایە پشـتو

---

٧- سورة الرعد: الآية ﴿٣٠﴾.

٨- سورة المائدة: الآية ﴿٢٣﴾.

٩- سورة يونس: الآية ﴿٨٤﴾.

١٠- سورة هود: الآية ﴿١٢٣﴾.

١١- سورة الفاتحة: الآية ﴿٥﴾.

١٢- سورة الممتحنة: الآية ﴿٤﴾.

پەنامـــان هەرتۆی‌و بۆلای تۆ گەڕاوینەوەو چارەنووس‌و دوارۆژیشـــمان هەر بۆ لای تۆیــە. یان دەفەرموویێت: ﴿ذَلِكُـمُ اللَّهُ رَبِّي عَلَيْـهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيـبُ﴾[١٣]. واتە: ئەو خوای گەورەیە پەروەردگاری منەو پشتوپەنایشـــم هەر ئەوەو هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێمەوە.

٦- یان هاوتای تەقواو لەخواترسان باس کراوە: ﴿وَاتَّقُواْ اللّهَ وَعَلَى اللّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ﴾[١٤] . واتە: لەخوا بترســـن‌و با پشـــتو پەنـــای باوەڕدارانیش تەنها خوای گەورە بێت.

٧- یان هاوتای ئارامگری‌و خۆڕاگری باس کراوە وەك دەفەرموویێت: ﴿الَّذِينَ صَبَرُواْ وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ﴾[١٥]. واتە: ئەو کەسانەی خۆڕاگر بوون‌و پشتیان بە پەروەردگاری خۆیان بەستووە.

ئەم گرنگیپێدانەی قورئانیش بەم بابەتە وای لە ئیبنولقەییم کردووە لەبارەی گرنگیـــی (توکل) بڵێت: (التوكل نصــف الدين .. ومنزلته: أوسع المنـازل وأجمعها)[١٦]. واتە: پشتبەســـتن بە خوای گەورە نیوەی ئایین‌و باوەڕەو پێگەکەشی فراوانترین‌و گشتگیرترین پێگەیە.

سەعیدی کوڕی موســـەییەبیش لەبارەی توکل دەڵێت: (التوكل جماع الإيمان)[١٧]. واتە: پشتبەستن بە خوای گەورە کۆمکاری هەموو چەمکەکانی باوەڕە.

---

١٣- سورة الشورى: الآية ﴿١٠﴾.

١٤- سورة المائدة: الآية ﴿١١﴾.

١٥- سورة النحل: الآية ﴿٤٢﴾.

١٦- إبن القيم، مدارج السالكين، ج٢، ص١١٣.

١٧- إبن رجب الحنبلي، جامع العلوم والحكم، ج٢، ص٤٩٧.

## یاسای پەیوەندیی نێوان هۆكارو دەرەنجامەكان(السببیە):

یەكێك لە نیشانەكانی لوتفی خوای گەورە بە بەندەكانی ئەوەیە، كە سیستەمو یاسای (السببیە)ی بۆ داناون و فێری كردوونكە هەرچی لەگەردووندا هەیە، هۆكارو ڕێكاری خۆی هەیە، بۆیە هەر كەس بیەوێت بەهەر ئامانجێك بگات باش بێت، یان خراپ، خوای گەورە هۆكارەكانی نیشان داوەو ئازادی تەواوی لە هەڵبژاردنیشدا پێ داوەو دەتوانێت لەڕێی ئەو هۆكارانەوە ئامانجەكانی باش بن، یان خراپ پێیان بگات.

سیستەمی (السببیە): بریتییە لە پەیوەستبوونی دووشت پێكەوە لە بوونو نەبووندا، كە یەكێكیان پێش ئەوی تریان ڕوو دەداتو بە یەكەمیان دەگوترێت: هۆكارو بەوی تر دەگوترێت: دەرەنجام.

بەهۆی ئەم یاسایەوە ئێمە تێ دەگەین، كە بۆ گەشتن بەهەر ئەنجامێك سەرەتا پێویستمان بەرێكارو هۆكارەكانە، خۆ ئەگەر وانەبووایە، ئەو كات هەموو شتەكان لە خۆیانەوەو بەبێ هیچ پێشەكییەك ڕوویان دەداو ئەو كاتیش عەقڵو ژیریی مرۆڤ، بەهایەكی ئەوتۆی نەدەبوو، بەڵكو مرۆڤەكان دەبوو وەك پەڕی دەم با، خۆیان بدایەتە دەستی ڕووداوەكان، بەڵام خوای گەورە لوتفی لەگەڵ كردوونو سەرەڕای ئەوەی ژیری پێداون بۆ هەرشتێكیش یاساو ڕێسای تایبەتی بۆ داناونو فێریشی كردوون، كە لەڕێی ئەو یاسایانەوە بە ئامانجەكانیان دەگەنو لە قەدەری بەردەستبوونی هۆكارەكانیش، ئامانجەكان بەرجەستە دەبن.

هۆكارو دەرەنجامەكانیش، لەڕووی پەیوەستبوونیان بەیەكەوە دەبن بەسێ بەشەوە:

**بەشی یەكەم:** پەیوەستبوونی تەواو لەنێوان هۆكارو دەرەنجامەكاندا هەیە، بەشێوەیەك كە مەحاڵ لێك بترازێن، وەكو پەیوەستبوونی نێوان خواردنو هەناسەدان بۆ بەردەوامیی ژیان، كە ژیان بێ بوونی ئەو دووانە، جۆرێكە لە مەحاڵ. ئەم جۆرە هۆكارانە، مرۆڤ بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت وازیان لێ بهێنێت؛

چونکە هەر زیانێکی بەهۆیانەوە لێ بکەوێت، خۆی بەرپرسیار دەبێتو لای خوایش گوناهبار دەبێت.

بەشی دووەم: گومان دەکرێت کە ئەو هۆکارانە بە دەرەنجامەکانمان بگەیەنن، بەڵام مەرجیش نییە وا بێت: بۆ نموونە: بەکارهێنانی دەرمان بۆ چارەسەر، زۆر جار نەخۆشەکان بەکاری دەهێنن، بەڵام مەرج نییە پێی چاك ببنەوە، یان ڕێگاکانی ڕزقو پارە پەیداکردن، زۆر جار مرۆڤەکان دەیانگرنە بەر، بەڵام هەندێك جار، نەك هەر هیچیان لێی دەست ناکەوێت، بگرە بەپێچەوانەوە زیانیان لە قازانجیان زیاترە.

بۆچوونی پەسەند سەبارەت بەم جۆرەشیان ئەوەیە، کە دەبێت مرۆڤ هەوڵی بۆ بداتو خۆی بۆ ماندوو بکات، ئەگەر نا هەر زیانێکی لێ بکەوێت بەهۆی وازلێهێنانییەوە هەر تاوانیار دەبێت.

بەشی سێیەم: ئەم بەشەیان پەیوەستبوونەکەیان وەهمییەو خەڵکی خۆی بۆی دەتاشێت، ئەگینا بنەمایەکی شەرعی نییە، وەك: شوومیی هەندێك لە شتەکان، یان هەڵواسینی مووتومورو ناڵی ئەسپو شاخی ئاژەڵو نووشتەی جادوگەران بۆ گەشتن بە ئامڕازەکان، یان گلدانەوەی دەردو بەڵاکان، کە ئەمانە هیچیان بەڵگەی شەرعییان لەسەر نییەو مرۆڤەکان خۆیان دایان ناوە.

ئەم بەشە پێچەوانەی دەقە شەرعییەکانەو نیشانەی لاوازیی باوەڕەو هیچ بوونێك، یان کاریگەرییەکی ئەوتۆیشی نییە لەسەر ڕووداوەکانو حەرامە مرۆڤ پەنایان پێ ببات، یان تەنانەت باوەڕیشیان پێ بکات.

پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکدا تیشك دەخاتە سەر ئەم بابەتەو دەفەرموێت: {عُرِضَتْ عَلَيَّ الأُمَمُ فَجعَلَ النَّبِيُّ وَالنَّبِيَّانِ يَمُرُّونَ مَعَهُمْ الرَّهْطُ وَالنَّبِيُّ لَيْسَ مَعَهُ أَحَدٌ حَتَّى رُفِعَ لِي سَوَادٌ عَظِيمٌ قُلْتُ مَا هَذَا ؟ أُمَّتِي هَذِه ؟ قِيلَ بَلْ هَذَا مُوسَى وَقَوْمُهُ، قِيلَ انْظُرْ إِلَى الأُفُقِ فَإِذَا سَوَادٌ يَمْلأُ الأُفُقَ ثُمَّ قِيلَ لِي انْظُرْ هَا هُنَا وَهَا هُنَا فِي آفَاقِ السَّمَاءِ فَإِذَا سَوَادٌ قَدْ مَلأَ الأُفُقَ قِيلَ هَذِهِ أُمَّتُكَ وَيَدْخُلُ الْجَنَّةَ مِنْ هَؤُلاءِ سَبْعُونَ أَلْفًا بِغَيْرِ حِسَابٍ.... فَقَالَ: هُمْ

الَّذِينَ لا يَسْتَرْقُونَ، وَلا يَتَطَيَّرُونَ، وَلا يَكْتَوُونَ، وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ}[١٨].

واتــه: خوای گەورە قیامەتی هێنایە پێش چاوم‌و بینیم هەندێك پێغەمبەر تێپــەڕ دەبوون، کۆمەڵێــك خەڵکیان لەگەڵدا بوون، هەندێکی تر کەســیان لەگەڵ نەبــوو، تا لە دوورەوە ڕەشــاییەکی زۆرم بینی گوتم: ئەوە چییە؟ ئەوە ئوممەتی منن؟ گوتیان: نا، ئەوە موساو گەلەکەیەتی. گوتیان: سەیری ئاسۆ بکە، سەیرم کرد بینیم ڕەشاییەکی یەکجار زۆر هەیە کە دەم کەلی ئاسۆی گرتبوو، گوتیان سەیری ئەوی‌و ئەوی‌ بکە لە ئاســۆی ئاســماندا بینیم لەوێش ڕەشــاییەکی یەکجار زۆر هەیە بەری ئاسمانی گرتووە گوتیان: ئەو ڕەشاییە زۆرە ئوممەتی تۆن؟ لەوانە حەفتا هەزاریان بەبێ لێپرسینەوە دەچنە بەهەشت، پاشان لە وەسفی ئەو حەفتا هەزارەدا فەرمووی:

{هُــمْ الَّذِيــنَ لا يَسْتَرْقُونَ}. واتە: ئەوانەن کە پەنا بە نووشــتە[١٩]و جادوو، فاڵ‌و قاوەگرتنەوە نابەن. {وَلا يَتَطَيَّرُونَ}. باوەڕیان نییە بەوەی کە شــتێك شــووم بێت، یان خێری پێوە نەبێت، یان پێی ڕەش بێت.{وَلا يَكْتَوُونَ}. واتە: داخ‌و سووتان بۆ چارەسەر بەکار ناهێنن[٢٠].

پاشان فەرمووی: {وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ}. واتە: لەبری پەنابردن بەو شتانە پشت بە خوای خۆیان دەبەستن.

لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموویێت: {لَا عَدْوَى، وَلَا طِيَرَةَ، وَلَا هَامَةَ، وَلَا صَفَرَ، وَلَا نَوْءَ، وَلَا غُولَ، وَلَا يُورِدُ مُمْرِضُ عَلَى مُصِحٍ}[٢١].

---

١٨- البخاري، صحيح البخاري، ج٧، ص١٢٦. مسلم، صحيح مسلم، ج١، ص١٤٣.

١٩- هەرچەندە نووشتەکردن بە کۆمەڵێك مەرج حەڵاڵە: لەوانە تەنها قورئانی تێدا بنووسرێت. دووەم: هیچ نەخشەو تەلیسمی تێدا نەبێت‌و بە خەتێکی ڕوون نووسرابێت. سێیەم: کەسەکە بڕوای وا بێت کە شیفا تەنها لەلای خوایە، نەك خودی نووشتەکەو هەر نووشتەیەك ئەو مەرجانەی تێدا نەبێت، حەرامەو درووست نییە.

٢٠- دیارە مەبەست لەو داخە، داخی زەمانی پێغەمبەر بووە ﷺ کە هیچ ڕوویەکی پزیشکی نەبووە، بەڵام ئەگەر سەلما، داخکردن بۆ ڕێگرتن لە خوێنبەربوون سوودی پزیشکی هەیە؛ ئەوا درووستەو کێشەی نییە.

٢١- بۆ نموونە: چەند ساڵێك لەمەوبەر سەرۆکی لەسەر کار لابراوی تونس، ئەو ساڵەی کە ئەنفلۆنزای باڵندە بڵاو بوویەوە، نەیهێشت حاجیانی تونس بڕۆن بۆ حەج، بە بیانووی ئەوەی تووشی ئەو نەخۆشییە نەبن، کەچی

{لَا عَدْوَى}: واتا هیچ کەس باوەڕی وا نەبێت کە بەهۆی پەتاو نەخۆشیی کەسێکی ترەوە، تووشی نەخۆشی بووە، بەڵکو بەقەدەری خوای بزانێتو بشزانێت ئەگەر ڕەزامەندیی خوای لەسەر نەبوایە؛ تووش نەدەبوو[٢٢].

ئەم بابەتەش ئەگەر بەوردی مامەڵەی لەگەڵ نەکەین؛ تووشی هەڵە دەبین؛ چونکە دوو جەمسەری هەیە: جەمسەرێکیان لەڕووی بیروباوەڕەوەیە، کە فەرموودەکە باسی لێوە دەکات. جەمسەری دووەمیش لەڕووی پارێزکاریو خۆپاراستنی جەستەییەوەیە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێ کردووین، ئەوەندەی دەتوانین خۆمان لەو نەخۆشو نەخۆشییانە بپارێزین، کە ئەگەری گواستنەوەیان هەیە، هەر بۆیە لە کۆتایی فەرموودەکەدا دەفەرموێت: {ولا يُورِدُ مُرِضٌ عَلَي مُصِح}. واتە: با ئەگەر کەسێك وشتر، یان ئاژەڵەکانی نەخۆش بوون، تێکەڵی وشتر، یان ئاژەڵی کەسێکی تری نەکات، کە ساغن. هەر لەو پێناوەشدایە، فەرمانی کردووە کە ئەگەر تاعونو پەتا لە شوێنێکدا هەبوو نەچینە ناوی، وەئەگەریش لە شوێنێکدا بووینو تێیدا بڵاو بووبوویەوە لێی دەرنەچین، یان فەرموویەتی خۆت لە مرۆڤی گول بپارێزە، وەك چۆن خۆت لە شێر دەپارێزیت.

کەواتە: دەبێت بەوردی مامەڵە لەگەڵ کۆی فەرموودەکاندا بکەین؛ بۆئەوەی نەکەوینە هەڵەوە.

{وَلَا طِيَرَةَ}: واتا هیچ شتێك شوومو خراپ نییە، ئەمەش فێری ئەوەمان دەکات، کە ڕەشبین نەبین بەرامبەر هیچ درووستکراوێکی خوای گەورە، نە خاك، نە ئەسپ، نە باڵندە، نەهیچ ڕۆژو مانگێك؛ چونکە هەموو ئەمانە، درووستکراوی خوای گەورەن، خێرو شەڕیان بۆ خۆیشیان بەدەست نییە، نەك بۆ خەڵکی.

{ولَا هَامَةَ}: مەبەست پێی دیسان کوندەپەپووە؛ چونکە کاتی خۆی عەرەبەکان ئەگەر کوندەپەپوویەکیان لە سەر ماڵێك، یان خێمەیەك ببینیایە، پێیان وابوو ئەو

سبحان الله خۆی لە ناو کۆشکەکەی خۆیداو لەژێر ئەو هەموو چاودێرییە وردەدا، تووشی پەتای ئەنفلۆنزای باڵندە بوو.

٢٢- مسلم، صحیح مسلم،ج٧، ص٣١.

ماڵە خاپوور دەبێت، یان خاوەنەکەی بەکوشت دەچێت، هەروەها بڕوایشیان وابوو کە کەسێکیان لێ دەکوژرێت ڕۆحیانەتەکەی دەچێتە سەر شکڵی کوندەپەپوویەکو هەر بەدەوری ماڵەکەیاندا دەســووڕێتەوە تا تۆڵەی نەکەنەوە لە کۆڵیان نابێتەوە. جـا پێغەمبەری خـوا ﷺ پێیان دەفەرموویــت: ئەوانە هەمووی شـتی بەتاڵنو بنەمای شەرعیو لۆژیکییان نییە.

{وَلَا صَفَرَ}: هەندێك لە ڕاڤەکارانی فەرمووده، پێیان وایە (صفر) مەبەست لێی مانگی (سەفەر)ە، کە خەڵکانێك تا ئێستایش پێیان وایە، مانگێکی شوومەو سەفەری تێدا ناکەنو ژنو ژنخوازی تێدا ناکەن، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم تێڕوانینە ڕەت دەکاتەوەو بۆیان ڕوون دەکاتەوە، کە هیچ کاتێکی خوا شووم نییەو ناشبێت ئاوها تەماشا بکرێت.

{وَلَا نَوْءَ} نەوء ناوی ئەستێرەیە، کاتی خۆی ئەستێرەناسەکان، هەر ئەستێرەیەو بۆ شتێکیان دانابوو، ئەستێرەیەك بۆ باران، یەکێك بۆ ڕزق، هەندێك ئەستێرەش هەبوو پێیان وا بوو دەرکەوتنی نیشانەی بەدبەختیو شوومیو چارەڕەشییە، هەندێکی تریش نیشانەی خۆشبەختیو خۆشگوزەرانییە، پێغەمبەری خوا ﷺ پێیان دەفەرمویت: ئەمانە هیچی ڕاست نینو ئەستێرەکانیش وەکو سەرجەم شتەکانی تر درووستکراوی خوانو بێگیانو بێهەستنو هیچیان بۆ خۆیان بەدەست نییە، چجای بۆ خەڵکی تر.

ئاخر چۆن دەبێت مرۆڤێکی ژیر، کە خوای گەورە تێکڕای بوونەوەری بۆ ئەو درووست کردووە، پێی وا بێت خێرو شەڕی ژیانی ئەم، لە دەستی ئەم دارو بەرد قەبرو بتە بێگیانانەدایە؟!

ئەوەی جێی داخە، ئەوەیە ئەمانە تەنها بیروباوەڕی سەردەمی کۆن نەبوون، بەڵکو ئێستایشی لەگەڵ بێت، زۆرێك لە مرۆڤەکان هەر لەو زەنگاوی نەفامییەدا دەژین، بۆ نموونە: هۆنگ کۆنگ، کە یەکێکە لە پێشکەوتوترین وڵاتەکانی جیهان لەڕووی تەکنەلوجیاوە، ئێستایش پەیکەری بوزا دەپەرستنو کڕنووشی بۆ دەبەن،

له هیندستان كه ولاتێكی نەوەوییەو له زۆر ئاستی زانستیدا، زۆر پێشكەوتوون ئێستایش مشكو مانگاو بتو فیلو ئەندامی زاوزێ دەپەرستن، ئەمانه به جۆرێك نەفامن، كه باوەڕ ناكەم له هیچ سەردەمێكی ژیانی مرۆڤایەتیدا، نەفامی وا هەبوو بێتو پێشكەوتنی تەكنەلۆجیایش نەیتوانیوه ڕێگر بێت له هیچ كام لەم بیرو باوەڕەپووچو بێبنەمایانه.

{وَلَا غُولَ} ناوی جنۆكەیەو كاتی خۆی عەرەبەكان پێیان وا بوو، جنۆكەكان له بیابانەكاندا ڕێیان پێ دەگرن، تووشی زیانو ئازاریان دەكەن، پێغەمبەرﷺ دەیەوێت دڵنیایان بكاتەوە، كه ئەوانه هیچی ڕاست نینو بوونیان نییەو جنۆكەو شەیتانەكانیش درووستكراوی خوای گەورەنو وەك ئێمەی مرۆڤنو بەبێ ویستی خوا ناتوانن هیچ سوود، یان زیانێكمان پێ بگەیەنن.

ئەمانەی پێغەمبەر ﷺ لەم فەرموودەیەدا باسیان دەكات، كۆمەڵێك هۆكارو ئامراز بوون خەڵك بۆ گەشتن به ئامانجەكانیان، یان خۆلادان له بەڵاو نەهامەتییەكان پەنایان پێ دەبردنو قوربانیو نەزرو پەرستشیان بۆ ئەنجام دەدان، ئەو دەیەوێت پێیان بفەرمووێت ئەمانه هیچی لەگەڵ بنەمای (توكل)و پشتبەستن به خوای گەوره یەك ناكاتەوەو دژ دەوەستێتەوە.

دواتر هاوەڵەكانی پرسیاریان كرد، كه ئەگەر كەسێك شتێكی وای كردبوو، یان ئەگەر بەبیریدا هات، چی بكات باشه، فەرمووی با بڵێت: {اللَّهُمَّ لَا خَيْرَ إِلَّا خَيْرُكَ وَلَا طَيْرَ إِلَّا طَيْرُكَ وَلَا إِلَهَ غَيْرُكَ}[٢٣]. واته: خوایه هیچ باشەو چاكەیەك نییە، جگه لەوەی لەلای تۆوە دێت، هیچ ناخۆشیو نەهامەتییەك نییە، جگه لەوەی لەلای تۆوە دێت، هیچ پەرستراوێكیش بەحەق نییە، جگه له زاتی تاكی پاكی تۆ نەبێت.

هەندێك فەرموودە لەم بارەیەوە هەن، هەموویان ڕاڤەی هەڵەیان بۆ كراوەو وەكو پێویست بەدواداچوونیان بۆ نەكراوە له دیارترینی ئەو فەرموودانه، فەرموودەكەی عەبدوڵلای كوڕی عومەرو ئەبو هورەیرەیه كه دەفەرمووێت: {إِنَّمَا الشُّؤْمُ فِي ثَلَاثَةٍ:

٢٣- الإمام أحمد، المسند، ج٢، ص٢٢٠، وقال الأرنؤوط في تخريجه: حديث حسن.

فِي الْفَرَسِ، وَالْمَرْأَةِ، وَالدَّارِ}[٢٤]. واته: تەنها سێ شت شوومن: ئەسپو ئافرەتو خانوو.

دوو پیاو هاتن بۆ لای خاتوو عائیشـــەو پرسیاری ئەو فەرموودەیەیان لێ کرد، کە بیستی زۆر تووڕە بوو فەرمووی: چۆن شتی وایان بەدەم پێغەمبەری خواوە ﷺ گوتـــووە؟! ئەوە نییە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿مَا أَصَـــابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي أَنفُسِـكُـمْ إِلَّا فِي كِتَـابٍ مِّن قَبْلِ أَن نَّبْرَأَهَـا﴾[٢٥] . واته: هەچ بەڵاو ناڕەحەتییەك بەسەرتان دێت لە زەویدا بەقاتوقڕی، یان وشکەساڵی، یان لە خۆتاندا بە نەخۆشیو کەمئەندامی، هەموو ئەوانە لای ئێمە تۆمار کراون، بەر لەوەی کە هەر ببنو بێنە دونیاش.

دواتر خاتوو عائیشە پێیان دەفەرموێت: خوا لێیان خۆش بێت ئەوان کە هاتنە خزمـــەت پێغەمبەر گوێیان لە ســـەرەتای فەرموودەکە نەبوو، بەس کۆتاییەکەیان گوێ لێ بوو، سەرەتای فەرموودەکە، پێغەمبەر فەرمووی: {لعن الله اليهود والنصارى الذيـــن قالـــوا إن الشؤم في ثلاث}[٢٦]. واتا نەفرەتـــی خوا لە جوولەکەو گاورەکان، کە دەیانگوت ئەو سێ شتە شوومن.

بەم شێوەیە خاتوو عائیشە خوای لێ ڕازی بێت، تێگەشتنی ئەو هاوەڵانە ڕاست دەکاتەوەو جەخت لەسەر ئەو بنەما گشتییانە دەکاتەوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ باسی کردوون، کە هەموو شتێك بەدەستی خوای گەورەیەو هیـچ شتێك بێ ئەو ناکرێتو مرۆڤەکان دەبێت تەواو دڵیان لەسەر ئەمە، دامەزراو بێت.

## شێوازی درووست بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ یاسای (السببية):

---

٢٤- البخاري، صحيح البخاري، ج٤،ص٢٩.

٢٥- سورة الحديد: الآية ﴿٢٢﴾.

٢٦- الطحاوي (أبو جعفر الطحاوي)، ج٢، بيان مشكل الآثار، تحقيق: شعيب الأرنؤوط، ص١٧٢-١٧٥.

هەرچەندە دەقە شەرعییەکان ڕوونو ئاشکران لەسەر شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ یاسایی (السببیة)و چۆنێتی ئاوێتەکردنی بە بنەمای پشتبەستن بە خوای گەورە، بەڵام بەداخەوە هەندێك لە خەڵکی نازانن، یان ناتوانن بەشێوەیەکی دروست مامەڵە لەگەڵ ئەو دوو چەمکەدا بکەنو هاوسەنگی نێوانیان ڕابگرن، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی خەڵکی لەو ڕووەوە دابەش بوون بەسەر سێ بەرەدا:

یەکەم: هەندێك تەواو وابەستەی هۆکارەکاننو پێیان وایە، تەنها ئەوان کاریگەرییان هەیەو هیچ شتێکی تر کاریگەریی هەر نییە، ئەمانەش وەکو خەڵکانی مادەپەرستو عەقلگەراکان، ئەمەش تێگەشتنێکی درووست نییەو پێچەوانەی دەقە شەرعییەکانو بنەمای (توکل)و پشتبەستن بە خوایە؛ چونکە هیچ شتێك لەم گەردوونەدا، بێ ویستی خوا ڕوونادات‌و هەر ئەویش ئەو پەیوەستبوونەی لەنێوان هۆکارو دەرەنجامەکاندا درووست کردووەو هەر خۆیشی دەتوانێت بەتاڵی بکاتەوە.

دووەم: هەندێکی تر بەتەواوی پشتیان لە هۆکارەکان کردووەو خۆیان داوەتە دەستی قەدەرو پێیان وایە ئاوڕدانەوە لە هۆکارەکان دژە لەگەڵ پشت بەستن بە خوای گەورە، ئەمەش دیسانەوە بۆچوونو تێگەشتنێکی هەڵەیە لە چەمکی (توکل)و بگرە زانایان بەم جۆرە دەڵێن: (تواکل)، نەك (توکل).

جارێکیان پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ وشترێکی پێ بوو، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، وشترەکە بەردەمو بیسپێرم بەخوا؟ یان بیبەستمەوە؟ پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو: بیبەستەوەو ئەوجا بیسپێرە بە خوا.

ڕاستە ئێمە دەڵێین: پێویستە مرۆڤی باوەڕدار بۆ هەموو کارەکانی تەنها پشت بە خوای گەورە ببەستێت‌و بەتەواوی خۆی بداتە دەستی ئەووهەموو هیدایەت‌و تەوفیقێك هەر لەو داوا بکات، بەڵام ئەمە هەرگیز واتای ئەوە نییە کە مرۆڤ پاڵی لێ بداتەوەو هیچ هەوڵێك نەدات‌و ڕێکارە شەرعی‌و یاسایی‌و سرووشتییەکان نەگرێتە بەر لە پێناو گەشتن بە ئامانجەکانی، ئەمە پێچەوانەی ویستی خوای گەورەو بنەمای (توکل)و سیرەت‌و سوننەتی پێغەمبەرانو سرووشتی ژیانیشە.

ئەوەتــا خــوای پەروەردگار لە زۆر شــوێنی قورئاندا فێرمــان دەكاتو هەڵمان دەنێــت تا كار بە هۆكارەكان بكەین و پێشــمان دەڵێت بەبێ هۆكارو ماندووبوون ئەو بەهانای كەســەوە نایەت، بۆ نموونە: پێمان دەفەرموێت: ﴿وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَانِ إِلَّا مَـا سَعَـى﴾[٢٧] . واتە: هیچ بۆ مرۆڤەكان نابێــت جگە لەوەی خۆیان هەوڵی بۆ نەدەنو كاری بۆ نەكەن، یان كاتێك باسی پێدانی ڕزقو ڕۆزی دەكات دەفەرمووێت: ﴿هُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ ذَلُولاً فَامْشُوا فِي مَنَاكِبِهَا وَكُلُوا مِن رِّزْقِهِ وَإِلَيْهِ النُّشُورُ﴾[٢٨] . واتە: خوای گەورە زەوی بۆ ڕامو ملكەچ كردوون بڕۆن پێیدا بگەڕێنو لە ڕزقو ڕۆزی خوا بخۆن، كەواتە: بەبێ گەڕانو ماندووبوون، ڕزق نییەو پەیدا نابێت.

تەنانــەت هەندێــك جــار ئەگــەر هــۆكارەكان زۆر لاوازیــش بنو لە ئاســت دەرەنجامەكانیشدا نەبن، خوای گەورە هەر فەرمانی پێ دەكات، نەوەك مرۆڤەكان فێری پاڵدانەوەو تەمبەڵی بن، ئەوەتا كاتێك موسا درورودی خوای لێ بێ، خەریكە بكەویتە بەردەســتی فیرعەونو ســەربازەكانی، خوای گەورە فەرمانی پێ دەكاتو دەفەرمویــت: ﴿أَنِ اضْرِب بِّعَصَاكَ الْبَحْـرَ فَانفَلَقَ فَكَانَ كُلُّ فِرْقٍ كَالطَّـوْدِ الْعَظِيمِ﴾[٢٩] . واتــە: فەرمانمان پێ كرد كە گۆچانەكــەت بدە بە ئاوی دەریاكەداو ئاوی دەریاكە بوو بەدوو كەرتەوە، هەر كەرتێكی هێندەی شــاخێكی سەخت دەبوو. باشە دەبێت هێزی ئەو دارە، لەچاو هێزی ئەو دەریایەدا چی بێت، بەڵام خوای گەورە دەیەوێت هەرچۆن بێت، موســا خۆی هەوڵێكی ڕزگاربوون بداتو ئەوجا ئەو قودرەتی خۆی بــۆ بخاتــە كارو ڕزگاری بكات، یان كاتێك دەیەوێت شــیفای ئەیــوب بدات، پاش چەندان ســاڵی نەخۆشیو نەهامەتی پێی دەفەرمویت: ﴿ارْكُضْ بِرِجْلِكَ هَذَا مُغْتَسَلٌ بَارِدٌ وَشَرَابٌ﴾[٣٠]. واتە: هەستە ڕاكە، ئەوە ئاوێكە خۆتی تێدا بشۆرەو لێی بخۆرەوە،

---

٢٧- سورة النجم: الآية ﴿٣٩﴾.

٢٨- سورة الملك: الآية ﴿١٥﴾.

٢٩- سورة الشعراء: الآية ﴿٦٣﴾.

٣٠- سورة ﴿ص﴾ الآية ﴿٤٢﴾.

کاتێـك ئەیـوب ئەو کارەی کرد، خوای گەورە شـیفای بۆ نـارد، یان بە مەریەمی فەرموو: ﴿وَهُزِّي إِلَيْكِ بِجِذْعِ النَّخْلَةِ تُسَاقِطْ عَلَيْكِ رُطَبًا جَنِيًّا﴾[٣١]. واتە: دەسـت بەرەو قـەدی خورماکـە ڕابوەشـێنە، خورمای تەڕوتـازەت بۆ دەخاتە خوارەوە. باشـە ئافرەتێك لە کاتی ژانی منداڵبووندابێتو بەو هەموو ئازارەوە دەتوانێت بەدەستە لەرزۆکەکانی قەدی دارخورمایەك ڕابوەشێنێت. بەدڵنیاییەوە نەخێر، بەڵام خوای گەورە فێری پشتبەستن بەخۆیو پەنابردنەبەر هۆکارەکانی دەکات.

کاتێکیش باسی بەخششەکەی خۆیمان بۆ دەکات بۆ زەکەریا پێغەمبەر، سەرەتا بـاس لـەوە دەکات کە زەکەریا هەوڵـی داوەو نزای کـردووەو پاڕاوەتەوەو پەنای بردۆتە بەر خوا، ئەوجا ئەویش هاتووە بەدەم داواکەیەوەو منداڵی پێ داوەو لەو بارەیەشەوە دەفەرموێت: ﴿وَزَكَرِيَّا إِذْ نَادَى رَبَّهُ رَبِّ لَا تَذَرْنِي فَرْدًا وَأَنْتَ خَيْرُ الْوَارِثِينَ × فَاسْتَجَبْنَا لَهُ وَوَهَبْنَا لَهُ يَحْيَى وَأَصْلَحْنَا لَهُ زَوْجَهُ﴾[٣٢] . واتە: زەکەریایش کاتێك هاواری لـە خوا کردو گوتی: خوایە بەتەنهایـیو وەچاغکوێری نەمهێڵیتەوە، تۆیش خۆت باشـترینی میراتگرانی. ئەوکات هاتین بەدەم داواکەیەوەو خێزانەکەیمان بۆ باش کردەوەو یەحیامان پێ بەخشی.

یان لەبارەی شـیفاو چارەسەرەکەی ئەیوبەوە دەفەرموێت: ﴿وَأَيُّوبَ إِذْ نَادَى رَبَّهُ أَنِّي مَسَّنِيَ الضُّرُّ وَأَنْتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ × فَاسْتَجَبْنَا لَهُ فَكَشَفْنَا مَا بِهِ مِنْ ضُرٍّ وَآتَيْنَاهُ أَهْلَهُ وَمِثْلَهُمْ مَعَهُمْ﴾[٣٣]. واتە: ئەیوبیش کاتێك هـاواری لەپەروەردگاری کردو پاڕایەوە کەمن نەخۆش کەوتومو تۆیش خوایەکی بەخشـندەو بەبەزەییت، یەکسەر هاتین بـەدەم داواکەیەوەو هەرچی نەخۆشـی هەبوو چارەسـەرمان کردو هەرچیماڵو منداڵی هەبوو، دووهێندەی ئەوەشمان پێ دایەوە.

جا ئەمانە پێغەمبەرانو خەڵکانی بۆ خواسوڵحاو بوون، ئەگەر خوای گەورە

---

٣١- سورة مريم: الآية ﴿٢٥﴾.

٣٢- سورة الأنبياء: الآيتان ﴿٨٩-٩٠﴾.

٣٣- سورة الأنبياء: الآيتان ﴿٨٣-٨٤﴾.

بەبێ هۆكار هیچی بۆ ئەمان نەكردبێت، ئەی بۆ ئێمەی چۆن دەكات؟! بۆیە مەبەستی گێڕانەوەی چیرۆكەكان ئەوەیە، كە خوای گەورەئێمە فێر بكات كە بەبێ هەوڵو ماندبوونی مرۆڤەكان خۆیان هیچیان بۆ ناكات، نە لە دونیا، نە لە دوارۆژ.

سێیەم: هەندێكی تر پێیان وایە، كە پێویستە بەشێوەیەكی هاوسەنگ مامەڵە لەگەڵ ئەو دوو چەمكە بكرێتو مرۆڤ لەڕووی هۆكارەكانەوە، چی پێ بكرێت؛ ئامادەباشی تەواو بكات، بەڵام دڵی بە دەسەڵاتی خواوە پەیوەست بێتو پێی وا بێت، بەبێ ویستی ئەو هیچ ناكرێت.

ئەمەش بۆچوونی درووستەو بەڵگە شەرعییەكان پشتڕاستی ئەم بۆچوونە دەكەنەوە، پێویستە مرۆڤی باوەڕدار، سەرەتا هەموو هەوڵو كۆششێكی خۆی بخاتە كارو هەرچی هۆكارو ڕێكاری شەرعی هەیە بۆ گەشتن بە ئامانجەكەی بیگرێتە بەرو ئەوجا پشت بە خوا ببەستێت.

بۆ نموونە: جووتیارێك بۆ وەگەرخستنی زەوییەكەیو بەرهەمهێنانی پێویستی بە كێڵانو تۆوكردنو ئاودانو بژاركردنو چەندان هۆكاری تر هەیە، بەڵام ئەمانە هەموویشیان پێكەوە بەس نین بۆ سەركەوتنو گەشتن بە ئەنجام؛ چونكە ئەو كەسەی بڕیار لە سەركەوتن، یان شكستخواردنی پرۆسەكە دەدات، خوای گەورەیە، نەك ئێمەو هۆكارەكان، ئێمە ڕاستە تۆوەكەمان چاندووەو ئاومان داوە، بەڵام بڕیاری ڕۆح بەبەراكردنو چەكەرەكردنی تۆوەكە لای ئەوە، نەك لای ئێمەو هەر ئەویش بڕیاری پەیوەستبوون لەنێوان هۆكارو دەرەنجامەكاندا دەدات.

بۆ نموونە: ڕێكاری شـەرعیو سرووشـتی بـۆ بوونی منداڵو درووسـتبوونی پرۆسەی هاوسـەرگیریو جووتبوونە لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر، بەڵام ئایا بەتەنها ئەوەندە بەسە بۆ گەشتن بەو ئامانجە؟! بەدڵنیاییەوە نەخێر، ئەوە بەتەنها بەس نییـە، بەڵكو دەبێت خوای گەورە ویسـتی لەسـەر درووسـتبوونو پێدانی منداڵ هەبێـت، ئەگینـا وەك دەبینیـن هەزاران كـەس هەن، نەك یەك پرۆسـە، بەڵكو چەندان پرۆسـەی هاوسەرگیریشیان ئەنجام داوە، بەڵام بێسوود بووەو نەبوونەتە

خاوەنی منداڵو پزیشکەکانیش دەسەوسانن لە دۆزینەوەی هۆکاری نەزۆکییەکە.

کاتێکیش خۆی ویستی لەسەر درووستکردنی هەبێت، بەبێ ئەو پرۆسەو هۆکارانەش درووستی دەکات، هەروەك چۆن ئادەمو حەواوو عیسای درووست کرد سەلامی خوایان لێ بێت، بەبێ پرۆسەی هاوسەرگیریو بوونی ڕەگەزی بەرامبەر، تا بەمرۆڤەکانی بسەلمێنێت، درووستکاری ڕاستەقینە هەر خۆیەتی، نەك ئێمەو هۆکارو هەوڵەکانمان، بۆیە کاتێك لە قورئاندا باسی پرۆسەی درووستکردنی مرۆڤو منداڵبوون دەکات دەفەرموێت: ﴿أَفَرَأَيْتُم مَّا تُمْنُونَ أَأَنتُمْ تَخْلُقُونَهُ أَمْ نَحْنُ الْخَالِقُونَ﴾(٣٤) .

واتە: ئێوە ئەو تۆوو ئاوە دەبینن کە لە هەناوی خۆتاندا درووست دەبێتو دێتە دەرەوە، بۆ ئێوە دەیکەنە مرۆڤو منداڵو درووستی دەکەن، یان ئێمە؟!

یان کاتێك باسی پرۆسەی چاندنو تۆوکردن دەکات، دەفەرموێت: ﴿أَفَرَأَيْتُم مَّا تَحْرُثُونَ أَأَنتُمْ تَزْرَعُونَهُ أَمْ نَحْنُ الزَّارِعُونَ لَوْ نَشَاء لَجَعَلْنَاهُ حُطَاماً فَظَلْتُمْ تَفَكَّهُونَ﴾(٣٥). واتە: ئێوە ئەو تۆوە دەبینین کە دەینێژن، بۆ ئێوە دەیرِوێنن، یان ئێمە دەیرِوێنین ئەگەر بمانەوێت وشکی دەکەینو دەیکەینە چیلکەو چەواڵ، ئەوجا سەرتان سوور دەمێنێت کە چۆنو بۆ وای لێ هاتووە.

کەواتە: تەنها هۆکارەکان بەس نین بۆ گەشتن بە ئامانجەکان، بەڵکو پێویستمان بەهاوکاری‌و تەوفیقو هیدایەتی خوای گەورەیە بۆ گەشتن پێیان. بۆیە مرۆڤ سەرەڕای بەرجەستەکردنی هۆکارو ڕێکارەکان، دەبێت هەمیشە بپارێتەوە: خوایە من لە قەد توانای خۆم هەوڵ دەدەم، تۆش لە قەد دەسەڵاتو توانای خۆت بۆم جێبەجێ بکە.

تەنانەت لە بابەتی قیامەتیشدا ئێمە خوای پەروەردگار داوای لێ کردووین کار بکەین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا پێمان دەڵێت، کە هیچ کەس بەهۆی کارو پەرستشی خۆیەوە ناڕواتە بەهەشت ئەگەر بەزەیی خوای گەورە نەبێت؛ چونکە

---

٣٤- سورة الواقعة: الآيات ﴿٥٨- ٦٥﴾.

٣٥- سورة الواقعة: الآيات ﴿٦٣- ٦٥﴾.

بەهەشــتو بەخششەکانی خوا زۆر لەوە زیاترن، کە مرۆڤ بتوانێت لە تەمەنێکی زۆر کورتو بەکۆمەڵێك کردەوەی کرچوکاڵ بەهەشتی خوا بەدەست بهێنێت؛ بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکیدا دەفەرموێت: {لَنْ يُنْجِيَ أَحَدًا مِنْكُمْ عَمَلُهُ}. قَـالَ رَجُـلٌ: وَلاَ إِيَّاكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟!. قَـالَ: {وَلاَ إِيَّايَ إِلاَّ أَنْ يَتَغَمَّدَنِي اللَّـهُ مِنْهُ بِرَحْمَةٍ}[٣٦]. واتــە: هیچ کەس کردەوەکانی خۆی ڕزگاری ناکاتو نایباتە بەهەشــتەوە. پیاوێك گوتی: تەنانەت تۆیش ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ؟! فەرمووی: بەڵێ منیش مەگەر بەزەیی‌و میهرەبانی خوای گەورە بمگرێتەوە.

پێشەوا عومەریش دەفەرموێت: کەس دانەنیشێت لە ماڵەوەو بڵێ: خوایە ڕزقم بدەیت؛ چونکە ئاسمان هەرگیز ئاڵتونو زیو نابارێنێت بۆ خەڵك، ئاسمان هۆکارەکان دەبارێنێت[٣٧].

## پێویستییەکانی پشتبەستن بە خوای گەورە (التوکل):

بۆئەوەی بتوانین، وەکو پێویست دڵمان بە خوای گەورەوە پەیوەست بێتو پشتمان پێی قایم بێتو هەموو کارو کردەوەکانی خۆمان بەو بسپێرین، پێویستمان بەکۆمەڵێك خاڵ هەیە ئەنجامی بدەین لەوانە:

**یەکەم:** پێویستە بەوردی خوێندنەوە بۆ ناوە جوانەکانو سیفاتە بەرزەکانی خوای گەورە بکەینو لێیان تێ بگەین؛ تا بزانین ئەو زاتەی ئێمە پەرستش‌و بەندایەتی بۆ دەکەینو خۆمانو هەموو بوونمانی ڕادەست دەکەینو پشتی پێ دەبەستین کێیەو چۆن دەتوانین ڕەزامەندیی بەدەست بهێنین.

**دووەم:** پێویستە بەشێوازێکی هاوسەنگو درووست لە چەمکی (توکل) بگەینو ئێمە خۆمان وەکو مرۆڤ هەرچی لە تواناماندا هەیە بیخەینە کار، بۆ گەشتن بە ئامانجەکانمان، بەڵام هەرگیز پشتیان پێ نەبەستینو وا نەزانین بەشانو بازووی

---

٣٦- البخاري، صحيح البخاري، ج٥، ص٢٣٧٢. مسلم، صحيح مسلم، ج٨، ص١٣٩. واللفظ لمسلم.

٣٧- الغزالي، إحياء علوم الدين، ج٢، ص٦٢.

خۆمان، خواستەکانمان جێبەجێ دەبن، با هەمیشە پشتمان بە خوا، لە هەموو شت پتەوتر بێت، با خۆیشمان لە ئامرازی ناشەرعیو وەهمی بپارێزینو پەنایان پێ نەبەین؛ چونکە ئەوانە جگە لە زیان، سوودێکیان نییە، ئەوەش لە توانای خۆماندا نییە، بیدەینە دەستی خوای گەورەو لێی بپاڕێنەوە کە بە لوتفی خۆی هاوکاریمان بکات.

سێیەم: با هەمیشە گومانی باشمان بە خوای خۆمان هەبێت، کە خوایەکی بەخشندەو بەبەزەییو داناو بەتوانامان هەیە، خوایەك کە بەرامبەر بەندەکانی لە هەموو کەس بەبەزەییترە، خوایەك کە جگە لە بەرژەوەندیی بەندەکان، بەرژەوەندییەکی تری نییە لەم بوونەدا، خوایەك کە هەرگیز زیانی بەندەکانی ناوێت، بەڵام ئەوە ئێمەین، کورتبینینو هەست بە بەرژەوەندیی خۆمان ناکەینو پاشەڕۆژو چارەنووسی کارەکانمان تێ ناگەین.

چوارەم: با هەمیشە ڕازی بین بەوەی خوای گەورە دەیدات؛ کەم بێت، یان زۆر، شیرین بێت، یان تاڵ؛ چونکە بە ڕەزامەندیی ئێمە بە قەدەری خوا؛ ڕەزامەندیی خوامان دەست دەکەوێتو ڕەزامەندیی خوایش لە هەموو شتەکانی تری دونیا گەورەترە. ئێمە ئەگەر بە خوایەتیی خوا ڕازی بین؛ دەبێت بە هەموو قەدەرو ویستەکانیشی ڕازی بین، با بۆ دونیاو ماڵو دەوڵەت خوا لە خۆمان نەکەین؛ چونکە هەرچی کە هەیە، لە دونیا درەنگ یا زوو هەر لەدەست دەچێت، بەڵام مانەوە لەگەڵ خوا هەتاهەتاییەو هەرگیز لەناو ناچێت. بۆیە عاریفان گوتوویانە: (چیی دەست کەوتووە، ئەوەی خوای لەدەست داوەو چیی لەدەست داوە، ئەوەی خوای دەست کەوتووە).

خۆ ئەگەریش خوا نەکردە، ناڕازی بووین ئەو کات هەم ناخۆشییەکان لا ناچن، هەم خوایش لەخۆمان دەکەین.

# باسی نۆیەم

## ترسان لە خوای گەورە (خشية)

ترسان لە خوای گەورە، یەکێکی ترە لە کردەوە گرنگەکانی دڵو کەس ناتوانێت هەستی پێ بکات جگە لە خوای گەورەو خاوەنەکەی، بەڵام بەدڵنیاییەوە بەپێی پلەی ڕاستیو درووستی ڕەنگدانەوەی لەسەر کردەوەکان دەبێت.

ئەو ترسەی ئێمە لێرەدا باسی دەکەین، ترسێك نییە بمانڕووخێنێتو بە چۆکماندا بهێنێت، یان بێهوامان بکات لە بەزەیی خوا، نەخێر؛ چونکە ئەو جۆرە ترسە حەرامەو شەرعی نییە، بەڵکو ترسێکە بەردەوامیمان لەسەر ڕێگای ڕاست پێ دەبەخشێت، ترسێکە بەردەوام هەڵماندەنێتو هیوای گەشتن بە خوامان پێ دەبەخشێت، ترسێکە لە خراپەو کاری نارێکی دەمانگێڕێتەوە، ترسە لە لەدەستدانی خۆشەویستیی خوای گەورەو کەوتنەناو بۆسەو داوی شەیتان.

ترسێك ئەم هەستانە لای مرۆڤی باوەڕدار درووست نەکات؛ پێی ناگوترێت: ترسو هیچ واتایەکیشی نابێت.

### پێناسەی ترسان لە خوای گەورە (الخشية):

لە زمانی عەرەبیدا چەند دەستەواژەیەك بۆ گوزارشتکردن لە ترسان لە خوا بەکاردێت لەوانە: (الخوف، الخشية، الخشوع، الإخبات، الوجل، الرهبة)، بەڵام هەریەکەیان واتای تایبەتی خۆی هەیەو چوونیەك نین.

بۆ نموونە: وشەی (خوف) بۆ ئەو کەسانە بەکار دێت، کە گوناهبارنو لە ئەنجامی گوناهەکانیان، لە خوای گەورە دەترسن.

بەڵام وشەی (خشية)، لەو تایبەتترەو بۆ ئەو کەسانە بەکار دێت کە لە خواوە نزیکنو سەرڕای ئەوەی کە پەرستشی زۆریان هەیەو تاوانێکی ئەوتۆیشیان نییە،

بەڵام بەرامبەر بە خوا، هەر خۆیان بە کەمتەرخەم دەزانن.

## ترسان لە خوای گەورە لە دەقە شەرعییەکاندا:

خوای گەورە لە قورئاندا گرنگییەکی زۆری بەم جۆرە ترسە داوەو فەرمان بە بەندەکانی دەکات، کە ئەم ترسە لە دڵیاندا هەبێتو بەتەنهایش هەر لەو بترسنو لە کەسی تر نەترسنو دەفەرموێت: ﴿فَلاَ تَخْشَوُاْ النَّاسَ وَاخْشَوْنِ﴾[1]. واتە: تەنها لەمن بترسنو لە کەسی تر مەترسن. وەسفی ئەو بەندانەشی دەکات کە ئەم جۆرە ترسەیان لە خوای گەورە هەیەو لەبارەیانەوە دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسَالَاتِ اللَّهِ وَيَخْشَوْنَهُ وَلَا يَخْشَوْنَ أَحداً إِلَّا اللَّهَ وَكَفَى بِاللَّهِ حَسِيباً﴾[2]. واتە: ئەوانەی پەیامەکانی خوا دەگەیەننو جگە لە خوا ترسو باکیان لە کەس نییە.

هەر بۆیە ئەم جۆرە ترسەی تایبەت کردووە بە بەندە زاناکانیەوەو فەرموویەتی: ﴿إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ﴾[3]. واتە: تەنها بەندە زاناکان وەك پێویست لە خوای گەورە دەترسن؛ چونکە ئەوانە لە گەورەییو دەسەڵاتو میهرەبانیی خوای گەورە تێ دەگەن.

پێغەمبەری خوایش ﷺ کە گەورەو پێشەوای لەخواترسان بووە، هەمیشە لە نزاکانیدا دەیفەرموو: {اللَّهُمَّ اقْسِمْ لَنا مِنْ خَشْيَتِكَ ما يَحُولُ بَيْنَنا وبَيْنَ مَعاصِيكَ}[4]. واتە: خوایە گیان ئەوەندە ترسی خۆت بخە دڵمانەوە، کە لە تاوانەکان بمانگێڕێتەوە.

لە فەرموودەیەکیشدا لەبارەی شەوڕەوییەکەی بۆ خزمەتی خوای گەورە دەفەرموێت: {مَرَرْتُ لَيْلَةَ أُسْرِيَ بِي بِالْمَلأِ الأَعْلى وَجِبْرِيلُ كَالْحِلْسِ الْبَالِي مِنْ خَشْيَةِ الله

---

١- سورة المائدة: الآية ﴿٤٤﴾.

٢- سورة الأحزاب: الآية ﴿٣٩﴾.

٣- سورة فاطر: الآية ﴿٢٨﴾.

٤- النسائي، السنن الكبرى، ج١، ص١٠٨. الترمذي، سنن الترمذي، ج٥، ص٥٢٨. وقال الألباني في تخريجه: حديث حسن.

تَعَالى}[٥]. واته: ئەو شـــەوەی شـــەوڕەویم پێ کرا، بەلای فریشتە نزیکەکانی خوای گەورەدا تێپەڕیم بینیم جبریل وەك ڕاخەرێکی شڕۆڵ بە جێگەی خۆیدا نووساوە لە ترسی خوای گەورە.

جارێکیان خاتوو عائیشە پرسیاری لێ کرد لەبارەی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ يُؤْتُونَ مَا آتَوا وَّقُلُوبُهُمْ وَجِلَةٌ أَنَّهُمْ إِلَى رَبِّهِمْ رَاجِعُونَ﴾[٦]. واتە: ئەوانەی سەرەڕای کردەوەکانیان، دڵیان لە ترسو دڵەڕاوکێدایە کە بۆ لای خوای گەورە دەگەڕێنەوە. گوتی: ئەوە مەبەستی پێی ئەو کەسانەیە کە دزو داوێنپیسو مەیخۆرن؟ فەرمووی: نەخێر ئەی کچەکەی ئەبوبەکر، بەڵکو مەبەستی ئەو کەسانەیە کە نوێژ دەکەنو ڕۆژوو دەگرنو دەبەخشن لە پێناوی خوادا، سەرەڕای ئەوەش دەترسن کردەوەکانیان کەموکورتی تێدا بێتو تەواو بۆ خوا یەکلا نەبووبنەوەو خوا لێیان وەرنەگرێت.

هەر بۆیە شـــێخ حەســـەنی بەصری دەڵێت: (إن المؤمن جمع إحساناً وشفقة، وإن المنافق جمع إساءة وأمناً)[٧]. واتە: کەسی باوەڕدار چاکەو ترس لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە، کەسی دووڕوویش خراپەو چاوقایمی.

## ترسان لە خوای گەورە لە دیدی زانایاندا:

زانایان بەگشتی لەبارەی (الخشیه) دەڵێن: ترسان لە کەمتەرخەمیکردن بەرامبەر خوای گەورە، باڵاترین پلەکانی پەرستشو ڕێزدارترینیانە.

ئەبو سولەیمانی دارانی دەڵێت: (ما فارق الخوف قلبا إلا خرب)[٨]. واتە: هەر دڵێك

---

٥- الطبراني (أبي القاسم سليمان بن احمد الطبراني)، المعجم الأوسط، ج ٥، دار الحرمين للطباعة والنشر، ص٦٣. وقال الألباني في تخريجه في صحيح وضعيف الجامع: إسناده حسن.

٦- سورة المؤمنون: الآية ﴿٦٠﴾.

٧- إبن المبارك (عبد الله بن المبارك بن واضح)، الزهد، دار الكتب العلمية، بيروت، تحقيق: حبيب الرحمن الأعظمي، ص ٣٥٠.

٨- الغزالي، إحياء علوم الدين، ج ٤، ص ١٦٢.

ترسی خوای گەورەی تێدا نەما، کاول دەبێتو دەبێتە کەلاوە.

زەنونی میسریش دەڵێت: (الناس على الطريق ما لم يزل عنهم الخوف، فإذا زال عنهم الخوف ضلوا الطريق)[9]. واتە: خەڵکی تا ترسی خوای گەورە لە دڵیاندا بێت، لەسەر ڕێی ڕاست بەردەوام دەبن، کە ترسی خوا لە دڵیاندا نەما، گومڕا دەبن.

ئیبراهیمی کوڕی سوفیانیش دەڵێت: (إذا سكن الخوف القلب أحرق مواضع الشهوات منها وطرد الدنيا عنها)[10] . واتە: هەر دڵێك ترسی خوای گەورەی تێدا جێگیر بوو، ئەو ترسە هەموو ئارەزووبازییەکانی تێدا دەسووتێنێتو دونیای لێ دەردەکات.

دیارە ئەو ترسەی ئەوان باسی دەکەن، وەك زاخاو وایە، هەموو ژەنگوژارێکی دڵەکە دەشواتەوەو تەنها خۆشەویستیی خوای تێدا دەهێڵێتەوە.

## چۆن مامەڵە لەگەڵ ترسو چاکەکانمان بکەین؟:

ئێمە هەندێك جار هەڵە دەکەینو لە خۆ بایی دەبین بەهۆی کردەوە چاکەکانمانەوە، پێمان وایە ئەوەی دەیکەین سەروزیادمانە بۆ لای خوای گەورە، بێئاگا لەوەی کە:

ئایا تاچەند خوای گەورە کردەوەکانمانی قەبووڵ کردووە؟

ئایا چاکەکانمان قەرەبووی خراپەکانمان دەکەنەوە؟

ئایا چاکەکانمان لە ئاست بەخششو نیعمەتەکانی خوای گەورەدایە؟

ئایا چاکەکانمان لە ئاست گەورەییو بەشکۆیی خوای گەورەدان؟

ئەمانەو چەندان ئەگەری تر هەن، کە پێویستە هەمیشە لەپێش چاومان بێت؛ بۆئەوەی نەوەك خوا نەکردە خەرمانی کردەوە چاکەکانمان بە بریسکەیەکی

٩- القشيري(عبد الكريم بن هوازن بن عبد الملك القشيري)، الرسالة القشيرية، ج١، دار المعارف، القاهرة، تحقيق: الدكتور عبد الحليم محمود، الدكتور محمود بن الشريف، ص ٢٥٤.

١٠- القشيري، نفس المصدر، ج٤، ص١٦٢.

لەخۆباییبوون بدەین بە بادا.

پێغەمبەری خوا ﷺ باسی دوو کەسمان بۆ دەگێڕێتەوە لە نەوەکانی ئیسرائیلو دەفەرموێت: {كَانَ رَجُلَانِ فِي بَنِي إِسْرَائِيلَ مُتَآخِيَيْنِ، فَكَانَ أَحَدُهُمَا يُذْنِبُ وَالآخَرُ مُجْتَهِدٌ فِي الْعِبَادَةِ، فَكَانَ لاَ يَزَالُ الْمُجْتَهِدُ يَرَى الآخَرَ عَلَى الذَّنْبِ فَيَقُولُ: أَقْصِرْ. فَوَجَدَهُ يَوْمًا عَلَى ذَنْبٍ فَقَالَ لَهُ: أَقْصِرْ. فَقَالَ: خَلِّنِي وَرَبِّي، أَبُعِثْتَ عَلَيَّ رَقِيبًا؟!. فَقَالَ: وَاللَّهِ لاَ يَغْفِرُ اللَّهُ لَكَ، أَوْ لاَ يُدْخِلُكَ اللَّهُ الْجَنَّةَ. فَقُبِضَ أَرْوَاحُهُمَا فَاجْتَمَعَا عِنْدَ رَبِّ الْعَالَمِينَ. فَقَالَ لِهَذَا الْمُجْتَهِدِ: أَكُنْتَ بِي عَالِمًا؟!. أَوْ كُنْتَ عَلَى مَا فِي يَدِي قَادِرًا؟!. وَقَالَ لِلْمُذْنِبِ: اذْهَبْ فَادْخُلِ الْجَنَّةَ بِرَحْمَتِي، وَقَالَ لِلآخَرِ: اذْهَبُوا بِهِ إِلَى النَّارِ}[١١] واتە: دوو پیاو لە نەوەکانی ئیسرائیل زۆر برادەری یەکتر بوون، یەکێکیان خراپەکار بوو، ئەوی تریان خواناسێکی باش بوو، چاکە کارەکە هەمیشە کە برادەرەکەی دەبینی، تاوانی دەکرد، ئامۆژگاری دەکردو پێی دەگوت: واز لە خراپە بهێنە.

ڕۆژێکیان بینی وا هاوڕێکەی خەریکی خراپەیە، پێی گوت: واز بێنەو بەسە.

برادەرەکەشی گوتی: لێم گەڕێ بۆ خوای خۆم، خۆ خوای گەورە تۆی بۆ چاودێریی من ڕەوانە نەکردووە.

ئەمیش گوتی: وەڵاهی خوای گەورە هەرگیز لێت خۆش نابێت، یان هەرگیز ناتخاتە بەهەشت.

دواتر ئەم دوو هاوڕێیە مردنو گەڕانەوە لای خوای گەورە، خوای گەورە بە پیاوچاکەکەی فەرموو: تۆ دەتزانی بڕیاری من بەرامبەر بەو کەسە چییەو چۆنە؟! یان کاری من بەدەست تۆیە؟!

پاشان فەرمانی بەبرادەرە خراپە کرد کە بەبەزەییو میهرەبانی من بڕۆ بەهەشت. بە پیاوباشەکەشی فەرموو: ببەن بۆ دۆزەخ.

---

١١- أبو داود (أبو داود سليمان بن الأشعث السجستاني)، سنن أبي داود، ج٤، دار الكتاب العربي، بيروت، ص٤٢٧. وقال الألباني في تخريجه: صحيح.

ئەبـــو هورەیرە لە ڕاڤەی ئـــەم فەرموودەیەدا دەفەرمویّت: (وَالَّــذِی نَفْسِی بِيَدِهِ لَتَكَلَّمَ بِكَلِمَةٍ أَوْبَقَتْ دُنْيَاهُ وَآخِرَتَهُ)[١٢] . واتا ســـویّند بە خوا ئەو پیاوچاکە قســـەیەکی کرد، دونیاو قیامەتی خۆی پێ فەوتاند.

کەواتە مرۆڤی باوەڕدار دەبێت هەمیشە لەنێوانی دوو هەڵوێستدا بێت، یەکەمیان ترسان لە خوای گەورەو سزای سەختی قیامەت، دووەمیشیان: بێ هیوا نەبوون لەبەزەیی‌و لێخۆشبوونو بەهەشتەکەی.

پێویستیشە بۆ دونیا هەستی یەکەمیان زاڵتر بێت؛ بۆئەوەی زیاتر هەڵمان بنێت بۆ کردەوەی چاکەو دوورکەوتنەوە لە خراپە، بەڵام بۆ کاتی نزیکبوونەوە لە مردنو وادەی داخستنی دەرگای کردەوەکان، باشتر وایە هەستی دووەمیان زاڵتر بێت؛ چونکە ئیتر کردەوە سوودی نییەو دەمێنێتەوە بەزەیی خوای گەورە.

پێغەمبـــەری خوا لە فەرموودەیەکدا، کە لە خوای گەورەوە بۆمان دەگێڕێتەوە دەفەرموویـــت، خوای گـــەورە دەفەرمویّت: ﴿أَنَا عِنْـدَ ظَنِّ عَبْدِی بِــی﴾[١٣]. واتە: من لەجێی گومانی بەندەکەمدام، جا گومانی چیم پێ دەبات با بیبات، ئەگەر گومانی باشـــم پێ ببات کە من لێبوردەو بەخشـــندەو میهرەبانم؛ ئەوا لێی خۆش دەبمو دەیبەخشم، خۆ ئەگەریش گومانی خراپم پێ ببات کەمن تووڕەو تۆڵەسێنم؛ ئەوا بەگومانەکەی خۆی مامەڵەی لەگەڵ دەکەمو سزای دەدەم.

بۆیە ئەو ترسەی باسی دەکەین، دەبێت (خشوع)مان تێدا درووست بکات.

---

١٢- أبو داود، نفس المصدر.

١٣- البخاري، صحيح البخاري، ج٩، ص١٢١. مسلم، صحيح مسلم، ج٨، ص٦٢.

## پێناسەی (خشوع):

خشوع: یەكێكی ترە لەواتاو شێوازەكانی ترسان لە خوای گەورە.

خشوع: لە زمانەوانی عەرەبیدا بەواتای خامۆشبوونو ئارامی دێت، وەك خوای گـەورە دەفەرمویێت: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنَّكَ تَرَى الْأَرْضَ خَاشِعَةً فَإِذَا أَنْزَلْنَا عَلَيْهَا الْمَاءَ اهْتَزَّتْ وَرَبَتْ﴾[14]. واتە: یەكێكی تر لە نیشـانەكانی دەسـەڵاتی خوای گـەورە ئەوەیە ، كە دەبینیت زەوی خامۆشو ئارامە، كاتێك بارانی بەسـەردا دەبارێنین، دەبینیت دەكەوێتە جووڵەو گەشەو سەوز دەبێت.

بەڵام لەڕووی زاراوەوە: ئیبنو لقەیم (خشوع) دابەش دەكات بەسەر سێ قۆناغدا:

یەكەم: ملكەچیو خۆبەدەستەوەدان بۆ فەرمانەكانی خوای گەورەو خۆبەكەمزانین لە ئاست زاتی ئەودا.

دووەم: بەدواداچوونو لێپێچینەوەی بەردەوامی دڵو دەروونو دۆزینەوەی خاڵە لاوازو كەموكورتییەكانیو هەوڵدان بۆ چارەسەركردنیان.

سێیەم: كە ئەمە بەرزترینی پلەی (خشوع) لە خواترسانەو بەوە دەبێت كە مرۆڤ بەهۆی سەرقاڵی بەبەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوای گەورەوە، ئاگای لە قسەو هەڵوێستی خەڵكی بەرامبەر بەخۆی نەمێنێتو ئاوڕیان لێ نەداتەوەو هەوڵ بدات هەرچی دەكات، لە پێناو ڕەزامەندیی خوای گەورەدا بیكاتو كەسی تر ناو كردەوە چاكەكانی لە خەڵكی پەنهان بكات؛ تا درك بەنهێنیی پەیوەندیی پتەوی نێوان ئەو و خوای گەورە نەزانن‌و تووشی ڕیاو لەخۆباییبوونی نەكەن.

جیاوازیی نێوان (خشیە)و (خشوع) یش ئەوەیە كە (خشیە) هەستێكە دەست بەسەر دڵدا دەگرێتو داگیری دەكاتو ئاڕاستەی هەموو كردەوەكانی دڵ دەكات.

بەڵام (خشوع): بریتییە لە دەركەوتنی شوێنەواری ئەو ترسەی دڵ، لەسەر سەرجەم ئەندامانی جەستە، بەشێوەیەك كە ترسی خوای گەورە، بەسەر هەموو

---

١٤- سورة فصلت: الآية ﴿٣٩﴾.

ئەندامانی جەستەو جووڵەکانییەوە دیارە.

بۆیە خوای گەورە، هەمیشە لە قورئاندا، ئەم وەسفە دەداتە پاڵ ئەندامانی جەستە، بۆ نموونە:

- کاتێك باســی دەنگی مرۆڤەکان دەکات لە قیامەتدا، دەفەرموێت: ﴿وَخَشَعَت الْأَصْــوَاتُ لِلرَّحْمَنِ فَلَا تَسْمَعُ إِلَّا هَمْساً﴾[15]. واتە: هەموو دەنگەکان لە ترســی خوای گەورە کپبوون، چرپەیەك نەبێت گوێت لە هیچ دەنگێکی تر نابێت.

- کاتێك باســی چاویــان دەکات دەفەرموێــت: ﴿أَبْصَارُهَــا خَاشِعَــةٌ﴾[16]. واتە: چاوەکانیان شۆڕەو ناتوانن لە ئاست خوای گەورەدا بەرزی بکەنەوە.

- کاتێکیش وەســفی حاڵی باوەڕداران دەکات لــە نوێژەکانیاندا دەفەرموێت: ﴿قَــدْ أَفْلَــحَ الْمُؤْمِنُونَ × الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُــونَ﴾[17]. واتە: بێگومان باوەڕداران سەرفراز دەبن؛ ئەوانەی کە لە کاتی نوێژەکانیاندا تەواو ملکەچو بەئاگان.

- ئیبنو لقەییم لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ئایەتەدا، حاڵی نوێژخوێنان دەکات بە پێنج بەشەوە:

یەکەم: ئەوانەی لەبری پاداشت، لەسەر نوێژەکانیان سزا دەدرێن: ئەوانەش ئەو کەسانەن کە کەمتەرخەمی لە نوێژەکانیاندا دەکەنو دەستنوێژو نوێژەکانیان بەپەلەو بێسەروبەری ئەنجام دەدەنو مافی خۆی پێ نادەن، یان نوێژەکانیان لە کاتی خۆیدا ناکەن.. ئەمانە لەبری پاداشت لەسەر نوێژەکانیان لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێتو سزا دەدرێن.

دووەم: ئەوانەن کە لە نوێژەکانیاندا خەیاڵیان دەڕواتو ئاگایان لای نوێژەکانیان نییەو هەر بەرێی دەکەنو خۆیان واتەنی: لەکۆڵی دەکەنەوەو هیچ لەپەیامو واتاکانی نوێژکردن نازانن‌و نوێژەکانیان هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆ، لەسەر

١٥- سورة طه: الآية ﴿١٠٨﴾.

١٦- سورة النازعات: الآية ﴿٩﴾.

١٧- سورة المؤمنون: الآيتان ﴿١-٢﴾.

هەڵسوکەوتو ڕەوشتیان درووست ناکات.

ئەم جۆرە کەسانەش تەنها فەرزی نوێژەکەیان لەسەر لادەچێت، ئەگینا پاداشتی لەسەر وەرناگرنو نوێژەکانیان لە خوای گەورە نزیکیان ناکاتەوە؛ چونکە زۆربەی کات لێی بێئاگا بوون، زانایان لەبارەی ئەم جۆرە کەسانەو پاداشتی نوێژەکانیان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە: ﴿ليس للمرء من صلاته إلا ما عقل منها﴾[١٨]. واتە: مرۆڤ تەنها ئەوەندەی نوێژەکەی پێ دەبڕێتو بۆ دەنووسرێت کە ئاگای لێیەتی، بەڵام ئەوەی خەیاڵی لای نییە، بۆی نانووسرێت.

سێیەم: ئەو کەسانەن کە هەم چاودێریی دڵیان دەکەن لە نوێژەکانیاندا؛ تا هیچ وەسوەسەو بێئاگاییەکی بۆ درووست نەبێت، هەم چاودێری جووڵەو هەڵسوکەوتەکانیشیان؛ تا بە جوانترین شێوە نوێژەکانیان بکەن.

ئەم جۆە کەسانەش هەرچەند پلەیان لای خوا زۆر بەرز نییە، بەڵام لەسەر ئەو سەرقاڵیو بەئاگاییو بەدەمەوەبوونەیان پاداشت وەردەگرن.

چوارەم: ئەمانە گەشتوونەتە قۆناغێك کە دڵیان تەواو ئاوێتەی نویژەکانیان دەبێت؛ چونکە ئەوەندە پەیوەستن بە خوای گەورەوە، بۆ ساتێکیش دڵیان لە خوا غافڵ نابێت، بەڵام بەردەوام هەوڵی جوانکردنیو درێژکردنەوەو زۆر مانەوە دەدەن لەگەڵ خوای گەورە لە نوێژەکانیاندا.

ئەمانە پلەیان لای خوا گەورەیەو چ بۆ دونیاو چ بۆ قیامەت زۆر بەهرەمەند دەبن لە نوێژەکانیان.

پێنجەم: ئەو کەسانەن کە بەڕاستی دڵو سەرجەم ئەندامانی جەستەیان وەك یەك ئاوێتەی نوێژو خواناسی دەبێت، ئەمانە ئەو کەسانەن کە بەڕاستی لە نوێژەکانیاندا بەخزمەت خوای گەورە دەگەن، هەست بە شیرینیی ئەو بەیەکگەشتنە دەکەن، نوێژەکانیان بەتەواوی لە دونیاو دەوروبەریان دەبڕێت.

---

١٨- الغزالي، إحياء علوم الدين، ج١، ص١٥٩.

وەك ئـــەوەی پێغەمبەری خـــوا ﷺ فەرمانی پـــێ دەكاتو دەفەرمویێت: {صَـــلِّ صَـــلاَةَ مُـــوَدِّعٍ كَأَنَّكَ تَرَاهُ}[19]. واتە: هەر نوێژێكت كرد بەو ڕۆحیەتە بیكە، كە ئەمە كۆتا نوێژتە لە دونیاو پاش ئەو نوێژە، دونیا بەجێ دەهێڵێتو دەچیتەوە خزمەت خوای گەورەو جارێكی تر هەلی نوێژت بۆ نارەخسێتەوە.

ئێستا بەڕێزان، با هەریەكەمان سەیری نوێژەكانی خۆمان بكەینو بزانین لە كام بەشەین.

كەواتە: بابەتی ترسان لە خوایش، خۆشەویستان، یەكێكی ترە لە كردەوەكانی دڵو دەبێت گرنگیی تەواوی پێ بدرێتو ئەو ترسانە ڕەنگدانەوەی تەواوی هەبێت لەسەر سەرجەم كردەوەكانمانو لە كاری بەدو خراپە بمانگێڕێتەوە.

---

١٩- السيوطي (جلال الدين عبد الرحمن بن أبي بكر السيوطي)، الجامع الصغيرالجامع الصغير في أحاديث البشير النذير، ج٣، دار الفكر، بيروت، ص٥٩. وقال الألباني في تخريجه في صحيح وضعيف الجامع، حسن.

# باسی دەیەم

## دڵڕەقی (قسوة القلب)

لە کۆتا باسی بابەتەکەماندا، هەڵوێستە لەسەر نەخۆشییەکی کوشندەی دڵ دەکەین، ئەویش نەخۆشیی دڵڕەقییە (القسوة)و دژی ملکەچیو لەخواترسانەوە یەکێکە لە مەترسیدارترین نەخۆشییەکانی دڵو هەوڵ دەدەین بەپێی تواناو لەژێر ڕۆشنایی دەقە شەرعییەکانو قسەی زانایان، تیشکی بخەینە سەرو سەرەتا لە دەقە شەرعییەکانەوە دەست پێ دەکەین.

### دڵڕەقی لە دووتوێی لە دەقە شەرعییەکاندا:

خوای گەورە سەرکۆنەی ئەو کەسانە دەکات، کە تووشی نەخۆشی دڵڕەقی دێنو هەڕەشەیان لێ دەکاتو دەفەرموێت: ﴿فَوَيْلٌ لِّلْقَاسِيَةِ قُلُوبُهُم مِّن ذِكْرِ اللَّهِ أُوْلَئِكَ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ﴾[1]. واتە: دۆزەخ بەحاڵی ئەو کەسانەی کە دڵەکانیان لەبەرامبەر یادی خوای گەورە ڕەقە، ئەوانە تەواو لە گومڕاییدا نغرۆ بوون.

کێشەی دڵڕەقی لەوەدایە، کە نەخۆشییەکە تەنها بەدڵەکەوە ناوەستێت، بەڵکو هەموو دەرگاکانی تری ئەندامانی جەستە لەبینینو بیستن هەستکردن بەڕووی هەر کارێکی چاکەدا دادەخاتو خاوەنەکەی لێ بێبەش دەکات، ئەوەتا کاتێك نوح پاش (٩٥٠) ساڵی بانگەواز، سکاڵای گەلەکەی لای خوای گەورە دەکات لەبارەی هەڵوێستی گەلەکەی دەفەرموێت: ﴿وَإِنِّي كُلَّمَا دَعَوْتُهُمْ لِتَغْفِرَ لَهُمْ جَعَلُوا أَصَابِعَهُمْ فِي آذَانِهِمْ وَاسْتَغْشَوْا ثِيَابَهُمْ وَأَصَرُّوا وَاسْتَكْبَرُوا اسْتِكْبَاراً﴾[2] . واتە: من هەرکات بانگم دەکردن؛ بۆئەوەی باوەڕ بهێننو تۆ لێیان خۆش بیت، توند پەنجەکانیان دەکرد

---

١- سورة الزمر: الآية ﴿٢٢﴾.

٢- سورة نوح: الآية ﴿٧﴾.

بە گوێیانداو جلەکانیان دەدا بەسەریانداو زیاتر سوور دەبوون لەسەر بێباوەڕی خۆیانو لووتبەرزی دەیگرتن.

جا سەرنج بدەن بەڕێزان، نوح جگە لە بەرژەوەندیی ئەوان، شتێکی تری مەبەست نەبووە، ئەوەتا دەڵێت: هەرکات بانگم کردوون بۆئەوەی تۆ لێیان خۆش بیت، باشە نوح دەبێت بەرژەوەندیی چی بێت بە لێخۆشبوونی ئەوان جگە لە دڵسۆزی، بەڵام لەبەرامبەردا سەیری دڵڕەقیو دڵڕەشیی ئەوان بکە، نەك تەنها بەگوێیان نەکردووە، بەڵکو بەناشیرینترین شێوە بەرپەرچیان داوەتەوەو بەگژیدا چوونەتەوەو تەنانەت ئامادە نەبوون گوێ بۆ قسەکانیشی بگرن، یان تەنانەت سەیری بکەن.

ئەمەش دەرەنجامێکی ئاساییە بۆ بەردەوامی تاوانکاری؛ چونکە وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویێت: کاتێك دڵ پەڵەی تاوان لێی دەدات، ڕەشی دەکات، ئەگەر خاوەنەکەی لەسەر تاوانکاری بەردەوام بوو، تەوبەی نەکرد؛ ئەوا دڵەکەی ئەوەندە ڕەش دەبێت، ترووسکایی خێری تێ ناچێت، خاوەنەکەی ڕاستیو ناڕاستی وا لێ تێکەڵ دەبێت، ئەوەی ئارەزووی خۆی نەبێت، نایکاتو نایسەلمێنێت[٣].

بۆیە خوای گەورە لەوەسفی ئەو جۆرە کەسانەو دڵەکانیاندا دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ قَسَتْ قُلُوبُكُم مِّن بَعْدِ ذَٰلِكَ فَهِيَ كَالْحِجَارَةِ أَوْ أَشَدُّ قَسْوَةً﴾[٤]. واتە: پاشان دڵەکانتان ڕەق بوو، تا وەك بەردو بگرە لە بەردیش ڕەقتری لێ هات.

ئەم دڵانەش کە ڕەق دەبن، تەنها لە ئاستی ڕاستیو چاکەو پەیامەکانی خوا ڕەق دەبن، ئەگەرنا لە ئاستی خراپەو خوانەناسی زۆر نەرمو سازنو لەبری بەندایەتی خوای گەورە، دەبنە بەندەی شەیتانو ئارەزووەکانیانو شەیتان هەرچۆنی بوێت، ئاوا ئاڕاستەیان دەکات.

خوای گەورە لەبارەی ئەو جۆرە کەسانەو دڵەکانیان دەفەرموێت: ﴿لِيَجْعَلَ مَا

٣- مسلم، صحيح مسلم، ج١،ص٩٤.

٤- سورة البقرة: الآية ﴿٧٤﴾.

﴿يُلْقِي الشَّيْطَانُ فِتْنَةً لِّلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَالْقَاسِيَةِ قُلُوبُهُمْ﴾[٥]. واته: بۆئەوەی فێڵو داوەکانی شەیتان بکاتە مایەی لەخشتەبردنو لادانی ئەو کەسانەی کە دڵەکانیان نەخۆشو ڕەقە لە ئاست یادی خواو پەیامەکەی.

بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ هەمیشە لە پاڕانەوەکانیدا دەیفەرموو: {اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عِلْمٍ لاَ يَنْفَعُ وَمِنْ قَلْبٍ لاَ يَخْشَعُ وَمِنْ نَفْسٍ لاَ تَشْبَعُ وَمِنْ دَعْوَةٍ لاَ يُسْتَجَابُ لَهَا}[٦]. واتە: خوایەگیان من پەنات پێ دەگرم لە زانستێك كە سوودی بۆم نەبێت، پەنات پێ دەگرم لە دڵێك كە ملكەچیی فەرمانەكانی تۆ نەبێتو پەنات پێ دەگرم لە دەروونێك كە چاوبرسی بێتو لە دونیا تێر نەبێت. لە پاڕانەوەیەكیش كە وەڵامی نەبێتو تۆ قەبووڵی نەكەیت.

كەواتە: پێویستە ئێمەی باوەڕداریش، هەمیشە ئەم نزایە دووبارە بكەینەوەو لە خوای گەورە بپاڕێینەوە، كە لە دەردی دڵڕەقی بەدوورمان بكات؛ چونكە دڵڕەقی سەرچاوەی هەموو خراپەو بەد خووییەكەو خۆپاراستن لێی هەروا ئاسان نییە، ئەوەتا عەبدوڵڵای كوڕی مەسعوود دەڵێت: (ماكان بين إسلامناو بين أن عاتبنا الله بقوله: ﴿أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ آمَنُوا أَن تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ اللهِ﴾[٧] إلا أربعة سنين)[٨]. واتە: لە نێوان موسڵمانبوونمانو ئەو گلەییەی كە خوای گەورە پێی فەرمووین: ئایا كاتی ئەوە نەهاتووە، كە بڕواداران دڵیان نەرم بێت بۆ یادی خوا تەنها چوار ساڵ بوو.

## مەترسیی نەخۆشیی دڵڕەقی:

باشە ئەگەر پێغەمبەری خوا ﷺ، بەو هەموو پلەبەرزیو خواناسییەوە، هەمیشە لە دڵڕەقی ترسابێتو پەنای بە خوا پێ گرتبێت، یان ئەگەر خوای گەورە گلەیی

٥- سورة الحج: الآية ﴿٥٣﴾.

٦- مسلم، صحيح مسلم، ج٨، ص٨٢.

٧- سورة الحديد: الآية ﴿١٦﴾.

٨- مسلم، صحيح مسلم، ج٨، ص٢٤٣.

دڵڕەقی لە هاوەڵانی پێغەمبەر کردبێت، ئەی دەبێت حاڵی ئێمە چۆن بێت؟!

ئەگەر ئەو دڵانەی بەردەوام بەوەحیو قورئانو فەرموودە شیرینەکانی پێغەمبەر ئاودەدران، گلەیی دڵڕەقیان لێ بکرێت، ئەی دەبێت دوای زیاتر لە (١٤٤٠) ساڵ، حاڵی دڵی ئێمەومانان چۆن بێت؟!.

ئەگەر گلەیی دڵڕەقی لە ئەبوبەکرو عومەرو عوسمانو عەلیو عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود بکرێت، ئەی دەبێت حاڵی ئێمەومانان چۆن بێت.؟!

ئەگەر ئێستا قورئان بهاتایەتە خوارەوە، دەبوو خوای گەورە لەبارەی دڵەکانی ئێمە چی بفەرمووایە؟! هەر خوا خۆی عالمە چی دەفەرمووو؟!

کەواتە: پێویستە بەردەوام پشکنین بۆ دڵەکانمان بکەینو لە ژەنگوژاری تاوان پاکی بکەینەوەو بۆ ئەو مەبەستەش عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود هەندێك ڕێگامان فێر دەکاتو دەفەرمصوێت: (اطلب قلبك في أربعة مواطن: عند سماع القرآن، وفي مجالس الذكر، وفي أوقات الصلاة، وفي الخلوات، فإذا لم تجده فسل الله تعالى أن يمن عليك بقلب فإنه لا قلب لك)[٩]. واتە: لە چوار شوێندا، بەدوای دڵتدا بگەڕێو بزانە هەست دەکەیت دڵت هەیە، ئەگەر هەستت پێ نەکرد؛ ئەوا بپاڕێرەوە با خوای گەورە دڵت پێ بدات؛ چونکە دڵت نییە:

**یەکەم:** کاتێك گوێ بۆ قورئان دەگریت.

**دووەم:** کاتێك لە کۆڕو دانیشتنێکدا یادی خوای گەورە دەکرێت.

**سێیەم:** کاتی نوێژەکان.

**چوارەم:** لەو کاتانەی کە تەنها دەبییت.

ئەگەر مرۆڤ لەم کاتانەدا دڵی جووڵاو هەستی باوەڕ بزواندی؛ ئەوا نیشانەی ئەوەیە کە ئەو دڵە زیندووە، خۆ ئەگەر هیچ کام لەو کاتانە، دڵەکە کاریگەری لەسەر درووست نەبوو؛ ئەوا نیشانەی ئەوەیە ئەو دڵە مردووەو لەجێی نەبوانە.

بەئاگابوون لەم حاڵەتەش، بۆ مرۆڤی باوەڕدار زۆر گرنگە؛ چونکە لەوانەیە

---

٩- إبن القيم، الفوائد، ص ٢٢١.

بێئاگایی بەردەوامو پشتگوێخستنی دڵەکە ببێتە هۆی مردنی دڵەکەو لەدەستدانی.

وەکو حوزەیفەی کوڕی یەمان دەفەرمویێت: (أول ما تفقدون من دينكم الخشوع، وآخر ما تفقدون من دينكم الصلاة، ورب مصل لا خير فيه، ويوشك أن تدخل مسجد الجماعة فلا ترى فيه خاشعاً)[١٠]. واتە: یەکەم شت کە لە ئیسلام لەدەستی دەدەن: ترسو ملکەچییە بۆ خوای گەورە، کۆتا شتیش کە لە ئیسلام لەدەستی دەدەن: نوێژکردنە؛ تاوای لێ دێت نوێژخوێن دەبینیت، بەڵام پیاوچاك نییەو هیچ خێری تێدا نییە، لەوانەیە سەردەمانێك بێت بچیتە مزگەوتێك کە نوێژی بەکۆمەڵی تێدا دەکرێت، بەڵام یەك کەسیان تێدا نییە کە دڵی بۆخواسوڵحاو ملکەچ بێت.

ئەمانەی ئەو هاوەڵە بەڕێزانە باسیان کردووە، ئێستا هەمووی لە ئێمەدا هەیەو ڕۆژانە لە خۆمانو لە خەڵکیشدا بەچاوی سەر دەیانبینین.

## هۆکارەکانی درووستبوونی دڵڕەقی:

دیارە دڵڕەقیش، وەك هەر نەخۆشییەکی تر، لە خۆیەوە درووست نابێت، بەڵکو کۆمەڵێك هۆکار هەیە درووستی دەکەن، گرنگترینی ئەو هۆکارانەی دڵڕەقی درووست دەکەن، بریتین لە:

**یەکەم:** ڕووکردنە دونیاو پشتکردنە قیامەت: ئەمە یەکێکە لە سەرەکیترین هۆکارەکانی مردنی دڵ، ئەمەش پێچەوانەی لۆژیكو عەقڵە؛ چونکە مرۆڤ هەنگاو بەهەنگاو، لە لێوارەکانی مەرگو گۆڕو قیامەت نزیك دەبێتەوەو پشت لە دونیا دەکات، کەچی ئێمە بەپێچەوانەی شەپۆلی دەریای بوونمانەوە، مەلە دەکەینو پشتمان کردووەتە قیامەتو باوەشمان بە دونیادا کردووە.

ئەگەر هەموو تەمەنی هەر یەکێك لە ئێمە بخەیتە سەر یەك، پێ ناچێت یەك لەسەر دەی هەوڵی دونیامان، کارمان بۆ قیامەت کردبێتو هەوڵمان بۆ دابێت، لە کاتێکدا دەبوو هاوکێشەکە بەپێچەوانەوە بوایە؛ چونکە ئامانج لە بوونی

---

١٠- إبن القيم، مدارج السالكين، ج١، ص٥٢١.

مرۆڤەکانو دوامەنزڵی ڕاستەقینەیان قیامەتە، نەك دونیا.

دونیا جگە لە هۆڵێکی تاقیکردنەوەی گەورە، شتێکی تر نییە، هەر بۆیە وشەی (دنیا) خۆی لە زمانی عەرەبیدا لە (دنو)ە وە هاتووە کە ئاماژەیە بە بێنرخیی دونیاو قیامەتیش ئاماژەیە بەبەردەوامیو نەبڕاوەیی، کەچی ئێمە بە ئاوەژووەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین، هەروەك مەحوی دەڵێت:

لە ناکەس کارییا، خاکم بەسەر، ڕۆیی بە با عومرم
خوا! تۆ بمژێنە، تا لەبەر قاپیی کەسێ ئەمرم
بە ضایع چوو لە (ما لا یعنی)یا وەقتم هەموو، یەعنی
دەبێ وەقتێ لە (بوالوقت)ێ بخوازم تا تیا بمرم
ئەجەل دەورم ئەدا: حاضر بە، وادەی دەورو تەسلیمە
منی غەفڵەت زەدە، هێشتا خەریکی مەسئەلەی دەورم
خەیاڵی پووچی دنیا، وا دەماغو دڵمی پێچاوە
قیامەت، هەر مەگەر ڕۆژی قیامەت بێتەوە فکرم
لە پێ کەوتووەو نەفسم بۆ هەوا ئەشنێ وەکو منداڵ
لەبەر پیری، سەرم خۆی ناگرێتو تازە پێ ئەگرم
چییە سووچو گوناهی؟ بۆچی ئەیکاتە جەزاخانە؟
لە قەبرهەڵکەن، هەتا ڕۆژی جەزا دەعواچییە قەبرم
سبەینێ (یحشر المرء)ە، براگەل، فرسەتە ئەمڕۆ
تەبەڕڕا بن لە من، با کەس نەبێ حەشری لەگەڵ حەشرم
لە من نازانم، ئیتر نەفسی بەدخوو چیی ئەوێ مەحوی
کە بەدکردارو بەدڕەفتارو بەدئەفکارو بەدطەورم
مەگەر بەر مەوجی بەحری ڕەحمەتم خا وەصفی سەتتاریی
وەگەرنا، زەحمەتە پابوونەوەم، نامومکینە سەترم.

**دووەم:** کەمیی شارەزایی لە ئیسلامو پەرستشەکانو ئامانجەکانیان: کە ئەمەش وامان لێ دەکات بەهەڵە لە چەمکە ئیسلامییەکان حاڵی بینو بەئاسانی بکەوینە ژێر کاریگەریی هەر گومانو درۆیەك، کە نەیارانی ئیسلام لەبارەی ئیسلام دەیکەنو هەڵی دەبەستن، کە بەداخەوە زۆر جار ئەو موسڵمانە سادانە خۆیان دەچن بەشوێن ئەو شتانەدا دەگەڕێنو دەیخوێننەوە.

**سێیەم:** سستی لە ئەنجامدانی پەرستشەکانو هەموو ئەو شتانەی لە خوای گەورە نزیکمان دەکاتەوەو پەیوەندیمان لەگەڵ ئەو پتەو دەکات.

**چوارەم:** خواردنی ماڵی حەرام: هەموو ئەندامانی جەستە بەو خواردنانە دەژین کە مرۆڤ دەیخوات، ئەگەر ئەو خواردنەش حەرام بێت؛ ئەوا بەدڵنیاییەوە کاریگەریی خراپی بۆسەر سەرجەم ئەندامانی جەستە دەبێت، بەتایبەتی دڵ کە هەستیارترینی ئەو ئەندامانەیە کە ئەو خواردنە حەرامە کاریگەریی خراپی لەسەر درووست دەکاتو لە ئاست یادی خوا سستو ڕەقی دەکات.

**پێنجەم:** کردنی حەرامەکان بەگشتی؛ لە درۆو غەیبەتو بوختانو سەیرکردنی شتی حەرامو کات بەفیڕۆدانو زۆرقسەکردنی بێسوودو زۆرخواردنو زۆرێك شتی تر، کە شەرع نەهی لێ کردوون.

**شەشەم:** تێکەڵیکردنی خەڵکانی خراپو دوور لە خواو لە دڵەوە خۆشویستنیانو پشتگیریو کۆمەكپێکردنیانو ڕۆیشتن لەسەر بەرنامەو پەیڕەویان، کە زۆرجار ئەو پەیڕەو بەرنامانە لەگەڵ پەیامو بەرنامەکەی خوا یەکناگرنەوەو بگرە دژ دەوەستنەوە.

## نیشانەکانی دڵڕەقی:

لە گرنگترین نیشانەکانی دڵڕەقیش، ئەوەیە کە مرۆڤ هیچ کاری تێ ناکاتو هەرچی پێ دەڵێیت، وەکو با بەلای گوێیدا دەڕواتو هەمیشە خۆیشی پێ باشەو پێی وایە، کەس لەو باشتر نییەو لەبەرامبەر حەرامەکانیشدا زۆر لاواز دەبێتو زۆر بەئاسانی دەکەوێتە ناو داوی تاوانو هەندێك جار تاوانە گەورەکانیشی لا

ئاسایی دەبێتو هەمیشە پاساوی نابەجێیشیان بۆ دەهێنێتەوە. وەك عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود دەڵێت: مرۆڤی خواناس تاوانەکانی وەك شاخێك دێتە پێش چاو، کە هەمیشە لە ترسی ئەوەدایە هەرەس بهێنێتو بڕووخێت بەسەریدا، بەڵام مرۆڤی دووڕوو، تاوانەکانی وەك مێشێك دێتە پێش چاو، کە بەچاوتروووکانێك لەسەری لا دەچێتو نامێنێت [11].

## هۆکارەکانی درووستبوونی دڵنەرمیو ترسان لە خوا:

لەبەرامبەر ئەمانەدا، کۆمەڵێك هۆکار هەن، دەکرێت هاوکارمان بن لەسەر نەرمیی دڵەکانو ڕامکردنیان بۆ خوای گەورە:

**یەکەم:** ناسینی خوای گەورە لەڕێی ناوە جوانو سیفاتە بەرزەکانێوە.

**دووەم:** یادکردنو باسکردنی خوای گەورەو ئەنجامدانی پەرستشەکانو خۆسەرقاڵکردنی بەردەوام بە کاری چاکەو بەو شتانەی ڕەزامەندیی خوای گەورەمان بۆ دەستەبەر دەکات.

**سێیەم:** یادکردنی مردن بەبەردەوامیو خۆ بۆ ئامادەکردنی؛ چونکە هەروەك سەعیدی کوڕی جوبەیر دەڵێت: (ئەگەر بۆ ساتێك مردن لەبیر بکەین؛ دڵەکانمان تێك دەچێت).

**چوارەم:** هەستکردن بەبەردەوامی چاودێریی خوای گەورە بۆ هەموو هەڵسوکەوتی بەندەکانی، کە خوای گەورە بۆ ساتێکیش لێمان بێئاگا نابێت. هەموو ساتەکانی تەمەنمان تۆمار دەکاتو دواتریش لێپێچینەوەمان لەسەری لەگەڵ دەکات.

**پێنجەم:** بەئاگابوون لە خراپییەکانی نەفسو داوەکانی شەیتان؛ چونکە وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: {إِنَّ الشَّيْطَانَ يَجْرِي مِنْ الْإِنْسَانِ مَجْرَى الدَّمِ}[12].

واتە: شەیتان وەکو خوێن بەناو دڵو مێشكو دەمارو گشت موولوولەخوێنەکانی

١١- إبن القيم، الجواب الكافي لمن سأل عن الدواء الشافي، دار الكتب العلمية، بيروت، ص٣٨.

١٢- البخاري، صحيح البخاري، ج٣، ص٠٥. مسلم، صحيح مسلم، ج٧، ص٨.

مرۆڤدا هاتوچۆ دەکاتو هەمیشە لە بۆسەدایە بۆ لەخشتەبردنی.

بەڕێزان، لە کۆتاییدا ماوە ئەوە بڵێم، ئەوەی من لەم زنجیرە باسەدا تۆمارم کردوون دەربارەی کردەوەکانی دڵ، دڵۆپێکن لە دەریایەكو زۆر ئاستەمە مرۆڤ بتوانێت هەموو چەمكو بابەتەکانی کۆ بکاتەوە.

مەبەستی منیش تەنها سەرنجڕاکێشانی جەنابتانو وروژاندنی هەستو بیرو دەروونتان بووە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَذَكِّرْ فَإِنَّ الذِّكْرَى تَنفَعُ الْمُؤْمِنِينَ﴾[13]. واتە: بەردەوام یادیان بخەرەوە؛ چونکە یادخستنەوە سوود بە باوەڕداران دەگەیەنێت. یان وەك دەفەرموێت: ﴿إِنَّ فِي ذَلِكَ لَذِكْرَى لِمَن كَانَ لَهُ قَلْبٌ أَوْ أَلْقَى السَّمْعَ وَهُوَ شَهِيدٌ﴾[14]. واتە: ئەوە یاد خستنەوەیەکە بۆ ئەو کەسانەی کە دڵیان زیندووە، یان گوێ هەڵدەخەن بۆ بیستنی ڕاستییەکانو لێی بەئاگان[15].

---

١٣- سورة الذاريات: الآية ﴿٥٥﴾.

١٤- سورة ق: الآية ﴿٣٧﴾.

١٥- یەکەم ئەڵقەی باسەکەمان لە ٢٠١٤/٥/٢١و دوا ئەڵقەشی لە: ٢٠١٤/١١/١١ تۆمار کرد.

# کۆتایی

سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە لە سایەی نیعمەتو بەخششەکانی ئەودا، کارە باشەکان پێك دێنو دەگەنە پایان.

ئێستایش لە کۆتا قۆناغی باسەکەماندا گرنگترین دەرەنجامو ڕاسپاردەکانی تۆمار دەکەین، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١- دڵ هەستیارترین ئەندامی جەستەی مرۆڤە، چ لە ڕووی جەستەییو چ لە ڕووی شەرعییەوە، هەربۆیە نەخۆشکەوتنو لاوازبوونی لە هەر ڕوویەکیانەوە، ژیانی مرۆڤ دەخاتە مەترسییەوە.

٢- لەڕووی جەستەییەوە دڵ (٤٠،٠٠٠) دەمارەخانەی تێدایەو لە هەرخانەیەکیشیدا مێشکێکی زۆر وردو ئاڵۆز هەیە.

٣- لەڕووی شەرعییەوە خوای پەروەردگار لە قورئاندا لە (١٠٠) جێگەدا باسی دڵی کردووەو گشت ئەرکو بەرپرسیارێتییە شەرعییە هەستیارەکانی لە هەردوو حاڵەتی ئەرێنیو نەرێنیدا ڕووبەڕووی دڵ کردۆتەوە.

٤- نیەت سەرەتاییترینو گرنگترین کردەوەی دڵە، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر کردەوەی سەرجەم ئەندامانی جەستە هەیە؛ بۆیە پێویستە مرۆڤ بەر لەهەستانی بەهەر کارێك تەواو لە نیەتی دڵ و مەبەستی کارەکەی بەئاگا بێت و بزانێت چۆنی دەیکات؟ بۆ کێی دەکات؟ ..

٥- تەنها بوونی نیەت بەس نییە بۆ وەرگرتنی کردەوەکان، بەڵکو دەبێت ئەو نیەتە تەواو بۆ خوای گەورە یەکلا بووبێتەوەو کەسەکە جگە لە ڕەزامەندیی خوای گەورە، هیچ مەبەستێکی تری بەکردەوەکانی نەبێت، بەمەش دەگوترێت (إخلاص).

٦- ئەو یەکلابوونەوەو ئیخلاصەش هەروا کارێکی ئاسان نییە؛ چونکە سرووشتی مرۆڤ وایە کە هەمیشە حەز دەکات بەزووی بەرهەمی کارو چاکەکانی بچنێتەوەو هەمیشە حەزی لە ستایشو ناوبانگو پیاهەڵدانە ئەم جۆرە هەستو خواستەش پێی دەگوترێت (ریاء)و تەواو دژە بە یەکلابوونەوە بۆ خوای گەورە.

٧- یەکێکی تر لە کردەوە گرنگەکانی کانی دڵ، ئەوەیە کە بەردەوام دڵنیاو دامەزراو بێت و لە هیچ کاتو لەژێر کاریگەریی هیچ شتێکدا نەگۆڕێتو باوەڕەکەی لەق نەبێت، بەمەش دەگوترێت: (یقین).

٨- یەکێکی تر لە کردەوە هەستیارەکانی دڵ دووڕوویی‌و گومان‌و نیفاقە، ئەم کردەوەیەش تەواو پێچەوانەی کردەوەی پێشووەو هەرکات باوەڕ دامەزراو نەبوو لە دڵی باوەڕداراندا ئەو کات دووڕوویی‌و گومان جێگەی دەگرێتەوە.

٩- خۆشویستن‌و ڕقلێبوونەوە یەکێکی ترە لە کردەوە هەستیارەکانی دڵ.

١٠- توکل: بریتییە لە وەی مرۆڤی باوەڕدار خۆی بداتە دەستی خوای گەورەو هەموو کارو خواستەکانی خۆی بەو بسپێرێت.

١١- ترسان لە خوای گەورە، یەکێکی ترە لە کردەوە گرنگەکانی دڵ‌و جگە لە خوای گەورەو خاوەنەکەی، ترسێك کە بەردەوامیمان لەسەر ڕێگای ڕاست پێ دەبەخشێت و بەردەوام هەڵماندەنێتو هیوای گەشتن بە خوامان پێ دەبەخشێت.

١٢- کۆتا باسی بابەتەکەمان نەخۆشییەکی کوشندەی دڵە، کە دڵڕەقییە (القسوة)و دژی ملکەچی‌و لەخوا ترسانە.

لە کۆتاییدا سوپاسی‌و ستایشی بێپایان بۆ قاپی ڕەحمەتو میهری پەروەردگاری جیهانیان کە لوتفی کردو کاتو تەمەنی بەخشی؛ تا تەواوکردنی ئەم بەرهەمەو هیوادارم بەلوتفی خۆی لێمانی قەبووڵ کاتو بیخاتە تەرزاوی چاکەکانمان لە قیامەتداو نەیداتەوە بەناوچاوماندا.

سوپاس بۆ هەموو ئەو دۆستو دڵسۆزانەی کە بەشدار بوون‌و هاوکار بوون لە تەواوکردنی ئەگەر بە وشەیەکیش، یان دوعایەکی خێر بووبێت.

هەرچیش لێرەدا تۆمار کراوە، ئەوەی ڕاستەو پەسەندە لە خواوەیەو تەنها تەوفیقی ئەوە، ئەوەش هەڵەو کەموکورتییە هی بەندەیەو بێگەردی تەنها بۆ خوای گەورەو پێغەمبەرو پەیامە پیرۆزەکەیەتی.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

# پێڕستی سەرچاوەکان

## یەکەم: قورئانی پیرۆزو ڕاڤەکەی:

الراغب الأصفهاني (الحسين بن محمد)، المفردات في غريب القرآن، ط ١، دار القلم والدار الشامية، دمشق، بيروت، ١٩٩٢، تحقيق: صفوان عدنان الداودي.

إبن أبي زمنين (محمد بن عبد الله بن أبي زمنين)، تفسير القرآن العزيز، دار الفاروق الحديثة، القاهرة، ط ٢ ٢٠٠٢، تحقيق: حسين بن عكاشة، محمد بن مصطفى الكنز.

سيد قطب، في ظلال القرآن، ط ١٧، دار الشروق، بيروت، ١٤١٢.

إبن كثير (إسماعيل بن عمر بن كثير الدمشقي)، تفسير إبن كثير (تفسير القرآن العظيم)، ط ٢، دار طيبة للنشر والتوزيع، ١٩٩٩، تحقيق: سامي بن محمد سلامة.

القرطبي (محمد بن أحمد بن أبي بكر بن فرح الأنصاري القرطبي)، الجامع لأحكام القرآن، دار عالم الكتب، الرياض، تحقيق: هشام سمير البخاري.

## دووەم: سەرچاوەکانی فەرموودەو ڕاڤەکەی:

أحمد بن حنبل، مسند الإمام أحمد بن حنبل، ط ٢، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٩٩٩، تحقيق: شعيب الأرنؤوط وآخرون.

البخاري (محمد بن إسماعيل البخاري)، صحيح البخاري، ط ١، دار طوق النجاة، ١٤٢٢، تحقيق: محمد زهير ناصر.

البويصري (أحمد بن أبي بكر بن إسماعيل البوصيري)، إتحاف الخيرة المهرة بزوائد المسانيد العشرة، ط ١، دار الوطن، الرياض، ١٩٩٩.

البيهقي (أبو بكر أحمد بن الحسين بن علي البيهقي)، سنن البيهقي الكبرى، مكتبة دار الباز، مكة المكرمة، تحقيق : محمد عبد القادر عطا.

الترمذي (محمد بن عيسى أبو عيسى الترمذي)، سنن الترمذي (الجامع الصحيح)، دار إحياء التراث العربي، بيروت، تحقيق: أحمد محمد شاكر وآخرون.

إبن الجوزي (أبو الفرج عبد الرحمن بن علي بن محمد الجوزي)، كشف المشكل من حديث الصحيحين، دار الوطن، الرياض، تحقيق: علي حسين البواب.

الحاكم النيسابوري، المستدرك على الصحيحين، دار المعرفة، بيروت.

إبــن حبان (محمد بن حبان بــن أحمد أبو حاتم التميمي)، صحيــح ابن حبان بترتيب ابن بلبان، ط ٢، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٩٩٣، تحقيق وتعليق: شعيب الأرنؤوط.

إبــن حجر العسقلاني، إطراف المسند المعتلي بأطــراف المسنَد الحنبلي، دار ابن كثير، دار الكلم الطيب، دمشق، بيروت.

أبو داود (سليمان بن الأشعث السجستاني)، سنن أبي داود، دار الكتاب العربي، بيروت.

إبــن رجب الحنبلي (عبــد الرحمن بن أحمد بن رجب بن الحســن)، جامع العلوم والحكم، ط٧، مؤسسة الرسالة، بيروت، ٢٠٠١، تحقيق: شعيب الأرناؤوط - إبراهيم باجس.

السيوطي (جلال الدين عبد الرحمن بن أبي بكر السيوطي)، الجامع الصغير في أحاديث البشير النذير، دار الفكر، بيروت.

السيوطي (جلال الدين عبد الرحمن بن أبي بكر السيوطي)، الفتح الكبير في ضم الزيادة إلى الجامع الصغير، ط ١، دار الفكر، بيروت، تحقيق: يوسف النبهاني.

الطبراني سليمان بن احمد الطبراني)، المعجم الأوسط، دار الحرمين للطباعة والنشر.

الطحاوي (أبو جعفر الطحاوي)، بيان مشكل الآثار، تحقيق: شعيب الأرنؤوط.

عبــد الرزاق (أبو بكــر عبد الرزاق بن همــام الصنعاني)، مصنف عبــد الرزاق، ط ٢، المكتب الإسلامي، بيروت، ١٤٠٣، تحقيق : حبيب الرحمن الأعظمي.

إبــن القيم (محمد بن أبي بكر بن أيوب الزرعي الدمشقي)، حاشية إبن القيم على سنن أبي داود، دار الكتب العلمية، بيروت، ط ١٤١٥.

إبــن ماجة (محمد بن يزيــد أبو عبدالله القزويني)، سنن إبــن ماجة، دار الفكر، بيروت، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي.

مسلم (مسلم بن الحجاج)، صحيح مسلم (الجامع الصحيح)، دار الفكر، بيروت.

النسائــي (أحمد بن شعيب النسائي)، سنن النسائي الكبرى، ط ١، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩١، تحقيق : د.عبد الغفار سليمان البنداري، سيد كسروي حسن.

الهيثمــي (نور الديــن علي بن أبي بكر الهيثمــي)، مجمع الزوائد ومنبــع الفوائد، دار

الفكر، بيروت، ط ١٤١٢.
إبــن حجر العسقلاني ﴿أحمد بن علي بن حجــر﴾، فتح الباري شرح صحيح البخاري، دار المعرفة، بيروت، ط ١٣٧٩.

### سێیەم: سەرچاوەکانی بیر وباوەڕ:

البيهقي(أبــو بكر أحمد بن الحسين البيهقي)، شعب الإيمــان، ط ١، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٤١٠، تحقيق: محمد سعيد البسيوني.
إبــن تيمية (أحمد بن عبد الحليم بن محمد ابــن تيمية)، الإيمان، ط ٥، المكتب الإسلامي، بيروت، ١٩٩٦، تحقيق: محمد ناصر الدين الألباني.
إبــن تيمية (أحمد بــن عبد الحليم بن محمد ابن تيمية)، منهــاج السنة النبوية في نقض كلام الشيعة القدرية، جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية، ط١٩٨٦.
إبــن تيمية (أحمد بــن عبد الحليم بن محمد ابن تيمية)، النبــوات، أضواء السلف، ط ١، الرياض، ٢٠٠٠، تحقيق: عبد العزيز بن صالح الضويان.

### چوارەم: سەرچاوەکانی زوهد وخۆپارێزی وڕوحانیات:

أحمــد بن ناصر الطيار، حيــاة السلف بين القول والعمــل، ط ١، دار ابن الجوزي للنشر والتوزيع، الدمام، ١٤٣٣.
إبن الجوزي (عبد الرحمن بن علي بن محمد أبو الفرج)، صفة الصفوة، ط ٢، دار المعرفة، بيروت، ١٩٧٩، تحقيق: محمود فاخوري - د. محمد رواس قلعه جي.
إبن الجوزي(عبد الرحمن بن علي)، صيد الخاطر، ط ١، دار القلم، دمشق، ٢٠٠٤.
إبن الحاج (محمد بن محمد بن محمد العبدري)، المدخل إلى تنمية الأعمال بتحسين النيات والتنبيه على كثير من البدع المحدثة والعوائد المنتحلة، دار التراث.
الدينوري (أحمد بن مروان)، المجالسة وجواهر العلم، ط ١، دار ابن حزم، بيروت.
الصفوري (عبد الرحمن بن عبد السلام الصفوري)، نزهة المجالس ومنتخب النفائس، المطبعة الكاستلية، مصر، ط١٢٨٣.
- أبو طالب المكي (محمد بن علي بن عطية الحارثي)، قوت القلوب في معاملة المحبوب،

ط ٢، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٥، تحقيق: د. عاصم إبراهيم الكيالي.

عبد العزيز بن محمد بن عبد المحسن، موارد الظمآن لدروس الزمان، ط٣، ١٤٢٤.

- أبو العلاء محمد بن حسين، أصول الوصول إلى الله تعالى، ط ٢، المكتبة التوفيقية.

الغزالي (محمد بن محمد الغزالي الطوسي)، إحياء علوم الدين، دار المعرفة، بيروت.

عبد القادر الكيلاني (عبد القادر بن موسى بن عبد الله)، الغنية لطالبي طريق الحق عز وجل، ط ١، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٧، تحقيق: صلاح بن محمد.

إبن قدامة المقدسي، مختصر منهاج القاصدين، دار البيات، دمشق، ط١٩٧٨.

القرافي (أحمد بن إدريس بن عبد الرحمن المالكي)، الذخيرة، ط ١، دار الغرب الإسلامي، بيروت، ١٩٩٤، تحقيق: محمد حجي وآخرون.

القشيري (عبد الكريم بن هوازن بن عبد الملك القشيري)، الرسالة القشيرية، دار المعارف، القاهرة، تحقيق: الدكتور عبد الحليم محمود، الدكتور محمود بن الشريف.

إبن القيم (محمد بن أبي بكر الدمشقي)، إغاثة اللهفان من مصائد الشيطان، ط ٢، دار المعرفة، بيروت، ١٩٧٥، تحقيق: محمد حامد الفقي.

إبن القيم، بدائع الفوائد، ط ١، مكتبة نزار مصطفى الباز، مكة المكرمة، ١٤١٦-١٩٩٦، تحقيق: هشام عبد العزيز وآخرون.

إبن القيم، الجواب الكافي لمن سأل عن الدواء الشافي، دار الكتب العلمية، بيروت.

إبن القيم (محمد بن أبي بكر الدمشقي)، الداء والدواء، ط ١، دار عالم الفوائد، مكة المكرمة، ١٤٢٩، تحقيق: محمد أجمل الإصلاحي.

إبن القيم ، روضة المحبين ونزهة المشتاقين، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١٩٨٣.

إبن القيم، طريق الهجرتين وباب السعادتين، ط ٢، الدار السلفية، القاهرة، ١٣٩٤.

إبن القيم، الفوائد، ط ٢، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٧٣.

إبن القيم، مدارج السالكين بين منازل إياك نعبد وإياك نستعين، ط ٢، دار الكتاب العربي، بيروت، ١٩٧٣، تحقيق: محمد حامد الفقي.

إبن القيم، الوابل الصيب من الكلم الطيب، ط ١، دار الكتاب العربي، بيروت، ١٩٨٥،

تحقيق : محمد عبد الرحمن عوض.

إبن المبارك، الزهد، دار الكتب العلمية، بيروت، تحقيق: حبيب الرحمن الأعظمي.

محمد نصر الدين محمد عويضة، فصل الخطاب في الزهد والرقائق والآداب.

**پێنجەم: هەندێك سەرچاوەی تر:**

إبــن تيمية (أحمد بن عبد الحليم)، الفتاوى الكبرى، ط ١، دار المعرفة، بيروت، ١٣٨٦، تحقيق: حسنين محمد مخلوف.

الجاحظ (عمرو بن بحر)، البيان والتبيين، دار ومكتبة الهلال، بيروت، ط ١٤٢٣.

الجرجــاني (علي بن محمد بــن علي)، التعريفــات، ط ١، دار الكتــب العلمية، بيروت، ١٩٨٣، ضبطه وصححه جماعة من العلماء بإشراف الناشر.

إبــن عبد ربــه الأندلسي (أحمــد بن محمد)، العقــد الفريد، ط ١، دار الكتــب العلمية، بيروت، ١٤٠٤.

إبــن القيم (محمد بــن أبي بكر أيوب الزرعي الدمشقي)، زاد المعاد في هدي خير العباد، ط ٣، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٩٨٦.

محمد بن يوسف الصالحي الشامي، سبل الهدى والرشاد في سيرة خير العباد.

مرتضى الزبيدي (محمّــد بن محمّد بن عبد الرزّاق الحسيني)، تاج العروس من جواهر القاموس، دار الهداية، تحقيق مجموعة من المحققين.

إبــن نجيم الحنفي (زين العابدين بن إبراهيــم)، الأشباه والنظائر، ط ١٩٨٠، دار الكتب العلمية، بيروت.

النووي (محيي الدين يحيى)، المجموع شرح المهذب، دار الفكر، بيروت.

إبن هشام، السيرة النبوية.

أبو يعلي (محمد بن محمد)، طبقات الحنابلة، دار المعرفة، بيروت، تحقيق: محمد حامد.

http: //www.kaheel7.com/ar/index.php/2010-02-02-22-17-58/132-2010-03-22-23-54-11.

# پێڕستی بابەتەکان


پێشەکی....... ٢

باسی یەکەم: گرنگیی کردەوەکانی دڵ............٥

یەکەم: گرنگیی کردەوەکانی دڵ لەڕووی جەستەییەوە.......... ٥

دووەم: گرنگیی کردەوەکانی دڵ لەڕووی شەرعییەوە.......... ٧

باسی دووەم: نیەت: .......... ١٦

پێناسەی نیەت........... ١٦

شێوازی نیەت............... ١٦

فەرموودەی: (إنما الأعمال بالنيات)...............١٧

گرنگیی نیەت.............٢٠

کاریگەریی نیەتی خراپ لەسەر کردەوەکانی مرۆڤ...................٢٧

باسی سێیەم: دڵسۆزیو یەکلابوونەوە بۆ خوای گەورە (الإخلاص).................٣٠

پێناسەی ئیخلاص.........٣٠

گرنگیی ئیخلاص...............٣١

باسی چوارەم: ڕووپامایی (الرياء)...............٣٧

پێناسەی ڕیا..................٣٧

مەترسیی ڕیا...............٣٨

هۆکارەکانی ڕیا..................٤١

پلەکانی ڕیا..................٤٤

جۆرەکانی ڕیا......................٥١

حوکمی ئەو کردەوانەی ڕووپامایی‌و ڕیایان تێدا دروووست دەبێت..........٥٦

باسی پێنجەم: دامەزراویی دڵ(الیقین).............٥٨

پێناسەی یەقین................٥٨

واتای یەقین لە قورئاندا..................٦٠

قۆناغەکانی گەشتن بە یەقین..............٦٢

پلەکانی یەقین...............٦٤

هۆکارەکانی درووستبوونی یەقین.........٦٧

شێوازەکانی تاقیکردنەوەی یەقین.............٧٥

ئامانج لە تاقیکردنەوەی مرۆڤەکان چییە؟..............٨٦

پێداویستییەکانی خۆڕاگری‌و دامەزراوی مرۆڤەکان..............٩٦

باسی شەشەم: دووڕوویی (النفاق)..............١٠٩

پێناسەی دووڕوویی.............١٠٩

بەشەکانی دووڕوویی...............١١٠

سەرەتاو هۆکارەکانی سەرهەڵدانی دیاردەی دووڕوویی............١١١

مەترسییەکانی دیاردەی دووڕوویی....................١١٢

نیشانەکانی دووڕوویی.................١١٨

باسی حەوتەم: خۆشەویستیو ڕقلێبوون (الولاء والبراء).......................١٢٣

پێناسەی خۆشەویستی..............١٢٣

پلەکانی خۆشەویستی................. ١٢٤

نیشانەکانی خۆشەویستیی خوای گەورە...............١٢٨

جەمسەرەکانی خۆشەویستیی خوای گەورە..............١٣٥

نیشانەکانی خۆشەویستیی خوای گەورە بۆ بەندەکانی.........١٣٦

باسی هەشتەم: پشتبەستن بە خوای گەورە (التوكل)................١٤٢

پێناسەی پشتبەستن بە خوای گەورە............١٤٢

گرنگیی پشتبەستن بە خوای گەورە.......................١٤٣

یاسای پەیوەندیی نێوان هۆکارو دەرەنجامەکان(السببية).........١٤٦

شێوازی درووست بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ یاسای (السببية)...................١٥٣

پێویستییەکانی پشتبەستن بە خوای گەورە (التوكل): ...........١٥٨

باسی نۆیەم: ترسان لە خوای گەورە (الخشية)..............١٦٠

پێناسەی ترسان لە خوای گەورە.............. ١٦٠

ترسان لە خوای گەورە لە دەقە شەرعییەکاندا................ ١٦١

ترسان له خوای گەورە له دیدی زانایاندا............... ١٦٢

چۆن مامەڵە لەگەڵ ترس‌و چاکەکانمان بکەین؟................... ١٦٣

پێناسەی (خشوع)................١٦٦

باسی دەیەم: دڵڕەقی (قسوە القلب)............. ١٧٠

دڵڕەقی له دوتوێی له دەقە شەرعییەکاندا.......... ١٧٠

مەترسیی نەخۆشیی دڵڕەقی.............١٧٢

هۆکارەکانی درووستبوونی دڵڕەقی.............. ١٧٤

نیشانەکانی دڵڕەقی................ ١٧٦

هۆکارەکانی درووستبوونی دڵنەرمی‌و ترسان له خوا.............. ١٧٧

کۆتایی (دەرەنجام‌و ڕاسپاردەکان) ......... ١٧٩

پێڕستی سەرچاوەکان....... ١٨١

پێڕستی بابەتەکان...........................١٨٦


دڵسۆزی
پشت بەستن بەخوا
خۆشەویستی
ترسان لە خوا
دامەزراوەیی دڵ
دووڕوویی
ڕوپامایی
ڕقلێبوون
دڵڕەقی
نیەتی خرپ